
# گەلاوێژی نوێ

GELAWEZHI NWE


35-36
شوبات-مارتی
2005

- خێڵ ئاسی ◆ مەسعود بینەندە
- هەڤپەیڤین:
(سامان قادر- ئیزابێل ئەلەندی)
- نامەیەکی مامۆستا تۆفیق وەهبی بەگ
بۆ دکتۆر نوری تاڵەبانی
- سیمیۆلۆژیاو زمان ◆ ڕێبین ڕەسوڵ
- ریکویم ◆ سامی هادی
- کائێسکان ◆ عەباس ساڵح عەبدوڵڵا






تابلۆی هونەرمەند (لانە سیروان)



# گەلاوێژی نوێ

[illegible]


35 - 36


سەرنووسەر

عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی

دەستەی نووسەران

سەلاح محەمەد -سامی هادی- محەمەد کەریم-

کاوەحاجی عزیز- محێدین محمود

مۆتیف

ڕێبوار سەعید


ژمارەیەکی گەلاوێژی نوێ لە(مایسی ١٩٩٧)دا دەرچووە.



پەیوەندی لەڕێگەی سەرنووسەرەوە دەبێت

یان: Email

galawezhinwe@yahoo.com

گەلاوێژی نوێ لەناو ئەنتەرنێت

www.madaneat.org

ئەدرەس:

سلێمانی - گەڕەکی [illegible]

ت- [illegible]

پەیوەندی کردن [illegible]

[illegible]

(تەلەفۆن [illegible])

(فاکس [illegible])



مۆنتاژی کۆمپیوتەر: [illegible]

[illegible]

[illegible]

[illegible]

[illegible]

[illegible]

2005

# لەم ژمارەیەدا


سپیدە — ٣

خێڵ ناسی
مسعود بینەندە — ٤

سیمیۆلۆژیاو زمان
ڕێبین ڕەسوڵ اسماعیل — ١٩

حاجی قادر - بۆچونی جیاواز
ڕەئوف عوسمان — ٣٣

مەولەوی و سۆفی گەرایی
هەورامی — ٣٨

شکسپیرو شانۆکاری
ساکار عەبدوڵلا — ٤٨

بۆدلێر
ئەو شاعیرەی ژیانی کردە قوربانی شیعر
ئارام سدیق — ٥٢

ریکویم
سامی هادی — ٥٨

کانێسکان
عەباس ساڵح — ٦١

پیاوێك لێرە چاوەڕێتە
هیدایەت عەبدوڵلا حەیران — ٦٣

کەکچە کچکەکان گەورەدەبن پیاوەکان پیردەبن
هۆشەنگ شێخ محەمەد یوسف — ٨٩

میهرەبان
عومەر عەبدولکەریم — ٩٩

کێ ڕزگارم دەکات
سەلام مەنمی — ١٠٢

سریاس
فریا یونسی — ١٠٤

ژنێك دەزوەکەی چڕی
چنوری سەعیدی — ١١٠

هەڤپەیڤین:

(ئیزابیل ئەلەندی)
و: بەختیار سەعید — ١١٤

(سامان قادر)
سازدانی: سەلاح محەمەد — ١١٩

نامەیەکی م/ تۆفیق وەهبی بەگ
بۆ/ دکتۆر نوری تالەبانی — ١٢٧

خوێندنەوەی کتێب
سەلاح پاڵەوان — ١٣٠

کوردستان و نیشتمانی عەرەبی
فوئادی تاهیر سادق — ١٤٤

نەزعەی نەتەوەیی
لەتیف هەڵمەت — ١٥٠

فیکری سیاسی لەنێوان ئەفلاتۆن و فارابیدا
لوقمان ڕەئوف — ١٦٧

پێویستە چرای لەبن نەهاتوی عەقڵانیەت خامۆش
نەکرێ و هەمیشە بگرێ
و. محمد سالار — ١٧٠

گەشتی رووناکبیری
سەرپەرشتی /کاوە حاجی عزیز — ١٧٤

زیاتر لە دەیەیەکە پرۆسەی هەڵبژاردنی سەرتاسەریمان نەدیوە ، هەڵبژاردنی یەکەممان کە لە دوای راپەڕین و لە کەش و هەوایەکی ئازادا کرا یەکێك بوو لە ئەزموونەکانی ژیانی نوێی ئێمە .. شەڕو شۆڕی ناوخۆ لە پەرۆشی کەسی بۆ هەڵبژاردن کەم نەکردەوە .. ئەمجارەیان هەڵبژاردنەکە لە رووی رێکخستن و بەڕێوەبردنەوە گۆڕانکاری بەسەردا هاتبوو .. لە ناوەرۆکیشدا هەر تا رادەیەك گۆڕا بوو لێرەدا مەبەستم لە ناوەرۆك دید و بۆچوونی دەنگدەرە بەرامبەر بە هەڵبژێراو .. بەرامبەر لیست و کاری حیزبەکان .

ئێمە لەم ڕووەوە دەبێت لە چوارچێوەی سۆز دەرچین ، دڵنیام هاوڵاتی کورد دەرنەچێ بەڵام دەرچوونەکە پەیوەستە بە زەمەن و ڕادەو چۆنێتی پەرەسەندی هوشیاری مرۆڤی کوردەوە ، ڕەنگە لەسەر ئەم ئاستە جیاوازی نێوان هەڵبژاردنی دوای ڕاپەڕین و هەڵبژاردنی ئەم ساڵ بەدی بکرێت .. لە یەکەمدا خەڵك بە سۆزێکی بێ پایانەوە دەنگی دەدا ئەویش لە ژێر سایەی وەستانی کتوپڕی زەبرو زەنگی ڕژێمێکی ستەمکاری بێ وێنە وەدەرکەوتنی ئەنجامی کردار و خەونی نەتەوەییمان ، ئەمانە وایان کرد کە هاوڵاتی چاو لە هەموو کەموکوڕیەك بپۆشێت .. دیارە کەموکورتی لە پرۆسەی وەهای هەموو میللەتێکدا هەیە بەتایبەتی لە هەنگاوی سەرەتاییدا .

هەڵبژاردن لە بنەڕەتدا پرۆسەیەکی عەقڵانیانەیە ، پەیمانی نێوان دوو لایەنە ، دەنگدەر لە لایەك و پاڵێوراو لە لایەك ، پەیمانەکەش پەیمانی سۆزاوی نییە بەڵکو دەخرێتە چوارچێوەی یاساوە و یاسایش لە عەقڵەوە سەرچاوە وەردەگرێت نەك لە سۆز .. ناڵێین لە هەڵبژاردنی ئەمساڵدا پرۆسەکە تەواو بەهای عەقڵانی خۆی بەدەست هێنا ، بەڵام کەسانی چاودێر دەتوانن لە ڕێگای نوسین و چاوپێکەوتن و قسەو باسی هاوڵاتیان لە ماڵ و کۆڕ و کەناڵی ڕاگەیاندنی جۆراو جۆرەوە و لە ووردە دەربڕینی کورتدا زۆر شت هەڵێنجێنن کە ڕەنگە هەر ئەو شتە وردانە دەلیل بن بۆ پەرەسەندنی هوشیاری هاوڵاتی سەبارەت بە دەنگدان . ئەو ڕادەربڕینە سەرەتاییانە دەبن بە ناوکی گۆڕانکاری لە پرۆسەی هەڵبژاردنی چەند ساڵ و دەیەیەکی تر .. من ناڵێم ئەو ڕادەربڕینە ڕەخنەییانە لە ئەنجامی ساتە وەختی تووڕە بوونی کتوپڕەوە دێت و تەواو دەبێت . ئاگام لەوەیە دەبێت جیاوازی لە نێوان تووڕەییەکی سۆزاوی هەڵچوو هەڵوێستی ڕەخنەگرانەدا بکەین ، جیاوازی لە نێوان جنێو و قسەی ناشیریندا بکەین ، بەڵام وتەی کورتی جوانی وەها لە کاتی پرۆسەکەدا وتراوە دەیسەلمێنێ کە لە ئایندەدا هەڵبژاردن لە ئەنجامی پێشکەوتنی هوشیاری هاوڵاتی و بەخۆدا چوونەوەی لایەنە سیاسییەکان بە ئاقارێکی چاکتردا دەبرێت ، بۆیە دەبێت ئێمەی ڕۆشنبیر و چاودێر و هاوبەش لە کێشەی نەتەوەدا ئەو ڕا دەربڕینە ڕەخنەییە کەمانەی هەندێك لە هاوڵاتیان کە لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە دەمانبیست بە هەند وەربگرین و بێ بایەخ سەیری نەکەین .. ئەوانە دەبن بە هێزی پاڵنەر تا هەموو لایەنێك عەقڵانیانە بۆ مەسەلەکە بڕوانێت .. هاوڵاتی کە دەنگ دەدات دەبێت بزانێت چۆن چۆنی ممارەسەی مافی خۆی دەکات و چی دەوێت و چۆن چۆنی و بە چ زمانێك دەریدەبڕێ و لایەنە سیاسییە بەشدار بووەکەش چاکتر کار بۆ پەیمانی خۆی بکات ، ئەو بەڵێنانەش کە دەیاندات لە چوارچێوەی قسەی تەلەفزیۆن و دروشمی سەر لافیتە دەرچن .

دەتوانم چەندین نموونەی عەقڵانی لە قسە و ڕای هاوڵاتیان هەڵبژێرم بەڵام لێرەدا بە نموونەی کچێکی (٢٥) ساڵەوە دەوەستم کە لە چاوپێکەوتنێکی خاك TV وە دەکرا .. ئەو چەند ڕستەیەکی وت بەڵام یەکێکیان زۆر کاریگەر بوو لە کورتکراوەی کتێبێکی گەورە دەچوو ، ئەو کچە کە منداڵێکی بە باوەشەوە بوو ڕستەکەی بەهای ئەوەی هەبوو هەمیشە لە بیری هەڵبژێراواندا بێت ، کاتێك کە وەڵامی پرسیاری کارمەندی تەلەفزیۆنەکەی دایەوە وتی : ئەوەتا ، ئەوە ئێمە هاتووین بۆ دەنگدان بەڵام با ئەو خوشك و برایانەشی کە سبەی دەردەچن بیریان لە بەڵێنەکانی خۆیان و مافەکانی ئێمە هەبێت .

ئەمەیە تێگەیشتنی عەقڵانیانەی ڕەخنەیی هاوڵاتی لە هەڵبژاردن ، دیارە لەگەڵ پەرەسەندنی بیری کۆمەڵایەتی و ڕامیاری و مرۆڤایەتیدا نموونەی ئەم دەنگدەرە هوشیارانە زیاتر دەبن ، لە ڕێگای کار و بەخشین و نزیکبوونەوەی هەڵبژێراو لە پەیمانەکانی یان دووورکەوتنەوە لێیان مامەڵەی ڕۆژانەی خۆی لەگەڵیاندا دەکات.

ڕێژەی دەنگ شکۆ و بەرزییە ، ئەوانەی کە بەدەستی دەهێنن نابێت بەو شکۆوە بوەستن وەك ئەدیبێك کە چل ساڵ پێش ئێستا کارێکی چاکی کردووە و بە نیازە تا لە ژیاندا مابێت هەر بەو تاکە شکۆمەندییەوە بووەستێت ، لای هەمووومان ئاشکرایە کار و ماندووبوون بۆ ئەو بەڵێنانە هەم ڕێژەی دەنگ بەرزتر دەکەنەوە و هەم زۆر شتیش یەکلایی دەکەنەوە.

گەلاوێژی نوێ

# خێڵ ناسی

## (لێکۆڵینەوەی ڕەهەندە جیاوازەکانی کاری گەریتی خێڵ لەسەر کۆمەڵگای کوردی)

مەسعود بینەندە

ئەو پێکهاتە مێژوویی و کۆمەڵایەتیە کە ئێمە پێی ئەڵێین خێڵ" دێوەزمەیێکی نەناسراو و پێناسە نەکراوە کە تا ئێستا لە کۆی نووسراوە و بابەتە کوردیەکاندا کەمترین ئامـاژە و ئاوردانەوەی بۆ کراوە. توێژینـەوە و ڕوونکردنـەوەی سـتراکتووری خێڵ پێش هـەموو شتێ پێویستی بە تیور و میتودی زانستیە تا وەکوو لە دەلاقەی ئاماژە بەرهەست و مێژوییەکانەوە ڕێگاییێک بۆ دیوە تاریکەکەی ئەقڵی خێڵ بدۆزینەوە و بە پێی بۆچوونی تیوریانە، شێوازی ژیانی مادی و واتایی ئەم پێکهاتەیە دەستنیشان بکەین و لە ئاکامدا دەوری ئەم قەباریە لە ژیانی کۆمەڵایـەتی و سیاسـی کـورددا ئاشـکرا بکـەین. ئاراسـتەی ئـەم نووسـینە بێگومـان بـەرەو توێژینـەوەی مەیدانی کۆمەڵناسانە ناچێت بەڵکو زۆرتـر لـە ڕوانگـەییکی فەلسەفیەوە لە واتا جیاوازەکـانی خێـڵ ئەکۆڵێنـەوە و بەکـەڵك وەرگـرتن لـە هەنـدی تیـوری و دەسـتە واژەی دەروونناسـی کۆمەڵایـەتی (Social psychology) دەور و کـارکردی ئـەم پێکهاتـەیە لـە ژیانی فیکری و ڕوشنبیری ئێستا و ڕابردووی کورد بە شێوەییکی کورت بەراورد ئەکات. خێڵ بە پێکهاتەییکی کۆمەڵایەتی ئەگوترێ کە چەشنێ پێوەندی خزمایەتی و فەرهەنگی لە نێو کۆمەڵێك خەڵکدا کە زۆرجار نیشتنگا و جوگرافیاییکی تایبەتیان هەیە، دەگرێتە خۆ. بە پێـی خوێندنـەوە ئەنترۆپولۆجیەکان، (gens) – لە زمانی ئینگلیزیـدا – هـەلگری واتـای ئـەم پێکهاتـەیە کـە لـە زمانی کوردیدا وشەی خێڵ باشترین هاو واتا و بەرانبەری ئەم چەمکەیە کە هەندێ جار تایفە و هۆز دەتوانێ جێگـای ئـەم چـەمکە پڕبکاتـەوە. لـە زمـانی فەڕنسیدا (Descendance) بـە گروپێك ئەگوترێ کـە خـاوەنی پێوەنـدی خزمایـەتین و لـە بـاب و باپیرێکی تایبەتـەوە وەچیان داوەتەوە. »هنری مورگان« خێڵ بە سیستەمێکی خزمایەتی و هاوخوێنی ئەژمێرێ و بە زاراوەی (Systems of consan suinity and afinity) ناوی لێ ئـەبات. »ریـورز« ئامـاژە بەوە ئەکات کە خێڵ زۆرتر لەوەی پێوەنـدێیکی خزمـی و ژنـەتیکی بێـت، هـاوگرێیکی حقـوقی و فەرهەنگیە

لەم سەردەمەدا پێکەری بەدقەوارەی خێڵ لە پانتایی ژیانی کۆمـەڵگادا بـە ڕاشـکاوی نـابینرێ و هەیمەنەی ئاغا و سەرۆك خێڵەکان لە بـواری سیاسـی و ئابووریـدا بـە شـێوەی کـۆن هەسـت پـێ ناکرێ. خێوەت و ڕەشماڵی ئێلە ڕەوەندەکان جێگای خۆی گۆڕیوەتەوە بە ئاپارتمان و ئاسن و کۆ نکرێت و ماشین، بە تـەواوەتی سیمای ژیانی عەشیرەیی و بەداوەتی سـڕیوەتەوە و لانـی کـەم

لە ئاستی ڕووکەشیانەدا فەزا و فەرهەنگێکی شارنشینی مودێرنی خوڵقاندوە. بەڵام لە پشتی ئەم دیمەنە ڕەنگینەوە، سیمایێکی ناشیرین و ناحەز خۆی حەشار داوە کە لە برگە و ساتە وەختە ناسکەکاندا ڕووی خۆی ئەنوێنێ و کاریگەری خۆی لە سەر ژیانی کۆمەڵگا دائەنێ؛ تەکنولوژی لە تەواوی شێوازەکانیدا دەووربەرمانی تەنیوە بەڵام شێوەی کەڵك وەرگرتن و مامەڵە کردن بە تەکنەلوژی هەمان شێوە بە داوەتیەکانی لێخوڕینی چوارپا و شواندارێتی و ئاژەڵ بەخێوکردنە. چەمك و زاراوە مودێرنەکان بە فراوانی و دەوڵەمەندیەوە لە سەر زاری زۆربەی خەڵك دەبیسترێ بەڵام کاتێ ئاوڕ لە کردار و ڕەفتاری ئەو خەڵکە ئەدەینەوە بۆمان دەرئەکەوێ تا چ ڕادەییك جیاوازی لە نێوان زمان و کرداری ئەو کەسانەدا زۆرە. کۆمەڵناسان کاتێ درمناسی کۆمەڵایەتی خۆ،یان لەم دیاردەیە دەرئەبڕن، زاراوەی درەنگی فەرهەنگی (Cultral lage) بەکار دێنن.

زاراوەی درەنگی فەرهەنگی لە لێکدانەوەی گەشەکردنی فەرهەنگی یان ناورتەیی کۆمەڵایەتی (بی نقمی اجتماعی)دا بە کار دەهێنرێ و یەکێ لە واتا گرنگەکانی جیاوازی و دوورکەوتنەوەی نێوان گەشەکردنی فەرهەنگی تەکنولوژیانە و فەرهەنگی ناتەکنولوژیانەیە. بەو واتایەی کە فەرهەنگی تەکنولوژیکپێش ئەکەوێت و گەشە ئەکات بەڵام فەرهەنگی کۆمەڵایەتی ناتوانێ هاوکات و هاوپێی ئەو فەرهەنگە بڕواتە پێش و پەرە بستێنێ. دیاردەی درەنگی فەرهەنگی لە تەواوی بوارەکانی کۆمەڵگای کوردیدا ئەبیندرێ و هۆکاری ئەم قەیرانە لە ڕاستیدا درێژ بوونەوە و بەردەوامیی ژیانی خێڵە لە نێو ژیانی شارنشینی ئەمڕۆدا.
شەپۆلی مودێرنیزاسیون هێشتا نەیتوانیوە شۆڕشێکی هەمەلایەنە لە نێو کۆمەڵگای کوردیدا بەدی بێنێت، هەر بەو بۆنەوە زۆربەی لایەنە کۆنەکان پارێزراون و خۆیان لە گەڵ ژیانی نوێدا گونجاندوە. هەرچەند هێز و دەسەڵاتی خێڵ بە شێواز و جۆری کۆن نەماوە بەڵام لە چەشن و بواری ترەوە ئەو دەسەڵاتەی پاراستووە و بگرە لە زۆر جاریشدا وزەی بەرزتر بوەتەوە. خێڵ توانیویە بە خۆگونجانێکی ڕووکەشیانە لەگەڵ ژیانی نوێدا، زۆربەی ئەرزش و ڕێسا کۆنەکانی خۆی لە فورم و شێوازێتردا بپارێزێ و تەنانەت بەکەڵك وەرگرتن لە ئامراز و کەرەسەی نوێ (تەکنولوژی) هێز و دەسەڵاتی خۆی فراوانتر بکات. ئاوڕێك لە شێوە ژیانی خێڵ ئەو ڕاستیە ڕوون ئەکاتەوە کە خێڵەکان بە چەوساندنەوە و ستەم لە مرۆڤی هەژار و بێ دەسەڵات ژیانی ئابووری خۆیان بردوەتە سەر و چارەنووسی ڕەعیەتی و ڕەنجبۆرییان بۆ ئەو چینە چەوساوەیە بەجێ هێشتووە.
سیستەمی ئەرباب — ڕەعیەتی کە مودێلی گەشەکردووی بەردەداریە، پلە و پایەیێکی بەرز ئەبخشێتە چینی دەرەبەگ و زەویندار و هەرەها نزمترین ئاست و کەمترین ماف بۆ چینی ژێردەستە و بێ دەسەڵات قایل ئەبێ بەو چەشنە کە بە زاراوەی »پاپەتی« و »ڕەعییەت« ئاوزەدیان ئەکات،. فەرهەنگی ئابووری خێڵ فەرهەنگی چەوساندنەوە و زاڵکردنی چینێکی تایبەت بە سەر چینێکیتر دایە.دەسکەوت و بەرژەوەندیەکانی خێڵ هەرچەند زۆرتر و فراوانتر بێت پێکەربەندی (Configuration) ئەرباب —ڕەعیەتی تا شێوێنێ بەڵکوو بەردەوام پێوەندیەکە نابەرابەرتر و ستەمکارانەتر ئەکاتەوە. هەر خێڵێك خاوەنی فەرهەنگێکی خێڵەکیە. فەرهەنگی خێڵەکی بریتیە لە تەواوی ئەو ئەرزش و ڕێسا و سوننەتانە کە چوارچێوەی ڕەفتار و

هەڵس و کەوتی ئەندامانی خێڵە و لە پێناوی بەرهەمهێنانەوە و بەردەوامکردنی پێوەندیە چینایەتی و ئابووریەکاندا کار ئەکات — بۆ نمونە ڕێز و حورمەتی چینی باڵا دەست و بە دەروەست بوونی ژێر دەستەکان بۆ جێبەجێ کردنی ئەو باڵا دەستیە یان شێوەی میرات گرتن و ژنهێنان و پرسە و تازیەباری هەمووی لە هەر خێڵێکدا شێوازی تایبەتی ئەو خێڵە دەگرێتە خۆ.بۆ نمونە لە زۆربەی ئەو خێڵانەدا ژنهێنان دەروون گروهیە، هەر بە بۆنەوە بە دەگمەن ژن و ژنخوازی لە نێو خێڵە جیاوازەکاندا ڕووئەدات. ئەم سنوور بەندیە لە نێو خێڵەکان و هەروەها چینە جیاوازەکاندا دیاردەیێکی بەرهەم هێناوە بە نێوی داخراویی فەرهەنگی .داخراویی فەرهەنگی کە ئاکامی دووره پەرێزی و سنووردارکردنی پێوەندیە کۆمەڵایەتیی و فەرهەنگیەکانە، ئەبێتە قۆرتێکی گەورەی ڕێگای گەشەکردنی فەرهەنگی (Culture change). گەشەکردنی فەرهەنگی کە بە تایبەت لە لایەن مرۆڤناسە ئەمریکیەکانەوە بە کار هێندراوە، زۆرتر هاوواتای دینامیکی فەرهەنگیە و کاتێ ڕوو ئەدا کە فەرهەنگەکان بتوانن لە سەر یەکتر کاریگەری دابنێن و هەڵگری شوێندانان و جێ پەنجەی یەکتربن. لە ڕاستیدا هەر خێڵێ ناتوانێ خاوەنی فەرهەنگێکی تایبەت و سەربەخۆ بێت بەڵام ئەتوانێت خاوەنی هەندێ پارامتری فەرهەنگیی جیاواز بێت کە زۆرتر بە ورده فەرهەنگ ناوی لێ ئەبەن. ورده فەرهەنگی خێڵ هەندێ جار لەگەڵ فەرهەنگی زاڵدا یەك دەگرێتەوە و هەندی جاریش بەرهەڵستی ئەو فەرهەنگە ئەبیتەوە. لەم حاڵەتە دواییەدا ورده فەرهەنگی خێڵ ئەبێتە دژە فەرهەنگێك کە لەگەڵ فەرهەنگی زاڵدا دژایەتی و بەرەنگاری ئەکات. دژە فەرهەنگی خێڵ دیاردەی دژە فەرهەنگ وەرگری (counter_acculaturation) لێ ئەکەوێتەوە کە هەر چەشنە پێوەندی و شوێن وەرگرتنی لایەنەکان لە لایەکتر تێکئەدات و ڕێگا بۆ ئاژاوە و ناوڕتەیی و بێ سامانی لە نێو کۆمەڵگادا خۆش ئەکات. ورده فەرهەنگی خێڵەکی بە ڕووبەروو بوونەوە لەگەڵ فەرهەنگی زاڵی هاوچەرخدا لایەنی دژە فەرهەنگ وەرگری خۆی ڕوو ئەکات و بە شێوەیێکی ڕەها دەکەوێتە پاراستن و بەرگریکردن لە تەواوی ئەو بەرژەوەندیانەی کە بە هاتنی فەرهەنگی زاڵ دەکەوێتە بەر مەترسیەوە. فەرهەنگی توندوتیژی و ڕقەبەرایەتی کە لە نێو زۆربەی وڵاتانی پەرەنەسەندو یان کەمتر پەره سەندوودا باوه ئاکامی دیاردەی دژە فەرهەنگی خێڵەکیە.

سیاسەتی خێڵەکی ئەو چەشنە سیاسەتەیە کە کەلتووری ئابووری و کۆمەڵایەتی خێڵ بەرهەمی دێنێت. فەرهەنگی سیاسی خێڵ بە پێی پاراستن و بەرگری کردن لە ئەرزش و بەها خێڵەکیەکان و هەروەها بەرهەمهێنانەوەی پێوەندیە نابەرابەره چینایەتیەکان گەردگیر کراوە و چەقی بەستووە. ئەم فەرهەنگە سیاسیە کە لەگەڵ هەرچەشنە لێبوردوویی و ئاسانگیرێکدا نامۆیە و هیچ بەهایێك بۆ مانی تاکەکەسیان کەمایەتیەکان دانانێت ئەو فەرهەنگە سیاسیەکە فەرهەنگێکی سەرەڕۆخوازانەو باوك سالارانەیە، خۆی لە ڕوخساری سەرۆك خێڵ سالاری و عەشیرەت سەروەریدا ئەنوێنێ. زاڵ بوونی ئەم چەشنە فەرهەنگە سیاسیە بەتایبەت لەنێو ئەحزاب و گرۆپە سیاسیە کوردییەکاندا بە فراوانی وە بەرچاو ئەکەوێ. ئێستا ئەو پرسیاره جێباز ئەبێ کە بۆچی خێڵ و فەرهەنگی خێڵەکی لە نێو کۆمەڵگای کوردیدا باڵادەستی خۆی پاراستوە و هەروەها دەور و ڕەنگدانەوەی ئەم فەرهەنگە لە کام بوار و بەستێنی ژیانی کۆمەڵایەتیی کوردیدا هەستپێکراوتر و لە بەرچاوتره ؟

وەك ئەزانین کۆمەڵگای کوردی لە ئاستی تێپەڕاندنی قۆناغی سوننەت و بەرەو مودێرنیتەدایە و تێپەڕاندنی ئەم قۆناغە گرفت و کێشەی زۆری هێناوەتە ئاراوە. کۆمەڵگای کوردی لە ڕاستیدا تووشی مودێرنیسمی پەرەنەسەندوویی (مدرنیسم توسعه نیافتگی) بووە کە درەنگی فەرهەنگی خۆی یەکێ لە دەرکەوتەکانی ئەم دیاردە قەیران ئامێزەیە. لە فەزایێکی ئاوەهادا فۆرم و شێوازی پێشکەوتن و هەروەها دەسکەوتەکانی مودێرنیتە ئەبینرێ بەڵام ناوەرۆك و خومی ئەو دیاردەیە بەدی ناکرێ. کەوایە لێرەدا ئامرازو گۆڕەپانە مودێرنەکان وەکوو حیزب و هەڵبژاردن و پارلەمان و دەزگا مەدەنیەکان بە پێچەوانەوە ناتوانن خاوەنی کارکردێکی مودێرن و پێشکەوتووبن. باڵادەستی و سەروەری ئەقڵی خێڵ ئەم بەستێنە مودێرنانە ئەخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە و لە پێناوی ئەرزش و ویستە عەشیرەییەکانی خۆی کەڵکیان لێ وەر ئەگرێ. کەوایە ئەتوانین بڵێین ئاستی پەرە سەندووی ئابووری نەیتوانیوە گۆڕانکاری و هەڵاوگێڕێکی هەمەلایەنە لە نێو پێکهاتەی کۆمەڵگای کوردیدا بەدی بێنێ و هێز و وزەی دەسەڵاتە پێش مودێرنەکان کورت و لاواز بکاتەوە. هەربەو بۆنەوە ئەم هێزانە دەبنە ئەکتەری شانۆی سیاسی و کۆمەڵایەتیی و گۆڕەپانی هرز و ڕوشنبیری دەکەنە مەیدانی ڕمبازێن و تەراتێن کردنی خۆیان.

پێکهاتەی خێڵ لە ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ پرۆسەی مودێرنیزاسیوندا، پێگە و پشتیوانی ئابووری و کۆمەڵایەتیەکەی هەژێندرا و تووشی شپرزەیی و لێکپچڕان بوو. لەئاکامی ئەم شڵەژانەدا خێڵ لە زۆربەی داهات و دەسکەوتەکانی ڕابردووی داماڵێنرا و زۆربەی پێگەو جێگە سەقامگیرەکانی دۆڕاند. لە ڕاستیدا زەخت و گوشاری پرۆسەی مودێرنیزاسیون ئەوەندە نەبوو کە بتوانێ بە تەواوەتی کۆڵەکەکانی خێڵ بترازێنێ و تەونەکەی هەڵتەکێنێتەوە و لە ئاکامدا تیری خەلاسی لە مێشکی خێڵ بدات و ئاسەواری بۆ هەمیشە لە ژیانی کۆمەڵگای کوردیدا بسڕێتەوە.

خێڵ بە خۆگونجانێکی ساختە چیانەو ڕووکەشی خۆی خزاندە نێو گۆڕەپانی ژیانی تازەوە و نەتەنیا تەواوی پلەو پایەکانی نەدۆڕاند بەڵکو توانی بە شێوەیێك خۆی ساغ بکاتەوە و پێگەو ڕێگەی نوێ وە چنگ بخات.

خێڵ ڕەنگە نەیتوانیبێ وەکوو پێشوو لە ڕواڵەتی چینێکی سەردەست و خۆسەپێنەردا مێژووی چەوساندەوە تازە بکاتەوە بەڵام توانی لە پشت پەردەی مەنزەلەتی کۆمەڵایەتیەوە ( social status) درێژە بە ژیانی نەگریسی خۆی بدات. ڕێزی کۆمەڵایەتی خێڵ بووبە پێگە و جێگای حەسانەوەی تەواوی ئەو دەسەڵات و ئەقڵە کۆنەپەرستانە کەهیچ ئامراز و کەرەسەیێکی تریان بۆ خۆسەپاندن و باج وەرگرتن لە داهات و دەسکەوتەکانی خەڵکی ماف خوراو و بێ دەسەڵات نەبوو. لایەنێکی درێژ بوونەوەی کولتووری خێڵ لە نێو کۆمەڵگای کوردی هاوچەرخدا خاوەندارێتی و دەست بەسەرا گرتنی کەرامەت و پیرۆزیە لە لایەن بەجێماو و وەچەکانی ئەو سەرۆك خێڵانەوە کە سەردەمێ هەم خاوەنی گیان و ماڵی خەڵکی بوون و هەم خاوەنی ئاخیرەت و ڕۆژی پەسڵانی ئەوان. بیرەوەری تاڵ و نامرۆڤانەی دەسەڵاتی ئەو دەرەبەگ و خانەدانانە کە زەختیان دەخستە سەر هەژارترین و لاوازترین کەسەکان کە بە خۆیان و خێزانیان تەرخان بکەن بۆ خزمەتکردن بە شێخ و کاروباری بنەماڵەی شێخ تەنانەت بەردەوام دووپات ئەبێتەوە. ئێستا کە دەور گۆڕاوە و هوشیارییکی گشتی لەمەڕ کار و کردەوەکانی خێڵ و خێڵ پەرستانەوە هاتوەتەوی، هێشتا نەوە و وەچەکانی خێڵ بە ستێنی ئایین و قودسیەتیان پاوان کردوە و وەکو

قەشەخاچ پەرەستەکان، زەوینی بەهەشت بە خەڵکیساویلکە و داماو ئەفرۆشن و لەبەرانبەردا سەروەت و سامانیان تاڵان ئەکەن. وەچە و پاشماوەکانی خێڵ کە شەرعییەت و ڕەوایی خۆیان لە باب و باپیرانیان وەر ئەگرن توانیویانە بە ئامرازی ئەو مەنزەلەتە کۆمەڵایەتیەی کە بۆیان ماوەتەوە سوننەتی خێڵەکی لە کۆمەڵگای ئێستادا پەرە پێبدەن و بەکۆ کردنەوەی لایەنگرو مورید، دوکان و بازاری خۆیان ڕەونەق ببەخشن. ئەمە لایەنێکە کە خێڵ توانیویە لەوێوە درێژە بە ژیانی خۆی بدات و جێگەی پێی خۆی لە بارودۆخی جیهانی تازەدا توند بکاتەوە. لایەنێکی تری درێژە پێدانی ژیانی خێڵ، درێژ بوونەوە و بەردەوامی شێوە فەهم و جیهانبینی خێڵەکی و خزم و سەروەرانەیە کە بەداخەوە نەك لە نێو خەڵکی ساویلکە و داماودا بەڵکو لە نێو هەڵکەوتەو لایەنگرانی کاری فیکری و ڕوشنبیریدا بنجی داکوتاوە. لە ڕاستیدا چێکردنی چەمکێ بەنێو ڕوشنبیری خێڵەکی یان ڕوشنبیری تیرە پەرەست هەڵگری هەمان پارادۆکسە کە زاراوەێك وەکوو ڕوشنبیری ئایینی خاوەنیەتی. ئەم چەمکە لەو بوارەوە کە ڕوشنبیری بە واتا مودێرنەکەی ئەتوانێ خێڵەکی بێت و لە بازنەی بیروبەهای خزم و عەشیرەدا دەتوانێ دەوری ڕوشنبیری هاوچەرخ بگێڕێت، هەر ئەوەندە پارادوکسیاڵە کە هایدگەروتەنی: »سێ گۆشی چوار گۆش«، بەڵام لەو بوارەوە کە چەشنێ بیری نەزۆك و فیکری قەتیس ماو و زوقم بەستوو، لە ژێر کاریگەری جیهانبینی و شێوە فەهمی خێڵدا و لەسەر ڕۆشنایی ڕێبازی خزم و عەشیرە هەڵگری ئەرکێکی تیرە پەرستانە ئەبن و چاوساغیی و نوێنەرایەتی پێکهاتەی خێڵ و دەسەڵاتە کۆنەپەرستانەکەی ئەکەن، زاراوەێکی کارامەو بە جێگەیە. لەم ڕووەوە باشتروایە زاراوەی ڕوشنبیری خێڵەکی بگۆڕینەوە بەزاراوەێ چاوساغی خێڵ کە بەرپرس و نوێنەری بەها و ئەرزشی خێڵە لەنێو فەزای ڕوشنبیریدا و بە ئامراز و کەرەسەی نوێ لە پێناوی پاراستنی بەرژەوەندیەکانی خێڵ و عەشیرەتدا خۆی ماندوو ئەکات. یەکێ لە تایبەتمەندیەکانی چاوساغی خێڵ سستی و بێلەشی فیکریە کە ئاکامی ڕاستەوخۆی شێوە ژیانی خێڵەکیە. دەروونناسانانی کۆمەڵایەتی ئاماژە بەو ڕاستیە ئەکەن کە کاتێ تاکە کەسەکان لە قەبارەی کۆمەڵدا ئەتوێنەوە و لایەنە کەسیەکانیان ئەشاردرێتەوە، بەرهەم و دەرکەوتەی ئەو تاکە کەسانە لە پانتایی کۆمەڵگادا وون ئەبێ و هیچ بەرپرسایەتی و بەدەروەست بوونێ بۆ کەسەکان نامێنێتەوە. زاراوەی سستی کۆمەڵایەتی (Social Loafing) تەعبیرە بۆ ئەو سستی و بێ لەشیە کە تاکە کەسەکان بە هۆی هەڵواسین و پشت بەستن بە هێز و سامانی کۆمەڵگاوە، تووشی ئەبن. چاوساغانی خێڵ بە هەمان شێوە هیوایان بە دەسەڵات و توانای خێڵە هەر بەوبۆنەوە بە کەڵك وەرگرتن لە مەنزەلەت و سەروەری و پشتیوانی خێڵ خۆیان لە هەر چەشنە بەرپرسیاربوون و تێکۆشانێکی کەسی دەرباز ئەکەن. چاوساغی خێڵ زۆرتر لەوەی هەوڵی لە وەدەس هێنانی مەعریفە و بۆچوونە جیاوازەکاندا بخاتە گەڕ بە پێچەوانەوە هەوڵی لە سەلماندن و سەپاندنی مەعریفە و جیهانبینی خێڵ ئامێزە بە سەر ئەوەی دیەکاندا. کەوایە بێ لەشی وسستی فیکری تایبەتمەندێکی لە بەر چاوی چاوساغان و میراتگرانی ئەندێشەی خێڵ و عەشیرەیە. ئەمە ناتوانێ چارەنووسی ڕەها و بێ ئەم لاو ئەو لای نەوەکانی خێڵ بێت. بێگۆمان کەسانێك توانیویانە خۆیان قورسایی میراتی خێڵ و بەداوەت لە سەر ئەندێشەی خۆیان فرێ بدەن.

ئەمەش تەنیا بە خەبات و بەرەنگار بوونەوەیێکی توندو تۆل لەگەڵ دەسەڵات و بەهای خێڵدا مەیسوورە.

چاوساغی خێڵ تەنیا کاتێ ئەتوانێ خۆی لە سستی فیکری دەرباز بکات کە بە شێوەیێکی بنەمایی خۆی لە دەسەڵات و جیهانبینی خێڵدایمالێ و لە ژێر سێبەری مەنزەڵەت و ڕێزی خێڵ بێتە دەرەوە. لە ڕوونکردنەوە (Explantion)ی ڕقەبەری و توندوتیژیدا، توێژەرەوان ئاماژە بەو ڕاستیە ئەکەن کە ڕادەی توندوتیژی لە کۆمەڵگای ئاژەڵداریدا زۆرتر لە کۆمەڵگای وەرزێڕی وەبەرچاو ئەکەوێت. ئەم توێژینەوەیە هاندەری دوو دەروونناسی کۆمەڵایەتیی بوو بە نێوی ڕیچارد نیبست و داوکوهن (١٩٩٦) کە ئەم ڕاستیە بە زاراوەی فەرهەنگی دەماربەرزی (Culture of honor) هۆکاردۆزی (تعلیل) و شرۆڤە بکەن. ئەوان لە سەر ئەو بڕوایەن کە زۆربوونی ڕادەی توندوتیژی لە کۆمەڵگای ئاژەڵداریدا دەگەڕێتەوە بۆ فەرهەنگێکی تایبەتی ئەو کۆمەڵگایە کە فەرهەنگی خۆ بە زلزانین و لە خۆبایی بوونە. بە پێی ئەم فەرهەنگە پیاوەکان کەسایەتیی و بەستێنی کەسی خۆیان بە بازنەیێکی پیرۆز و مەزن دائەنێن و بە شێوەیێکی توندوتیژانە هەوڵ ئەدەن ئەو پانتاییە بپارێزن. شێوازی ژیانی خێڵ و عەشیرەکانی کوردستان دوورنیە لەو شێوازە ئاژەڵداریە کە نیبست و کوهن ئاماژەی پێئەکەن. ئاوڕێک لە پاشماوەکانی خێڵ لە کوردستاندا و وردبوونەوە لەسەر ئەژماری ئەو شەڕ و توندوتیژیانە کە تەنانەت لە شارەکانی کوردستاندا ڕوو ئەدات، حەقیقەتی ئەو تیورەمان بۆ ڕوون ئەکاتەوە کە ئەو شار و گۆندانەی کە پاشماوەکانی خێڵی لە خۆ گرتووە و ڕەنگی بەداوەتی زۆرتر لە سەر ماوە ڕادەی توندوتیژی و شەڕ و ئاژاوەی زۆرترە. ئەم هەڵس و کەوتە کە ئاکامی فەرهەنگی دەمار بەرزی خێڵە، لە نێو هەڵکەوتە و چاوساغانی خێڵیشدا بە شێوەیێك ئەبینرێ. چاوساغی خێڵ بە هۆی پێگە و پێشینە و هەروەها بە هۆی مەنزەڵەت و ڕێزی خێڵەکیەوە خۆی بەرزتر و تواناتر لە تەواوی کەسەکانیتر ئەبینێ و هەر وەها بیروڕاو بۆچوونی خۆی بە تاکە هێزی فەزای فیکری و ڕوشنبیری دائەنێ. هەر بەو بۆنەوە وەکوو ئاژەڵدارەکان بە شێوەییکی توندوتیژانە و دەمار گرژانە لەگەڵ بیروڕا جیاوازەکانیتردا ڕوو بە ڕوو ئەبێتەوە. فەرهەنگی دەمار بەرزی خۆی لە بەرهەمهێنانەوەی سستی و لاوازی فیکری چاوساغانی خێڵدا دەورێکی کاریگەری هەیە.

هەڵکەوتەی خێڵەکی لەو ڕۆچنەوە کە پلە و پایەی فیکری ئەو لە ڕادە بەدەرە و هیچ جێگای باسکردن و ڕەخنەی لەسەر نیە، دەست لە هەر چەشنە هەوڵ و تێکۆشانێکی فیکری هەڵدەگرێ و ئامادەیە بە زمانی سەر زارەکەی وەڵامی تەواوی کێشە فیکری و فەلسەفیەکان بداتەوە. کاتێك سەرچاوەی مەعریفی نەوەکان، جیهانبینی و ئایدۆلۆژیای خێڵە، ئەبێ ئەوەش چاوەڕوان بکەین کە هیچ کێشە و پرسێکی فیکری بۆ ئەم نەوانە نایێتە پێش و هەر گرفتێك بە زووترین کات لە لاین مەرجەعی خێڵەوە تاو و توێ ئەکرێت. ئاوەهایە کە چاوساغی خێڵ بتر لەوەی پرسیار ئاراستە بکات و کێشە و پرسە مەعریفیەکان زەق بکاتەوە، بەردەوام بەشێوەیێکی شەفاهی و سەر زارەکی وەڵام ئەداتەوە. وەڵام دانەوەی ئەم چاوساغانە بە واتای وەڵام دانەوە بە پرسیار نیە بەڵکو بەو واتایەیە کە هیچ پرسێك بوونی نیە و تەواوی پرسیارەکان لە فەرهەنگی دەوڵەمەندی بیر و هزری خێڵدا وەڵام دراونەتەوە. ئەمە خۆی لە لایێکەوە ئاکامی سستی و لاوازی بیری خێڵ ئامێزە لە بەرهەم هێنانی پرس و گرفتە فیکریەکاندا و لە لایێکی ترەوە ئاکامی

ئەو ڕاستیەیە کە هەر چەشنە پرسیار و ڕەخنەیێك بەرژەوەندیەکانی خێڵ دەخاتە مەترسیەوە و ئاسایش و ئەمنی زەینی ئادار و ژەنگهاوردوی خێڵ دەهەژێنێ و تووشی قەیران و ئاشوفتەیی ئەکات. کە وایە فەرهەنگی سیاسی و کۆمەڵایەتی زاڵ بە سەر چاوساغانی خێڵدا فەرهەنگێکی دژە ڕەخنەیە کە هەر چەشنە ڕەخنە و ڕوونکردنەوەی هەڵس و کەوت و کردارەکانیان بە دژایەتی و هێرش بردنە سەر کیان و کەسایەتی خێڵ ئەزانن و بە شێوەیێکی توندڕەوانە، دژکردەوی خۆیان لە بەرانبەریدا نیشان ئەدەن.

پانتای ئەرزش و بایەخەکانی خێڵ پانتایێکی پیرۆزە و خاوەنی هێڵی سوور و دروشمی بڤە و نەکەیە. هەر ڕەخنەکارێك کە ئەم هێڵە سوورانە بشکێنێ و نهینیەکانی بیری خێڵ ئامێز بدرکێنێ،لە ڕاستیدا شەڕێکی تەواو عەیاری دژ بە خێڵ پەرستان و پاشماوەکانی خێڵ ڕاگەیاندوە. ئاوەهایە کە ڕەخنەگر دەکەوێتە بەر هەژمەتی ڕقئامێزی ئەو نەوانەی خێڵەوە کە میتودی وەڵامدانەوە و ڕەخنەگریشیان میتودی تیرۆر و تۆقاندنە. جیهانبینی ڕەخنەهەڵنەگری خێڵ جیهانبینێکی تەیار و شیاوە بۆ ڕەگ داکوتان و بالاکردنی ئەو ئایدۆلۆژیا فاشیستانەی کە جیهان بە ڕەش و سپی ئەبینن و ڕێگای ڕزگاری بە یەکلاکردن و هاورەنگکردنی جیاوازیەکان ئەزانن. تیرۆری فیکری میتودێکی پاشڤەڕۆخوازانەیە کە لە بری ڕەخنگرتن لە چەمك و ناو ئاخنەکان، گرێ و ئوقدە دەروونیەکان خۆی دی هاوێژی (projection) ئەکات و لە ئاکامدا تەواوی شەڕە قسە و ڕەش نووسیەکانی لە رستەیێکی دی هاوێژانەدا کورت ئەکرێتەوە "ئەوەی دیەکان لە پێناوی دەسەڵات و خۆنداندندا هەوڵ ئەدەن و بیر ئەکەنەوە". وەکوو ئیریك فرۆم ئەڵێ تەواوی کارە مەزنەکان گرێی دەروونی ل پشتەوەیە یان وەکوو پوپەر وتەنی تەواوی بابەتە زانستیەکان بە بێ ئەرزش و حەزی دەروونی بەرهەم نایێن. بەڵام پێوەدانی ڕەخنەی زانستی چەمك و واتای بابەتەکانن نەك ئەو حەز و گرێ دەروونیانە کەهیچ کەسێك ناتوانێ بە باشی دەستنیشانی بکات و یان هەر کەسێك ئەتوانێ هەر واتایێکی خۆ ویستی پێدا هەڵبواسێ.

حەز و گرێ دروونیەکان کە لە پشتی هەر بابەت و بەرهەمێکی فیکری و زانستیەوە ئامادەیە، هیچ کات بە شێوەیێکی زانستی قسەی لە سەر ناکرێ و بە وتەی پوپەر ئەم چەشنە بابەتانە بەتاڵ هەڵنەگرن. لێکدانەوەی زانستی ئەو حەز و ویستانە وەکوو ئەوە وایە ك بیر و ئەندێشەی ئوستورەیی بە میتودی ئەزمونی و تاقیکارانە لێکبدەێنەوە و پێوانەی بکەرین.

تیرۆری فیکری چاوساغانی خێڵ لە شێوازی ڕشنووسی و درێژدادڕی و دووپاتکردنەوەی چەمکێکی ساکار و بیواتادا و هەروەها بە میتودی دیهاوێژی و بەدناوکردنی ئەوی دیەکان بە هەمان کێشە و نەخۆشیە دەروونیەکانی خۆیان هیچ کات ناتوانی شێوازێکی زانستی بگرێتە خۆی و وەکوو ڕەخنەیێکی خاوەن میتود لە ڕۆنانی فەزای ڕەخنەییدا دەور بگێڕێ. تەنیا ئەو بابەتە زانستیانە ئەتوانن ڕەنگی ڕەخنە بەخۆ بگرن کە خاوەنی میتودۆلۆژیێکی تایبەت و پەسەندکراوی زانستی بن و ڕاڤە و ڕوونکردنەوەکانیان لە ئاکامدا هۆکاریان هۆکارگەلێ دەستنیشان بکات و پێوەندی و هاوگری نێوان هۆکار و بەرهۆکاری شرۆڤە بکات. میتودی ئەزموونی ـ شیکارانە (andlitical-empirical Methalology)، میتودی تەفسیری (Hermeneutic Methodology) و میتودی ڕەخنەیی (Critical Methodology) سێ ڕەوتی سەرەکی میتودۆلۆژین کە زۆربەی بابەتە کۆمەڵناسی و

فەلسەفیەکانی جیهان لە چوارچێوەی ئەم میتودانەدا دیتە بەرهەم. میتودی ئەزموونی - شیکارانە کە بابەتەکانی دورکایم لەو چوارچێوەیەدا جێگای خۆی ئەگرێتوە، بۆ کرادار و ڕەفتارە کومەڵایەتیەکان وەکوو دیاردەیێکی سروشتی ئەڕوانێ و پێی وایە کە ئەبێ ئەودیاردانە لە دەرەوە بخوێنرێنەوەو توێژینەوەیان لەسەر بکرێت. میتودی تەفسیری کە زۆرتر ل بیروڕاکانی ماکس ڤیبەردا کەڵکی لێوەرگیراوە سنووری خۆی لەگەڵ میتودی ئەزموونی - شیکارانەدا بەو جەشنە دیاری ئەکات کە پێی وایە کردارە مرۆیی و کۆمەڵایەتیەکان واتادارن ( Meanins ful) و بە پێی ئامانج و مەبەستی ئەنجام دەری ئەو کردارە بەڕێوە ئەچن. ئەمە لە حالێکدایە کە رەفتاری شتە سروشتیەکان بە پێی واتاییکی ئەندێشەکراوانیە، هەر بەو بۆنەوە میتودی تەفسیری بە تەواوی ئەو ڕێڕەوانە ئەگوترێ کە بڕوایان بە روونکردنەوەی مەبەستدارانە ( onal Explanationnteti) هەیە، بەو واتایەی کەبۆ ناسین و روونکردنەوەی کردارە مرۆییەکان دەگەڕێنەوە بۆ ئامانج و مەبەستی بەڕێوەبەری ئەو کردارە. یەکێ لە لقەکانی ئەم مێتودە، مێتودی هیرمنوتیکە (Hermeneutics) کە بە زانستی تەفسیری نوێ ئەوترێ و سەرەتای ئەگەڕێتەوە بۆ راڤە و تەفسیری دەقە پیرۆزەکان.

لقێکیتری میتودی تەفسیری بۆچوونی تێگەیشتنگەریە (Verstehen) ئەم بۆچوونە لە راستیدا زۆرتر بەرهەمی بە کۆمەڵناسیکردنی بۆچوونی هیرمنوتیکیە. تێگەیشتنگەری (ورستیهەن) ئەڵێ ئێمە لە بەستێنی کۆمەڵایەتیدا مەبەستمان فەهمکردنە نەوەك هۆکاردۆزی. هەرچەند هەندێ پێیان وایە کە ئەم میتودە بە شێوەیێك هۆکارەکان ئەباتەوە بۆ واتا و مەبەستی کردارەکان. ڤیبەرکیەکێ لە داهێنەرانی ئەم میتودەیە هەوڵیدا پێوەندییێك لە نێوان ئەم میتودە و میتودی هۆکارخوازیدا بێنێنە ئاراوە، هەر بەو بۆنەوە پێی وابوو لە ئاکامدا کە ئێمە واتای کردارەکانمان زانی، ئەبێ بە ئەزموون و ئەژمار (ئێمار) دروستی و نادروستی ئەو تێگەشتنەمان بەراورد بکەین. »ڕێرەوناسی رەخنەیی (Critical Methdogy) کە ڕەهەندەکانی پێکهاتەخوازی (Struturalism)« شیکاری چینایەتی، ماتریالیسی دیالیتیك و شیکاری فیینیستی لە خۆ ئەگرێ هەول ئەدات یاسا گەشتیەکان (Nomethetic) و هێما فیکریەکان (Ideographic) پێکەوە تێکەڵ بکات. ئەم ڕێرەوناسیە سەرچاوەی لە بۆچوونەکانی کارلمارکس و زیگموند فروید دایە.

لایەنگرانی مەکتەبی ڕەخنەیی لە ڕخنە و لێکدانەوەی واقیعەکاندا بە مەبەستی ئالۆگۆر کردنی بنەڕەتی ئەو واقیعانە، دەست ئەهاوێن بۆ هەندێ چەمکی فەلسەفی وەکوو ئازادی، حەقیقەت، بەرابەری و دادپەروەری. ڤ لەو بڕوایەدایە کە مەبەستی زانستی کۆمەڵایەتی ڕەخنەیی، روونکردنەوەی ڕێکدارییێکی کۆمەڵایەتیە بەو شێوازەی کەبکرێ بگۆڕدرێتە بار و دۆخێکیتر. بۆ بەجێهێنانی ئەم ئەرکە، دەوری بیرمەندان لە جەخت خستنە سەر قەیرانە کۆمەڵایەتیەکان و شیکاری کردنیان وەکوو و ئاگایی درۆیینە (Fals Consciousness) زۆر گرنگ و جێگای سەرنجە«. ئەم ڕەوتە میتودۆلۆژیانە و هەروەها شێوازگەلێکی تازە کە زۆرتر لە نووسینە فەلسەفیەکاندا وەبەرچاو ئەکەوێ، چوارچێوەی بیری زانستی سەردەمیان گرتوەتە بەر و نە لێکردن و بەکار نەهێنانی هیچکام لەم میتودانە بێجگە خزانە نێوە بازنەی ئاشوفتەیی و ئاژاوەگەری فیکری (Thought anarchism) هیچ دەسکەوتێکیتری لێ نابێتەوە.

هەڵبەت بەکار هێنانی دژە میتود (Anti - Method) لای هەندێکەوە سەرنج ڕاکێشە وئەندێشە و تێڕامانی بەدواوەیە. وەکوو ئەو هەوڵەی کە فایرابەند لە کتێبی دژە میتودی خۆیدا ئاراستەی کردوە. بەڵام ڕەوتی دژە میتودگەری لای هەندێترەوە تەنیا نەزانین و جەهلی ئەو تاقمە کە بەکاری دەهێنن، ئاشکرا ئەکات. هەروەها کە ئەزانین پێکهاتنی بنەمای مەعریفە و میتودە کۆمەڵناسیەکان بۆ دەربازبوون لەو مێتودە کۆن و کلاسیکانە بوو کە خاوەنی ڕوانینێکی میتافیزیکی بۆ دیاردە کۆمەڵایەتیەکان بوون. میتودی گەوهەرخوازانە یان »ئیسانشیالیسمی میتودۆلۆژیك« لە تەفسیری دیاردەکاندا جەختی ئەخستە سەر تایبەتمەندیە گەوهەریەکانی ئەو دیاردەیە و وەسفی چییەتی (Esseuse) دیاردەکانی ئەخستەو ڕوو. ئەمە تەواوی ئەو خوێندنەوە کۆن و کلاسیکانە ئەگرێتە بەر کە بۆ نمونە کۆمەڵگایان وەکوو مرۆڤێ پێناسە ئەکرد کە خاوەنی هەست و نەستە و لە ئاکامدا گەوهەر و بونیادێکی تایبەت و نەگۆڕیان بۆ دابین ئەکردو هەر لەم بوارە دەتوانین ئاماژە بکەین بە میتودێکیتر کە بە دەروونناسی هێزەکان (فاکوڵتی سایکۆلوژی) ناوی لێ ئەبردرێ. ئەم میتودە بە خوێندنەوەیێکی دەروونناسانە تەواوی کار و کردارەکانی مرۆڤ بە پێی لایەنە غەریزی و سروشتیەکانی تەفسیر ئەکاتەوە و زۆرتر لە نووسینی ئاکارخوازەکانی رابردوودا کەڵکی لێ وەرگیراوە. بۆ نمونە لە ڕوونکردنەوەی ڕەفتار و هەڵس و کەوتی »شا«یان »ئیمپراتور«دا وتوویانە ئەو »شا«یە زۆر دڵرەقە یان زۆر بەڕەحم و سۆزدارە کە وایە تەواوی ڕووداوەکانی ئەو سەردەمە بە پێی لایەنە سروشتیەکانی ئەو دەسەڵاتدارە لێکدراوتەوە. ئەو میتودەی چاوساغی خێڵ کەڵکی لێوە ئەگرن، هەمان میتودی ئیسانشیالیستی قۆناغی پێش داهاتنی زانستی نوێیە کە تەواوی بیر و ئەندێشەی تاکەکەس یان کۆمەڵێك ئەبەنەوە بۆ هەست و نەستی دەروونی و سروشتی ئەو کەسە و هیچ ڕوونکردنەوە (Explnation) یان داشکاندنێکی (Reduction) لێ نابێتەوە. ئا لێرەوە پرۆسەی تیرۆری فیکری بە میتودی ئیسینشیالیستی و دیهاوێژی کەم و کورتی و برینە دەروونیەکان بەسەر ئەوی دیەکاندا دەگاتە ئەنجام. پاشماوەکانی خێڵ بە هۆی گرێدراوی و لکێندراوی بە پێکهاتە و کولتووری بەرژەوەندخواز و دوژمنناشانەی خێڵەوە، ناتوانن لە شێوازێکی ئاسایی و بەرابەردا لەگەڵ لایەنەکانیتری کۆمەڵگادا پێوەندی بگرن. خێڵ و پاشماوەکانی لەگەڵ کەسانیتری نێو کۆمەڵگا بە پێی زنجیرەی جینایەتی و گوتاری ئەرباب ـ ڕەعیەتی. لە سەردەمی ئیستادا کە دۆخە عەینیەکانی (Objective) دەسەڵاتی نابەرابەرخوازانەی خێڵ هەرەسی هێناوە، ئەم دۆخە لە شێوازێکی زەینی (Subjective)دا لە بیرەوەری نەوەکاندا و بە پشت بەستن بە مەنزەلەتی کۆمەڵایەتی خێڵەوە خۆی بەرهەم هێناوەتەوە و شێوازی ڕەفتار و پێوەندیە کۆمەڵایەتیەکانی ئەو پاشماوانەی دیاری کردوە. لە ژێر کاریگەری ئەم چەشنە دەسەڵاتداریەی خێڵدا، شێوازێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی دێتە بەرهەم کە بە زاراوەی سەر دەستخوازی و نۆکەرمەسلەکی (Clientalism) ناوی لێئەبردرێ. لەم حاڵەتەدا، ئەوە تاقم و دەستە خاوەن ڕێز و مەنزەلەتەکانن کە بە پێی زنجیرەی پلەیی، پێوەندیەکانی دەسەڵات دیاری ئەکەن. لەم حاڵەتەدا هەر چەشنە ناوەند و پێگەیێکی مودێرن واتای ڕاستەقینەی خۆی لە دەس ئەدات و ئەبێ بە باندێك بۆ خزمەتکردنی دەسەڵات.

بەرهەمی دەسەڵاتدارێتی خێڵ و وەدیهاتنی شێوازی سەردەستخوازانە لە نێو کۆمەڵگادا چەشنێك بێرێسایی (Anomy) و شپرزەیی دێنێتە کایەوە کە تێیدا پاشماوەکانی خێڵ ڕۆژ لە دوای ڕۆژ پێوەندییان لەگەڵ بەشەکانیتری کۆمەڵگادا ئەبڕێ و مەودای نێوانیان بەردەوام دوور ئەبێتەوە. ئالێرەدایە کە چاوساغانی خێڵ وەکوو میراتگر و نوێنەری پێکهاتە و کولتووری خێڵ تووشی دیاردەی لە خەڵك دابڕان و دووری لە کۆمەڵگا (Social eslation) ئەبن. ئێزۆلەبوونی پاشماوەکانی خێڵ چارەنوسێکی لۆژێکی و مێژووییە کە بە هۆی شێوازی ڕووبەڕووبوونەوە و هەڵس و کەوتی ناواقیعی و دەسەڵاتخوازانەوە هاتوەتە دی. دیاردەی ئێزۆلەبوون خۆی چەند دیاردەیێکیتری لێ ئەبێتەوە کە دۆخە ئانۆمی ئامێزەکە قووڵتر ئەکات و پێوەندییە کۆمەڵایەتیەکان زۆرتر دوچاری لێکبچڕان و لێکدابڕان ئەکات. یەکێ لەو ئاکامانە سڵکردنەوە لە کۆمەڵگا و کۆمەڵگاترسیە (Social phobia) کە بە پێی دۆخی نائاسایی و دوورە پەرێزانەی پاشماوەکانی خێڵ لە کۆمەڵگا و هەروەها بە پێی ئایدۆلوژیای دوژمن تاشانە و توند و تیژخوازانەی خێل هاتوەتە ئەنجام. نەوەکانی خێڵ ئەویدیەکان و بە گشتی کۆمەڵگا بە دوژمنی خۆیان و تێکدەری ماف و بەرژەوەندیەکانی خۆیان ئەزانن، هەر بەو بۆنەوە تووشی پارانۆیای ترسان لە کۆمەڵگا ئەبن. ئەوەیە کە پاشماوەکانی خێڵ ناتوانن ببنە خاوەنی ئامانج و مەبەستێکی مەزنتر و پان و بەرینتر لە مەبەست و ئامانجی بەرتەسك و سنوورداری خێڵەکی. کەوایە خواستەکانیان ناتوانێ لە ئاستی خواستێکی کۆنەپەرستانە و تاقمگەریانەی عەشیرە تێپەڕێ و ڕەهەندێك پتر لە حەز و ویستی ناوچەخوازانە و قەبیلە پەرستانە بگرێتە خۆی. مرۆڤ کاتێ ئەتوانێ ببێتە خاوەن جیهانبینی و شوناسێکی گشتی کە خۆی بە پێکهاتەی فەرهەنگی و مێژوویی کۆمەڵگاوە گرێ بدات و بە ڕوانینێکی تازەوە، پێوەندیەکانی خۆی لە ئاست کەسەکانیتر و کۆمەڵگادا دیاری بکات. بەڵام جیهان بینی و ئایدۆلۆژیایێك تەنگەبەرانە کە مۆرکی هۆز و عەشیرەیێکی تایبەتی پێوە دیار بێت و بە پێی بەرژەوەندیەکانی خۆی لەبەشەکانی تری کۆمەڵگا دابڕێت، کەی ئەتوانێ کێشە و ئازارەکانی کۆمەڵانی خەڵك هەست پێکات و هەر بەو پێیە پێوەندییێکی عەینی و زەینی لەگەڵ کۆمەڵگادا ساز بکات. ئالێرەدایە کە حەز و ویستەکان بە پێی ئەو چوارچێوەیەی کە خێڵ دابینی ئەکات خۆیان ئەنوێنن. بۆ نمونە لایەنگری و بەشداری سیاسی ( ) پاشماەکانی خێڵ کورت ئەکرێتەوە بە لایەنگری لەو حیزب و گروپانە کە بنەمایەکی خێڵەکییان هەیە و نزیکترین پێوەندییان لە بواری خزمایەتی و عەشیرەییەوە بەو خێلەوە هەیە. هەروەها بەشداری کردن لە پرۆژە و بەرنامە کۆمەڵایەتیەکاندا تەنیا بەو مەرجەوە بەڕێوە ئەچێت کە پرۆژە و بەرنامەیێکی پێوەندەیدار بە بەرژەوەندی و بەهای خێڵەکیەوە هەبێت. تەنانەت پێوەندیە خۆشەویستانە و دۆستانەکان ئەبێ بە شێوازێ دابمەرزێ کە باڵادەستی و هەیمەنەی خێڵی تێدا بپارێزرێ، دۆستانی باوڕپێکراو ئەو کەسانەن کە بە سەروەری و هێژمۆنی خێڵ بڕوایان هەیە و هیچ کات لە بەرانبەری دەسەڵاتی خێڵەکیدا ڕاست نابنەوە. دۆستی ڕاستەقینە لە ڕوانگەی نەوەکانی خێڵەوە ئەو دۆستەیە کە گوێ ڕایەڵی قسە و ئەمرەکانیانە و هیچ کات گومان لە حەقیقەتی ئەو حوکمانەدا ناکات. وشەی خیانەت لە ڕوانگەی ئەوانەوە خیانەت بە سەروەری و دەسەڵاتدارێتی خێڵە نە وەك دژایەتی لە هەمبەر ماف و بەرژەوەندیە گشتیەکاندا. ئەو کەسەی خاوەنی بیر و هەڵوێستێکی جیاوازە و تەنانەت دژ بە

بیری خێڵەکیە و سەری بۆ هەیمەنە و سەرۆکایەتی پاشماوەکانی خێڵ دانەواندوە، بە حوکمی دادگای خێڵ خەیانەتکارە و ئەبێ تاوانبار بکرێت. لە روانگەی ئەقڵی خێڵەوە ئەوی دیەکان هەموویان و لە هەر حاڵەتێکدا تاوانبارن، مەگەر ئەوەی کە گوێڕایەڵیی و بە دەروەستبوونی خۆیان لە ئاستی خێڵدا بە کردەوە نیشان بدەن. بە تەعبیرێکی ئیستالینی بارستایی و نرخی مرۆڤەکان بە پێی روانینێکە کە بۆ خێڵ و پاشماوەکانی خێڵ هەیانە، بەو چەشنەی کە ئەڵێن: »بە ئێمە بڵێ روانینت بۆ خێڵ چونە تا پێت بڵێین تۆ چۆن مرۆڤێکی«.

**»بە خێڵ کردنی زمان«**

زمان وەکوو نوێنگەی ئاوەزی هەر کۆمەڵگایێك، رادەی هوشیاری و ئاگایی ئەو کۆمەڵگا لە هەر چاخێکی مێژوویيدا دیاری ئەکات. کە وایە توخمە زمانیەکان و ئەو چەمکانەی لە زماندا بەرهەم دێن گوزارشت لە بار و دۆخی زەینی و عەینی ئەو مرۆڤانە ئەکەن کە لە نێو فەزای کاکێشانی زمان و هەروەها هایدگەر وتەنی لە نێو "یانەی وجود" دا گەمارۆدراون. زمانی خێڵ و واتا خێڵەکیەکان کە سەرچاوەیان لە زمان وەرئەگرن بەرهەمی پێکهاتەی خێڵ و شێوە ژیانی خێڵ بەرهەم دێنێ و جیاوازی (Dhfference) خێڵ لە دەوروبەر دیاری ئەکات. زمان بە پێناسەکردنی کەسایەتی خێڵ و زناکناسی (Semiotics) دیاردە خێڵ ئاسا و خێڵ رەنگەکان، هەندێ چەمك و دەستە واژە ئەخوڵقێنێ کە خێڵ تێیدا واتای خۆی ئەدۆزێتەوە و ژیانی پێدابین ئەکات. لێرەدا زمان، زناکەکان بە چەشنی دا ئەڕێژێ کە واتای خێڵی لێ بەرهەم بێنێ و دواتر خێڵ ئەم زمانە بکات بە کەرەسە و ئامرازی بەرز بوونەوە و گەشەکردنی خواست و ویستە غەیرە زمانیەکانی. ئەم پرۆسەیە لە راستیدا چەشنی بە خێڵکردنی زمانە کە تێیدا بە پێچەوانەوە زمان ئەبێتە پردی بە سەر داچوونی ئەو شوناسە پێنەگەیشتووە کە لە (شوێن - کات)ێکی پارادوکسیاڵدا ژیانی خۆی بەرهەم هێناوە. بە خێڵ کردنی زمان لە راستیدا بە ئاوەژوو کردنەوەی ئەو پێوەندیەیە کە تێیدا زمان و واتا باڵادەستن و شوناسی خێڵ پاشکۆ و تازەداهاتووە. لەم پرۆسەیەدا خێڵ لە سەرچاوە راستەقینەکانی جیا ئەبێتەوە و ئەبێتە خاوەن وجود و کەسایەتیێکی سەربەخۆ و خودبونیاد کەدواتر بە شێوەیێك خۆی بە سەر زماندا ئەسەپێنێ و چەمك و واتاکانی ئەکاتە دەستەمۆ و دەسکردی خۆی. ئا لێرەدایە کە چەشنێ نامۆیی زمانی (Linguistic alienation) دێتە کایەوە کە بریتیە لە سەرکوتکردن و داخستنی ئەو هێز و دەسەڵاتە بنەرەتیە و بەندکردن و پەسیڤکردن (Passive) وزە و تواناکانی. بە خێڵ کردنی زمان لە راستیدا بەرهەمی نامۆیی زمانیە و گوتارێك بەرهەم دێنێ کە ئوتۆریتەی خێڵ و هیژمۆنی چینایەتی ئەنوێنێ و هیچ مەودا یان دەرفەتێ بۆ دەسەڵات و لایەنە جیاوازەکانیتر ناهێڵێتەوە. زمانی خێڵ هەمان ئاگایی و وشیاری خێڵە، هەر بەو بۆنەوە ئەم زمانە زمانێکی داخراو و قەتیسکراوە و هیچ کات ناتوانێ وروژێنەر و بەدیهێنەری ئاڵ و گۆڕ و جوڵاندنەوە بێت. ئەم زمانە ناتوانێ تەعبیری جیاواز و چەشنە روانینێکیتر بخوڵقێنێ و بەردەوام بە ئاهەنگی کۆن و داخراوەوە دووپات ئەبێتەوە. ئەو زمانە نە پرسگرێك دروست ئەکات و نە کێشەکان زەق ئەکاتەوە و نە ئەتوانێ زمانی رەخنە و بەرەنگار بوونەوە بێت. بنەمای ئەم زمانە گوتاری پارێزگارخوازیە (Conseruatism) و ئەنجامەکشی داکۆکیکردن و مانەوە لەو واقیعەدایە کە خێڵ تێیدا ئەژیت و ژیانەوەی بۆ دێتە کایەوە. یەکێ لە تایبەتمەندیەکانی زمانی

خێڵ و پاشماوەکانی ئەویە کە توانای بەڵگە هێنانەوە (Demonication) و دیالوگ بەو چەشنەی کە لێکتێگەیشتن (Coumunication)ی تێیدا بێتە ئاراوە نیە و ڕەهەندی هێمایی و سەمبولێکی تێیدا بەسەر ڕەهەندی ریالیستی و واقیعخوازانەدا زاڵە و گوتاری خەیاڵی و رومانتیکی پێکهاتەی سەرەکی ئەم زمانەیە، هەر بەو بۆنەوە ئەم شێوە زمانە زۆرترین ئامادەکاری و ڕێخۆشکەری بۆ بواری ئەدب و هەونەر ئەکات و لەو بەشانەشدا زۆرترین مەجال بە شیعر و زمانی شیعری ئەبەخشێ. لە بواری ناوەرۆکێشەوە زمانی خێڵ زۆرتر ئەو چەمك و ناو ئاخنانە بەرز ئەکاتەوە کە هەڵگری جیهانبینی و شێوە فەهمێکی ڕۆمانتیکی بێ و چەشنێ وەهم و ئایدۆلوژییان پێوە دیاربێت. بەم پێیە »شێوە فەهمی تراژیك« لەم بوارەدا مەجالی سەرهەڵبڕینی نیە و بەردەوام لە لایەن زمانی وەهمسەروەری خێڵەوە دەمکوت ئەکرێت.

شێوە فەهمی ڕۆمانتیکی کە لە خەیالگەی رومانتیکی خێڵەوە سەرچاوە ئەگرێ خوازیاری جیهانێکی تێپەڕیوە و دەیهەوێ فۆرماسیون و پێکەربەندی (Configuration) ئەو جیهانە کۆنە لە ئێستا زیندوو بکاتەو. ئەو کۆمەڵگایەی کە پاش ماوەکانی خێڵ ئەیانهەوێ بنیاتی بنێن (کۆمەڵگای خێڵ سەروەر)" هەمان فیردەوسی ونبووی ڕۆمانتیکەکانە کە لە ئاژاوەی شارنشینی و مودیرنە بەدوورە و بە تۆڕی ئەرزش (Value) و بایەخە عەشیرەییەکان، وەکوو شەرەف خێڵایەتی و زنجیرەی پلەیی چینایەتی و باوك سەروەری (Patriarchal) تەنراوە. هەرچەندە جیهانبینی رومانتیك داهێنەر و قاڵبڕێژی خێڵەپەرستی و بیر و بۆچوونی تەسکی عەشیرەیی نەبووە بەڵام دەورێکی ئەوتۆی لە ژیانەوە و بەردەوامی ئەم سەلەفیەت و پاشڤەڕۆخوازیە لە پانتایی ئەقلێی کوردیدا گێڕاوە و هەروەها شێواز و فۆرمی تازەی بۆ پاساو دان و دەربڕینی ئەم ئەرزشە کۆنانە هێناوەتە دی.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بەو تیزە سەرەکیە [تێزی نووسەر] بکەینەوە کە ئەقڵی کوردی و گوتاری ڕۆشنبیری کورد چ لە ناوەڕۆك و چ لە فۆرم و شێوازی دەربڕینیدا زۆرتر لەوەی کە بە بزاڤی ڕۆشنگەریەوە پێوەندی هەبێت، نزیکایەتی بە بزاڤی رومانتیکیەوە هەیە و ئاراستەکانی بەرەو لای ئامانج و ئەرزشەکانی رومانتیسیسمە. ئەم تێزە هیچ کات پێوەندی و نزیکایەتی ئەو دوو بزاڤە ڕەت ناکاتەوە، بەڵام دژایەتی و بەرانبەریەکی (تقابل) جیهانبینی ڕۆشنگەری و جیهانبینی رومانتیك بە کێشەییێکی سەرەکیتر و گرنگتر دائەنێت. هەوڵەکانی روشنبیری کورد تا ئێستا بێگومان لە پێناوی ڕۆشنگەریدا بووە بەڵام بە خوێندنەوە و ڕاڤەییێکی ڕۆمانتیکی.

(خێڵ و سیاسەت)

کاریگەری ئەندێشە و کرداری خێڵ لە بواری سیاسەت و دەسەڵاتی سیاسیدا زەقترین و لەبەرچاوترین ڕەنگدانەوەی هەیە. دەسەڵاتی سیاسیی مێژوویی خێڵ، دەسەڵاتێکی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیەکە زۆرجار بوەتە بنەمایێك بۆ دەسەڵاتی و بەرز بوونەوەی دەسەڵاتە ناوچەیی و بەرتەسکەکان بۆ ئاستێکی بەرینتر و بەر فراوانتر. شێوازی مێژوویی دەسەڵات لە ڕۆژهەڵاتدا بە پێی شێوازی بەرهەمهێنانی ئاسیایی (Asiatic Mode of production) دەسەڵاتدارێتی تاکە کەسی و سەرەڕۆخوازانە (ئیستبدادی) بووە کە دەسەڵاتدار (شا) وەکوو سێبەری خودا لە زەویندا لە بەرچاو گیراوە. لە راستیدا دەسەڵاتدارێتی سەرەوڕۆخوازانە لە چوارچێوەی سەڵتەنەتی "شا" کاندا شێوازێکی گەورە کراو و بەربڵاوی دەسەڵاتی خێڵ و

سیستمە خێڵەکیەکان بووە. تەواوی ئەو ڕەگەزە فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیانە کە لە قەبارە و پێکهاتەی خێڵدا وەبەر چاو ئەکەوێ بە شێوەییێکی بەهێزتر و کاریگەتر لە سیستەمی سەڵتەنەتی شاکاندا وە بەرچاو ئەکەوێ. کە وایە سیستەمی پاوانخواز و خۆسەپێنی دەسەڵاتدارێتی لە ڕۆژهەڵاتدا میراتگری ئەو سیستەمە خێڵەکیە بووە کە ئێستەش لە بوار و ڕەهەندی جیاوازوە دەسەڵاتی خۆی پاراستوە و بە زمانێکی ئەوڕۆییتر هاتوەتە قسەکردن. خێڵ خۆی لە خۆیدا هێزێکی کۆمەڵایەتیەکە هەم خاوەنی خاك و سەرزەوینە و هەم خاوەنی سەرۆك و فەرماندەر و ڕێسای تایبەتە بۆ ئەندامان و بەشە جیاوازەکانی خێڵ. کەواتە خێڵ دەوڵەتێکی بچووکە کە لەو دیوی مێژووەوە پێی ناوەتە قوناغێك کە دەسەڵاتی دەوڵەت ـ نەتەوە (Nation – State). و ژیاری شارنشینی تەواوی هەل و مەرجەکانی گۆڕیوەو تەنگی بە تەواوای دەسەڵاتەکۆن و سوننەتیەکان هەڵچنیوە. ئالەم قۆناغەدا خێڵ ڕووبەڕووی دەسەڵاتێکی بەهێزتر و مۆدێڕنتر ئەبێتەوە کە یان ئەبێ سەری بۆ دابنەوێنێ و دەسەڵاتی خۆی بخاتە ژێر ڕکێفیەوە، یان بۆ پاراستن و درێژە پێدانی شێوە ژیانی خۆی ئەبێ ڕووبەڕووی ببێتەوە. لە زۆر جاردا و بە تایبەت لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتدا شەر و کێشەی نێوان خێڵ و دەسەڵاتی ناوەندی شەڕی دوهێزی سوننەتی و مودێڕن نیە، بەڵکوو لە ڕاستیدا شەڕی خێڵ و خێڵە. هەرچەندە دەسەڵاتە ناوەندیەکان ئامراز و کەرەسەی نوێیان وەدەس هێناوە و دەیانهەوێ دەوڵەت نەتەوەی مودێڕن بخوڵقێنن بەڵام شێوازی دەسەڵات وەرگرتن و ماهیەتی دەسەڵاتەکەیان خێڵەکیە و لێرەدا دەوڵەت بەتەعبیری مودێڕن هەڵبژاردەی شارۆمەندە بەرابەر و ئازادەکان نیە بەڵکوو خێوەت و ڕەشماڵی ئەو عەشیرە و خێڵانەیە کە دەسەڵاتی زۆرتریان هەیە و توانای سەرکووت کردن و تەفرو تونا کردنی لایەنەکانی تریان زۆرترە. لەرووبەڕوو بوونەوەی ئەم دوو چەشنە دەسەڵاتەدا ئامانجی هەر دوولا کۆنەپەرەستانە و دواکەوتوانەیە. خێڵ لە پێناوی پاراستنی زەوی و زار و دەسەڵاتی ناوچەی خۆیدا شەڕ ئەکات و دەوڵەتی ناوەندی لە پێناوی سەقامگیر کردنی هێزی قەبیلەیی و پاتریمونیالیستی بەسەر پانتاریی ئەو وڵاتەدا تێئەکۆشێ. بەڵام حەقیقەتی ئەم کێشەیە لە لایەنی رووکەشیەوە ئەگۆڕدرێ و سیماییێکی تر بە خۆوە ئەگرێ. دەوڵەتی ناوەندی لاف ئەو لێئەدات کە دەمانهەوێ وڵاتێکی یەککگرتوو و شارستانی و پێشکەوتوو بەدی بێنین و هێزە خێڵەکیەکانیش بەزۆرە ملێ بەرەو ئەو لایەنە رادەکێشرێن کە ئامانج و هوتافەکانیان بەرباڵوتر بکەنەوە و نومایێکی نوێی پێ ببەخشن. ئالێرەدایە کە خێڵ ئەبێ بە حیزبی سیاسی و کودەتای سەربازی قەبیلەییێك ئەبێ بە دەوڵەتی یەککگرتووی ناوەندی. خێڵ مل بەو حەقیقەتە ئەدات کە ئەبێ فۆرمی خۆی بگۆڕێ و ئەم جارەیان خواستەبەرتەسك و ناوچەییەکانی بگۆڕێ بە خواستێکی بەرفراوانتر و نەتەوەیی و هەروەها چەمکە بەرتەسکەکانی بکا بە چەمکی جیهانی و پەسەندکراو" وەکوو ماف مرۆڤ، ئازادی و دیموکراسی، ڕەنگە لێرەدا ئەم بەرهەڵستکاری و ڕووبەڕوو بونەوەی خێڵە دژ بە دەسەڵاتێکی دواکەوتوو و سەرکووتکار، وا بنوێنێ کە کارکردێکی ئازادیخوازانە و ماف پەروەرانەی هەیە و لە پرۆسەی دیموکراتیزەکردنی دەسەڵاتی ناوەندیدا دەور ئەگێڕێ. بەڵام بە پێچەوانەوە ئەم دوو بەرەکیە لە نێوان دوو دەسەڵاتی دواکەوتوودا، ئەبێتە ڕێگر لە بەرانبەری تەواوی ئەو هێزە مودێڕن و پێشکەوتووخوازانەدا کە ئامانجی ڕاستەقینەیان دیموکراتیزەکردن و دابەش کردنی دەسەڵاتە کاتێك هێزی دواکەوتوو و

پاشقەرۆخوازی خێڵ ببێتە هێزێکی سیاسی و بە شێوەیێکی تاکتیکی هوتاقی دیموکراسی و ماف پەروەری بەرز بکاتەوە و بانگەشەی پێشکەوتن بکات، چ جێگاییێك بۆ ئەو هێزە رۆشنبیری و فیکریە ئەمێنێتەوە کە ئەیهەوێ لە رێگای فیکر و ئەندیشەوە بیری گشتی رۆشن بکاتەوە (رۆشنگەری) و بەو شێوەیە هەستی ماف خوازی و ئازادیخوازی لە دەروونیاندا بچێنێ. عەشیرەیێك کە خاوەنی سەرۆك و هێزی شەبرکەرە بێ گومان بەسانایی و ساکاری ئەتوانێ مەیدانی سیاسەت و خەباتی سیاسی پاوان بکات و ئەمەش لە حاڵەتێکدا مەترسیدارتر ئەبێتەوە کە ئەو خێڵە هەوڵ بدات چەمك و واتاکانیش پاوان بکات و وەکوو ئایدۆلۆژیاییێك لە پێناوی ئامانجەکانیدا بەکاری بهێنێ. دەسکاری کردن و پاوان کردنی چەمك و واتاکان لە درێژەی هەمان پرۆسەی بە خێڵ کردنی زماندایە کە پێشتر ئاماژەی پێکرا. خێڵ بەم چەشنە رەوایی و شەرعیەتی بەرەنگار بوونەوە و چالاکی سیاسی تەنیا بۆ خۆی و بۆ حیزبەکەی خۆی لەبەر چاو ئەگرێ و بە شێوەیێکی خۆویست ئەبێتە رێگری تەواوی ئەو بیرو هزرە نوێخوازانە کە بە گوتارێکی جیاواز رووبەرووی دەسەڵات ئەبنەوە. لە بارودۆخێکی ئاوەهادا، هەوڵ و چالاکی رۆشنگەرانە ئەکەوێتە ژێر سێبەری سامناکی هێزی خێڵ و گوتاری خۆسەپێنەری ئەو چەشنە دەسەڵاتەکە دەسکردو دەستەمۆی خێڵن و بە پێی دەسەڵاتێکی ئەلیگارشی سوننەتی و ئیستبدادی تاکەکەسی بەرێوە ئەچن و رەوایی خۆیان لە بەستێنە سوننەتی و ئەرزشیەکان وەرئەگرن.

سەرچاوەکان

١) ساروخانی،باقر"جامعهشناسی خانوادە،انتشارات سروش،١٣٧٩.
٢) دیویر،کلود"درامدی بر انسانشناسی،ترجمهی ناسر فکوهی،نشر نی،١٣٧٩.
٣) فرانزوی،استفن ال"روانشناسی اجتماعی،ترجمهی مهرداد فیروزبختو منسور قنادان،نشر فرهنگ رسا،١٣٨١.
٤) توسلی،غلامعباس"تئوریهای جامعهشناسی،انتشارات سمت،١٣٧٠.
٥) روشه،گی"تغییرات اجتماعی،ترجمهی منسور وسوقی،نشر نی،١٣٧٧.
٦) ایمان،محمدتقی"تنگناهای روششناختی،اتلاعات سیاسی_ اقتسادی،شمارهی١٤٧-١٣٧٨،١٤٨.
٧) بیکر،ترزال"نحوهی انجام تحقیقات اجتماعی،ترجمهی هوشنگ نایبی،انتشارات روش،١٣٨١.
٨) کالتون،س.ك.موزراج"روش تحقیق در علوم اجتماعی،ترجمهی کازم ایزدی،انتشارات کیهان،١٣٧٤.
٩) محمودی،مهران"تبارشناسی ایل و عشیرە، تحقیق کتابخانهای،دانشگاه ازاد زنجان،١٣٨٠.
١٠)بینەندە،مەسعود"میتۆلۆژی، حەوتەنامەی سیروان(ژمارەی ٢٣٥تا٢٣٩)،١٣٨٢.

References

1) Cohen,D.,vandello,J.A,& Rantilla,A.K.(1998). The sacred and the social.cultures of honor and violence.INP.Gilbert & B.Andrews(Eds.),shame:Interpersonal behavior,Psychpathology and culture(PP.261-282).oxford:oxsford University Press.

2) Lawson,Tony & Garrod,joan.(2001).Dictionary of sociology.published in the United states of America by fitzor Dearborn publishes,Chicago,USA.

3)http:www.genhompage.com

4)http:www.genealogy.org/~ngs

# سیمیۆلۆژیاو زمان

## لێکۆڵینەوەیەکی سیمیۆ ئەنترۆپۆلۆژییە

نووسینی: ڕێبین ڕەسوڵ ئیسماعیل

زمان بریتییە لە سیستەمێك ئاماژەو هێماو دالی ڕێکخراو، هەر ئاماژەو دالێکیش خاوەنی مانای دیاریکراوی تایبەتی خۆیەتی‌و لەسایەی نەسەقی دامەزراوی زمانەوە مانابەخشن‌و شێوازێکە لەشێوازەکانی دەربڕین‌و گەیاندن‌و تێگەیشتن لەنێوان مرۆڤداو تایبەتمەندییەکی مرۆڤانەیە، لەبەرئەوەی زمان مۆرك‌و سیمای مرۆڤ دیاری دەکات، بۆیە بەبوونەوەرێکی زیندوو دادەنرێت، واتا زمان بوونەوەرێکی زیندووە بۆخۆی لەسایەی مرۆڤەوە لەدایك دەبێت‌و سیستەمێکی تایبەت بەخۆی دادەڕێژێت‌و بەپێی ئەم سیستەمەش ڕەفتارو هەڵسوکەوت دەکات‌و بەپرۆسەی گۆڕانی بەردەوامدا تێپەڕدەبێت. مادام زمان بوونەوەرێکی زیندووەو گەشە دەکات، ئەوە دیارە دووچاری لەناوچون‌و مردنیش دێت. ئەوە پێناسەیەکی سادەی زمان بوو، بەڵام ئەگەر لەڕوانگەیەکی فەلسەفی قووڵەوە بڕوانینە زمان‌و بەدوای پێناسەیەکی پڕ چەمك‌و مانادا بگەڕێین، ئەوە دیارە زمان سیستەمێکی ئاماژەکاری هەموو سروشتێکی فیزیاییەو لەکرداری چالاکی مرۆڤایەتییانەدا فرمانی مەعریفی‌و بەردەوامبوون بەدی دێنێت. دەکرێت زمان دوو جۆر یان دوو شێوە بێت، زمانی سروشتی‌و زمانی دەسکرد(١)، زمانی سروشتی زمانی ڕۆژانەیە وەکو شێوازێك بۆ بەردەوامبوون لەنێوان خەڵك‌و شێوازێك بۆ دەربڕینی هزر بەکاردێت، زمانی دەسکردیش زمانێکە مرۆڤ بۆخۆی لەبەر هەندێك پێداویستی ژیاری تایبەت دروستیکردووەو دایهێناوە وەکو: زمانی ڕەمزی ماتماتیکی، زمانی تیۆرە فیزیاییەکان، سیستەمە جیاجیاکانی ئاماژەو ڕێنماییکردن..تاد. زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە لەسایەی گەشەسەندنی بەرهەمی کۆمەڵایەتییەوە دێتەبوون‌و بەلایەنێکی دانەبڕاو لەلایەنی کۆمەڵایەتی دادەنرێت. لەلایەنی فسیۆلۆژییەوە زمان وەکو سیستەمی دووەمی ئاماژە کاردەکات(٢).

زمان شێوەیەکە لەشێوەکانی بوونی هزرو شێوەیەکە بۆ دەربڕینی هزر، لەهەمان کاتیشدا ڕۆڵێکی کاریگەر لەپێکهێنانی وشیاری کۆمەڵایەتی دەگێڕێت، لەبەرئەوەی وشیاری لەنێو زماندا خۆی دەردەخات، ئەگینا لەدەرەوەی زمان‌و سیستماتیکی زمانەوە ئەستەمە بوونی بەرچاوو دیاری هەبێت، بۆیە هێمای زمانەوانی وەکو زاراوەیەك دەلالەت لەدالێك دەکات بەپێی سروشتی ماددی‌و کۆمەڵایەتییەوە خۆی دەردەخات. بۆئەوەی زمان بێتە بوون لەیەك کاتدا پێویستی بەکۆمەڵێك توخم هەیەو دەبێت ئەم توخمانە بوونیان هەبێت تاوەکو سەرجەمی ئەم توخمانە بەیەکەوە زمان پێکبێنن، ئەم توخمانەش لەنێو گیانداراندا تایبەتمەندی مرۆڤایەتین، واتا مەسەلەیەکە پەیوەستە بەمرۆڤو گیاندارانی تر لێی بێبەشن، یەکەمیان عەقڵ یا هزرە کە

شتەکان پۆلین دەکاتو هزر بەرهەمدێنێتو پێوەندی نێوان شتەکان دیاری دەکاتو دواتریش ڕەمزی فۆنەتیکی دەخاتە سەر خودی شتەکان. دووەمیان بوونی ئامرازی قسەکردنە لەنێو جەستەی مرۆڤدا کە لە ئامرازی هەناسەدانو دەمو مێشکو زمان پێکدێت، لێرەدا لەگەڵ ئەوەی گیاندارانیش زۆربەیان ئەم ئامرازەیان هەیە، بەڵام لەسەر شێوەی ئامرازی مرۆڤدا نییەو بەقەبارەو بارستایی ئەو نییە. سێیەم ژیانو گوزەرانکردنە لەنێو کۆمەڵگایەکی مرۆڤایەتییانەدا، چونکە مرۆڤ لەکاتی منداڵیدا لەنێو خێزانی خۆیدا بەبۆماوە فێری زمان دەبێت، خۆ ئەگەر بەتەنیاو دوورە پەرێز ژیا ئەوە فێری قسەکردنو زمان نابێت، بەڵکو بۆ خۆی بەتەنیا هەندێك دەنگ دەردەبڕێت.

زمان خاوەنی سیستەمێکی دیاریکراوی ناوەکی داڕێژراوە، بۆیە هەر ئاماژەو هێمایەك یا وشەیەکی زمانەوانی لەدەرەوەی سیاقو سەمتی سیستماتیکی خۆیدا بەدی بکرێت، ئەستەمە بتوانێت مانای مەبەستی دیاریکراو ببەخشێت. هەر زمانێك جگە لەسیستەمو بونیادی ناوەوەی خۆی، بەگشتی دەگەڕێتەوە سەر یەك زمانی ڕابردووی کۆنو لەسیمای بنەڕەتیدا لەیەکتریەوە نزیکن، لەهەمان کاتیشدا جیاوازە لەگەڵ خودی ئەو زمانانەی ئەندامن لەخێزانی زمانیدا، بۆیە خێزانە زمانییەکان(٣) بەپێی جوگرافیای زمانی دابەش دەکرێن، جوگرافیای زمانی کارو فرمانی ئەوەیە دەستنیشانی شوێنی جوگرافی زمانەکان بکاتو خێزانە زمانییەکانیش بەتایبەتیو دەستنیشانکردنی شێوە زارەکانی نێو زمانەکانو کارلێککردنیان لەگەڵ یەکتریەوە، لەبەرئەوەی دیارە زمان لەپرۆسەیەکی بەردەوامی پێشڤەچوونو گەشەکردندایە، تاڕادەیەکی زۆر ئەم گەشەکردنە پەیوەستە بەخوازەی زمانی. خوازەی زمانی واتا وەرگرتنی هەندێك سیماو وشەو پێکهاتەو مانای ڕێزمانی بەشێوەیەك لەنێو زمانی بنەڕەتیدا بوونیان نییە، خوازەی زمانی مەسەلەیەکە پەیوەستە بەسەرجەم زمانەکانی سەر ڕووی زەوی بەتایبەتیش لەمێژووی کۆندا نزیکی ناوچەی جوگرافی ڕۆڵی دیاری هەبووە، ئێستاش پێشکەوتنی شێوازەکانی گەیاندنو پێوەندیو پەخشو بڵاوکردنەوەی میدیاکان ئەو سنوورە جوگرافیانەیان بەلاوەناوە، ئەم پرۆسەیەی پێشکەوتنی بەردەوامی شارستانییەتو ژیار گۆڕانە زمانەوانیو خوازە زمانییەکان دەکات بەپێداویستییەکی مێژوویی، لەبەرئەوەی لەسایەی جیهانگەراییدا مرۆڤ بەردەوام پێویستی بەوە هەیە زاراوەو وشەو مانای نوێ وەربگرێتو ئاوێتەی زمانی بنەڕەتی خۆی بکات.

## زمانو مانا

گرنگترینو کاریگەرترین فرمانی زمان لەنێو کۆمەڵگا مرۆڤایەتییەکان بریتییە لەساناکردنی کرداری پێوەندیو لەیەکگەیشتن لەنێوان تاكو کۆمەڵگا، گرنگترین توخمیش لەکرداری پێوندیکردندا بریتییە لەو مانایە کۆمەڵایەتییانەی ڕستەو گوتەکان لەنێو کرداری ئاخافتندا لەکاتی کارلێکردنی کۆمەڵایەتی ئەنجامی دەدەن، چونکە ئەو مانایانەی گوتەکان هەڵیدەگرن بریتییە لەوێنەو هەڵوێستی زەینیو سایکۆلۆژی دیاریکراو کە تاکەکانی کۆمەڵگا ئیدراکی پێدەکەن، لەبەر حوکمی ڕوونو دیاری ماناکانیش لەنێو زەینو پەیوەستبوونیان بەهەڵوێستو ڕەوتی تاکەکان لەلایەنی بەهاو سایکۆلۆژیا کاردانەوەی هاوشانو هاومانای نزیك لەیەکتری دەوروژێنن، ئەو گوتەیەی هەلگری مانای پیاهەڵدانە کاتێك ئاراستەی کۆمەڵە کەسێك دەکرێت

لەناخەوە ئەنگێزەی هەستێك بەشانازیو لەخۆڕازیبون دەكات، بەپێچەوانەشەوە ڕەخنەو سەرزەنشتكردن لەنێو دەروونی تاكدا هەستی ڕقو كینەو توڕەبوون ئەنگێزە دەكات.

بەم پێیەش یەكێتیو تەبایيو كۆكي ماناكان لەنێو زمانی هەر كۆمەڵگایەكدا بریتییە لەئەنجامی پەروەردەكردنو پێگەیاندنی كۆمەڵایەتی كە هاوشانو گونجاوە لەبەرئەوەی دەچێتە ژێر باری پێوەرە كۆمەڵایەتییەكان، ئەو پێوەرانەی خێزان وەكو بەهای كۆمەڵایەتی لەنێو دەروونی منداڵو نەوەكانیدا دەیچێنێت، ئەو شێوازە ڕێكو گونجاوە لەچەسپاندنی وشەو ماناكانیان لەنێو زەینو وشیاری منداڵ لەسەر شێوەی قاڵبی فۆنەتیكیو یەك مانایی دەبێتە هۆی ئەوەی زمان ببێتە شتێكی هاوبەش لەنێوان تاكەكانو ببێتە فاكتەرێكی كۆمەڵایەتیو شارستانی كەپاڵپشتی لەیەكێتی مەعنەویو مانایی كۆمەڵگا دەكاتو ڕۆڵی ڕێكخستنی پێوەندییە كۆمەڵایەتییەكان دەبینێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەم هاوشانیو هاوتەباییەی نێو ماناكان، هاوشانی ڕاستییەكی ترە، ئەویش ئەوەیە زمان لەنێو واقیعی ژیانی كۆمەڵایەتیدا بەتەنیا قاڵبی زەینیو هزریو فۆنەتیكیو ئەبستراكتكراو نییە، بەڵكو تۆڕێكی ئاڵۆزە لەكاریگەری هاوبەش دەبێتە هۆی ئەوەی لەژیانی ڕۆژانەدا خەڵك ڕێكبخات، لەبەرئەوەی ئەو تاكەی لەگەڵ تاكێكی تر كاردەكات لەسایەی كارلێكردنەوە پێوەندییە كۆمەڵایەتییەكان وەكو پرۆسەیەكی سروشتی بەڕێگای خۆیدا دەڕوات،چونكە مرۆڤ لەكاتی ئاخافتنو مامەڵەكردندا ناچارە ئەو وشەو زاراوەو دەستەواژانە بەكاربێنێت كەلایەقی كەسی بەرانبەریەتی تاكو لەسایەی ئەو زمانەوە مامەڵەی لەگەڵدا بكاتو لەهەمان كاتیش شوێنو پێگای كۆمەڵایەتی هەردووكیان لەنێو كۆمەڵگا دیاری دەكات.

دیارە ئەو گوتەو ڕستەیەی ئاماژە بەئاراستەكردنو ڕێنماییكردن دەكەن، بەردەوام لەوكەسانەوە دەردەچێت كەلەلایەنی تەمەنییەوە گەورەنو بەردەوامیش ئاراستەی ئەو كەسانە دەكرێت كە لەم لایەنەوە تەمەنیان لەوان بچوكترە، ئەوەش پرۆسەیەكی بەردەوامەو لەڕستەو گوتەی باوكو مامۆستایاندا ڕەنگدەداتەوە، چونكە زمان پرۆسەیەكی هەمەلایەنەی كۆمەڵایەتی زۆر فراوانە، بۆیە تایبەتمەندی كاتیو شوێنیش لەخۆیەوە دەگرێت، كەواتە كۆمەڵگا زۆر گوتەو ڕستە لەشوێنو كاتی دیاریكراودا بەكاردێنێت، بەوەش ئەم گوتانە تایبەتمەندی تایبەتیو شوێنكاتی لەخۆیانەوە دەگرن، ئەوەتا گوتەی تایبەت بەئاهەنگەكانی شادی و خۆشیو پرسەو ناخۆشی هەیەو بەهیچ شێوەیەكیش قبوڵناكرێت ئەم گوتانە ئاڵوگۆڕیان پێبكرێت، چونكە دەبنە هۆی لەدەستدانی مانای گوتاری ئاراستەكراو، یا وەكو دژە ڕەوتی كۆمەڵایەتی باو خۆیان دەردەخەنو نمایش دەكەن، بۆیە مرۆڤ لەگەڵ پرۆسەی پەروەردەبوونو گەشەكردندا ڕاستەوخۆ ئەو گوتەو ڕستانەش وەردەگرێت.

زمان بەردەوام لەلایەنی ماناوە دوولایەنەیە، واتا لەناوەڕۆكدا گوتەو ڕستەكان بەردەوام لەپاڵ مانای دیارو ئاشكرایاندا مانای نادیارو نائاشكراش لەخۆیانەوە دەگرنو ناڕاستەوخۆ ئاماژە بۆ مەسەلەی تر دەكەن، ئەوەش بەوردی لەپەندو قسەی نەستەق دەردەكەوێت، پەند باس لەبابەتێكی دیاریكراو دەكات زۆرجار هیچ پێوەندی بەو بابەتەوە نییە كە قسەی لەسەر دەكرێت، بەڵام پەند لەناوەوەی خۆیدا جۆرە بەگشتیكردنێك لەخۆیەوە دەگرێتو دەبێتە ئاماژە بۆ مانای نادیار، بەشێوەیەك لەسەر زۆر حاڵەتی تری هاوشێوە پراكتیك دەكرێت، جگە لەوەی زمانی ئەدەبی لەنێو پرۆسەی نووسینی ئەدەبو هزردا بەڕوونی ئەم بابەتە دەردەخاتو ئاشكرا

دەکات، ئەوەبوو لەم لایەنەوە چەندین تیۆرو ستراتیژییەتو میتۆدی ئەدەبیو هزری بەردەوام تا ئێستا لەسەرهەڵداندان تاوەکو بتوانن مانای نادیاری نێو دەق ئاشکرا بکەن.
زمان لەپاڵ ئەم دوولایەنییەی مانا، کلیلی تێگەیشتنی واقیعی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگاشە، چونکە لەتەك کێشە کۆمەڵایەتییەکانو کردارەکانی کارلێکردنی کۆمەڵایەتیدا ڕۆڵێکی بەرچاوو مەزن لەلێراهاتنو گونجاندنی هزرمان دەگێڕێت. مرۆڤ تەنیا لەنێو جیهانی بابەتیدا گوزەران ناکات، واتە جیهانێکی ئەبستراکتکراو نییە تەنیا کردارو کاری کۆمەڵایەتییانە ئەنجام بدات، بەڵکو لەو کاتەی ئەم کارانەش ئەنجام دەدات، ئەوە لەهەمان کاتیشدا دەچێتە ژێر باری کاریگەری هزریو هەڵچوونی زمانی کە ئامرازی دەربڕینی کێشەو گیروگرفتو قەیرانە کۆمەڵایەتییەکانە. مرۆڤ ناتوانێت لەگەڵ واقیعی کۆمەڵایەتی خۆیدا بەشێوەیەکی جەوهەری بگونجێت ئەگەر پەنا نەباتە بەر زمانی وتووێژو دیالۆگ، دیارە زمانیش ئامرازی چارەسەرکردنی کێشەو قەیرانەکانە، بەڵام لەمڕووەوە هەر زمانێك سیمای دیاریکراوو جیاوازی تایبەت بەخۆی هەیە، بەشێوەیەك ئەستەمە بتوانین دوو زمانی سەربەخۆ بدۆزینەوە لەم سیما تایبەتییانەدا هاوبەش بن، لەبەرئەوەی زمان پەیوەستە بەواقیعی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا، ئەم سیمایانەش دەربڕی ئەم واقیعەن، بۆیە تاوەکو زمان بتوانێت واقیعی کۆمەڵایەتی دەربڕێت دەبێت خاوەنی مۆرکی تایبەتی خۆی بێت(٤)، کەواتە ئەستەمە بتوانین لەسیماو مۆرکی زمانێك بگەین ئەگەر لەسیماو مۆرکی ئەو کۆمەڵگایە نەگەین کە خاوەنییەتی.

### زمان .. لەگووتراوەوە بۆ نووسراو

هەموومان زۆر چاك دەزانین وشەی دەربڕاوی دەمی مرۆڤ چۆن دەگۆڕێتو دەکرێتە وشەی نووسراو، ئەوەش دەزانین چۆن وشەی نووسراو دەخوێندرێتەوەو دەکرێتەوە سەرزارەکی، بەشێوەیەك واهەست دەکەین نووسین شێوەیەکە لەشێوەکانی زمان، لەگەڵ ئەوەی مەسەلەکە ئاوا سانا نییەو ناکرێت بەم شێوەیەش تێی بڕواندرێت، چونکە نووسین وەکو ڕێکۆردەرێك وایە، شێوازێکی دەرەکییە مرۆڤ بۆ ئەوە دایهێناوە تاوەکو لەسایەیەوە بەردەوام ئاخافتنو قسەی سەرزارەکی بپارێزێتو تۆماریان بکات. ئاخافتن جۆرێکی زۆر تایبەتی زمانە، ڕەفتارو ئەدگارێکی زۆر تایبەتە، ئەدگارێکی دەربڕینکارییە، کەچی نووسین وانییە، کردارێکی فرەجۆرەو لەسایەی دەستەکانمانەوە ئەنجامی دەدەین، بەڵام هەر کاتێك فێری ڕێسای ئەم وازییە بووین، سانایە لەوەبگەین چۆن شتی دەربڕاوی سەرزارەکی لەسایەی دەستەکانمانەوەو بە بەکارهێنانی هەندێك کەلوپەلی تری پێویست دەگوازرێتەوەو دەبێتە نووسراو، ئەوەش ڕاستەوخۆ گۆڕینێکی مەجازیانەی کرداری ئاخافتنو دەربڕینە.
جان جاك ڕۆسۆ لەکتێبی (هەوڵێك لەبارەی بنەچەی زمانەکان)دا(٥)، بەئاشکرا بانگەشەی ئەوە دەکات گوایە گوتەی سەرزارەکی شێوەی بنەڕەتیو ڕاستەقینەو گونجاوترە لەگەڵ حاڵەتی سروشتی زمان، لەم ڕوانگەیەوە گەیشتە ئەو باوەڕەی نووسین جێگای دڵنیایی نییە، بەپێچەوانەوە گومانو دڵەڕاوکێ دەوروژێنێت، بگرە لەو باوەڕەشدابوو دەربڕین لاوازتر دەکات، ئەم بۆچوونەی ڕۆسۆ ئەوکات بایەخی زۆریان پێدرا، چونکە ڕاستەوخۆ پەیوەستی سروشتی

مرۆڤایەتی بوو، ئەوەبوو دواتر زمانزانانی تر بەتایبەتیش لەم سەدەیەدا زۆر بەوردی ڕاوبۆچوونەکانی ڕۆسۆیان لێکدایەوەو ڕاڤەکرد.
تەنانەت جاك دریدا لەسایەی ستراتیژییەتی هەڵوەشاندنەوەکەی خۆیدا گەیشتە ئەو باوەڕەی ڕۆسۆ لەزۆر شوێندا دژکارو ناکۆکە لەگەڵ قسەو ڕاوبۆچوونەکانی خۆیدا، دریدا دژکارییەکی ڕاستەقینەی لەنێو گوتارەکانی ڕۆسۆ دۆزییەوە، دژکارییەك کە قسەکانی ڕۆسۆ پووچەڵدەکاتەوە، مەبەستمان لەقسەکانی پێشینەیی دەنگو ئاخافتنی سەرزارەکی نییە، نەخێر ئەوە شتێکی ڕوونو بەڵگەنەویستە، مەبەستمان ورووژاندنی ئەو هەموو گومانەیە لەئاست نووسین.
سۆسێر لەکتێبی (زمانزانی گشتی)(٦) جەخت لەسەر سێنترالیزمی وشەی دەربڕاو دەکات، ئەوەبوو کاتێك دریدا ئەم بۆچوونەی سۆسێری لێکدایەوە، گەیشتە ئەو بڕوایەی سۆسێر مەبەستی ئەوەبووە نووسین بخاتە پەراوێزی بوونو ئامادەگی تاکو ئاخافتنو وشەی سەرزارەکی ببێتە سێنتەری بوونو چەقی ئامادەگی، چونکە سۆسێر پێی وابووە مەبەست لەشیکاری زمان شیکارکردنی شێوەی نووسراو نییە، بەڵکو مەبەستی وشەی دەربڕاوە، لێرەدا نووسین شێوازێکی لاوەکییە بۆ پیشاندانی ئاخافتنو نمایشکردنی، شێوازێکی تەکنیکیو یارمەتیدەرێکی دەرەکییە، بۆیە پێویست بەشیکارکردنو لێکدانەوە ناکات. ئەم بیرۆکەیەی سۆسێر ڕەگوڕیشەی قووڵی لەنێو فەلسەفەی ئەورووپی داکوتاوە، چونکە ئاخافتن وەکو شێوازێکی سروشتی ڕاستەوخۆی پێوەندی سەیرکراوە، کەچی نووسین شێوازێکی داهێنراوەو لەنێو سروشتی مرۆڤایەتیدا نییە.
لەکاتی ئاخافتن قسەکەرو گوێگر هەردووکیان ئامادەنو بوونیان هەیە، کەچی لەکاتی نووسیندا، ئەوە نووسین بەبێ ئامادەگی خاوەنەکەی فرمانی خۆی ئەنجامدەدات. ئەفلاتون لەدیالۆگی (فیدرۆس)دا ڕەخنە لەنووسین دەگرێت گوایە شێوازێکی مالیکراوی پێوەندییەو ڕێگا بەلێکدانەوەی فرەو هەڵە دەدات، چونکە قسەکەر بۆخۆی لەوێدا نییە تاوەکو بۆچوونە هەڵەکان ڕاستبکاتەوە، نیچەش کاتێك باس لەسوقرات دەکات پێی دەڵێت:" سوقرات، ئەو پیاوەی کەنانووسێت"(٧).
لێکۆڵەران لەنێو لێکۆڵینەوەکانی خۆیاندا لەزۆر ناوچەی جیاوازی ئەم جیهانەدا چەندین زمانیان دۆزییەوە بەهیچ شێوەیەك ئامرازی نووسینیان نییەو نانووسرێنەوەو بەتەنیا زمانی ئاخافتنو سەرزارەکینو تۆمارنەکراونو ناکرێن، لەبەرئەوەی ئەو کۆمەڵگایانە پەیڕەو لەشێوازی نووسین ناکەن، بەڵام دەبێت دان بەوەش دابنێین کە لەڕوانگەی ئەنترۆپۆلۆژیاوە زمان نووسراو بێت یا سەرزارەکی ئەوە بەهیچ شێوەیەك لەبایەخو بەهای ئەو زمانە کەم نابێتەوە، بۆیە ئەنترۆپۆلۆژستەکان بەشێوەیەکی سەرەکی وەکو بیریارو فەلسەفەکاران بایەخ بەمەسەلەی نووسینەوەو تۆمارکردنی زمان نادەن، کەواتە نووسین توخمێکی شارستانیو جیاکەرەوەیە لەزمانو خاوەنی بنەچەو مێژووی تایبەتو جیاوازی خۆیەتی وەکو نووسین، لەبەرئەوەی مێژووی زمان جیاوازەو مێژووی تۆمارکردنو نووسینیش جیاوازە.
لێرەوە دەگەینە ئەو بڕوایەی نووسین لەئاست زمانی دەربڕینو ئاخافتن ئامرازو شێوازێکی نوێیە، لێکۆڵەرە ئەرکیۆلۆژستەکان لەوباوەڕەدان مێژووی سەرهەڵدانی زمانی سەرزارەکی مرۆڤ نزیکەی یەك ملیۆن ساڵ دەبێت، واتا سەرەتاکانی سەرهەڵدانی شارستانییەتی مرۆڤو

جیابوونەوەی لەژیانی سروشتی، کەچی نووسین تەنیا بەپێی ئەم توێژینەوانە لەسەرەتای سەردەمی برۆنزیو لەلای ژمارەیەکی کەمی شارستانییەتو کۆمەڵگاکاندا هاتۆتە بوون(٨). تەنانەت لەنێو ئەم کۆمەڵگایانەشدا بۆ چەندین سەدەو هەزاران ساڵ تەنیا پەیوەستبووە بەچەند کەسانێکی کەم، ڕەنگە زۆرکات لەژمارەی پەنجەکانی دەست تێپەڕیان نەکردبێتو زۆرینەی کۆمەڵگا لەم هونەرە بێبەش بووە، بۆیە هونەری تۆمارکردنو نووسین تاسەردەمی سەرهەڵدانی چاپ بەشێوەیەکی وابڵاونەبۆوە.

سیمیۆلۆیا

زمان بۆ خۆی بریتییە لەسیستەمێك لەئاماژەو هێمای ڕێکخراو کە وا گوزارشت لەهزرو بیرو بۆچوونەکانی مرۆڤ دەکات، چونکە لەڕوانگەی سیمیۆلۆژییەوە هەموو سیستەمێکی ئاماژەیی زمانێکی تایبەتو دیاریکراوە، بۆیە لای ئێمە سیستەمی زمانی ئەلف بای کەڕو لاڵەکانو ئاماژەو هێمای سەربازیو سیستەمی زمانی هاتووچۆ، هەموو ئەوانە زمانی تایبەتنو بەشێوەیەکی سیمیۆلۆژییانە کار دەکەن. ئێمە دەزانین سۆسێر یەکەم کەس بووە کە ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە دەشێت زانستێك بێتە بوون تایبەت بێت بەلێکۆڵینەوە لەژیانی ئاماژەو هێماکان لەنێو کۆمەڵگادا، لای ئەویش دەکرێت ئەو زانستە بەشێك بێت لەدەروونناسی گشتیو خۆیشی ناوی ناوە سیمیۆلۆژیا Semiology ـ ئاماژەناسیو بەئەسڵ لەوشەی Semeion ئاماژەی گریکی وەرگیراوە. ئەو زانستەی سیمیۆلۆژیا لەبنەماو ماهییەتی ئەو پرنسیبانە دەکۆڵێتەوە کە کار لەئاماژە دەکەنو ئاراستەی دەکەن، بۆیە لای سۆسێر خودی زمانزانی بەشێکە لەئاماژەناسیو هەموو ئەو بنەمایانەی ئاماژەناسی دەیاندۆزێتەوەو پێڕەویان دەکات، بەسەر خودی زمانزانیشدا پێڕەو دەکرێن(٩). لەم ڕوانگەیەوە دیارە چەندە گرنگە زمانزانان لێکۆڵینەوە لەسیستەمەکانی ئاماژە بکەن، چونکە ئەگەر ئێمە بمانەوێت بەڕاستی لەسروشتی زمان تێبگەین، ئەوە بێگومان دەبێت سەرەتا لەپێوەندی زمان لەگەڵ سیستەمەکانی تری ئاماژە تێبگەین.

ئاماژە خۆی دەبێتە دوو بەش، دالو مەدلول، دال وێنەو ئاماژەیە، مەدلول مانا ناوەکییەکانی ئەو وێنەو ئاماژە بەرچاوەیە کە بەدی دەکەین. لەگەڵ ئەوەشدا دابەشبوونی دالو مەدلول دابەشبوونێکی هەڕەمەکییە لەنێو زمانداو کەمتر کردەیەکی نەخشە بۆ کێشراوە. مەبەستمان لەهەڕەمەکی ئەوەنییە کە کەسێك ئازادی تەواوی هەیە لەوەی دالو مەدلول بەشتەکان ببەخشێت، بەڵکو مەبەستمان ئەوەیە کە پەیوەست نییە بەهیچ پاڵنەرێك، واتا بۆیە هەڕەمەکییە، چونکە هیچ جۆرە پێوەندییەکی سروشتی بەمەدلولەکەیەوە نییە.

نووسینی رەمزی ـ لۆگۆگرافیك ـ سیمیۆلۆژیا

ئەستەمە مرۆڤ بگاتە زانینو دەستنیشانکردنی ئەو چرکە مێژووییەی تێیدا وێنەی نووسراوو وێنەی ئاماژەبەخش گۆڕاوە بەنووسینی ڕاستەقینە، بەڵام وەکو لەتوێژینەوە ئەرکیۆلۆژییەکاندا دەرکەوتووە کەشێوەی نووسینە کۆنەکانی لەبابەتی نووسینی وێنەییو سیمیۆلۆژی بەپێی پرۆسەیەکی مێژوویی قووڵو درێژ گۆڕاون، ئەو گۆڕانەش بۆتە هۆی سەرهەڵدانی نووسینی رەمزی ـ لۆگۆگرافیك، یا ئەوەی ناوی دەنێین نووسینی ئاماژەبەخش، واتا دەشێت نووسینی

ڕەمزی قۆناغێکی مێژوویی بێت بکەوێتە نێوان هەردوو قۆناغی نووسینی وێنەیی و نووسینی ڕەمزی، ڕەمز ـ وێنەی ڕەمزی قسەیە لەچەند وێنەیەک و ئاماژەیەک پێکدێت بەمەبەستی ئەوەی شتێک دەربڕێت، لێرەدا ڕەمز دەبێتە ئاماژەی ئەو شتەی هێمای بۆدەکات، لەبری ئەوەی وێنەی خودی شتەکە بێت، چیرۆکی وێنەیی نابێتە چیرۆکێکی ڕاستەقینە تەنیا ئەوکاتە نەبێت کە تێیدا وێنەکان واز لەوەدێنن یادەوەری ڕووداوێک بهێننەوە خەیاڵی بینەر، بەڵکو بەرەو ئەپستراکتبوون دەچێت و دەبێتە ڕەمزی ئەو بابەتەی دەری دەبڕێت، لەنێو توێژینەوە ئەرکیۆلۆژی و سیمیۆلۆژی و ئەنترۆپۆلۆژییەکاندا ئەوەمان بۆ دەرکەوتووە کە هیندییە کۆنەکانی ئەمریکا بەردەوام وێنەی(^)یان وەکوخیوەت و ماڵ و خانووو ڕەشماڵ یا هەر بیرۆکەیەکی تری هاوشان بەکارهێناوە، دەکرێت ئەم وێنەیە لەسایەی وشەو ئاخافتنیشدا دەربڕدرێت، لەگەڵ ئەوەشدا هەر نووسینێکی وێنەییە، بەڵام ئەگەر دواتر هاتن هێمای(^)یان وەکو ڕەمزێکی ئەپستراکت بەکارهێنا تەنیاو تەنیا مانای خانووی دەبەخشی، ئەوە دیارە هەنگاوێکی گەورەیان هاویشتووە بۆ دەستەبەرکردنی نووسینێکی ڕاستەقینە، لەبەرئەوەی ئەو کاتەی وێنەیەک ئاماژە بەشتێکی دیاریکراو دەکات کە نمایشی دەکات، ئەوە دیارە ئەو کاتە ئەو شێوەیە پەیوەستی شێوە ڕێکخستنێکی زمانەوانییەو کاردانەوەی خوێنەرەکانیش بەشێوەیەک لەشێوەکانی زمانەوانی دەبێت و وا لێکدەدرێتەوە، ڕەنگە خودی وشەش سەرەتا هەر ئاوا هاتبێتە بوون، لەشێوەی ڕەمزو ئەپستراکتبوونی ئەم ڕەمزەدا، بەم شێوەیە ئەو نووسینەی لەشێوەی ڕەمز دەنووسرێتەوە بەنووسینی ڕەمزی ـ لۆگۆگرافیک ناوزەد دەکرێت.

هەر ڕەمزێک کە تەنیا ئاماژە بە یەک شتی دیاریکراوو تایبەتی دەدات بە ـ لۆگۆگرام ـ واتا هێمای نووسراو ناوزەد دەکرێت. زۆربەی زۆری ئەم شێوە نووسینە کۆنانەی میسری کۆن و نووسینی مایا بەم شێوەیە بوون، بگرە لەوەش زیاتر ئێستاش نووسینی چینی ئەم ڕەمزانەی لەخۆیەوە گرتووەو بەکاریان دێنێت لەنێو نووسیندا .ئەو وێنانەی ئەپستراکت دەکرێن و دەبن بەهێما دواتر بەشێوەیەکی کلاسیکی و تەقلیدیانە خۆیان دەردەخەن، کاتێک لەنێو نەخشەی زەینی کۆمەڵگادا جێگیر بوو، ئەوە بەردەوام نەوە لەدوای نەوە بەهەمان شێوەو بەهەمان مانا دووبارە دەنوسرێتەوە، کاتێکیش ئەم پرۆسەیەی ئەپستراکت بوونی ڕەمزەکان سەرهەڵدەدات، ئەوە دیارە هەندێک لەشێوەو وێنەکانیش لەگەڵ خۆیدا دەگۆڕێت، بەبێ ئەوەی ڕەچاوی ئەم وێنە ڕەسەنانە بکات کەلێیەوە وەرگیراون.

قورسی بەکارهێنانی ڕەمز لەوەدایە کەچۆن دەتوانین ئەو وشانەی پێ بنووسین کە ناتوانرێت بەسانایی ماناکەی دەربڕدرێت، بەڵام کۆمەڵگا بەراییەکان ئەم کێشەو گیروگرفتەیان هەر یەکە بەشێوەیەک چارەسەردەکرد، ئەوەبوو میسرییە کۆنەکان کاتێک هەوڵیاندا ڕەمزێک بدۆزنەوە تاکو دەلالەت لەژمارەی(١٠٠٠٠٠)سەد هەزار بکات، زۆر گەڕان و سوڕان تاوەکو لەبری ئەم ژمارەیە وێنەی بێچوە بۆقێکیان وەکو هێمای ژمارەی سەد هەزار کێشا، دیارە لەوەش مەبەستیان ئەوەبووە کە بێچوە بۆق ئەوەندە بەزۆری زاوزێ دەکەن و لەدایک دەبن، زۆری لەڕادەبەدەرو لەژمار نەهاتنی بێچوە بۆق بووە هۆی ئەوەی وێنەی بۆق ببێتە هێمای ئەم ژمارەیە، کەچی نووسینی چینی کۆن شێوەی تری گرتەبەر، بۆیە کاتێک گەرەکیان بوو ڕەمزی بەختەوەری بدۆزنەوە، هاتن وێنەی ئافرەت و منداڵیان بەیەکەوە بەستایەوە، واتا ئافرەتێک و منداڵێک،

لەوەش مەبەستیان ئەوە بوو ئەو کەسەی خاوەنی ئافرەتێك و منداڵێك بێت، ئەوە بێگومان دەبێت بەختەوەریش بێت لەژیانی خۆیدا، لێرەدا دەبێت ئەوەش بزانین خێزان ڕۆڵێکی گەورەو شوێنێکی پیرۆزیشی هەبووە لەنێو کۆمەڵگای چینیدا، بۆیە بەم شێوە ئەپستراکت کراوە بۆتە هێمای بەختەوەری.

توێژینەوە مەیدانییەکانی نێو کولتووره بەراییە هاوچەرخەکان ئەوەیان دەرخست هەندێك کولتوور لەکاتی ژماردندا ژمارەی لەپێنج گەورەتر نازانن، واتا لەلای ئەوانەدا ناوی ژمارەکان لەیەکەوە دەستپێدەکات تا دەگاتە پێنج، لەگەڵ ئەوەشدا زۆر لەم کولتوورانە دەتوانن تاوەکو چەند سەدێکیش بژمێرن، بەڵام وشەی سەربەخۆی تایبەت بەژمارەی سەد بۆ دەردەبڕین بەکارناهێنن، بۆنمونە دانیشتوانە ڕەسەنەکانی ئوسترالیا کاتێك دەیانەوێت بڵێن ژمارە پێنج، دەڵێن (دوو، دوو، یەك، باکولا، باکولا، نگوان). کاتێکیش دەڵێن(١٠)ئەوە ئاماژە بەپەنجەکانی هەردوودەست دەکەن، بۆ ژمارە(٢٠)یش هەموو پەنجەکانی دەست و پێ بەکاردێنن(١٠).

ئەنترۆپۆلۆژستەکان لەوباوەڕەدان بەکارهێنانی وشە بۆ دەلالەتکردن لەشتەکان لەپێش دانانی ڕەمز بووە بۆ هزری ئەپستراکت، واتا بەرلەژماردن و بیرکاری، بۆیە دەگەنە ئەو بڕوایەی داهێنانی ڕەمزێك بۆ دەلالەتکردن لەژمارەی (سفر) بالاترین و مەزنترین کرداری عەقڵییە کەمرۆڤی کۆن پێی گەیشتووەو دایهێناوە، چونکە (سفر) ئاماژەیە بەهیچ واتا نەبوونی شتێك، بێگومان مەزەندەکردنی (سفر) دەلالەت و بەڵگەیە لەسەر توانایەکی عەقڵی مەزن و شارەزاییەکی زۆریش لەکرداری بەڕەمزکردندا، توێژینەوە ئەرکۆلیۆژییە ئەنترۆپۆلۆژییەکان ئەوەیان ئاشکرا کرد کەداهێنانی ژمارە (سفر) لەسێ شوێن و سێ شارستانییەتی جیاوازو سەربەخۆدا بووە، دواتر لەم سێ شوێنەوە بەنێو جیهاندا بڵاوبۆتەوە، یەکەمیان لەلای بابلییەکان لەمیزۆپۆتامیا، دووەمیان لەلای مایاکان لەئەمریکا، سێیەمیان لەلای هیندۆسەکان لەوڵاتی هیند، دەبێت ڕەچاوی ئەوەش بکرێت کاتی سەرهەڵدانی ژمارە (سفر) ئەوکاتەبووە مرۆڤ شارستانییەتی بەکۆمەڵیان داهێناوەو پراکسیسی کشتوکاڵیان کردووەو شارستانییەتی جێگیریان هەبووە.

پێوەندی زمانی ـ پێوەندی سیمیۆلۆژی

ئێمە لەنێو سەرجەم تەوەرە ڕابردووەکانی ئەم توێژینەوەیەماندا بۆ زمان بەپێی میتۆدی ئەرکیۆلۆژی ـــ سیمیۆلۆژی کارمانکردو پشتمان بەو زانیاریانە بەست کە لەهەڵکۆڵینە ئەرکیۆلۆژییەکان دەستمان کەوتووەو لەلایەن سیمیۆلۆژستانەوە کاریان لەسەر کراوەو خراونەتە ژێر ڕۆشنایی، بەڵام لێرە بەدواوە پشت دەکەینە ئەرکیۆلۆژیای کۆن و بەشێوەیەکی تەواو سیمیۆلۆژی کار لەسەر زمان دەکەین، واتا زمان وەکومێژوو نا، بەڵکو وەکو ئێستای خۆی، وەکو شێوازێك بۆ سەرجەم پێوەندییە مرۆڤایەتییەکان، وەکو ڕەمزو کۆدو هێماو ئاماژە، بۆیە دێین کار لەسەر شێوازەکانی پێوەندی دەکەین، لەوباوەڕەداین پێوەندی بەردەوام دەبێتە دوو شێوازی سەرەکی، پێوەندی زمانی ـ پێوەندی ئاماژەیی ـ سیمیۆتیك، مەبەستمان لەپێوەندی زمانی پەنا بردنە بەر زمانی ئاخافتن و نووسینە بۆ لێکحاڵیبوون و تێگەیشت، کەچی مەبەستمان لەپێوەندی سیمیۆلۆژی پەنا بردنە بەر شێوازی ئاماژەو هێماکاری و زمانی چاووجەستەیە کەدوور

لەدەربڕینی زمانی کاردەکەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا مەبەستیان ڕاپەڕاندنی هەمان ئەو ئەرکانەیە کەزمانی ئاخافتو نووسین ئەنجامیان دەدات.

هەموو لەسەر ئەوە کۆکو تەباین کە ئێمە ئافرێدەکراوێکین دەتوانین جگە لەشێوازی پێوەندی زمانی، پراکسیسی شێوازی تریش بکەین بۆ پێوەندیکردن، وەکو شێوازی سیمیۆلۆژی کەبریتییە لەئاماژەو هێماو سیمای دەمو چاوو جوڵەی جەستە، ئەوە لەپاڵ هەموو سیستەمەکانی تری ئاماژەییدا، سیستەمی وەکو ڕێنماییو یاساکانی هاتوو چۆ کە سیستەمێکی تەواو سیمیۆلۆژییە، ئەوەش لەبەر ئەوەیە کەئێمە وەکو بوونەوەرێك خاوەنی کۆمەڵێك هەستی جیاوازین، لەسایەی ئەم هەستە جیاوازانەوە دەتوانین ببیستینو ببینینو بۆن بکەین، ئەم فرە هەستییە وامان لێدەکات کۆدو ئاماژە ئاراستەکراوەکان وەرگرین ئەگەر کۆدی زمانیش نەبن، واتا ئەگەر بریتی بوون لەئاماژەو هێمای جەستەیی یا ئاماژەی سروشتی، کەواتە جگە لەپێوەندی زمانی لەسایەی هەستەکانمانەوە توانای پێوەندی ئاماژەییشمان هەیە، لەبەرئەوەی مرۆڤ زۆرجار کاتێك ئامرازی ئاخافتن لەدەست دەدات پەنادەباتە بەرئامرازی ئاماژەی جەستەیی. ئێمە لەگەڵ مرۆڤەکانی نێو سنووری جوگرافی ونەتنی خۆماندا دەتوانین لەسایەی زمانەوە ئاخافتن بکەین، بەڵام لەگەڵ خەڵکانی دەرەوەی ئەم سنوورەدا ناتوانین زمانی ئاخافتن بەکاربێنی، ئەگەر کەسمان زمانی یەکتر نەزانین، ئەوکات ئێمە ناچارین هانا ببەینە بەر سیستەمی ئاماژەییو هێمایی جەستە بۆئەوەی بتوانین لێیان حاڵیبین، مرۆڤ لەسایەی ئەزموونەوە دەتوانێت پەرە بەم زمانەی خۆی بداتو گەشەی پێبکات، چونکە ئاماژەو هێما زمانی یەکەمەو دواتر پێوەندی زمانی دەبێتە زمانی دووەم، ئێمە بەردەوام لەکاتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئاژەڵەماڵیکراوەکاندا سیستەمی ئاماژەو هیماو کۆد پەیڕەو دەکەین، بەشێوەیەك ئاژەڵ لەبەرئەوەی خاوەنی زمانی دووەم نییەو تەنیا لەزمانی یەکەم تێدەگات، بەسانایی لەکۆدەکانمان دەگاتو بەپێی ئاماژە جەستەییەکانی ئێمە ڕەفتار دەکات، ئەوەش مەسەلەیەکی ئاشکرایە بەتایبەتیش لەنێو لادێو ناوچە کشتووکاڵییەکاندا.

مرۆڤ بۆخۆی تاڕادەیەکی زۆر توانای بەکۆدکردنی هەیە، لەبەرئەوەی سیستەمی بەکۆدکردن سیستەمێکی ڕەمزیو ئەپستراکت کراوەو مرۆڤیش خاوەنی ئەم تایبەتمەندییە، دەنگ لەگەڵ هەناسەدانو هەناسە وەرگرتندا دەردەبڕێتو دێتەدەر بەشێوەیەك بەبێ بوونی پرۆسەی هەناسەدان کارێکی ئەستەمە، بۆیە زمانی ئاخافتن بریتییە لەنموونەی دەنگێکی سەپێنراو بەسەر هەناسەداندا، بیرۆکەی ئەم نموونەیە بایەخێکی هەمەکی هەیە، لەبەرئەوەی بەنموونەکردن وادەکات مومکین بێت شێوەی دەربڕینی زمانی لەشێوەیەکەوە بگۆڕدرێت بۆشێوەیەکی تر، گۆڕینی دەنگ لەسایەی هەناسەدانەوەیە، لەبەرئەوەی هاوارکردن پێویستی بەهەناسەیەکی درێژەو قسەی نەرمیش هەناسەیەکی کورت، بۆیە مرۆڤ لەئاگایی بێت یا لەنائاگایی لەکاتی ئاخافتنیدا ڕەچاوی ئەونموونانە دەکات، ئێمە لەکاتی ئاخافتنو دەربڕیندا دەتوانین بەتەواوی مانای هەر دەربڕینێكو وشەیەك بگەیەنین، کەچی ئەوە خاسیەتێکە نووسین ونی دەکاتو لەدەستی دەدات، بۆیە نووسین فرە ماناتر خۆی نمایش دەکات. لەکاتی ئاخافتندا ناچارین ڕەچاوی سیستەمی هەناسەدان بکەینو لەکاتی هەناسەدانیشدا ڕەچاوی سیستەمی ئاخافتن بکەین، ئەگەر ڕەچاوی ئەم دوولایەنە نەکەین، ئەوە ئاخافتنیش وەکو نووسین فرە مانا

خۆی دەردەخات‌و سیستەمی دەربڕینیش دووچاری شێوان دێت‌و جەستەشمان لەلایەنی فسیۆلۆژییەوە هەربەم شێوەیە کاردەکات. ئێمە لەکاتی تاریکی‌و لەناکاو کارەبا بڕاندا لەنێو ماڵی خۆمان بەسانایی ڕێگای ژوورەکانیتر دەدۆزینەوە، چونکە توانای بەکۆدکردنمان هەیەو پێشتر ئەم شوێنە لەنێو زەینمان تۆمارکراوە، وەکوچۆن نووسین لەسەر کاغەز تۆمار دەکرێت، ئێمە لەسایەی هەستەکانمانەوە پرۆسەی بەکۆدکردن ئەنجام دەدەین، دواتریش کۆدەکان لەسایەی هەستەکانەوە وەردەگرین‌و دەچێتە نێو زەینمان.

## سیمیۆلۆژیاو پێوەندی شوێنی

سیمیۆلۆژیا ڕۆڵێکی هەرە گرنگی هەیە لەهەڵسوڕاندنی پێوەندی مرۆڤ بەشوێنەوە، چونکە مرۆڤ بەر لەهەموو شتێك فێری سیستەمی ئاماژەیی بووەو دەتوانێت پێڕەو لەسیستەمی بەکۆدو ئاماژەکردن بکات، بۆیە پێوەندی مرۆڤ لەگەڵ شوێن بەر لەهەموو شتێك پێوەندییەکی سیمیۆلۆژییە، چونکە مرۆڤ ئاماژە سروشتییەکانی شوێن دەخوێنێتەوەو ڕاڤەیان دەکات، جگە لەوەی لەمیانەی پرۆسەی مێژووییدا، مرۆڤ فێری زمانی ئاماژەیی سروشت بووە، دیارە ئەوەش زیاتر حاڵەتێکە لەگوندو ناوچە شاخاوییەکاندا دەردەکەوێت‌و کەمتر لەنێو شارەکاندا بەرجەستە دەبێت. خوێندنەوەی کۆدەکانی سروشت، حاڵەتێکە هەموومان بەجوانی لای پیرە پیاوانی گوندەکان بەدی دەکەین، تەنانەت لەکاتی پێوەندی لەگەڵ ئاژەڵ‌و سرەوشتیشدا دەردەکەوێت.
لەبارەی مەسەلەی مامەڵەکردن لەگەڵ شوێندا، دەبینین ئاژەڵیش، توانای خوێندنەوەی کۆدو ئاماژەکانی مرۆڤیان هەیە، بۆیە سیمیۆلۆژیا زانستێك نییە تەنیا تایبەت بێت بەمرۆڤ، وەکو ئەوەی زمان وایەن نەخێر، سیمیۆلۆژیا زمانێکی گشتی‌و هاوبەشە لەنێوان مرۆڤو مرۆڤی شارستانییەتەکانیترو مرۆڤو ئاژەڵیش. ئەوەی ماوەیەك لەناو ژینگەیەکی کشتوکاڵیدا ژیابێت وەك ئەو ناوچانەی شوانکارەیی تێدا دەکرێت، یان ئەگەر بەوردی سەیری کردبێت‌و تێڕامابێت، دەبینێت ئەو خێزانانەی خاوەنی مەڕو ماڵات‌و بزن‌و مانگاو جۆرەها ئاژەڵی ترن‌و بەمەبەستی خێرو قازانج کردن بەخێو دەکرێن‌و ڕادەگیرێن، زۆر سانایە کەمەسەلەیەك ڕەچاوو تێبینی بکات، ئەویش ئەو ڕەهەندە خێزانییەیە کەسەگی خاوەن ماڵ لەم خێزانە شوانکارەییانەدا شوێنی پێ بەکاردەهێنێت، بێگومان لە نێو گوندو ناوچەکانی کوردستانی خۆشماندا هەموو ماڵێکی مەڕدار سەگ بۆ پاراستنی مەڕو ماڵاتەکانیان بەکاردەهێنن، ئەگەرچی ئەوان وەك مرۆڤی خۆرئاوایی مامەڵە لەگەڵ سەگەکانیان ناکەن، واتا سەگ بۆی نییە بچێتە ژوورەوەو نانو‌و ناو ماڵەکان، بۆیە سەگ لێرەدا سنووری چالاکی‌و جوولانەوەی خۆی زۆر چاك دەزانێت، جگە لەوەش سنووری خاوەنەکەی خۆیشی دەزانێت‌و ئامادەیە ئازاری هەر کەسێك بدات ئەگەر ڕەچاوی ئەم سنوورە نەکات. کەچی لە کۆمەڵگای خۆرئاوادا سەگ لەناو ماڵی خاوەنەکەیدا سنووری دیاریکراوی نییە، لێرەدا شوێن ئامادەبوونی خۆی هەیە، دوو شوێن‌و دوو ڕەفتار. لەنێو کۆمەڵگای کوردستانیدا سەگ زۆر چاك دەزانێت ئەرك‌و مافی چی هەیە، بۆیە پێویست بەوە ناکات کەس پێی بڵێت بچێتە کوێ! ئەو بۆخۆی لە نزیك دەرگای حەوشی دەرەوە هەڵدەقونجێت، دەکرێت ئاماژە بەوە بکەین کەزۆرجار سەگ بۆ خۆی شوێنی جوولەی خۆی دەستنیشان دەکات، مەبەستمان لە شوێنی جوولە ئەو خاڵانەیە کەبۆی هەیە لەناو خێزانێکی

شوانکارەیی ئاوا زۆر فراواندا بە پشت بەستن بەو پێوەندییەی نێوان خۆی و ژینگەی دەوروبەری دەستنیشانی دەکات، خۆ ئەگەر یەکێکی بێگانەو نەناسراو لە دوورییەکی دەستنیشان نەکراوەوە لەو شوێنە نزیك ببێتەوە، ئەوا دەبینین ڕاستەوخۆ ئاکارو هەڵسوکەوتی سەگەکە لە بەرانبەریدا دەگۆڕێتو خۆی بۆ هێرش بردن ئامادە دەکات. لێرەدا دیارە ئەو کەسە لەو هێڵەی ڕەتداوە کەبەهێڵی سوور ناو دەبرێت، ئەگەرچی لە واقیعو لەبەرچاوی ئێمەدا هیچ هێڵێك بوونی نییە، بەڵام سەگەکە بۆ خۆی لە سنوورو دەوروبەری شوێنی دیاریکراوی خۆیدا هێڵی شوێنو سنووری خۆی دەستنیشان کردووەو بە پێی ئەم پەیڕەوە هەڵسوکەوت دەکات، خۆ ئەگەر مەبەستمان بێت دەستنیشانی ماوەکە بکەین، ئەوا بەسێ چوار جاری ئاوا دەتوانین لەو ماوەیە بگەین کە سەگەکە بەماوەی قەدەغەی داناوە. مرۆڤ ئەگەر خۆی بەو مەسەلانەوە خەریك بکاتو سەرنج بدات، ئەوا ئەم جۆرە ئاکارو هەڵسوکەوتە لەلای زۆر لە گیاندارە بڕ بڕەدارەکاندا بەدی دەکات.

دیارە مرۆڤیش بەشێوەیەکی بەرچاوو دیار سنوورو هەرێمی تایبەت بەخۆی وەك تاکەکەس بەرەو پێش بردووە بە شێوەیەك ئەمڕۆکە ئێمە وامامەڵە لەگەڵ شوێندا دەکەین وەك ئەوەی بڵێی پێداویستییەکی ژیاری پڕ بایەخو گرنگە، ئەگەرچی ئەم جۆرە مامەڵەکردنە لەوەو پێش هەبووە، بەڵام هەرگیز ئەوەندە نەگەیشتۆتە لوتکە، ئەگەر سەرنج بدەین هەر کەسێك لەناوماڵی خۆیدا لە ژووری دانیشتندا بەردەوام لەیەك شوێن دادەنیشێتو هەر لەو شوێنەشدا دەحەسێتەوەو هەست بە ئارامی دەکات، ئەگەرچی ژوورەکە هی خۆیەتی، بەڵام ئەو لەیەك شوێن-بەردەوام لەیەك شوێندا- دەگیرسێتەوەو پێی وایە لەو شوێنەدا زیاتر دەتوانێت لە پاڵ حەسانەوەیدا کۆنترۆڵی مامەڵەکەی بکاتو هەموو سووچو کونو کەلەبەرێك بخاتە ژێر چاودێری خۆی(١١).

ناوچەگەرێتی زۆر بەئاسانی سەرهەڵدەداتو پێشڤەدەچێت، لەبەرئەوەی مرۆڤ بە سروشتی خۆی حەز بە موڵکدارێتی کردنی شتەکانی دەوروبەری خۆی دەکات، ئەوە غەریزەیەکی مرۆڤانەیە، ئەگەرچی لە کولتووریکەوە بۆ کولتوورێکی تر بەهۆی نەخشەی زەینیو باری ژیاریدا جیاوازە، چونکە لە زۆر کولتووردا نەخشەی زەینی داڕێژراو ڕۆڵێکی باڵا دەبینێت لە دروستکردنی ناوچەگەرێتیو پەرەپێدانی گیانی خێڵەکیو عەشیرەتگەریو توندڕەوی ناوچەیی، بە پێچەوانەشەوە لە زۆر کولتووری جیا جیای جیهانی ئەمڕۆشماندا بگرە نەوەك ناوچەگەرێتیو عەشیرەتگەری ڕەوانەی زبڵدانی مێژوو کراون، بەڵکو وا خەریکە لە ڕێگەی پرنسیپێکی نوێ، گیانی نەتەوەییش ڕەوانەی هەمان شوێن دەکرێت، لەبەرئەوەی مرۆڤ لەو کولتوورانەدا بەردەوام بەدوای ئازاد بووندا دەگەڕێت، بۆیە وا خەریکە خەونی بوون بە هاوڵاتییەکی جیهانی دێتەدی، واتا ئەو سنوورانەی شوێنەکانیان تەلبەند کردووە دەپلیشێنەوەو بەرەو فەنا بوون دەچن.

جیۆپۆلیتیكو جوگرافیای شوێن ڕۆڵی هەرە گرنگ دەگێڕن لەسەرجەم بوارو لایەنەکانی ژیان لەبەرئەوەی زۆرجار مرۆڤ ناچار دەبێت بەبێ ئارەزووی خۆی ملکەچی ژینگەو جوگرافیای شوێن بێتو بەو پێوانەیەش مامەڵەی لەگەڵدا بکات، ئەگەرچی لەسایەی میتۆدە ئەنترۆپۆلۆژییەکان چەندین ڕەهەند بۆ خۆگونجاندنی مرۆڤ چ وەك تاكو چ وەك کۆمەڵ لەگەڵ شوێنو ژینگەدا هاتە ئارا، بەڵام لەسایەی پشت بەستن بە پەرەپێدانو پێشڤەخستنی کولتوور وەك هێزێکی گەورەی

ئاراستەکردنی خۆگونجاندنی مرۆڤ، ئەنترۆپۆلۆژستەکان لەسایەی توێژینەوەی ڕاستەوخۆی ئەو پێوەندییەی نێوان تاکەکەس یا کۆمەڵگە لەگەڵ ژینگەو شوێنی ژیاریدا توانییان میتۆدێکی زانستییانە بهێننە ئارا کە بەجوگرافیازانی مرۆڤایەتی ناسراوە، هەر ئەم میتۆدەش لە هۆکاری دابەشبوونی دانیشتوان و چۆنیەتی بەکارهێنانی ژینگەی سروشتیو شوێنی حەوانەوەی کۆمەڵگاکان دەکۆڵێتەوە.

## سیمیۆلۆژیای پێوەندی

سیمیۆلۆلۆژیای پێوەندی لە شێوازو چۆنیەتی بونیادو پێکهاتەی جۆرەکانی پێوەندی دەکۆڵێتەوە جا ئەو پێوەندییە تاکەکەسی بێت یا کۆمەڵ، مەبەستمان سەرجەم شێوازەکانی پێوەندی نێوان کۆمەڵگاو کوولتورە مرۆڤایەتیەکانە بە هەردوو ڕووی، واتا لەناو یەك کولتوورو شارستانییەت و لەنێوان سەرجەم کولتوورو شارستانیەتەکانیشدا، بێگومان مادام مەبەستمان شێوازەکانی پێوەندیە، ئەوا دیارە پێوەندی بینراوو بیستراویش دەگەڕێتەوە، واتا کەناڵە تەلەفزیۆنی و ڕادیۆییەکان کە ئاراستەی کۆمەلانی خەڵك دەکرێن. بێگومان ئەو گۆڕانکارییانەی کەوا لە بوونیادی شوێندا ڕوویان داوە بۆتە هۆی ئەوەی بەڕاددەیەکی زۆر بایەخ بە مەسەلەی پێوەندی بدرێت، بە شێوەیەك کە خۆی لەوشەی دەربڕاودا دەردەخات. لێرەشدا ماوە لەنێوان خەڵکدا ڕۆڵ و کارلێکردنی خۆی هەیەو بەشێکە لە سیستەمی پێوەندی و حیسابی بۆ دەکرێت، مەبەستمان لێرەدا ماوەی نێوان دوو شارو دوو دەوڵەت و دوو کولتوور نییە بەقەد ئەوەی مەبەستمان ماوەی دووری نێوان دوو مرۆڤە لەبەرئەوەی ماوەی نێوان دوو کەسی نامۆ بەیەکتر لە کاتی وتوێژێکی سادەدا ئەوەمان بۆ دەردەخات کە دینامیکیەتی پەیوەست دار بەکار لێکردنی شوێن چەندە گرنگ و پڕ بایەخە خۆ ئەگەر مرۆڤێك لە یەکێکی تری نەناس نزیك ببێتەوە بەو ڕاددەیەی خۆی لێ بخشێنێت و لێبدات ئەوا زۆر بەپەلەو ڕاستەوخۆ دژەکردار خۆی دەردخات، لەبەرئەوەی کەسی دووەم زوو بە زوو بەرەو دواوە دەکشێتەوە بۆ ئەوەی خۆی لەو لێك خشاندن و پێکدادانە دووربخاتەوە خۆ ئەگەر کەسی یەکەم دووبارە هەنگاوی تری هاوێشت و دیسان خۆی نزیك کردەوە تا ڕادەی لێکخشاندن و بەریەککەوتن ئەوا ئەوجارەیان کاردانەوەی کەسی دووەم بێگومان توندترو ئاشکراو بەرچاوە و لەژیانی ڕۆژانەماندا بەدەیان جار دووبارە دەبێتەوە، مرۆڤی وا هەیە بەردەوام هەوڵ دەدات ماوەی نێوان خودی خۆی و خەڵکانی تر کەم بکاتەوە، کەچی لەبەرامبەر ئەودا کەسانی تر هەن هەوڵدەدەن پارێزگاری لەم ماوەیە بکەن و بگرە فراوانترو زیاتریشی بکەن، ئەم نموونەیە ئەگەرچی زۆر سادەو بەرچاوە، بەلأم سەبارەت بەم بابەتەی ئێمە زۆر پڕ بایەخە لەبەرئەوەی وێنەی چۆنیەتی گونجاندنی ئاکارو هەڵس و کەوت لەسایەی کولتووردا دەکێشێت.

لەکاتی وتوێژوو قسەکردندا نەوەك تەنیا دەنگی ئاراستەکراو دەستنیشانی دووری نێوان دوو کەس دەکات، بەڵکو بگرە بابەتی وتوێژەکەش تا ڕادەیەکی زۆر دەستنیشانی بەکارهێنانی شوێن دەکات لەبەرئەوەی زۆر بابەت هەیە مرۆڤ ناتوانێت ئەگەر لە دووریەکی کەم و دیاریکراو نەبێت، بیدرکێنیت یاخود باسی لێوەبکات، ئەگەر چاوێك بەنێو سوپاو سیستەمی سەربازی سەرجەم وولأتانی جیهاندا بخشێنین دەبینین وەك داب و نەریتێك سەرباز یا ئەفسەر کاتێك

ووتوێژی ڕەسمی لەگەڵ ئەفسەرەکانی سەرووی خۆیدا ئەنجام دەدات دەبێت مەودایەکی دیاریکراو لەنێوان خودی خۆی و ئەفسەرەکی جێ بهێڵێت و ئەوەندە نزیک نەبێتەوە بە شێوەیەک پێشێلی شوێن بکات و سنوورە وەهمییە ڕاستەقینەکان ببەزێنێت. ئەوەی خوارەوە نەخشەیەکە دەستنیشانی ڕێو ڕەسمی پێوەندیو جۆری پێوەندیو کۆدو ئاماژە ئاراستەکراوەکان دەکاتو بەپێی حیساباتی زۆر ورد مەوداو جۆری پێوەندییەکەو ئاماژەکانی پشت پێوەندییەکە دیاری دەکات.

| مەودا | شێوازی قسەکردن | جۆری بابەت |
|---|---|---|
| ٣ ـ ٦ ئینج | چرپاندنێکی نەرم | ئەوپەڕی نهێنی |
| ٨ ـ ١٢ ئینج | چرپاندنێکی کەمێك بەرز | زۆر نهێنی |
| ١٢ ـ ٢٠ ئینج | دەنگێکی نزم | لەناو ژوورێکدا، بابەتێکی زۆر تایبەت |
| ٢٠ ـ ٣٦ ئینج | دەنگێکی کزو نزم | مەسەلەیەکی تایبەتی |
| ١ ـ٢ ـ٤ ـ٨هەنگاو | دەنگێکی ڕوونو کەمێك بەرز | زانیاری گشتیو دەکرێت خەڵکی تریش گوێبیستی بن |
| ١ ـ٢ ـــــ ٥ ـ٨ هەنگاو | دەنگێکی ڕوونو بەرزو ئاشکرا | مەودایەکی گشتییە، زانیاری گشتیو خەڵکی تریش دەتوانن گوێبیستی بتن |
| ٨ ـ٢٠ هەنگاو | دەنگێکی زۆر ڕوونو بەرزو ئاشکرا | لەنێو هۆڵێکدا بۆ وانەگووتنەوەو پێشکەشکردنی کۆڕو سیمینار |
| ٢٠ ـ ٢٤ هەنگاو | دەنگێکی بەرز | لەنێو هۆڵێکدا، کۆڕی جەماوەری |
| ٢٤ ـ ١٠٠ هەنگاو | دەنگێکی زۆر بەرزو هاوار کردن | بەلاوەنانی شوێن، بۆ هاوار کردنو بانگکردنی دوور |

"نەخشەی دابەشکردنی مەوداو دووری شوێن"(١٢)

## پەراوێز:

١) الموسوعه الفلسفيه، م. روزنتال ـ ى. يودين، ترجمه: سمير كرم، بيروت، ١٩٨٠، ص٤١٠.

٢) مەبەست لەسیستەمی دووەمی ئاماژەیی ئەوەیە کە مرۆڤ بەپێی دوو سیستەمی ئاماژەیی کار دەکات و ڕەفتار دەکات، یەکەمیان سیستەمی ئاماژەیی زمانییەو بریتییە لەئاخافتن، مرۆڤ بەر لەوەی فێری قسە کردن و ئاخافتن بوو بێت بەپێی زمانی یەکەمی ئاماژەیی جەستەیی کاری کردووە، بۆیە زمان دەبێتە سیستەمی دووەمی ئاماژەیی و لەدوای ئەو سیستەمە جەستەییەوە هاتۆتە بوون.

٣) خێزانی زمانی بریتییە لەکۆمەڵێك زمانی جیاواز، بەڵام لەبنەڕەتدا لەیەك زمانی بنچینەییەوە هاتوون و لەسیما گشتییەکاندا لەیەکتری نزیکن وەکو خێزانی زمانە هیندۆ ئەورووپییەکان و خێزانی زمانە ئەفریقی و ئاسیاییەکان.

٤) المدخل الى علم الانسان، د. قيس النورى، بغداد، ١٩٨٢، ص٢٩٩.

٥) محاوله فى اصل اللغات، جان جاك روسو، تعريب: محمد محجوب، بغداد، ١٩٨٦.

٦) علم اللغه العام، فرديناند دى سوسير، ترجمه: د. يوئيل يوسف عزيز، بغداد، ١٩٨٥.

٧) التفكيكية بين النظرية والتطبيق، كريستوفر نورس، ترجمة: رعد عبدالجليل، سوريا، ١٩٩٦.

٨) الانسان والحچاره والمجتمع، هارى. ل. شابيرو.

٩) علم اللغه العام، فرديناند دى سوسير، ترجمه: د. يوئيل يوسف عزيز، بغداد، ١٩٨٥، ص٣٤ ـ٣٥.

١٠) الانسان والحچاره والمجتمع، هارى. ل. شابيرو.

١١) ئەنترۆپۆلۆژیا، لێکۆڵینەوەی تیۆری، ڕێبین ڕەسوڵ ئیسماعیل ـ دیار عەزیز شەریف، هەولێر، دەزگای چاپ و پەخشی ڕێبین، ٢٠٠٤، ل٢٧٦.

١٢) هەمان سەرچاوە.

## سەرچاوەکان:


١) الموسوعه الفلسفيه، م. روزنتال ـ ى. يودين، ترجمه: سمير كرم، بيروت، ١٩٨٠، ص٤١٠.

٢) المدخل الى علم الانسان، د. قيس النورى، بغداد، ١٩٨٢، ص٢٩٩.

٣) محاوله فى اصل اللغات، جان جاك روسو، تعريب: محمد محجوب، بغداد، ١٩٨٦.

٤) علم اللغه العام، فرديناند دى سوسير، ترجمه: د. يوئيل يوسف عزيز، بغداد، ١٩٨٥.

٥) التفكيكية بين النظرية والتطبيق، كريستوفر نورس، ترجمة: رعد عبدالجليل، سوريا، ١٩٩٦.

٦) الانسان والحضارة والمجتمع، هاري. ل. شابيرو.

٧) علم اللغه العام، فرديناند دى سوسير، ترجمه: د. يوئيل يوسف عزيز، بغداد، ١٩٨٥، ص٣٤ ـ٣٥.

٨) الانسان والحچاره والمجتمع، هارى. ل. شابيرو.

٩) ئەنترۆپۆلۆژیا، لێکۆڵینەوەی تیۆری، ڕێبین ڕەسوڵ ئیسماعیل ـ دیار عەزیز شەریف، هەولێر، دەزگای چاپ و پەخشی ڕێبین، ٢٠٠٤، ل٢٧٦.

# حاجی قادری کۆیی - بۆچوونی جیاواز

رەئوف عوسمان



ە ١٢/١/١٩٧٨ دا ، لە هۆڵی چالاکی قوتابخانەکان لە سلێمانی ، لە کۆڕێکی فراوانی نوسەرانی کورددا ، لێکۆڵینەوەیەکی فراوانم لەسەر شاعیرێتی حاجی قادری کۆیی لە نێوان ڕەخنەو هەڵسەنگاندنی کتێبێکی کاك عبدول ستار تاهر کە بەڕێز پرۆفیسۆر مارف خەزنەدار پێشەکی بۆ نوسیبوو پێشکەش کرد، لەدوایدا لەسەر داوای هەندێك برادەر ، بەتایبەتی شاعیری شەهید کاکەی فەلاح ئەو بابەتەم فراوان کردو لە دوو تویێی کتێبێکدا ئامادەم کرد ، ئەوە بوو کۆڕی زانیاری کورد پێشوازی لەو کتێبە کرد و بڕیاری لە چاپدانی دا و چەند جارێك لە گۆڤاری کۆڕدا دڵنیای لە چاپدان کرامەوە ، بەڵامە مەخابن کارەکە بە ئەنقەست دوا خرا و لە دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ دا کتێبەکە وون و گومناو کرا و ئیتر دەستم نەکەوتەوە .
ئەم بابەتەی ئێستای بەردەستان چەند بەیاز و سەرە قەڵەمێکی ئەو لێکۆڵینەوەیەیە ، بەو هیوایەی کە بایەخی ئەدەبی خۆی لەدەست نەدابێت .

تا ئێستا فراوانترین لێکۆڵینەوە کە لەسەر حاجی قادری کۆیی نوسرابێت ، سێ بەرگ کتێبی پڕ بەها و فەڕی زانای گەورە مەسعود موحەمەدە کە ١١٧٠ لاپەڕەی گرتووەتە خۆ و دەبێت بەسەرچاوەیەکی گرنگ لەقەڵەم بدرێت ، چونکە لە دەرگای گەلێك مەبەستی داوە و زۆر بابەتی گەوهەری و هەمەلایەنەی بۆ یەکەم جار وورووژاندووە ، دیارە مامۆستا مەسعود موحەمەد

سوارچاکترین کەسی مەیدانی شیعری کلاسیکی کوردییە ، بەڵام ئەم سێ بەرگ کتێبە وەك هەر بەرهەمێکی تر بەدەر نییە لە کۆمەڵێك گرفت ، دیارە تێبینییەکانم لەمەڕ پرۆگرامی پیادەکراوی ئەم سێ بەرگ نوسینەیە :

١) مامۆستا مەسعود لەگەڵ ئەو هەموو توانا فرە لایەنەیدا بیریەتی لێکدانی (العقلیە الترکیبیـە) کـزە و جەمـسەری ڕاو بۆچـوونەکانی زوو لێـك دەتـرازێن و پـەرت دەبـن ، چـونکە هـەموو لێکۆڵینەوەیەکی مەڕ ئەم بابەتانە لە دوو تەوەری جیادا خۆی دەبینێتەوە ، کە شیتەڵ کـردن و گرێ دانەوەیـە ، دیـارە ئـەم دوو لایەنـە بـێ یـەك نایانکرێـتو دوو ڕووی ڕاسـتییەکن و لاوازی یەکێکیان کاری نێگەتیفانە دەکاتە سەر ئەوی دی .

٢) هەتا بڵێی شتی لاوەکی و لادانی (استطراد) فرەیە ، بۆ نموونە : لـە بـەرگی دووەمـی حـاجی قادردا بەڕێزی هەستی بەمە کردووە و دەفـەرموێت : (نـەختێك چاوپۆشـی لـە خوێنـەرەوە ئـەو کەلێنەم بۆ پڕ دەکاتەوە )[١] ، یان لـە بـەرگی یەکەمدا لـە لاپـەڕە (١٧٥) و لاپـەڕە (٣٠٩)دا دوو باسـی نـوێی وورووژانـدووە ، کەچـی لەبـەر لادان و شـتی لاوەکـی نەیپـەرژاوە و ئەوەنـدە دوور کەوتووەتەوە کە سەرەتای باسـەکەی وون کـردووە ، هـەر ئەمەشـە وای کـردووە کـە نـەتوانێت فەهرەستێك بۆ سێ بەرگ کتێب دابنێت بە قەوارەی (١١٧٠) لاپەڕە .

٣) بەڕێزی کەمتر پشت بـە سەرچـاوە و بـیروڕای خـەڵکی دەبەسـتێت ، یـان هـەر نابەسـتێت ، ئەوەتا خۆشی دان بەوەدا دەنێ و دەفەرموێت : ( خوێنـەر بـۆ خـۆی سـەرنج دەگـرێ لـەوە کـە زۆربەی بیر و ڕایەکانم لە سەرچاوەی دەروونی خـۆم ووت و وێـژی نـاوەکی (حـوار داخلـی)یـەوە هاتوون ، هۆی ئەم زاهیرەیە تازەیی و بێ سابیقەیی ڕوانگەی لێوە تۆرینە بـۆ سـەر چـەشمەنداز )[٢] . ئەوەندەی من بزانم ئەم جۆرە پرۆگرامـە ، بەشـێوەیکی ڕەهـا نامانگەیەنێتـە دوا مـەنزڵگای سەرکەوتن ، چـوونکە لـەم سـەدە خێـراو تایبـەت بوونـەدا مـرۆڤ پێویـستی بـە هـەموو لقـەکانی زانیاری هەیە و جگە لەوەش دابڕان لە سەرچاوەکانی ڕابردوو دەبێتە هۆی لەدەستدانی سـامانی شـوێنەوارە مەعریفییـەکان ، بـا ئـەوەش نـەبوێرم کـە مامۆسـتا مەسـعود موحەمـەد لـە بـواری شیتەڵکردنی ئەدەبی کلاسیکی کوردیدا ، سوارچاکێکی کەم وێنەیە و عەقڵێکی مەوسوعی هەیە و پـەڕاوی (چـەپکێ لـە گـوڵزاری نـالی) گـەواهی قـسەکەمە ، دیـارە لـەم بـوارەدا مەنهـەجی هێرمۆنێکای (التأویلیە) ئەنگاردن و ڕوڵان بارتی بەکار هێناوە بە بێ مەبەستی پێشینە .

٤) هەنـدێك جـار پرۆگرامـی لێکۆڵینـەوەکانی گـشتگیری (التعمـیم) بەسـەردا زاڵـە ، یـان بـە پێچەوانەوە زۆر تایبەتمەندێتی ، واتـە ، یـان ئـەوەتا شتە زۆر تایبـەت و گرنگـەکان لـە دیـاردە گشتییەکاندا وون دە کات ، یـان بـە پێـچەوانەوە ، واتـە جەدەلیـەتی نێـوان تایبـەتی و گـشتی فەرامۆش دەکات ، دیارە لەم حاڵەتەدا زیان لە ڕەوتی خـودی ڕەخنـە دەکـەوێت و سـەرە داوی خاڵە گرنگەکان وون دەکرێت .

٥) بەکار هێنانی دیالێکتی زۆر ناوچەیی کە ئەمە دەبێتە هۆی فەرامۆش کردنی زمـانی ئـەدەبی یەکگرتوو ، بەتایبەتی لە بەکار هێنانی (حروف الجر)دا کە یەکێکە لە ئەستوونە هەرە قایمەکانی زمانی کوردی ، ئەمە جگە لە ڕستەی سەخت ودوور و درێژ ، مامۆستا مەسعود خۆیشی هەستی بەم لایەنە کردووە و دەفەرموێت: ( ناوە ناوەێیك ڕستەی سەخت هاتووە بۆ نـاو نوسـینەکەم ، کە ئەمە دژی خواهیشم بووە )[٣] ، لەگەل ئەمانە و گەلێك دیـاردەی لاوازی تـری ئـەو سـێ بەرگـە

ئەم زانا گەورەیە دەستی خستووەتە سەر زۆر شت و بۆ یەکەمین جار لە دەرگای گەلێك باس و خواسی گرنگی داوە و پەیی بە زۆر دیاردە بردووە ، کە ئەمە بەڵگەی ووردبینیو کارامەییەتی لە دنیای لێکۆڵینەوەی شیعردا .
سەبارەت بە شاعیرێتی حاجی قادر مامۆستا پرۆفیسۆر د. مارف خەزنەدار دەفەرموێت : (شیعرە کلاسیکیە تەقلیدیەکانی حاجی واتە غەزەلەکانی لە ریزی پێشەوەی غەزەلخوانە کوردەکانی دادەنێ ، بەڵام شیعرە نیشتمانیەکانی لە رووی هونەریەوە لاوازن ، حاجی پێویستی بەوە نیە لەم لایەنەوە شاعیر بێ ، ئەگەر بشیەوێ هەر نابێ بە شاعیر ، خۆیشی دەرکی بەوە کردووە ، ئەوەی ئاشکراشە کەرەستەی ئەو شیعرە نیشتمانیانە کەرەستەی راستەقینەی شیعر نین و بۆ ئەوە دەست نادەن ) .ئەم رایە لە گەلێك دەرگای گرنگ ئەدا و زۆر بۆچوون دەوروژێنێ و ناکرێت قەڵەم ئیستێکی رەخنەگرانەی لەسەر نەکات .
ئەوەندەی من لەگەڵ شیعرەکانی حاجیدا ژیابم ، غەزەلەکانی ئەوگوڕو تین و هەست و خورپە و راچەنینەی تێدا نیە کە حاجی بخەنە ریزی پێشەوەی غەزەلخوانە کوردەکان ، چونکە ئەو راستیە هونەری و (الصدق الفني) تاقیکردنەوە هەستی و دەروونیەی بە زەقی تیادا بەدی ناکرێت و هەرگیز مرۆڤ ناخاتە سەر کەڵکەڵەی جوانناسی لە ژیانی دڵداری و خۆشەویستیدا بە هەموو هەنسك و قوڵپی گریان و زەردەخەنە و ئاواتو دلۆڤانیەکەیەوە ، توێژینەوە و رامانێکی رەخنەگرانەی وورد لە غەزەلەکانی حاجی قادری کۆیی دەمانگەێنێتە ئەو ئەنجامەی کە شیعرە دڵداریەکانی حاجی قادر لاسایی کردنەوەیەکی نەریت و دابی شوێنەوارە تەقلیدیەکانی شاعیرە غەزەلخوانەکانی ئەو سەردەمەن ، ئێستاکە گەلێك نموونەی غەزەلی حاجی قادرم لەبەر دەستایە کە لەژێر کاریگەرێتی غەزەلی نالیدا ووتراون و هەرگیز جێگای نکۆلی لێکردنیان نیە .
غەزەلەکانی حاجی قادر هەرگیز کەسێتی ناخی، وەك دڵدارێکی جەرگ هەڵقرچاو ژانگرتوو وەدەر ناخەن ، دیارە ئەمەش بنەمایەکی راستەقینەی ژیانی حاجی قادرە و نکۆلی لێ ناکرێت ، ئەوەتانێ دەڵێت :

هەر منم ئێستا وارسی عیسا بێ ژنو ماڵو بێ کوڕو مەئوا

مامۆستای بەرێز د. مارف بۆ پتر سوور بوون لەسەر هەمان را دەفەرموێت : (حاجی جگە لە بابەتی شیعری نیشتمانی یەکێك بوو لە لە قوتابیانی ریزی پێشەوەی قوتابخانەی نالی )[٥] وە ( پلەی هیچ شاعیرێکی هاوچەرخ نەگەیشتبووە حاجی )[٦] ، بریاری رەهای وا پێویستی بە تێرامان و ووردکردنەوە هەیە .
وەك روونە قوتابخانەی نالی ١٨٠٠–١٨٧١ بریتیە لە موستەفا بەگی کوردی ١٨٠٩–١٨٤٩ ، سالم ١٨٠٥–١٨٦٩ ، جا نازانم حاجی قادر لە هەموو بابەتەکاندا ، جگە لە نیشتمانی تۆبڵێی لە پێش سالم و کوردیەوە بێت ؟! وە ئەگەر (پلەی هیچ شاعیرێکی هاوچەرخیشی نەگەیشتبێتێ ) دەبێت بێ قەید و شەرت لە شیعردا مامۆستای ئەم دوو هاوچەرخەی خۆی بێت ، واتە مەولەوی (١٨٠٦–١٨٨٢) وە مەحویش(١٨٣٠–١٩٠٤) ، یەکێك کە پلەی هیچ شاعیرێکی هاوچەرخی نەگەیشتبێتێ ، بەلایەنی کەمەوە دەبێت هۆنراوەکانی تام و بۆن و شێوەی تایبەتی خۆی هەبێت و تاکێتی (فردانیە) ئەو قۆناغەی بۆ بەدەست هێنابێت ، شاعیری پێشەوا و سەرامەد (خاوەنی خوازە و لێك چواندن و شێوەیەکی وایە لە دەربڕیندا ، کە ببێتە ئاوێنەیەکی بێگەردی دەروونی خۆی و گیانی سەردەمەکە یۆ گەردوون )[٧] ئەگەر

هاوچەرخی بکەینە بنەمای بۆچوونەکە ، دیارە مەولەوی هاوچەرخی حاجی ، خاوەنی زمانی شیعری خوازە و لێکچواندنی تایبەتی خۆیەتی و بەوە دەناسرێتەوە و لە بواری تاکمەندیدا گۆی هونەری بردووەتەوە ، گۆران لە چلەی پیرەمێرد دا دەڵێت : (بەلام لە ئەدەبی بەرزدا لە شیعری ڕاستەقینەدا بەڕاستی ناوی خۆت نا مەولەوی ، تاوێك ئەگەڕاپتەوە بۆ سەدە و جێگای ژیانی خاوەن گیان ، شوێنی باڵا جوانە بچوکەکەی ئەکەوتی ... بەکەڵەك لە سیروانی ئەرخەوان سوور ئەپەڕیتەوە ، بە لوتکەی شاخی بەمۆدا هەڵدەگەڕای ، لە کێوی ئاتەشگا کەڵت ئەکوشت ، بەسەر بەستەڵەکی گوێی زرێبارا ئەچووی بۆ بانە ، لە گەرمیانی شیروانە و شاکەڵ لەگەڵ چاو ڕەشەکانی جاف دەوار نشینت دەکرد ، ڕێگات کردەوە بۆ تینوەکانی شیعری ئەم شێوەیە دەم بنێن بە سەرچاوەی شیعری هەرە ڕوون و هەرە پاکی بەلکو هەموو خاکی کوردستانەوە )[٨] ، بەلام لەهەمان بۆنەدا گۆران بە حاجی قادر دەڵێت : ( ئەو نیشتمان پەرستە دڵسۆزە کە هەر هاوارێکی شیعری ، بەشی شۆڕشێك ئاگر و جۆشی ، لە گەروو ئەهێنایە دەرێ ) ، وەك دەرکەوت گۆران بە هیچ شێوەیەك باسی غەزەلخوانی حاجی قادری نەکردووە هەر بەلاشیا نەچووە !!

خودی حاجی قادر لەم بوارەدا دەڵێت :

شاسواری بەلاغەتی کوردان یەکە بازی فەصاحەتی بابان

موستەفایە تەخەللوسی کوردی غەزەلی کردە بەر بوتی کوردی

لە شوێنێکی تردا حاجی دان بەوەدا دەنێت کە نالی و کوردی لە پێش ئەوەوەن و دەفەرموێت :

ظاهرا بەیتم لە نالی و کوردی زۆر کەمتر نیە تالیعم بەرگەشتەیە بەد بەختە بەختم نوستووە

جارێك لە شێخ ڕەزای تاڵەبانی دەپرسن ، گەورەترین بوێژەکانمان کێن ؟ ئەویش دەڵێت ( ئەگەر هەموو هەستیارە کۆنەکانمان زیندوو بوونایەوە هەر یەکەی ڕۆژی جارێك دیدەنیم دەکردن ، بەلام کوردی ڕۆژی پێنج جار )[٩] ، لای من هەرگیز حاجی قادر لە ڕیزی پێشەوەی غەزەلخوانە کوردەکان نییە و ناشبێت ، دیارە حاجی تا پێلوە شەکەتەکانی لە ئاوارەییدا لێك نا ، ژنی نەهێنا و بە وەجاخ کوێری سەری پڕ جۆشی نیشتمانی نایەوە ، هەروەها مایە پوچ و ڕەنج بێوەریش دەرچوو لەو هەوڵە دڵدارییەیدا کە بۆ گوڵە ناوێك بوو لەلاجان ئەوەتا خۆیشی دەڵێت :

من فەقیرم و غەیری سیپارەم لە باخەڵدا نییە

ئەو کەسەی ساحێبقرانە ئیدعای غازی دەکا

هەروەها لە شوێنێکی تردا دەفەرموێت :

نەقدی عومرم بە غەزەل داو دکانم دانا

هیچ کەسێ نەیکڕی ، ترسام لە ڕزان و لە خوران

دیارە خودی ئەم بەیتە و لە زمانی حاجی قادری کۆیی خۆیەوە ئەو نامۆ بوونە هونەرییە (اغتراب فنی) دەسەلمێنێ کە حاجی لە سەردەمەکەیدا دووچاری هاتووە ، نەك هەر ئەمەش بەلکو بێ ڕەواجی غەزەلەکەی لە بازاڕی ئەدەبی ئەو سەر و بەندەدا . نالیش توشی هەمان اغتراب بووە بەلام لەبەر هۆیەکی جیاوازتر لەوەی حاجی ، ئەویش بێ سەوادی و ناحاڵی بوونی دەورو بەرەکەیەتی ، ئەوەتا دەڵێت :

موددێکە بە میزانی ئەدەب توحفە فرۆشم

زۆرم ووتو کەس تێ نەگەیی ئێستە خەمۆشم

لەبەر نەبوونی دەرفەت باسی غەزەلە نەوازەکانی سالم ناکەم کە لێوا و لێون لە داهێنان وجوانی و سەرتەڵی، ئەمە جگە لە مەحوی و حەمدی کە دوو غەزەلخوانی ئێجگار دیار و بەرچاوی شیعری کوردین و بڕوا ناکەم

حاجی لە بواری غەزەلدا پێش ئەمانە کەوتبێ ، خوالێخۆش بوو عەلائەدین سوجادی دەفەرموێت :(بەلام قسەیەك هەیە كە دەلێت نان بۆ نانەوا و گۆشت بۆ قەساب ، سروشتی حاجی بۆ غەرامیات دانەڕێژراوە ، حاجی شاعیرێکی نیشتمانی و بولبولێکی گرینۆکی مەلبەندەکە هەر ئاوازەیەکی دەمارێك ئەبزوێنێتەوە)١٠ .

خوالێخۆش بوو گیو موکریانی سەبارەت بە شیعرە نیشتمانی وغەزەلەکانی حاجی دەلێت : (ئەوسا و بەتایبەتی لەسەردەمی پیریێتیدا کە هەلبەستی دلداری دانابێ ، لەو بڕوایەدام بۆ ئەو مەبەستە بووە کە کوردان لە پەنای خوێندنەوەی هەلبەستە دلداریەکانیدا توشی نیشتمانیەکانی بێن ، بەلکو هۆگری هەستی کوردایەتی بن و لە خەوی بێگانە پەرستی ڕاپەڕن )١١ . ئەم ڕایەی مامۆستا گیو دەشێت زۆری لەسەر بوترێت

١. بەلام بە تێکڕایی خۆی لەم خالانەدا دەنوێنێت :

٢. غەزەلەکانی حاجی دەستکرد و تاشراون .

٣. لای حاجی شیعری نیشتمانی بنەڕەتە نەك دلداری .

٤. حاجی شیعری دلداری بە تەنیا لە سەردەمی پیریدا وتووە ، ئەم ڕایەی بەڕێز گیو سەلماندنی لەگەل نییەو ڕمل لێدانە بە تەنیا .

٥. بڕوا ناکەم حاجی شیعری دلداری بۆ ئەوە ووتبێ کە لە پەنایدا شیعرە نیشتمانییەکانیدا بخوێنرێتەوە و ئەم پراگماتێتییە هەرگیز ناگونجێ .

مەسعود موحەمەد لەم بۆنەیەدا ڕایەکی تا بلێی ورد و وەستایانەی هەیەو دەلێت : (لەلای من تەبعی غەزەلەکانی حاجی زادەی مێشکن ، بەرهەمی ئوستادین ، هۆنراوەی سنعەتکارن ، لە خامە و پەنجەی هونەرکارەوە دەتکێنەوە ، لە گڕ و بلێسەی دەروونێکی سوتاوەوە ناتەقنەوە ، ئارایشتی ڕێکخستن و تێگەیشتن و پێگەیشتن لەو شیعرانە دەدرەوشێنەوە ، نەك هەنسکی گریان و بۆن سۆی دلی هەلکزاو ، لەم ڕووەوە شیعری حاجی دەچێتە ڕیزی شیعرە دلداریەکانی شێخ ڕەزا ، نەك نالی و کوردی ) ، بەڕێز د. خەزنەدار لە شوێنێکی تردا دەفەرموێت : (ئاشکراشە کە ڕستەی ئەو شیعمرە نیشتمانیانە واتە شیعرەکانی حاجی قادر کەرەستەی ڕاستەقینەی شیعر نین و بۆ ئەو دەست نادەن و هی پەخشانن ) ، لەوانەیە ئەم ڕایە تا ڕادەیەك لەگەل هۆنراوە نیشتمانییەکانی بێکەس و قانیع دا بگونجێت ، چونکە تووخمی شیعریەتیان تیادا نییە ، بەلام هەرگیز نابێتە پێوانە بۆ هەموو شیعرێکی نیشتمانی و نەتەوەیی ، چونکە سەربەستی داهێنان هەرگیز دابڕ ناکرێت لە بەهرەی شاعیرێتی و مەسەلەی ئیلتیزام ، بەرهەمو تاقیکردنەوە دەولەمەندەکانی گارسیا لۆرکا و هێن و واتیمان و گوران و حەمزاتوف و ئاراگۆن و مەحمود دەروێش و بەیاتی و سەیاب و ماغوت ئەوە دەسەلمێنن کە بەهرەی شاعیرێتی ڕۆلی کارا دەبینێت لە بواری ستاتیکای شیعردا نەك بابەتی شیعر بە ڕەهایی ، چونکە بابەت هۆکاری یارمەتیدەرە بە ڕێژەی بەهرەی شاعیرێتی دیارە تیۆرەکانی ڕتشارد و کولرج و الن تیت پێ لەسەر ئەم لایەنە دادەگرن .

بەڕێزینە گەلێ دەقی نوسەرانی تری وەك مامۆستا پرۆفیسۆر د.عیزەدین موستەفا و کاك موحەمەدی مەلا کەریم و خالید دلێرم لەبەر دەستایە و دەبوو تیشکی ڕەخنەیان بخەمە سەر ، بەلام کاتەکە بوارم نادات .

تێبینی: ئەم وتارە لەمیهرەجانی (حاجی قادری کۆیی) خوێندرایەوە لەسەر داوای ئەومیهرەجانە لەو چوارچێوە کورتەدا خۆی نمایش کرد.

# مەولەوی و سۆفیگەریەتی

نوسینی: هەورامی

## پێشەکی:

مەولەوی، هەروەك، هەر مرۆیەك، بە پلەکانی ژیاندا چووەو لەهەریەکە لەو پلانەی ژیان، تاڵیو سوێریی‌و شیرینیی چێشتووەو لەهەرجۆرە لەززەتێکی هەریەکێ لەوانە، دەرسێکی وەرگرتووەو ئەم راهێنان‌و بەسەرهاتانەش، مرۆ زۆر نەبێ، بەپێی تواناو لێهاتنی ئەو مرۆڤە، دنیا دیدەیی، بەلاوە جەم دەبێ‌و خۆیشی‌و خەڵکەکەی دەورو بەریشی، بۆیان هەیە سوود لەو کارامەیە وەربگرن.

مەولەوی، دەوری لاویی‌و سەرگەرمیی بەخۆیەوە دیوەو ئالەو دەمەدا، لە خانەگادا بووەو زۆرنەبێ، ئالەو بارەیەوە، تا ئێستەش، بەسەرزاری پیران‌و خوێندەوارانی ئەوێوە، دەوترێتەوە.

لەڕووی دڵدارییەوە، هۆنراوەی زۆری وتووەو ئەگەرچی لەم تەمەنەدا، زۆربەی هۆنراوەکانی دڵداری رەنگن، بەلام دیکۆرەکانی بەهەڵدان بەسروشتی رەنگامەی ناوچەکانی هەورامانندا، رازاوەتەوە.

مەولەویش‌و هەر مرۆڤێکی دیکەی بەدووکەوتووی خوێندن‌و خوێندەواریی‌و ئەملاوئەولاچوون‌و گەڕان، بەدوای مامۆستای زاناو باش‌و لێهاتوودا وناسینی خەڵکی رەنگانەی زۆری جۆراوجۆر، بێگومان لایەنی برەودارو هی نابرەویش، دەسەپێ، بەسەر هەڵس‌و کەوت‌و باوو برەوی رۆژانەی مەولەویداو زۆرنەبێ کەم لەگەڵیداو تیایداو لەدەورووبەریدا رەنگدەدەنەوە.



هەنگاونانی بەرەو تەواوکردنی خوێندنی دینی‌و تێکەڵاوکردنی زۆرتری کردەوەیی، لەگەڵ خەڵك‌و کۆمەڵگای جۆراو جۆردا، رواڵەتی کارامەیی، کەبەری لایەنگرتنی لایەنی برەودارن، کە لەتەمەنی گەنجیدا، بەرەنگاری بوون، بەشێوەیەکی ئۆستایانەو مامۆستایانە، پێوەی دیارن‌و وێنەش، لەم رووەوە، زۆرن، بەلام، بەلای منەوە هەرە گرنگیان، ئەوە دەبێ، کە بۆ تکاکردنی



لێخۆشبوون، بۆلای سەردارمیرزا حاکمی ئەوکاتەی ئەردەلان دەچێت، بۆ ئەوەی لەگوناهەکانی حەمە سەعید سان، خۆش ببێ.

لەپلەی کارامەیدا، مەولەوی، سوفیگەرییەتی سەر لەبەرتر، لەهەر شتێکی دیکە، دەگرێتە بەرو، بۆ گەیشتن، بەئاواتی لەو رووەوە، پەنا، بۆ شێخی بەهادین لەتەوێڵەدا، دەبات.

لەم بابەتەوە، مەولەویی هۆنراوەی دەوڵەمەندی پڕ لەوێنەو داتاشینی نوێی زۆری هەن‌و ئۆستایەتی‌و دیکۆری وشەو وشەسازییە واتا سازیی‌و خەیاڵی برەوداری. هەر مەگەر خۆی، توانیبێتی، دایانبڕێژێ.

پەنا بردنەکەی، بەر توانایی دینی شێخی بەهادینی تەوێڵە، بەردەوامیی زۆر دەخایەنێ‌و بەڵام، لەپاشا، بەهەندێ هۆنراوەیدا، وەها دەردەکەوێ، کە مەولەوی نەیتوانیوە بەو هۆیەوە بگاتە ئەو ئاواتانەی، کە دەیەوێ.

بەشێوەیەکی زۆر ساکار، بۆ نزیک کردنەوەی، لەتێگەیشتن، مەولەوی، دەیەوێ، بەهۆی پەنای شێخی بەهادینی تەوێڵەوە، پەیوەندی لەگەڵ (پەیوەندیی رۆحی) خوادا پەیدابکات‌و بەری ئەوپەیوەندییەش، ئەوەیە (وەك لەهۆنراوەکەیدا، وا دەردەکەوێ) کە گوڵی دڵداریی لەگەڵ عیشقی خودابیدا، بڕوێ‌و بێتەبەر! !.

ئەمەی مەولەوی ویستویەتی و دەیەوێ، لەشێخی بەهادینی تەوێڵە، دەستگیرو رۆحگیری نەبووەو ئەمەش بووە بە ماخۆلانی بیری‌و هۆشی و رۆحی، رۆژانەی‌و بەم هۆیەوە مەولەوی، زۆرترو وردترو ئۆستایانەترو مامۆستایەنەتر، سەرنج لەسروشت دەدات‌و تا دەگات، بەتابلۆیەکی رەنگامە، رازاوە، بەدنیایەکی ئاوەدان‌و دلگیری رۆحی، کە بەهۆیەوە، وانەیەکی نوێ‌و رەواتر، فێردەبێ‌و یەکسەرە، بەبێ ئەملاو ئەولاو یەك ودوو دەیگرێ بەدەستی رۆح‌و هۆش‌و بیرەوەو بەبێ پەروا لەو پێناوەدا تێدەکۆشێ‌و واش دەردەکەوێ، کە ئەوەی ئەو ویستوویەتی، دەستی کەوتووەو بەوەیدا، دیارە کە ئیتر لە هۆنراوەکانیدا، لۆم‌و دلگرانی‌و ناڕەزاییت، بەرچاو ناکەوێ.

مەولەوی، لەزماندا، شێوەی ناوچەی خانەگای پاوە، بەشی سەرەکییەتی، بەڵام ئۆستاو مامۆستای بێ هاوتایە، لەوشە سازیی‌و رستەسازییداو بەجۆرێ، کە زمانی بەدەستییەوە گیرخواردووەو لەئاستی زانینی مەولەویدا، بەرگەی نەگرتووە لەوێنەو وێنە سازییدا ، هەروەها لە ئاوازەو دەنگدانەوەدا ، لە هێنانەوەی دەنگی مردوو و بێگیاندا، لەگفتوگۆی پاراوی بێزماندا، تا ئەمڕۆیش گردەری نییەو هەر مامۆستایەکە پتر لەمەش، لەزانستی دینیدا، هەر مامۆستایەکی دەست باڵایەو شایەنی ستایشە.

**پارچە هۆنراوەی:**
**بەرزان هلال تار**



پێش ئەوەی بچینە ناو کارە سەرەکیەکەوە، دەبێ، یان پێویستە، لەبەرچاوی خوێنەری ئەمڕۆ، ئەوە روون بێ، کە پەنجا ساڵێ، یان سەدساڵێ لەمەوبەرتر، رێنووسی کوردیی نەبووە بەم شێوەیەی، کە ئەمڕۆ هەیە، ئەو ئەلفو بێ عەرەبیە کە هەیە، لەسەر شێوەی رێنووسی فارسی، بۆ نووسینەوەو تۆمارکردنی هۆنراوەو شتی دیکەی کوردیی‌بەکارهاتووە بۆیە، دەبێ سەرنج لەوە بدەین، کە ئەو جۆرە رێنووسە بەبێ سەروبۆر ناتوانێ تەواوی دەنگەکانو ئاوازەی کۆتایی وشەکە بەدەستەوە بدات بۆیە، یەکێ ئەگەر بەتەواویی ئەو شێوانەی مەولەوی شارەزانەبێ، یان هەورامی، زمانی دایکی نەبووبێ ناتوانێ، بەڕاستو رەوانی هۆنراوەکانی مەولەوی، یان هەر شاعیرێکی دیکەی هەورامی زار بخاتە سەر رێنووسی نوێی کوردیی.ئەمە لەلایەکەوە، لەلایەکی دیکەوە، دەبێ ئێمەی خوێندەوار خۆمان بەقەرزاری پیرەمێردو مامۆستا مەلا کەریمو مامۆستا سەجادیی بزانین، چونکە ئەوان توانییان، مەولەویو بێسارانیو مەلا خدری رووارییو رەنجوورییو خانای قوبادییو سەیدی هەورامی.. بە ئێمە بناسێنن.

ناوەڕۆك

لەم پارچە هۆنراوەیەدا، چەند تابلۆیەکی رەنگامە بەرچاو دەکەونو هەریەکە لەوانە وەك لەلایەن، کۆمەڵە گروپێکی هونەرمەندی زاناوە" تەلەفیزیۆنی رەنگامە، مۆسیقاو تابلۆکێش، کامێرای وێنەگرتن، گۆرانیبێژو ئاوازەچڕ، ئامادەکرابێ، وەهایەو وەها بەرچاو دەکەوێ.

پلەی یەکەم، یان با بڵێین، تابلۆی یەکەم، لەمانگەوە دەست پێ دەکاتو لەخامۆشی بولبولەوە، کۆتایی دێت.

لەنێوان ئەمو ئەودا، بەفرەو ئاوەو سەوزاییەو گوڵاڵەی بەهارەو بولبولەو گوڵی گوڵاوییەو گۆرانی بولبولەو خامۆش بوونیەتی!
واتە، ئەمە تابلۆیەکەیە (کۆپلە هۆنراوەکە).

١-بەرزان هیلال تار ، وەروان، قەراردا.
٢-غورەی شار ،شۆڕ، دڵان دیاردا
٣-نەسیم وەبۆی چین، چنووری رووی هەرد
٤-صباح الخیر، دەماخی دڵ کەرد
٥-جەپرژەی شەونم، نەتۆی پەردەوە
٦-نەرگس مەس مەس چەم،وەڵاو کەردەوە
٧-سەوزە وستەن فەرش، ئەو چەمەن دەس دەس
٨-گوڵان جام وەدەس، بولبولان سەرمەس

-لێرەدا، (بەرزان) کۆیەو تاکەکەی (بەرز)ەو لێرەدا، مەبەست، شاخ‌و کێووکاوە، وشەی (هلال)یش، شێوە مانگە، کاتێ کە دوویان سێ شەوە، یان ماویەتی. وشەکە عارەبییەو لەکوردیدا، (دارێ داس)ی پێ دەوترێ.
-وشەی (تار) بۆ گیاندارە، (مەڕومالات، یان مرۆ) لەم حاڵەتەدا، هەرچی بێ هەر ئەوەیە، کە (تارە)و بەزۆر، یان بەنەزان، ڕێگای پێ وێڵ کراوەو ڕێی پێ ون کراوە.
-(وەروان)، کۆی (وەرو)ەو بەواتای (بەفر، وەفر، قەرو، وەرۆ) دێ‌و ئالێرەدا بۆیە، بەفر کۆ کراوەتەوە، چونکە ئالەوێ، بۆ چەندجارێ ، لەسەرەتای زستانەوە تاوەکو کۆتایی، چین، چین بەفر، لەسەریەکتریی باریوەو حاڵی حازریش، بەبۆنەی گەرمایی بەهارەوە، بەرەو توانەوەو نەمان، دەچێ.
-(قەرار)، وشەیەکی کاروانچیەکانە، کەبۆ کاروان، کەماوەیەکی دوورودرێژ لەڕێگادا، دەبێ ببڕن‌و ناوبەناویش، بۆ حەسانەوە، (قەرار) بگرن، یان لە رەو رابوەستن.
ئالەم دێرە هۆنراوەدا، دوو کاروکردەوەی (دژوار) روو بەڕوودەبنەوە، یەکێکیان، (مانگە)و ئەوی دیکەیان (وەروە). ئەگەرچی (مانگ) بەو نەمرییە، ڕێگای پێ وێڵ کراوەو بەفریش، بەو زوڵم‌و زۆرداریەیەوەو بەو مرداریەوەیە پشووی دواگیان دەدات‌و کەسیش ڕێگای پێ لێژناکات.
بەپێی بۆچوونی من، (مانگ) لێرەدا، مەولەوی خۆیەتی‌و (وەرو)یش، ساهەرکەس هەبێ، دەبێ بتوێتەوەو چونکە دەوری نەماو بەسەرچوو و دەبێ ببێ بەئاو، ئاویش بڕوا گوڵ‌و گوڵاڵەی شای بەهار ئاو بدات‌و مەی خوایی سروشتیی پێ بگەیەنێ، کە گوڵ‌و گوڵاڵەو بەری تۆوی دیکەیە تاوەکو گیاندارانی وەك بولبول، بێن‌و مەی خوایی بخۆنەوەو سەرخۆش‌و سەرمەستی دیوانی خوایی ببن‌و ئەویش (مانگ=مەولەویی) فێری وانەی خوایی‌و سروشتی بێ‌و بتوانێ، بەشێوەیەکی راستەوخۆ لاساییان، بکاتەوە.
با، پتر، کەرەسەکانی ئەم تابلۆیە، ڕۆشن بکەینەوە، تاوەکو بەئاسانی بگەینە ئەنجامەکەی.
-وشەی (غورە) عەرەبییەو وشەی (شار)یش، بەسێ چوار جۆرو واتا بەرچاو دەکەوێ‌و ئەوانیش، بەواتای (شهر)ی عەرەبی‌و بەواتای (بازێر=شار) لەکوردایەتی‌داو هەروەها، بەواتای (مەرز)، (گرەو)، گۆڵ، ئاوات، ئامانج، دێت.



دووریش نییه، کەوشەی (غورِه)و وشەی (خورِه) ئالوگۆڕێکیان نەکردبێ، بەتایبەتی ئەگەر هاتوو زانیمان وشەی(خورەو) ئاوازێکە، لەواتای دەنگی وشەوە وەرگیراوە، یان دارێژراوەو پتریش، بۆ دەنگی (ئاو)و دەنگی پرخەی هەناسە، بەکاردێت.

–وشەی (شۆڕ)، بەواتای (سوێر) و (ڕەوان) و (خوێوایی) و(تالّ) وەك (ریشە) بە واتای (پاکو کەر–شۆڕەر) دێت وشەی (شۆڕ)یش، بەواتای (بالاّ بەرزو لاوو جوان– بۆ ئافرەتو بۆسوار) بەکاردێت، هەروەها،بەواتای بەرگ (کراس، کەوا،پالتۆ)ی دەرەدامان دێ، پتر لەمەش، بەواتای (عوزر – مانگانەی ئافرەت) دێو جگە لەمەش، بەیەکێ (ئافرەت، پیاو) کە زۆر عاشقو سەکسی بێو لەپێناویدا، ئارامی لێ بڕابێ (لەکاتی لاویەتیو دلّداریی کردندا) دەوترێ.

لەلایەکی دیکەوە، بۆ شتێکی بەرەو خوارکراو، وەك فرەیزی ئیدیۆمی شۆڕکراوەتەوە، بەکار دەهێنرێت.

–نەسیم، بەواتای (شنەبا) دێتو (چنوور)یش، جۆرە گیایەکی بۆنخۆشی ناوچەکانی هەورامانە، کە پرچ دارەو گیایێ، لەسەرەوە تاخوارەوە سەوزوجوانو بۆنخۆشو شۆڕە لێرەدا، مەولەوی، (شنەبا)و (چنوور) وەك (دۆسو دلّ) یان لێ دەکات، کە رووبەڕووی یەك دەبنەوە، چنوور لەخۆشیدا، لارو لەنجەی بۆ دەکاتو بەیەکتریی‌و لەگەلّ یەکتریدا، رۆژ باش، یان (بەیانی باش) دەکەن.

–پرژە، ئەم وشەیە، لەروالّەتی ئاوازەو وەرگیراوەو واتاکەش دەنگییەو بۆ مرۆڤ، بەکارهێنراوە، لێرەدا، مەولەوی دەیکاتە دەنگی بارینی (شەونم)و دەیدا بە روومەتی پەردەی خەوالّوی بووکی نەرگسداو لەخەو هەلّی دەسێنێو چاوە مەستەکانی پێ دەکاتەوە.

–سەوزە، واتاکەی ئاساییەو بەگیا دەوترێو ئالێرەشدا، بەو گیا سەوزەیە دەوترێ کە دەشتەکانی، لێرەو لەوێ، وەك (فەرش، مافوور، قالّی، راخەر، ژێرەخەر..) رازاندووەتەوە، وەك بلّێیت، گوایا، شاییەو هەموو دەورووبەرێ، بەو بۆنەیەوە رازاوەتەوە.

ئالێرەدا، کێشەی شایی دێتە بەرەوەو ئەویش، بەم جۆرەیە:

–(گولّ)، بەواتای گولّێ دێ، کە بۆنداروو بۆنخۆش بێ، واتە، زۆرتر بەلای (ول)دا دەڕوات، کە ئەویش گولّی گولاّویی پێ دەوترێو ئەوەیە گولاّویی لێ دەگیرێو بۆنەکەشی زۆر لەبۆنەو بەبۆنەی دیینییەوە، بەکاردەهێنرێتو بەواتەی دێرین (ڤل–Vil)ی پێ دەوترێ، هەروەك (سهروردی)ش، بەوناوە بەکاری هێناوە.

-جام، وشەیەکە،کەلەدەمی دێرینماندا، بەواتای (ئاوێنە)، (جامی ئاو خواردنەوە)، (پەرداخ) (کراس دەرەدامان)،و بەواتای (وەرز)یش هاتووە.
-وشەکانی (دەس)و (بولبول)یش، ئاشنان، بەهەرمرۆڤی لەئێمە.
لێرەدا، چوواننەکە، بەم جۆرەیە:-
هەر گوڵێك، کە تۆ دەتەوێ لە بنەکەی (دارەکەی) بکەیتەوە،
بریبتیە، لە"
-(لاسک-کلکی گوڵ) کە مەولەوی پێی وتووە (دەست).
-تەختەکە (سەوزە) کە گەڵا رەنگامە بۆنخۆشەکان، لەسەری دادەنیشن، مەولەوی پێی وتووە (جام) یان (کاس)-(تویج-ع).
-گەڵا رەنگامەکان، بۆنخۆشەکان، کە لەزانینی کیشاوەرزیدا، (تویج-عارەبی)ی پێ دەوترێ، مەولەوی ناوی ناوە، (مەی).
-بولبول، ئەو کەسەیە، کە شەیدای بۆنی سروشتییەو بەو بۆنەیەوە، دێ، بۆلای گوڵو بەئاوازی خۆشەوە، دەست بەمەی خواردنەوە (کەبۆی ئامادەکراوە) دەکاتو مەست دەبێو سەرخۆش دەبێو خامۆش دەبێ.
مەولەویی، زۆر بەوردانەو بەهۆشی تەواوو گۆشەوە" هێزو توانـاو تێبینیی خۆی، یەکلاکردووەتەوەو تەرخانی بۆ ئەم دیمەنە" لەمانگی دەمەداسەوە، تاوەکو مەستی بولبول کردووەو یەکسەرە دەرسی لێوە، بەبێو یەك دوو وەردەگرێو بۆیە دەگاتە ئەوەی کە بڵێ:-

تابلۆی دووەم:
"مەنعم مەکەردێ، گرانەن دەردم
ئەو شێویابۆ، قافڵەی فەردم"
ئەم دوو دێرە هۆنراوەیەی مەولەوی، یەکەم جۆرە روونکردنەوەیەکە، کە مەولەوی بەهۆیەوە، دەیەوێ ئەوە دەربخات، کە ژێرەوی دەگۆرێتو بەم بۆنەیەوە، داوای ئەوە دەکات، کە کەس لۆمەی نەکاتو لەلایەکی دیکەشەوە دەیەوێ، بڵێ: کە ئیتر لەمەولا لەگەڵ ئەواندا، رێ ناکات.
-(مەنع)- وشەیەکی عارەبییەو بەواتای ئەوەدێ، کە وەك (رێگا لێگرتن) بگرێتەوە، یان دەیەوێ، بڵێ (لۆمە، سەرزەنشت، رێگام لێ مەگرن)م مەکەن، یان رەخنەم لێ مەگرن.
-(گران)، بەواتای (قورس، سەنگین، بەهێز، گەورە،..)دێ
-(دەرد) نەخۆشییەو وشەی دەردیش، بۆ نەخۆشییەك بەکاردێت، چارەسەرکردنی زۆرکەم بێ، یان زۆر نارەحەت بێ.
-(قافیە فەرد)- مەبەستی لە قافیەی گۆرانییەکەیەتی" کە هۆنراوەکەی بەردەستتەو کە بەرچاوی دەخات، کە چۆن قافیەکەیو ئاوازەکەیو رێرەوە دینییەکەیو سۆفیگەرییەتیەکەی گۆردراو چوونەتە چوارچێوەی ورێنەی مەستیی خواییەوەو ئەمەش درێژەی کێشاوە تا کۆتایی تابلۆی سێیەم.

تابلۆی سێیەم

مەولـەوی، ئـەم تابلۆیـە، بـەهاوار هـاوار، بەمەبەسـتی فریاکـەوتنو سـەرفرازکردن، دەسـتی پێکردووەو هاوارەکەی، وەك هـاواری یـەکێ وەهایـە، کـە لەدەریایەکدا گـیری خواردبێو بـەرەو خنکان بڕوا، یان یەکێك پیشان دەدات، کە لـەناو گڕی ئـاگردا، گـیری خواردبێو شـان بەشـانی ئەمـەش، هـۆی هاوارەکـانی بەئاشـکرا، بۆهـەموو لایـێ، دەردەخـاتو بـەئاوازی هۆنراوەکانیـشدا دیارە کە بەرەوگۆڕان چوونو ئەمەش، ئەم وەرگرتانەن:

"١–فەریاد، جەشۆرەی، ئەرزی چارەی من
٢–هەر سەوزەی موراد، من نادیارەن
٣–داد ج هەوای شووم، بەدستارەی من
٤–هەرنەو گولاڵەی، من نەپێوارەن"

بـەلای منـەوە، وەهایـە کـە مەولـەوی، بۆیـە ئـەم کۆپلەیـەی بەشـێوەی وڕێنـەی لەرزوتایـە، کـە ناوەڕۆکەکەی، جۆرە گلەییەکنو جۆرە رەخنەیەکن، دەردەخات، بۆ ئەوەی بڵێ:

–سەرمەستەو چووەتە وڕێنەی عیشقی خواییەوە
–گلەییەکانی نەمرنو بۆ مەبەستی دەرس لێوە وەرگرتن
–نامەیەکە، بۆ دۆستانو ئاشنایانی رێگەی سۆفیگەریەتیو دەست پێوەگرەکانیان
–دان نانە، بەنەزانینی خۆیدا، کە بووە بەهۆی رێگا پێ هەڵەکردنی.
–دان نانە، بەوەی کە هەرتەنیا سروشت، ئەتوانێ دەرسی راستەقینە دابدات.
–دان نانـە، بـەوەدا، کـە مـرۆ، بـەهۆی بـیری تیـژو بەڕاست رەوییـەوە، بـەکردەوەی راستیەوە ئەتوانێ بگاتە، ئەوەی کە دەیەوێ، نەك یەکێکی دیکـە دەتوانـێ بیگەیەنێتـە ئامـانج. مـن بۆیـە، بەم جۆرە لێکی ئەدەمـەوە، چونکە وشـەکانی خۆی، لەرستە زمانیەکەیدا کـە شـێوە زمـانی خانەگایە (خانەگای–پاوە) بەو جۆرە، واتا، بەدەستەوە دەدەن، بۆ وێنە:

لـەم چـوار دێـڕەدا، وشـەکانی (شـۆڕ)و (ئـەرز)و (چـارە)و (سـەوزە)و (شـووم)و (بەدسـتارە)و (گولاڵە)و (پێوار) هەن.

–(شۆڕ)، زەوییەکە، خوێاوییەو (تۆ)ی تیادا، سەوز (ناڕوێ) نابێ .
–(ئەرز) وشەیەکی عارەبییەو لەهەورامیدا، بۆ زەویی بەکاردێت.
–(چـارە)، کوردییـەکی دێرینـەو بـەواتای (شـانس، نگـین، بـەخت، ناوچـاوان، مـاڵ، هێلانـە، پشوو. . .دێت).
–(سەوزە)، بەواتای، کەوەرو کەرەوزو پونگە، بەرگەمێ دێت، هـەروەها، بـەواتای: (تـۆوی سـەر دەرهێناو– تازە رووا)،(شین بوو)، چیمەن، ئـافرەتی کـلاو شـیرین بـێ، مـام ناوەنـدیی لـەبالاو لەچـاخیداو رەنـگ مەیلـەو گـەنمی سـەوز)و (نـاوی گۆرانییـەکی ناوچـەی هەورامانـە)–لێـرەدا، مەولەوی مەبەستی تۆوەکەی عیشقی خوایی خۆیەتی، کە عاشقیەتیو پێی نەگەیشتووە.
–(شووم)، ناشانس، نەهات، بەدبەخت، نالەبار، هەرەس، بێچارە، چارەڕەش، بەرچـارە، کڵۆڵ، کرۆڵ، نێوان تێکدەر، ئاشوب نێرەرەوە ...هتد

هەروەها، بەواتای زەوییەك دێ، کە کێڵراوەو بەهیچ نەکراوە، یان بۆ وەرزی دووەم ئامادەکراوە، وەك کورد واتەنی یەژێت:

"قڕەو شوومی، نەك هێنو خەرمانی"

-(بەدستارە)+واتە، ئەستێرەی بەد، کە هەر واتای (شووم)ی تێدایە.

-(گولاڵە)، گوڵی گیاییەو لەگەڵ (سەوزە)دا، یەك دەگرنەوە، چونکە گولاڵە، (بەرە گوڵی) سەوزەیە.

-(پێوار). وشەیەکی کوردیی دێرینەو بەواتای، نەڕواو، سەوزنەبوو، شین نەبوو، لەبارچوو، لەپێکەوتوو، لەبارخراو، مرێنراو، لەناوبراوو.... سەرەتای ئەم چوار دێرە، بە هاوار دەست پێدەکات، ئەم جۆرە هاوارانە لەگەورەترینو بەدەستەڵاتترین کەس، هێز. دەکرێ! بۆ زۆرتر نزیککردنەوە، لەتێگەیشتن، خنکاو (نزیك بەخنکاو لەناو دەریادا) ئەم جۆرە هاوارانە دەکات!

زانایی‌و لێهاتوویی شاعیرو پسپۆڕیی لەهونەری شیعردا، ئالێرەدا، وێنەیەکی زۆرکەمی زۆر بەهێزمان پیشان دەداتو ئەویش، بەپێی بۆچوونی من، بەم جۆرەیە:

-ئەم چوار دێڕەی هاوارەو گلەییەکی زۆر بەتینو بەهێزنو رەخنەیەکە، کە تا ئێستە، هیچ شاعیرێ، نەیتوانیوە، بەو جۆرە، بەئاشکرایانە دەریخات، جگە لە شاعیری ئێرانی (خیام)و (کوفرە ئەحمەدی کورد)، لەگەڵ جیاوازییەکی زۆر گەورەدا، کە ئەم رەخنە لەخۆیو لەنەزانی خۆیو ناکارامەیی دەست پێوەگرەکەی خۆی دەگرێو ئەوانیش، لەگەورەترین هێزی سروشت، کە خوای مەزنە.

بەهەرحاڵ، ئەگەربێتو شاعیر رازی بێتو ئەم چوار دێڕە شیعرە وەها بییاننووسینەوە، کە یەکەمو سێیەمو دووەمو چوارەم پێکەوە بن، دەبینین واتا ناگۆڕێو کەلەبەر ناکەوێتە، ناو شیعرەکەوە (کۆپلەکە)، بەڵام، گلەییەکان لاواز دەبنو وەك، خورپەی دڵیان لێ دێ!!
واتە بەم جۆرەیان لێ بکرێت.

"١-فەریاد جەشۆرەی، ئەرزی چارەی من
٣-داد جەهەوای شووم، بەدستارەی من
٢-هەر سەوزە موراد، من نادیارەن
٤-هەر نەو گولاڵەی، من نەپێوارەن))

تابلۆی چوارەم:

لێرەدا، واتە، لەم هەنگاوە نوێیەی، مەولەویدا، گوورەی زیکری نوێ گێراوەو مەولەوی، خۆی وەك رابەری دینی، راستەوخۆ، لەخوای مەزن، بۆ مۆسیقاو بەسرودەوەو بەوێردەوە، بەو جۆرە سەرکردەی کوورە، زیکرەکە دەکاتو لەهەمان کاتیشدا، چاوەڕوانی رۆواندنێکی، تۆوی عیشقی خوایی نوێیەتی!!!

بەشێوەیەکی رۆشنتر، ئەم کۆپلەیە، بەم جۆرە دەست پێدەکات.

-یاوەلوەلەی دەف، جۆرە پاڕانەوەیەکی رۆحی سۆفیگەرییەتییە.

-دەروێش، لام وایە، واتای لای هەموان، رۆشنە

-جۆش، جۆرە کوڵاندنێکی رۆحییە، کە بەهۆی زیکرەوە، وێردەوە، مۆسیقاوە رۆحی زیکرکەر، وەك (تا)، دادەگرێو بەرەو مەستی رۆحی دەڕوات.

لەلایەکی دیکەوە، وشەی (جۆش)، بەواتای پەیوەست بوون، یان پێوە لکاندن‌و نووسان، بەجۆرێ، کە گرێیەکە جۆش بێ (لحیم)و ناڕەحەت لێك دەبنەوە.
هەروەها، بەواتای دۆست‌و دڵێکی زۆرخۆشەویست دێت، کە بەجۆرێ یەکتریان خۆش دەوێ، وەك جۆشیان پێکەوە خواردبێ وەهایەو هەرگیزیش، هیچ هێزێ نییە بتوانێ لەیەکترییان، جوێ بکاتەوە.
-وشەی سەمتوور، لێرەدا، وەك ئامێری مۆسیقا، بەرچاودەکەوێ، کە ئەمە لەلایەکەوە جۆرێکە لەنوێگەریەتی، چونکە زیکری سۆفیگەرییەتی، سەمتووری تێدا نییە، یان باوی نییە.
-مطرب، وشەکە عارەبییە، کەمەبەستی گۆرانیبێژەو لەئاڤێستادا (سرووش ڤاچ)ی پێ دەوترێ‌و ئالێرەدا، داوای لێ دەکرێ، کە بەخرۆشەوە (بەعیشقەوە= بەتاسەوە) ئەم بڵێ، یان بپارێتەوە.
دەنگی دەف‌و گۆرانیبێژو سەمتوور، کە ئەمانە، بەریشکی خۆشەویستی ئاشکران‌و جۆشی دڵداریی دەخرۆشێنن، یەکیان دەخات‌و وەك هارمۆنی کار، لەپێناوی سەوزبوونی تۆوی ئارەزووی ئامانجیدا،کە نزیك بوونەوەیە، لەخوای مەزن‌و بێ هاوتا، کە مەبەست لەکاری هارمۆنییەکە، گەلەکۆمەیەکە (بەشێوەی هەرەوەزیی ئەگەر بگونجێ) لەم پێناوەدا، کەوتوونەتە کارەوە.
بەهەرحاڵ، مەولەوی مەرەمۆ:
١-یا وەلوەلەی دەف، سادەروێش جۆشێ
٢-بەو سەدای ریشەی، دڵ ئاشناوە
٣-یاجۆش سەمتوور، مطرب خرۆشێ
٤- چەنی ئەودووفەرد، حەسرەت مەعناوە
٥-بەڵ سەوز بیۆ تۆم، ئارەزووەکەی دڵ
٦-های چەمە دەخیل، شەوێ شەونمێ
٧-بەڵ روو بنمانۆ، نەو نازك نەو گوڵ
٨-دەمە نەسیمێ، وادەی سوب دەمێ

مەولەوی، لەم پارچە هۆنراوەیەیدا، وێنەی رەنگاو رەنگی جوان‌و رازاوە، خەیاڵی بەپیت‌و گەلێ داهێنانی بۆچوونی نوێ، دەخاتە بەرچاوو بەردەست، کە مەگەر هەرتەنها بەهاریکاریی تی ڤی‌و ڤیدیۆو تابلۆکێش‌و ئاواز ژەنی جۆراو جۆر، بەو جۆرە، بتوانرێ، بەرهەمی وەهای بەپیت‌و بەبەر بخرێتە بەردەست.
مەولەوی، وەها لەبێگیان دەکات، کە گیانی تێ بکەوێت‌و وەها لە بێگیان دەکات کە گفتوگۆی پاراوو سوودبەخش، پێشکەش بکات، واتە، شتێ کە ناتوانێ بئاخەڤێ وەهای لێ دەکات کە بێتە گفتوگۆ کردن.
بەهەرحاڵ، ئەتوانین بڵێین، کە لەم هۆنراوەیەدا، خەیاڵی بەپیت‌و وێنەی رازاوەی دلگیر، بەشێکی هەرە گەورەیە، لەرەنگدانەوەی بیرەکەی‌و بۆچوونەکەی مەولەویدا.

–بۆ وێنە، بێگیان، وەك گیاندار دەخرێتە بەرچاوو پتریش لەوە، دەیخاتە، بەر مەینەتی دنیایی، بۆ وێنە وەك، (مانگ) کە بێ گیانەو وەهای لێ دەکات، کە وەك، مەڕێ، حەیوانێ، مرۆیێ، تارکراوەو بەزۆر ڕێگای پێ ون کراوە، یان پێی هەڵەکراوە، بەم بۆنەیەوە، مەولەوی یەژێ:

بەرزان هلال تار          وەران قەرارڤدا

–هەروەها بۆ هەمان وێنە، لەبەشی دووەمی ئەم دێڕە هۆنراوەیەدا، ئەوەمان بەرچاو دەکەوێ، کە (وەرو=بەفر– بەور= ڤەرە= وەرەوە،..) وەك (قافلە)ی کاروانی لێ دەکرێو والەوێ (قەرار)ی گرتووە، کە بەواتای پشوودان دێو ئەم زاراوەش، بۆ قافڵەی کاروان بەکاردێت، کاتێ کە لەکارواندا بێو ماندووبێ و پێویستی بە پشوودانە

–شنەباو چنوور، وەهایان لێهاتووە، کە وەك دۆستو دڵ وەهان، (بەیانی باش) لەیەکتریی دەکەن، وەك دەڵێ:

"نەسیم وە بۆی چین، چنووری رووی هەرد
سوب (صباح الخیر) ، دەماخی دڵ کەرد"

–شەونمو نەرگس، وەك بووك و زاوایان لێکراوەو کەروویان روو بەڕووی یەکتریی دەبێتەوە، چاویان دەکرێتەوەو گەش دەبنەوە، بۆ وێنە،

جە پرژەی شەونم، نەتۆی پەردەمە
نەرگس مەس مەس چەم، وەڵاو کەردەوە.

–گوڵ، وەهای لێکراوە، وەك ئافرەتی جوانی ساقی (مەی گێڕ) پەرداخێ مەی بەدەستەوە بگرێو ئامادەبێ بەدەستیەوە، تاوە، بولبول، کە عاشقیەتی بێتو بیدا بەدەستیەوە، بۆ ئەوەی سەرخۆشی بکات، بۆ وێنە:

گوڵان، جام وەدەس، بولبوڵان سەرمەس"

–گوڵاڵە، وەها لێدەکات، کەوەك گیانداریێ، بەڵام گیانی لێسەندارێ، یان فرێندانێ، یان خنکێنرابێ، بۆ وێنە دەڵێت:

هەر ئەو گوڵاڵەی، من نەپێوارەن"

لەبارەی چوواندنی دووشت بەیەکتریی.

لێرەدا، مەولەوی، (قافیەی فەرد) کە بە واتای قافیەی هۆنراوە دێت، دەیچوێنێتە وشەی (توزان–عارەبی)، یان، مەستی، یان بە تاگرتوو، کە چۆن یەکێ (تا) گرتی، دەس بەوڕێنە کردن دەکات، یان مەست بێ، گۆیەکەی ڕێڕەوی نامێنێ، یان ڕێگایەکی دیکە بگرێتەبەر، کە ڕێگای جارانی نەبێ.

بۆ وێنە، دەڵێت:

"مەنعم مەکەردێ، گرانەن دەردم
ئەرشێویا بۆ، قافیەی فەردم"

–مەولەوی (چارە) کە لێرەدا، بەواتای (شانس=بەخت، ناوچاوان،...) دێت، چوواندویەتی بە زەوییەك، کە لەبەر (شۆر)ی، تۆو سەوز ناکات، بەم بۆنەیە دەڵێ:

فەریاد جەشۆرەی ، ئەرزی چارەی من
هەر سەوزەی موراد، من نادیارەن!

# شکسپیر و شانۆکاری

و: لەئینگلیزیەوە/ ساکار عبدالله



گەر باس لە شکسپیر بکەین و بەراوردی بکەین بە شانۆنامەی هەر نوسەرێکی تری ئەو سەردەمە ، ئەتوانین بڵێین ، شانۆنامەکانی شکسپیر تایبەتمەندێتی پێوە دیارە، چونکە لەو سەردەمەدا شکسپیر شانۆنامەکانی لە ڕوانگەی ئاینییەوە سەرچاوەی دەگرت ، ئەمەش لە چوارچێوەی ئەو گوتارە ئاینیانە بەدەر نەبوو کە لە کەنیسەکان بە خەڵك ڕادەگەیەنرا ، شانۆییەکانی شکسپیریش ڕەنگدانەوەی ئەم واقیعە بوو ، لەو سەردەمەدا بابەتی شانۆییەکان لە کتێبە ئاینیەیەکان بە تایبەتی لە ئینجیل وەردەگیرا ، وەکو حەقیقەتێکی چەسپاو نمایش دەکرا بێ ئەوەی نوسەر هیچ هەڵوێستێك دەربارەی بابەتەکە دەربڕێت ، پاشان بیروڕاکان گۆڕانیان بەسەردا هاتوو بزوتنەوەی زانستیو فکری وا سەری هەڵدا کە هەموو ئەوروپای گرتەوە ، خەڵکان بەرەو هوشیاری و داهێنانی فیکری تازە چوون کە ئەمە وای کرد زۆر لە کەلتوورە کۆنەکان پاشگەز بکاتەوە ، خەڵك لە هۆی ئەو دیاردە گەردوونیو ئاینیو کۆمەڵایەتیانە کەوتنە گومان کە ئەوکاتە لە چوارچێوەیەکی دیاری کراوی پیرۆزدا لێك ئەدرایەوە ، چونکە لە ڕووی کۆمەڵایەتیو سیاسیەوە تەواوی ژیانو هەڵسوکەوتی مرۆڤ و ڕەوتی ڕووداوەکانی ناو کۆمەڵگاو مەسەلەی دەسەڵات بە پێی قەناعەتی ئەوسا کەوتبووە ژێر

کاریگەرێتی دیاردە ئایینی و گەردوونییەکانەوە ، ئەم وەرچەرخاندنە زانستییە زۆر کاری کردە سەر بیروباوەڕی خەڵك بەرامبەر بە دیاردە گەردوونی‌و کۆمەڵایەتی‌و ئاینییەکان ، جۆرە ئازادیەك هاتە کایەوە بیروڕای جیا جیا دەربارەی ئایین‌و ژیان‌و کۆمەڵ‌و سەربەستی دەردەبڕا .

ئەمانە هەمووی لە شانۆ نامەکانی شکسپیردا دەنگی دایەوە ، شانۆش دەرگایەك بوو لەوێوە خەڵکی بەریتانیا بەتایبەتی چینی مام ناوەندی کۆمەڵ (MIDDLE CLASE) کە زۆرینەی خەڵك بوون ئەم گۆڕانکاریانەیان ئەدی ، دیارە پابەند بوونی شکسپیر بە دیوی ناوەوەی مرۆڤ ، بە ئەندێشەو ئازارەکانی مرۆڤ ئەوپەڕی جیهان بینییە لەلای شکسپیر، لەم ڕووەشەوە کاریگەرێتی شکسپیر تا ئێستاش بەسەر نوسەرەکانی ڕۆژئاواو ڕۆژهەڵاتەوە دیارە.

گەر بە ووردی بڕوانینە جۆریەی دراماکانی شکسپیر ، ولیام شکسپیر تەنها بە جۆرێکی تایبەت درامای نەئەنوسی ، بەڵکو دراماکانی شێوەی جیاوازو جۆراو جۆری هەبوو کە هەندێکیان کۆمیدی بوون‌و هەندێکیان تراژیدی و هەندێك جاریش لەپاڵ شانۆییە تراژیدیەکاندا دیمەنی کۆمیدی لەخۆ دەگرت واتە (TRAGIC COMED) کە ئەتوانرێ بە جۆری سێیەمی نوسینی دراماکانی دابنرێ .

شکسپیر لەو شانۆنامانەی کە لەماوەی ژیانیدا نوسیبوونی هێندە بە ووردی باسی داب‌و نەریت‌و چین‌و توێژە کۆمەڵایەتییەکانی ئەو شوێنانە دەکات کە ڕۆمانییەکان یان گریکەکانی تێدا ژیاوە، کە مرۆڤ وا هەست ئەکات کە شکسپیر خۆی لەوێ ژیاوە ، ئەوەتا لە شانۆنامەی بازرگانی ڤینیسیا (THER MERCHANT OF VENICE) کە لە مێژووی کۆنی ئیتالییەکان وەرگیراوە ، هێندە بە ووردی نەریتە کۆمەڵایەتییەکان دەخاتە ڕوو کە هەندێ لە ڕەخنەگران بە دووری نازانن شکسپیر ئیتالیای دیبێ ، ئەگەر نەشی دیبێ ڕەنگە زۆر شتی هەر لە دۆست‌و برادەرەکانی وەرگرتبێت کە ئەو کاتە وەکو ئەکتەر کاریان لەگەڵ کردووە ، باوکی لۆنسیلۆت (Louncelot) لە شانۆ نامەی ڤینیسیا دەچێتە شار تا سەردانی لۆنسیلۆتی کوڕی بکات کە خزمەتکاری شایلۆك بوو ، لەگەڵ خۆی گۆشتی کۆتر وەك دیاریەك بۆ شایلۆك دەبات ، ئەمە نەریتێکی ڤنیسییەکان بوو شکسپیر بەکاری هێنا ، لەلایەکی ترەوە تاکە هاندەر کەوای لە شکسپیر کرد شانۆنامەی (Macbeth) بنوسێت لایەنە خورافییەکەی بوو کە زۆر سەرنجی ئینگلیزەکانی ڕادەکێشا و چێژیان لێ وەردەگرت ، تەنانەت پاشای بەریتانیا جیمس ی یەکەم یەکێك بووە لەوانەی باوەڕی تەواوی بە ئەفسون و ئەفسونبازان هەبووە و زۆر حەزی لە ئەفسانە هەبووە ، هەندێك جار شکسپیر ئەم لایەنەی بەکار هێناوە بێ ئەوەی لە چیرۆکە مێژووییەکەیدا هەبێت .

شکسپیر هیچ دیمەنێکی دانەڕشتووە کە ناوەڕۆکی هونەری و مرۆڤایەتی نەبێت ، دیمەنی تارماییەکەی هاملێت (hamlet) بانگەواز بوو بۆ جێ بەجێ کردنی عەدالەت ، بۆ بەرگری لە ڕاستی و وەفاداری ، تارمایی باوکی هاملێت ، هاملێت خۆیەتی ، ئەو گومانەیە کە هەموو دەروونی هاملێتی داگیر کردبوو ، مێشکی پێوە جەڕاندبوو ، ئەو گومانە بووە تارمایی و تەماشاکەر یان خوێنەر بەهۆی ئەو تارماییەوە دیوی ناوەوەی هاملێتی خوێندەوە .

لەناو شانۆنامەکانی شکسپیردا، هەندێکیان دەربارەی مێژووی ڕۆمانییەکانە و هەندێکیشیان دەربارەی گریکییەکانە ، بەڵام ئەگەر بەرهەمەکانی شکسپیر بخوێنینەوە هەست دەکەی کە ئەم

نوسەرە زیاتر لە ژێر کاریگەری بابەتە ڕۆمانییەکاندایە نەك گریکییەکان ، چونکە لە سەردەمی (ڕێنیسانس)دا کتێبە لاتینییەکان زووتر وەرگێڕدرانە سەر زمانی ئینگلیزی و فەرەنسی، شکسپیر وەکو زۆربەی مێژوو نوسەکان باسی لێوە دەکان ، لەهەردوو زمانی لاتینیو فەرەنسیدا زۆر بە توانا نەبووە ، بۆیە بابەتی ئەو شانۆنامانەی کە باسی ڕۆمانییەکان یان گریکییەکان دەکات ڕاستەوخۆ لە سەرچاوە مێژوویەکەیەوە وەری نەگرتووە ، ئەگەر چی شکسپیر ڕاستییە مێژوویەکانی پاراستووە بەڵام کارئەکتەرانی بەپێی لێکدانەوە و باری سەرنجی تایبەتی خۆی گۆڕیوە ، بۆ نموونە : کارئەکتەری _ ئینوبەرباس (Enoberbus) لە شانۆنامەی

(ئەنتۆنی کلیۆپاترا) (Antony and Cleopatra)

یەکێك لە توخمە هەرە گرنگەکانی شانۆنامە زەمەنە ، کە شکسپیر شانۆنامەیەکی لە مەڕ کەسێکەوە دەنوسی ، هەرچی ڕووداوێك کە پەیوەندی بە کەسایەتی ئەو کەسەوە هەبوو هەڵی دەبژارد و ئەوانی تری وەلادەنا ، بێجگە لەوەش ئەگەر زەمەنی نێوان دوو ڕوداو لە مێژوودا دە ساڵ بووبێت لەسەر شانۆ وەك دوو ڕۆژ وایە ، لە نێوان ئەو دوو ڕوداوەشدا چەندەها ڕووداوی تریش لە مێژوودا هەبوو کە پەیوەندیان بە هەمان کەسەوە هەیە بەڵام شکسپیر باسیان لیوە ناکات چونکە لە ڕەوتی کارە درامیەکەوە پێویستی پێیان نییە ، لە جێگای ئەمان هەندێك دیمەنی کۆمیدی دەخاتە پاڵ ، وەك لە سەرەتای ئەم باسەدا ئاماژەم بۆ کرد ، شکسپیر شانۆنامەی زۆر نوسیوە و تەنانەت لە شانۆنامە تراژیدیەکانیشیدا لایەنی کۆمیدی فەرامۆش نەکردووە ، وەك کەسایەتی گێلە (The Fool) لە شانۆنامەی لیر پاشا (King Lear) باشترین نموونەیە لەم ڕووەوە ، ئەم حاڵەتە هەروەك لە فیلمە سینەماییەکانی ئێستاشدا بەدی دەکرێت ، دەرهێنەر لە نێوان ڕووداوەکاندا هەندێك حاڵەتی کۆمیدی دەخاتە ڕوو تەنها بۆ ئەوەی خەڵك بێزار نەبێت و چێژ وەربگرێت .

لە هەر چوار شانۆنامەکەی شکسپیردا :-

هاملێت (Hamlet) ، ئۆتێلۆ (Othello) ، ماکبەس (Macbeth) ، لیر پاشا (King Lear) .

بارودۆخی پاڵەوانەکان ڕێگا خۆشکەرن بۆ هەر هەڵەیەك کە جێگای مەترسی بێت بۆ پاڵەوانەکە و ڕووداوی تراژیدی لێ بکەوێتەوە .

ماکبەس چاوی بڕیوەتە پلەو پایە و شۆرەت (He was too ambitious)

ئۆتێلۆ لەناو ئیرەیی و بەغیلیدا تواوەتەوە (He was jealous)

شایلەر نەیتوانی خۆی ببێتە ڕابەری خۆی .

هاملێت لە ڕادە بەدەر بیری دەکردەوە تا وای لێهات تووشی دڵە ڕاوکێ بوو .

(He thought too much)

شکسپیر سوودی لەم لایەنە لاوازانەی ئەم پاڵاوانانە وەرگرتووە و لە ڕێگای دیالۆگی بەهێز و هەڵسوکەوتەکان و خۆ دواندندا هەڵەو ئاکامی هەڵەکان لە ڕووی سایکۆلۆژییەوە شی دەکاتەوە، هەروەها ڕۆڵی چارەنوسیش دەردەخات .

ئەگەر سەیری چوار شانۆنامە کۆمیدییەکەی بکەین وەك :

Twelfth night , As you like it , Much ado about nothing , Amid summer night's dream.

دەبینین شکسپیر لەم بابەتانەدا کۆمیدییەکی وەهای بەکار هێناوە کە خەڵك و بینەرانی ئەو سەردەمەی سەرسام کردووە ، خەڵك ئەو سەردەمە چێژێکی زۆریان لێ وەرگرتووە ، بەڵام گەر سەیری ناوەڕۆکی ئەم شانۆنامە کۆمیدیانە بکەین دەبینین تەواوی زانیاری خۆی لە پاڵ زانیارییە مێژووییەکانو ئەو سەردەمەی کە تیایدا ژیاوە تێکەڵ کردووە ، هەروەها جۆرە کەسایەتییەکی داوە بە کارەکتەرەکان کە لە کۆتایی شانۆنامەکەدا وا لە خەڵکی ئەگەیەنێت کە کارەکتەرەکان نامرن و لەناوناچن و لەناو کۆمیدیاکەی خۆیاندا بە بەختەوەری بەردەوام دەبن لە ژیان ، بە پێچەوانەی شانۆنامە تراژیدیەکانی کە لە کۆتاییدا دەبینین بە تراژیدیایەکی قورس تەواو دەبێت کە هەمیشە ترسێکی گەورە لە دڵی بینەراندا دروست دەکات بۆ نموونە کارەکتەری (orsino) لە شانۆنامەی (Twelfth night) باوەڕی وابووە کە لە خۆشەویستییەکی گەورەدا دەژی لەکاتێکدا وانەبوو ، واتە فکرەیەکی زۆر کەمو سادەی هەبوو دەربارەی ئەو خۆشەویستییەی ئەو حەزی لێی بوو ، هەروەها سەرکەوتوو نەبوو لەو بیروباوەڕانەی بەرامبەر خەڵکانی دەوروبەری هەیبوو .گەر شانۆنامەی (Twelfth night) بەراورد بکەین بە شانۆی (King Lear) دەبینین :– (orsino) لە کۆتایی (Twelfth night)دا شادومان دەبێت و ئەگات بەو خۆشەویستییەی کە خۆی مەبەستیەتی ، بەڵام لیر پاشا لە کۆتایی (King Lear)دا لە چوارچێوەی مردنێکی ترسناکدا دەبینرێتەوە ، بەهەمان شێوەی ئەوانی تریش .

شکسپیر هەندێك شانۆنامەی تری نوسیوە لە ماوەی سالانی ١٦٠٨ – ١٦١١ کە جیاوازن لە شانۆنامە کۆمیدیەکانی ماوەی سالانی ١٥٩٠ – ١٦٠٠ بەوەی کە توانیویەتی هەندێك کێشەی قورسو گران بخاتە ناو شانۆنامەکان و لەو کێشانە قوڵ بێتەوە بە شێوەیەك کە تا دوا ئەندازە بینەران بجوڵێنێت و وایان لێ بکات بە پەرۆش بن بۆ بینینی کۆتایی ئەم کێشانە و چارەسەرکردنیان ، وەك شانۆنامەی :–

( Troilus and cressida ) ( All's well that ends ) ( Measure for Measure )

دەبینین هەریەك لەو سێ شانۆنامانە بە تراژیدی دەست پێ ئەکەن و پاشان ئەو کێشانە زۆر بە زەقی تیایاندا دەردەکەوێت ، کە ڕەخنەگری بەناوبانگ سینکاڵ (Cynical) ئەم کێشانەی ناونابوو کێشە کۆمیدییەکان (problem comedies) چونکە هەمیشە کۆتایی ئەو کێشانە بە کۆمیدیا کۆتایی دەهات .


لە ئامادەکردن و وەرگێرانی ئەم بابەتە سوودم لەم سەرچاوانە وەرگرتووە :–

Internet .

Macbeth – new swan Shakespeare advanced series 1979 .

Othelle – new swan Shakespeare advanced series 1979 .

Hamlet - Shakespeare advanced series 1970.

King Lear – peof.w.Turner – Rom – Nagar – New Delhi -1970

# بۆدلێر

# ئەو شاعیرەی ژیانی کردە قوربانی شیعر

ئامادەکردنی: ئارام سدیق

**ئەوروپا وەکو سەرچاوەی زۆرێك لە ڕێباز و قوتابخانە ئەدەبی و هونەریەکان و بوونی** سەدان نوسەرو فەیلەسوف لە هەموو بوارەکانی مەعریفەدا، کەئەم نووسەر و فەیلەسوفانە هەمیشە چاوگەی نوێگەری ئەقڵی مرۆڤی ئەوروپی بوون . یەکێك لەو وڵاتانەی خاوەنی دەیان نووسەرو فەیلەسوف و دەنگی جیهانییە لە سەرجەم بوارەکانی رۆشنبیریدا فەرەنسایە کە خاوەنی "بۆدلێر"ی داهێنەر نوێگەری شیعر و پەخشانەشیعری ئەوروپییە و سەدای ئەم نوسەرە ئەدەبی فەرەنسای بە جیهان ناساند و توانی فۆرمێکی نوێ لە شیعری هاوچەرخدا بێنێتە بوون، ئەم نوسینە هەوڵێکە بۆ ناساندنی دنیا بینی شیعری لای بۆدلێرو ئەزموونە دەوڵەمەندەکەی:

## ژیاننامەی شارل بۆدلێر

شاعیر و داهێنەری فەرەنسی شارل بۆدلێر لە(٩)ی نیسانی ساڵی(١٨٢١)لە شەقامی(١٣)ئۆن نوی دێتە دنیاوە، کوڕی یوسف فرانسوا لە ساڵی(١٨٢٧)داو لە تەمەنی(٦٦)ساڵیدا دەمرێت، بەهۆی ئەوەی دایکی (٢٤)ساڵ لە باوکی منداڵتر دەبێت لە ساڵی(١٨٢٨)دا شوو دەکاتەوە، ساڵی(١٨٣١)خێزانەکەیان دەچن بۆ (لیۆن)و لەوێ دەژین، ساڵی(١٨٣٦)دەگەڕێنەوە بۆ پاریس و بۆدلێر دەچێتە قوتابخانە بۆ خوێندنی قۆناغی ناوەندی، ساڵی(١٨٣٧)خەڵاتی دووەمی شیعری لاتینی وەردەگرێت، لە ساڵی(١٨٣٨)لەگەڵ تۆپیك بۆ سەفەرێك دەچێت، ساڵی(١٨٣٩)لە کۆلێژ فەسڵ دەکرێت و ساڵی دواتر لەگەڵ(بەلزاك) یەکتری دەناسن، ساڵی دواتریش باوەپیارەکەی بە کارێکی زۆرەملێ دەینێرێت بۆ دەریەندی(رأس رجاء الصالح)و دوورگەی(مۆریشیۆس)لە هەمان ساڵدا لە میراتی باوکی(٧٥٠٠٠)فرەنکی دەدرێتی لە دوورگەی(سان لۆی)خانوویەك بەکرێ دەگرێ و هاوڕێیەتی لەگەڵ(ژان دۆڤان) پەیدا دەکات، ساڵی(١٨٤٢)بۆ دلێر دەست بەنوسینی شیعر دەکات و لەگەڵ(گۆتە و ڤیکتۆر هۆگۆ و سانت بیف)ئاشنایەتی پەیدا دەکات. لە ساڵی(١٨٤٥)هەوڵی خۆکوشتن دەدات، بەڵام سەرکەو توو نابێت.

لە ساڵی(١٨٤٦–١٨٤٧)دا هەردوو چیرۆکی(ساحیرە بچکۆلانەکە)و(لافانغارۆ) بڵاو دەکاتەوە و هەر لەساڵی(١٨٤٧)دا بەرهەمەکانی "ئەدگار ئالان پۆ" دەخوێنێتەوە دواتر لە ساڵانی(١٨٤٥–١٨٥٩)بۆ چوونە ئیستاتیکییەکانی خۆی دەنوسێت کە پاش مردنی بڵاو دەبێتەوە، ئەم بۆ چوونانەی بۆ دلێر دژی رۆمانسیزمن و سمبولیستەکان و پەرناسەکان سودی لێ دەبینن بۆ پرەنسیپەکانی خۆیان چەند ساڵێ دواتر چیرۆکەکانی "کتێبی مێژووی" ئالان پۆ وەردەگێڕێت و بڵاوی دەکاتەوە و ساڵی(١٨٥٦)وەکو کتێبێك چاپی دەکات و لە هەمان ساڵدا دیوانی بەناوبانگی "گوڵی خراپە" بڵاو دەکاتەوە. لە ساڵی(١٨٥٩–١٨٦٠)کتێبی "بەهەشتە

دروستکراوەکان"بڵاو دەکاتەوە، هەروەها لە ساڵی(١٨٦١)چاپی دووەمی دیوانی گوڵی گوڵی خراپە لەگەڵ(٣٥)قەسیدەی تر بڵاو دەکاتەوە. لە هەمان کاتدا چەندین وتارو لێکۆڵینەوەی ئەدەبی لەسەر(فلۆبێر و هۆگۆ و گۆتە)بڵاو دەکاتەوە لەگەڵ چەند وتارێکی رەخنەیی لەسەر هونەری وێنە کێشان دەربارەی(دێلا کرا و فاغنەر و تانهاوەن). ساڵی دواتر توشی گێژبوونێکی سەخت دەبێت، ساڵانی(١٨٦٤–١٨٦٦)دەچێتە پاریس بۆ وتنەوەی چەند محازەرەیەك و توشی بێهودەیی دەبێت و لەو سەفەرە شکست دێنێ و دواتر توشی لەرزینی عەصاب دەبێت، بەڵام ئەوەندەی پێناچێ چاك دەبێتەوە و لەگەڵ دایکی دەگەڕێتەوە بۆ پاریس و دواتر لە نەخۆشخانە دەکەوێت تا دواجار لە(٣١)ی ئابی(١٨٦٧)دا دڵی لە لێدان دەکەوێت و رۆژی(٢)ی ئەیلوول لەگۆڕستانی"مونبارناس" بە خاك دەسپێردرێت.




## بۆ دلێر و گوڵی خراپە

گومان لەوە ناکرێ کە شاعیری ناسراوی فەرەنسا بۆدلێر بەپێشەوا و باوکی نوێگەری شیعری فەرەنسی دادەنرێت و توانی لە رێی شیعریەکانیەوە ژیان بەرەو شارستانی بوون بەرێت ئەو دەیگوت: هەموو ئەدەبیاتێك لە گوناهەوە سەرچاوە دەگرێت، یان دەیگوت جوانی پێویستە هەمیشە نامۆ و سەرسوڕهێنەر بێت، رەنگە هەر ئەم رایەی خوی ئەوی گەیاندبێتە ئەو دنیایەی بەرەو ئەفراندنی باڵا رێبکات ببێتە پردێك لە نێوان هەردوو رێبازی پەڕناس و سیمبولیستەکاندا و پەیرەو کارانی هەردوو رێبازەکە سودیان لە جیهانبینی شیعری ئەو وەرگرت، بەڵام لە هەموو حاڵەتێکدا، تۆوی رێبازی سومبولیزم لە شیعری بۆدلێردا چەکەرەی کرد و رەنگدانەوەی

بەرچاوتری هەبووە و شیعرەکانی هێمایی و ئاهەنگاوین مۆسیقای ناوەوەیان تێدا باڵا دەستە، کە پەڵەیەك لە تەوژمی هێمادار و نائاشکرایی ورووژێن و رەزمی شیرین دەیان چێنێت.(گۆتە)پەنجەی بۆ رەگەزەکانی نوێکاری و تایبەتمەندی هونەری لە دێرە شیعرەکانی بۆدلێردا راشکاوە و دەڵێت(ئەگەرچی لە سێبەری رۆمانتیکی دەربازنەبووە،بەڵام دەنگی تایبەتی و نهێنی هونەری و دارشتنی ناسراوی خۆی هەیە). ئەمەش دەمانگەیەنێتە ئەو رایەی شیعر لای بۆدلێر لە هەموو رەگەزەکانی شیعریەتدا لە ئاستێکی باڵادا بووە.، هەروەها هەندێ لە رەخنەگران پێیانوایە بۆدلێر دوایین شاعیری رۆمانسیەکانە، بەڵام بۆدلێر سەربە هیچکام لەو رێبازانە نییە و دامەزرێنەری هەمووشیانە؟!چونکە تاسەر لەسەر هیچ کام لەو رێبازانە بەردەوام بوو.

بۆدلێر پاش بڵاوکردنەوەی دیوانی"گوڵی خراپە" توشی توندترین ئازاری دەروونی بوویەوە لەلایەن هاوڵاتیانەوە ناو دەبرا بە"شاعیرە نەفرەتیەکە" و دیوانەکەشی بە" نا ئەخلاقی" ناوزەندکرا و بەمەش ژیانی تایبەتی خۆی کردە قوربانی شیعر و بۆ بەرزراگرتنی بەردەوامی دایە نوسین تا شیعری جوانتر بنوسێت، هەرسەبارەت بەهەمان دیوان(پۆڵ ڤالێری) گەورە شاعیری فەرەنسی دەڵێت: شیعرەکانی بۆدلێر هەموویان پڕمانا و پڕچێژن، بەڵام ئەم دیوانەی(مەبەستم گوڵی خراپەیە)زۆر گەورەیەو هێندەی گەورەی رێزی لێنراوە، چونکە کارێکی ئەدەبی وەهایە کە هاوتای نییە لە ئەدەبی فەرەنسیدا. هەر سەبارەت بەم دیوانە ڤیکتۆر هۆگۆ دەڵێت" کارێکی هێندە مەزن بوو کە ئەدەبی فەرەنسی توانی لە رێیەوە بناسرێت، هەر ئەم دیوانە توانی کاریگەری زۆر بکاتە سەر شاعیران(ڤێرلین، مالارمێ، رامبۆ)و ئەم کاریگەریەش بەتەواوی بەسەر رونیای شیعریانەوە دیارە، ئەمە جگە لەوە ئەگەر بە وردی لە فۆرم و ئیلهامەکانیش بکۆڵیتەوە ئەوە هەستی پێدەکەیت. لەلایەکی ترەوە شاعیر و رەخنەگرانی فەڕەنسا و جیهان هەموویان لەسەر ئەو رایە کۆکن کەدیوانی(گوڵی خراپە)ی بۆدلێر سەرەتای نوێخوازییە و بەیانی یەکەمی شیعری نوێیە تاکو ئێستاش شۆڕشێکە بە هۆی جوانی نوێ و زمانەکەیەوە دەخوێنرێتەوە، کە"ئیفابونفوا" بە شێخی شیعری نوێی فەرەنسی دادەنێ و جەخت لەسەر پێشڕەوایەتی ئەم شاعیرە دەکاتەوە و هەردەم لە پێشکەوتن و پەرەسەندنایە تا هێشتا پایەی مەزنایەتی لەدەست نەداوە، هەرەها دەڵێ" ئەگەر قەسیدەکانی پەنجەرەیەك بن بۆ چوونە ناو شیعری نوێ، ئەوا پەخشانەکانی دەروازەیەکن بۆ چوونە ناو نوێخوازییەوە.

هەروەها زۆرێك لە رەخنەگران ئەم شاعیرە بە"باوکی مۆدێرنێتە" یان بەخولقێنەری مۆدێرنێتەی جوانناسی لە هونەردا دادانێن، هەر لەم بارەیەوە(دەیڤد هارۆی)پێیوایە بۆدلێر یەکەم کەسێ بوو کە وتارە گرنگەکەی خۆی(شێوە کاری ژیانی مۆدێرن)لەساڵی(١٨٦٣)لە چەند رستەی تایبەتدا مۆدێرنێتەی پێناسە کردووە و لە راستیدا بەرێزەوە وتویەتی" مۆدێرنێتە چەشنی گواستنەوە و تێپەرینە، بزوتنەوەیەکی بێ گرێ و کورت خایەن و مەرجدارە، نیوەی هونەرە و نیوەکەی تری هەرمانە و کۆتا و نەگۆڕە.

بۆدلێر لەگەڵ ئەوەی هەوڵی ئەدا نەچێتە ژێر کایگەری هیچکام لە(مالارتین و ڤیکتۆر هۆگۆ و مۆرسێی)وە، بەڵام ویستی شاعیرێکی گەورە و خاوەن جیهانێکی تایبەتی شیعر و پەخشانە شیعر بێت، بەڵام نەیتوانی لەژێر کاریگەری ڤیکتۆر هۆگۆ دەرچێت و لە بارەیەوە لە پێشەکی

گوڵی خراپەدا دەنوسیّ" شاعیرە گەورەکان دەمێکە رووبەر وکایەی شیعریان بەش کردووە، لەبەر ئەوە من بەکارێکی تر هەڵدەستم.
بۆدلێر چاکە تاقی دەکاتەوە و دەیەویّ لە ناو فەزیلەتدا ئارامی بۆ ئەو رۆحە کلۆڵەی بدۆزێتەوە، دەیەویّ چەپکیّ تیشکی یەزدان بچێنێت و تەڕابیەك بداتە ئەو جەستە وشکەی دوور لە ئەڤینێکی راستەقینە دەژاکێت. ئەو دەیویست لە مۆلەق نزیك بێتەوە، بەڵام هەمیشە چاکە دەبێتە ملۆزمێك و سواری ئەستۆی دەبێت و دەیداتە زەویدا، هەرچەندە بۆدلێر سەر بە ترادسیۆنێکی شیعری کلاسیکە واتە لە چوارچێوەی شکڵیەکەیدا شیعر دەنوسێت لەسەر کێشی ئەسکەندەر (کە لە دوانزە بڕگە پێکدێت لەسەدەی دوانزەهەمەوە پەیڕەو دەکرێت، لەسەدەی پانزەهەمەوە بە ئەسکەندەر دەناسرێتەوە)، بەڵام نوێگەرییەکی تەواو لە شیعرەکانیدا دەبینرێت.



ڤیکتۆر هۆگۆ

## بۆدلێر و ڤیکتۆر هۆگۆ

بۆدلێر لەگەڵ ئەوەی زۆر هەوڵیداوە لە ژێر کاریگەری ئەدیبان و شاعیراندا خۆی قوتار بکات، بەڵام نەیتوانیوە بە شێوەیەکی تەواو لەو کاریگەریانە خۆی بپارێزێت، بەڵام راستیەکی حاشا هەڵنەگر هەیە کە هەموو بەرهەمێکی ئەدەبی ئەگەرچی داهێنانی زۆریشی تێدا بێت، ئەوا لە کاریگەری دەقەکانی پێش خۆی بەدەر نییە، بێگومان بۆدلێریش لە کاریگەری ڤیکتۆر هۆگۆ و ئەدگار ئالان پۆ بەدەر نەبووە بە تایبەتیش چیرۆکەکانی ئالان پۆ کاریگەرییەکی زۆری لەسەر بەخشانەکانی هەبووە و هەر ئەویش (واتە بۆدلێر) یەکەمجار چیرۆکەکانی ئالان پۆی وەرگێڕایە سەر زمانی فەرەنسی.
لەلایەکی ترەوە بۆدلێر زۆر سەرسام بوو بە بەرهەمەکانی ڤیکتۆر هۆگۆ و لەهەمان کاتیشدا هۆگۆ-ش بەم سەرسام بووە، سەبارەت بە دنیابینی شیعری بۆدلێر هۆگۆ دەڵێت" شیعرەکانی بۆدلێر گوڕێکی تازەیان بەخشی بە ئەدەبی فەرەنسی، راستیەکەشی رۆڵی بۆدلێر لە هێنانە ئارای شیعری ئازاد و پەخشانە شیعری فەرەنسیدا زۆر دیارە، هەروەها لە بواری تازەکردنەوەشدا گوڕێکی بەهێز و بەخشندە بوو.

هەروەها بۆدلێر لە دیوانی (گوڵی خراپە)دا لە سێ شیعردا سکێچی ڤیکتۆر هۆگۆ دەکێشێت و ئەو سەرەتا لە شیعری (حەوت پیرە مێردەکە)دا وەسفێکی جوانی هۆگۆ دەکات و دەنوسێت“

**لە پڕێکدا پیرە مێردێکی سیپاڵ زەرد**
**لاسایی رەنگە ئاسمان و باراناوی دەکردەوە،**
**دەبوایە سیمای بارانیزەکاتی بباراندایە**
**بێجگە لە شەڕ کە دەبریقایەوە لە چاوانی،**
**وامدەزانی بیلبیلەکانی نوقمی نێو ڤینن،**
**تەماشاکردنەکەی شەختەی تیژ دەکرد،**
**ریشە تاڵ درێژەکەش، رەق وەکو شمشێر،**
**دەرپەڕیوو، دەتوت ریشی یەهودایە**
**پشتی کۆم نەبوو، بەلام شکست پشتی**
**لەگەڵ رانی گۆشەیەکی راستیان دروستکردبوو.**

لەم کۆپلەیەدا هەست دەکرێت کە بۆدلێر دەیەوێت سکێچی هۆگۆ بکات بە وشە لە کاتی خوێندنەوەی دوا دێڕەکانی ئەم شیعرەدا رووخساری پیاوێک دێتە پێشچاو کە ئاوێزانە بە نامورادی و شکست پشتی کۆم کردووە و ئاوێتەیەکە لە خەمی مرۆڤ، ئەو مرۆڤانەی دەبنە قوربانی دەستی ئەومرۆڤانەی زۆرجار دەستیان لە ناشیرینکردنی ژیاندا هەیە و دەبنە بکوژی جوانیەکانی ژیان.


بەلزاک

هەروەها لە شیعری(پیرەژنە بچکۆلەکان)دا دیسان دەمانباتەوە بۆلای نوسینە پڕچەرمەسەریەکانی هۆگۆ و ئەو چاوانەی لە هەزار فرمێسك دروست کراون هەر چەشنی بیر چاڵن، لەم شیعرەدا هەست بە نزیکیەکی روئیای بۆدلێر دەکرێت لەگەڵ دیدگاکانی هۆگۆدا و

هەست دەکرێت پێکەوە خەمخۆرێکی سەرەکی چەوساوە و بێلانە و کەساسەکانن و پێکەوە بۆ خەمی مرۆڤی بێنەوا و تەنیا دەنوسن.

لە شیعری(باڵندەی دەریا)شدا سەرەتا دەنوسێ"
بیرت دەکەم ئەندرۆماك! جۆگەلە بچوکەکە،
ئاوێنەی هەژاری و غەمگین کە جاران شکۆمەندی
مەزنیی ئازاری بێوەژنایەتی تێدا دەدرەوشایەوە،
ئەم سیمۆیزنە درۆزنە کە بە گریانت گەورەبوو.
لەپڕێکا یاداشتی بە پیت و بەرەکەتی بوژاندەوە،
هەروەك ئەوەی کە بەنێو کارزۆیلی نوێدا تێپەڕم،
پیرە پاریسیش(شێوەی شاری نەماوە،
مەخابن لەدڵی مرۆڤ زیاتر دەگۆڕێ)
تەنها بە خەیاڵ دەبینم ئەو سەربازگە زنجانە،
ئەو هەموو خێوەتە نیوە چڵانە ئەو کۆتەرەدارانە،
گیا، کەرتە بەردی سەوز هەڵگەڕاو بە ئاوی گۆلاو
تیشکدانەوەی خشتی بەردین، شتومەك تێکەڵاو.

دواجار دەردەکەوێت کە پەیوەندی بۆدلێر وهۆگۆ پەیوەندییەکی سادە نەبووە، بەڵکو پەیوەندییەکی رۆحی بووە و لە شیعرەکانیشیدا ئەگەرچی خۆی وا پیشان دەدا کە خۆی نەبەستۆتەوە بە هیچ رێبازێکەوە، بەڵام تۆوی رێبازی سومبولیزم لە شیعری ئەوەوە چەکەرەی کرد وزۆربەی رەخنە گرانیش ئەو بە پێشەوای دەزانن و کەم شاعیری سومبولیسیش هەیە لە کاریگەری شیعری ئەو دەربازی بوبێت، بۆیە ناوی بۆدلێر هەمیشە بە نەمری لە ئەدەبی جیهانیدا دەمێنێتەوە.

سەرنج:
شیعرەکان لە دیوانی گوڵی خراپەوە وەرگێراون کە د.ئەحمەدی مەلا وەریگێڕاوە.


**سەرچاوەکان:**

١-گوڵی خراپە، وەرگێڕانی لە فەڕەنسیەوە د.ئەحمەدی مەلا-دەزگای‌چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراسساڵی(٢٠٠١).
٢-ریبازە ئەدەبیەکان، وەرگێڕانی لە فەڕەنسیەوە د. فەرهاد پیربال-دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس ساڵی(٢٠٠٤).
٢-گۆڤاری(أفاق عربیه) ژمارە(٨)ی ساڵی(١٩٨٣).
٤-ئینتەرنێت، سایتی گۆڤاری(ثقافة الاجنبیه) ژمارە(٢)ساڵی(١٩٩٢).

# ریکویم


سامی هادی



ئەی زەنگەکانی گەلاڕێزانی بێهودەترین تەمەن
ئەی شەهوانیترین باڵندەی خامۆشی
نهێنی شکۆفەی باران ،
نادەمە گوڵەکانی مەرگ .
ئەمیش لەگەڵ باخدا ، بەختەوەری ڕووناکی ئەو جەنگەڵانە دەناسێ
کاتێ باران لە پرسەی غوربەتە یاقوتیەکانی داگیرسا .
ئێمەش ، لە هەناسە ئاوریشمیەکانی شمشاڵێکی پیردا
گوێمان لە زیکری شەوگاری ئەو پیانۆیە بوو
بۆ مەرگی وێرانەکانی فەرامۆشی ئازیزان دەگریا
مەرگی ئێمەش سرودی خەزانەکانی دوکەڵی
خۆرەتاوێکی بەساڵا چووە
نە پەری تۆفانی گەڵا تاوێ ئیحساسی پێ دەبەخشی و
نە کچە شەپۆلیەکانی نێو خەرەندە باڵداریەکانی خەواڵوبوون .
تەنیا خۆی ، تۆتەی زیندوبوونەوە خۆڵەمێشیەکانی
مەرگی پەپولانە و
لە شەوێکی زەردەخەنەی ڕۆشناییدا



لەبەردەم پەنجەرەی گۆڕستانێکدا ڕووتدەبێتەوە
کە تازە باڵندەکانی ڕۆحی لە فالسی ناشتنی وەرزەکان
گەڕاونەتەوە .
لێرە ، جیاوازی نێوان چرای جەستە و گەڵا
لێرە ، جیاوازی نێوان مۆمی باران و خامۆشی ئاوازە ناچێ
لەو ووردە شەپۆلانە کۆدەبێتەوە کە پڕاوپڕن لە حیکایەتی
ئەو جەنگەڵانەی ، دۆزەخترین فەرموودەکانی مردن
ئەی مەرگ ،
ئەی ئاوازترین تامی ئاسودەیی ئاگری خەواڵوبوونی ڕۆح
ئەوە پەنجەی ئاسمانی هەناسەمە و ، ڕەنگا و ڕەنگی سڕبوونی
هیچ تابلۆیێ نادۆزێتەوە .
کلێساکان بێ داگیرسانی مۆم ، بۆ کەنارە درەوشاوەکانی
چایکۆ فسکی دەگرین .
کە لە شەوی بارانی تاڤگەکانی غەریزەی مەرگی دوا کەمانچەی مۆزارت
بێ نۆتەی نەسیمی بروسکە ، گریا .
مۆمەکان داگیرسان و ، ئاوازترین شەرابیش ، لەو پەنجەرەیەی
تەنیا ڕوتبوونەوەی تیا حەرام نیە .
تەنیا پەنجەیەك و پێك و تەلی . تەلقینی ریکویمی مۆزارتیان
دەژمارد و ، ئەمیش لەبەردەم ڕۆمانێکی سەرخۆشدا ،
قاقا بە ناشرین بوونی مانگ پێدەکەنی .
+ ئەی تابوتە خەڵوەتیەکانی سەفەری ئاواز
ئەمشەویش ، بێدەنگیەکی ڕۆشن ،



جەستەی نۆتەیێ لە باران ،
بێوادەی خەیاڵی بەفر ،
بێوادەی کوچەی مەستانەی هەڵوەرینی ماڵئاوایی
لە دەرگا دەدات و بە پەیکەری خۆرئاوا بوون
گۆرانی بەختەوەریە غەمگینەکان
لە نێو ڕوتبوونەوەی تەمتوماندا دەچڕێ
+ ئەی تارمایترین مەرگ ،
بە خامۆشی ئەو گۆڕستانە بانگم مەکە .
هێشتا حەز دەکەم ،
لەگەڵ شکستی سێبەرێکی گۆڕە ناوەختەکانا ، سەما بکەم
لە سەری ساڵی ڕەنگی نائومێدی وەرزەکانیشدا .
ڕۆحم بە ئەبەدیەتی ماچی چرای گەڵا بشۆم و
سەریشم بە هەناسەی ئاوازەکانی .
+لێرەم
لە دوا تنۆکی ئاوێنەی یاداشتە ئاوریشمیەکانی ،
دۆزەخترین جەنگەڵدا
غەریبی مەرگی ئەو باڵندانە دەکەم ،
زۆر تەنیاتر لە خۆم
حەزیان لە شەونمی فەرموودەکانی ریکویمە .

سلێمانی ٢٠٠٤

# کانێسگان

عەباس ساڵح

عەبدوڵلا



دەگەڕێمەوە بۆلای تۆ بە کەڵی گریان و دڵی شکاوەوە

بە باوەشێ گوڵی ڕەشەوە

بە کراسێکی دڕاوەوە وەکو کراسەکەی یوسف

بەسەرێکی بڕاوەوە وەکو سەری حسێن

وەك رابیعەی عەدەوی

وەك شەهیدێکی دەست بەتاڵ

وەك کۆترێکی تەریو

وەك بەرخێکی ساوا لە چنگی گورگ

دەگەڕێمەو بۆلای تۆ لە ئامێزم گرە هێشتا کۆڵانە تەنگەبەرتانت ماون

هاتمەوە بۆلای چیرۆکەکانی دایەپیرەم



که دەیگووت بە گەنجی دەمری
بە گەنجی کۆرپەی دڵەکەت کزەی دێ
بە گەنجی شەڕ لەگەڵ هەورا دەکەی
بە گەنجی کۆڵانەکانی کانێسکان ون دەکەی
چ مەرگێکی ئەستەمە کۆرپەکەم وەرەوە
چ غەریبایەتییەکی پڕ حوزنە کۆرپەکەم وەرەوە
وەرەوە بە گەنجی سەرم سپی بوو وەرەوە
وەرەوە کێ دەریای ئیجە تەی دەکات
دەریای ئیجە مرۆڤ هەڵدەلووشێ
کۆرپەکەم وەرەوە
بەبێکەسی گەورەم کردی
بە هەژاری گەورەم کردی
بەبێنازی گەورەم کردی
لە کوێبووم بڵێ کاکە سەرمامە
کاکە تەمسەڵەکەی خۆتم بەرێ
کاکە قاچم تەزی
پێڵاوەکانی تۆ لەپێ دەکەم
کاکە پەنجەم تەزی
پەنجەکانم بخەرە سنگتەوە
کاکە سەرما سڕی کردم دێمەوە
کاکە ناچم بۆ هەندەران
هەڵیان فریواندم دێمەوە
دێمەوە بۆ ژێر خانووە قوڕەکەی جاران
بۆ کانێسکان.

# پیاوێک لێرە چاوەڕێتە

هیدایەتی عەبدوڵڵا حەیران



تۆ پێکەنین گەورەی کردی
حەزت لێیە حەرفەکان جوانتر بناسیت
فێربیت ناوی ( من ) بنووسی
دەڕۆین..
لە کۆنە پایتەختێکی خۆماندا ( قەڵاچوالان ) بێت باشترە
دەتخەمە قوتابخانەوەو
جانتایەکی سووری جوانیشت بۆ دەکڕم
گشت بەیانیان
قردێلەیەك لە دڵی پەپوولە سپی‌تر
بۆ پرچی رەشت ڕێك دەخەم
تا بەردەرگەی قوتابخانە بەڕێت دەکەم
هەڵۆ گیان شەڕنەکەی لەگەڵ کەس..! ئاقڵ بە
لەوێوە ملی ڕێ دەگرم، بۆ گۆڕستانەکەی ئەوبەر...
پرسیارێك لە باپیرانمان دەکەم:_



( ئەوە بۆ هەر نەبووین بە هیچ...؟! )
نابین بە هیچ ...! لە ساڵە تاریکەکاندا
سەفەر، کۆڵە پشتەکانی لێ بارکردووین و
دەستیئازارەکانمان گرت و
بە ماڵەوە گواستمانەوە بۆ(سلێمانی)
یانزە ساڵە سلێمانیم لە کۆڵدایەو
کەچی تۆ هەر ( بەلەد ) نیت پێی
دەستم بەرێ.. ئێرە پایتەختی دووەمە
ئێرە شەرگەی ململانێکانی مێژووە
بۆ نموونە:_ شۆرش و بزووتنەوە چەکدارەکان
یاخی بوون
خۆپیشاندان
ملکەچ نەکردن بۆ دێویش
خەباتی شاخ و شار
خوێندن بە کوردی
هەروەها چاولێکەری و مۆدێل گۆڕین و
شاری چەپلەو ئازایەتی و سەرچلی
سلێمانی کوچەو گەڕەکەکانیش سوعبەتچین



جرتکیشان لەسەر رەقەم

جنێوی

بە لەزەت

کوڕی قۆشمە

گردی سەیوان

بیرم نەبوو ئێرە شێتەکانیش خوێندەوارن

منیش خەڵکی سلێمانی

کوڕی پیاوێکی دڵ تۆراو لە شاربازێرو قەرەداغ

دۆستێکی شێخ مەحمود و هاوڕێیەکی یاخیبووی حولە پیزە...!

(عەبدوللا حەیران)خۆشەویستی خەڵکی شارو

خەڵکی سیوەیل و قەرەداغ

پیاوێك بوو هەر لە دایك بوونیەوە

رانکو چۆغەو پشتێنێکی پانی چین چین

سەبیلی دارحەیزەرانی و

خەنجەرێکی دەبانی تیژ

دەنگی زوڵاڵی حەیران و

(ئەسپە بۆرە)و سیمایەکی پڕ ویقارو

دڵێکی پڕ لەسۆزی خوا

لەگەڵیا

هاتبوونە دنیا

ئەیانوت: ئەم پیاوە

هەر بەم کەرەسانەشەوە دەخەوت

بەم شتانەشەوە نوێژدەکا..!



* * *

گەورە بووە، لەگەڵ هەموو کەس نادوێ

دڵی بە ئێرە ناکرێتەوە

حەزدەکا بچێتە زانکۆ، کۆلێجی قانون بخوێنێ

* * *

رەفتە سەزەکەی ئەو

بەسەر هەموو چنارەکانەوە ئەمدی

ئەشبووە ئاسمانی ژوورسەرم

ئاسمانێکی سەوز.. سەوز

لە سایەیدا ئەستێرەو گوڵاڵەو رووبار

بەیانیەکانیان هەڵئەسان

لەگەڵما بۆ (بەیانی باش)...

ئیتر بۆنی عەشقی شێتی



گریانی جوانی پیاوانە

شیعرو نامەو غەمی قاچاغ

تورەیی و بێزاری بێ‌هۆ

درۆی سپی و نیگەرانی

گلەییەکانی رۆژگار

جنێو بەم حیزب و بەو حیزب

حەزە تایبەتییەکانی خۆم

وەکو ئەوەی رۆژێك هەموو سلێمانی بخەون و

تێر بە پاسکیل بە شەقامەکاندا بگەڕێم

دارلاستیکێکیشم پێ‌بێ...

دەمەو عەسران بە دیار شەڕە کەلەشێرەوە

ئێواران فلیمی کارتۆن

شەوان چاوشارکێ بکەم و

بەشی منالانیش بخۆم

ئەمانە هەمووی"

ئەم هەموو رازونیازەی

لە جانتا قاوەییەکەیدا هەڵگرتبوو

شەو بە دزییەوە لەژێر لێفەکەیەوە

لەگەڵیاندا ئەگریا...!

شەو بە دزی سۆپا بێ نەوتەکەیانەوە

سەمەندەر ئاسا

لە ئاگری ئەوینی پیاوێکدا.. ئەسووتا

ئەم پیاوە، دڵی وەك سەربالەکانی هەڵۆ

سپی.. سپی

چاوی وەك گۆلاوەکەی سیروان

سەوز.. سەوز

گەرووشی شمشاڵی پڕ سۆز بوو"

وەکو سۆزی بانگی بەربەیان

لەگەڵ کزەیەکی ساردا

کەڵەشێرە سپییەکەی عەرش

بەچاوانی خەواڵوەوە... باڵەکانی لەیەكدا

هەڵئەسا بۆ نوێژی بەیانی...

من نا ... ئەو

دەستنوێژی بەو ئاوە تاهیرەی

توی مەلیك هەڵئەگرێ

سپێدە رائەخات



دەچێتە بەرگێکی سپییەوە
دەیەوێ لەگەڵ خوا بەچپە
بەدزی (وان ) بێتە گۆ..!
قەدەرێ پێڵوەکانی لەسەر یەك دائەنا
دوو دەستی لە هەوا هەڵدەبڕێ
( خوا جوانەکەم )
(خوا میهرەبانەکەم)
وەستا!...
لێوەکانی کەوتنە لەرە



(بڵێی گوڵە لاولاوێك لەناو کزەی بەیانیەکا
لەو تەنیاییە مەنگەدا چ بە خوا بڵێ..؟
تۆ بڵێی: هەڵۆیەکی گەڕیدە لەززەتی هەڵفڕین چۆن بۆ خوا باس بکات..)
- خوا جوانەکەم...
ئەو منی خۆش دەوێ ..!
پێی دەوت: رقی لێ هەڵمەگرە
مەرگیش لەبیر خۆت بەرەوە
حەزناکەم بەو عومرە پەستەوە زوو بمرێ .. !
ئەو پیاوە شکۆیەکی هەیە



هەر من لە قەڵەمەکەیەوە دەبینێ
شکۆیەکی هەیە
هەر رەفتە سەوزەکەی من لە زامی شیعرەکانییەوە دەپێچێ
شکۆیەکی هەیە، پەلە دەکات لە عیشق
پەلە دەکات لە خوێن بەربوون
رۆحیشی زۆر جوانە
چل و چوار ساڵە هەر دەگری
شتێکی لێ ون بووە.. لەوانەیە من بم..!
خودایە یاریدەم دە.. هێوری دەکەمەوە
دەچمە ناخی، دەچمە سەر نەزیفی نادیاری
لە دڵەوە دەیگرمەوە..!

***

من غەمەکانی تۆم ئێوارەیەك بۆ سەرچنار گێڕایەوە
گریا...
گۆرانییەکانی تۆم
شەوێك لای پیرەمەگروونەوە چڕی..
کێوەکە ئاگری تێبەربوو
وتی: هەردووکتان دەناسم



جارێك دیدەنیتان كردووم
بۆچی... ئەوت لەلەگەڵ نیە..؟
من دیاری و یادەكانی تۆم
نیشانی ( گۆیژەو ئەزمەڕ )دا
وتیان نابێ نهێنی هیچ فریشتەیەك
ئادەمیی لێی بەئاگابێ...!
لە كوێی فریشتە ونبووەكەم
كام ئاسمانت بۆبگەڕێم..؟

***

ئەیوت: دوای من
هەر هەورێكی خۆشەویستی هاتە
ئاسمانی دڵتەوە... بیبارێنە
بابارانی هەناسەكان
زەوی عەشقێكی دێرینمان، تێر ئاوبكەن
ئەیوت: دوای من
هەر گوڵ و پەلكی درەختێ
لە وەرزی خۆیان یاخیبوون
خۆشت بوێن...

چونکە تۆ منت ناونابوو (وەرزی پێنجەم)
ئەیوت: ئیمشەو خەونێکم دی
سەرزەمین گشت نغرۆ بووبوو
من و تۆ تەنها بەناو هەورەکاندا هەڵدەفڕ
خودا هەردووچاوم کوێرکا
درۆ ناکەم..!
ئەیوت: بەدکاران لەتیژی بەردەکان زۆرترز
دەترسم بریندارت کەن
وەرە لەژێر رەفتەکەما وەتشێرم
ئەی پیاوی نامۆ
ئەی منالە گەورەکە (خوداشاهیدە)خۆشد
ئەیوت: دوای من
خاڵێك لە دڵتا دابنێ بۆ رۆشنایی
ناوی بنێ (نیشتمانی درەوشاوە)
لەوێوە لە من بڕوانە..!
ئەیوت: شەوانی رەشەبا بە دزییەوە
پەنجەرەیەك والآ دەکەم...
بەوەش تەسەلای دڵم دێت



که ئەم ڕەشەبایە سارده
پێش ئێستاکه بگاته من
هەرهیچ نەبێ ... دەستی زبری
به دیوارو دەرگەی ماڵتان کەوتووه!
ئەیوت: خۆزگه بەرلەوەی زەنگی دابڕان
به تەنهاییمان بسپێرێ
ئەتبردم بۆ گەڕەکه کۆنەکەی خۆتان
تاوەکو من لاسارییەکانی مناڵیت
کۆبکەمەوه
له نیشتمانی غوربەتا لەوپەڕی کارەساتەکان
بۆنی تۆیان پێوه بنێم...
یارییان لەگەڵا بکەم..!
ئەو، که بەیانیان ئەیبینیم
غەمەکانی له چاومدا دەخوێندەوه..
یەکسەر دڵی وەرئەگرت لێم
ئەیوت ترسم لەوەی هەیه، لێت بترسێم..!
غەمت نەبێ لەونبوونی
لەناو دڵما بۆت هەڵئەگرم"



ئێوارە بۆت دەگێڕمەوە..
ئەو، هەمیشە لەلای چەپمەوە دائەنیشت
ئەیوت.. با لەنزیکەوە گوێ لەترپەی دڵت بگرم
ئەو ئەیوت:
ئەوانەی لێی دواین.. سەرکەوتنی تیابوو
بەزینیش لەگەڵیا..
ئەوانی سیحری جوانی خۆیان هەبوو
(٩٨)جەنگێك بوو.. جەنگ
یەکێکمان دۆڕاندمان..!



❊❊❊

شەو شەکەت بوو خەوی‌لێکەوت
جگەرەکانی ناوپاکەتە بچکۆلەکە
تەسلیم بوون و خۆیان سووتاند
منیش لەبەر چراکەدا، ئەم شیعرە ئەڕازێنمەوە
پشیلەیەك لەسەردابی ماڵەکەمان
لەبرساندا ئەمیاوێنێ
ئەستێرەیەك لەسەر سەیوانەوە کشا
ئەوە، رۆحی براکەمە، ئەگەڕێتەوە لای دایکم

شەو شەکەت بوو، بەلادا هات

گوێم لە قوقەی کەڵەشێری گەڕەکێکی

خوارووی شارە..



نم..نم، باران.. شنەی کزەبایەکی سارد

دەنگی شاوری حەسحەسێ

خورەیەکی سیحراوی مەنگ

لەترپەی پێی رووبارێکی

بەهەشت ئەچێ..

❊❊❊

ئای هەڵۆ گیان

دوای هەڵفڕین و تەرەبوون

لەنسرمەکانی دەروون

دوای جێهێشتنی غەمەکان

دوای بزەو گریانی شێتی و

پاڕانەوە لەبەرباران

دڵم نایە (عەرزی حاڵی)بەجێماوێکت بۆ بکەم...

وەیشوومەی کۆچەکەت چی کرد لێم..!

دووربا.. دووربا..



ئەترسێم نەخۆش بکەوی
دووربا.. دووربا...
حەزناکەم نامەکەم خورپە بێ بۆ دڵت و
چاوانت بگرێنێ
دەسەڵات نەماوە.. خۆم ئەدەمەبەر
(با)ی رابووردووە خۆشەکان
خۆ ئێستاش لەکپی شەوانی تەنیایی
بەزیکری تۆوەیە کە رۆحم سەردەکا
دەسەڵات نەماوە..
جگە لە چرینی گریانیٔگۆرانی
چەند جوان بوو... من ئەموت:
(شەوە دنیا وەکو زوڵفت سیاپۆش)
ونبوون سێبەری ئەرخەوانەکان
ونبوون،
ونبوون، گۆرانییە قاچاغەکان
ونبوون، ونبوون ئەو یادگارییانەی هەنوکەش
کەرۆحمان تێکەڵی یەك دەکەن
وەك شتێ رۆژانەی پڕ مانا!

( ئادەی سەیرم کە )..!
هەڵۆ گیان.. ڕۆژانە ئەم دەستەواژەیەم
دووبارە ئەکردەوە:
( ئادەی سەیرم کە )بە ویقارێکەوە
نیگاکانت ئاراستە ئەکردم
شەرمێکی جوانم تیا ئەدیت
- هەمدیسان (سەیرم کە)
+ دەجارێ رووم نایە
- ئای خودایە..
لە سیحری ئەو چاوە رەشانەو
لە جوانی پایزی جارانمان
بیرت دێ، ڕۆژێکیان تەنیابووین
لە باسی (شاری سێو)ئەدوای بۆم
گفتم: جانم دوست دارم
وتت فارسیم بیرچۆتەوە
گفتم: ولی فهمیدی
بەچاو، خۆت پێت وتم (منیش)
سڵاو ئەی نیشتمانی عەشق



سڵاو ئەی خیانەتی بەلەزەت..!

ئیتر خۆماندا بەدەم سۆزی

شەپۆلە رۆمانسییەکانەوە

ونبووین لە رۆحی یەکترا

نغرۆ بوونێك نغرۆ بووین

هەرگیز یەکتر ناگرینەوە..!



***

تورەم کەن لە بڵندترین چیاوە لە بانگی دەدەم

خەڵك و خوا بەباڵای تەمەنم .. کەسێکم

رێکەوت کرد

خۆی بەخشی بە رۆحم

بە هەموو تورەهاتەکانیشمەوە

بەریئانە خۆشی ویستم

پێکهاتین مانۆرێکی هاوبەشمان سازدا

مابووی زەنگی خەتەرناکی جەنگ بجۆشێ

جەنگی خۆ بە ئینسان زانین

تەسلیم بە گێژاوی سەفەرێك بوو

لەودیوی دیواری گومانی گوناهو



(ئینتزار تا مردن).. جێی هێشتم

***

ماویەتی ژیان گەرمی و هەناسەیەکی
تێدا دەگەڕێ
بابێت تورەیی ئەو هەموو غوربەتەم
پێ بڕژێ
هەوری هەموو گریانەکان،
لەژێر سوخمەکەی ببەستێ
غەمی نەبێ لە بازگەکان گومرك
ناخرێتە سەر گریان..!
بابێت لە بەرەبەیانێکی بەفراویدا
بەرەبەیانییەکی سپێدەی ڕۆژێکی کانونی
کاتژمێر چوارو نیو بەکاتی زستانە
لەسەر بەڵێنەکانم ماوم..
چاوە سەوزەکانم بۆ ئەو
لەسەر بەڵێنەکەم ماوم..
شیعرەکانم هەمووی بۆ ئەو
بابێت...



گەر فریای

قژ داهێنانیش ناکەوێ..

ڕەفتەکەی توندتر گرێدا

لێرە باوی (کیلوت) نییە

کراسە ئاودامانە گوڵ زەردەکەی

بپۆشێ...

بلوزە ئەرخەوانییەکەی بیر نەچێ

ئەمساڵ وەك ساڵی پار نیە

هەوا زۆر سەخت و ئاڵۆزە

بابێت.. گەر عیشقیشی بیرچۆتەوە

لەو وڵاتە دڵ مردووەدا

هەرهیچ نەبێ..

تازەترین نوکتەو خۆشترین

گۆرانیم بۆ بێنێ..

بابێت بە درۆشەوە بێ ئازارم پێبدا

بەڵێنەکانی (پێنج شەموان)یش

نەباتەسەر..

دڵگیر نابم.. دوایی ئاشتم دەکاتەوە



بابێت لەسەر بەڵێنەکەی خۆمان
واز لە مەیخانەکان دێنم
ئیتر سەرەڕۆیی ناکەم
شیعر بۆ هیچ کەس نانووسم
بەرماڵێك هەبێ (دووکەس)
وەك دوو رۆحی سپی و نەمر
تا ئەستێرەکان دەخەون، بە دووقۆڵی
هەر نوێژ دەکەین..!
بابێت بە پرسیار دامگرێتەوە
لە پرسیارەکانی جاران:-
+یەکەم ئافرەت کە
خۆشتویست ناوی چیبوو؟
+ رۆژێ گەر پارەت نەبوو
بە کێ ئەڵێی قەرزم بەرێ
+ بۆچ بەیانیان حەزت زۆر لە قسە نییە؟
لەگەڵ ( شەجەریان )دا ئەگریت
یاخود(محەمەدی ماملێ)..؟
+ حەزت دەکرد خەڵکی (شاری سێو) بوویتایە؟



+ ناوەکەی منت لاخۆشە؟

+ چەند شەموانت لاپیرۆزە؟

+ بەختت لە ژمارە چەندە؟

+ رۆژی چەند سیگار دەکێشی؟

+ بۆ لە کاتی گفتوگۆدا وەك (مەکسیکی)

دەست زۆر رائەوەشێنی..؟

+ بە منالّیش هەر لە حکومەت دەترسای؟

+ دەتوت لە کەریش زلترە؟!

+ بۆ هەمیشە دەستت گەرمە؟

+ بۆ بەیانیان غەمەکان لە چاوتا دیارن؟

ئێواران حەز دەکەیت بفڕین..؟

- من شەوانیش لە خەونمدا هەر بە ماتی تۆ

+ پرسیاری تر..!

+ سەرچنار خۆشە یا ئەوێ؟

+ دلّت بۆ هێندە ناسکە؟

بەبالّی پەپوولە ئەشکێ

* * *

یارییەکان تەواوبوون



کەوتینە ناو خەیاڵ
هەڵکشاین بۆ ژوورتر
کەوتینە پاییزی دووهەزار!
دووساڵ هەشت وەرزی خۆڵاوی
وردتری بکەینەوە( ٧٢٨) شەوو رۆژی تێکشکاو
تارمایی دابڕان، ئاسمانی بێ هەڵۆ ئاسا
من لەوێم ئێوارەی رۆژی (٢/٩/٢٠٠٠)ە
هەلەو...
زەنگ لای ئەو،
لێدانی ترپەی دڵ لەلای من
- هەلەو...
دەنگ لای ئەو
بارینی گریەی گوڵ لەلای من..!
- کێی لەم غوربەتەدا، بەکوردی ئەگریت..!
+ نامناسیتەوە هەڵۆ گیان
کێوە دابڕاوەکەی سارای رۆح
تانجەرۆکەی سەرهەڵگرتوو لە نیشتمان
کۆترەی سەرگومەزەکەی گەیلانی



هەوری تۆراو لە ئاسمانێکی بێ باران
نامناسیتەوە، من ئەو شاعیرەم
خواوەند ویستی بوو
بمکاتە باخچەی پەپوولەکان،
- بوورە پێدەچێ .. هەڵەبی
+ ئەڵێی هەر نامناسیتەوە
چارم نیە با برینت بکولێنمەوە
( ئادەی سەیرم کە ..! )
بەم دەستەواژەیە..
دەریاکان وا هەڵچوون
لەوێوە سەر لووتکەی (قەندیل)یان
دەبینی
رەشەبا لەوێوە خەریك بوو گشت دنیا
تێك بدات. ئەمەندەی پێکرا
-چی.. چی..!؟
-چۆن.. چۆن ..!؟
ئای خوایە گیان،
ئاخری خۆت گەیاندە ئێرە.



من خۆم دڵم پێی دەوتم
غەریبییێك وا بەڕێوەیەوە بۆلامان دێت
لە کام هوتێل دابەزیوی
زوو ئەدرێسەکەتم بەرێ
پەلە بکە.. وا دێمە لات
نزیکە ڕۆحم هەڵبفڕێ

❊ ❊ ❊

من ترساوم لە هەڵوەرینی ئەستێرەو
لە وشك بوونی دەریاکان
من ترساوم لە رووخانی هەوری قورس و
لە کوێربوونی ئاوێنەکان
ئەو ئوتێلەی منی لێ گیرسابووەوە
ژووری ژمارە (٢٤)
پەردەی مەخمەلی..
پەنجەرەی سەرباخچەکە
گەڵدانی بەربالکۆنەکە
تابلۆ نووستووەکەی ژوور سەرم
کزەبای هەوا ساردەکەش

وەك پێم بڵێن:-
لێرە کەمتر درۆ دەکرێ
پەلە مەکە سیگارێ تر داگیرسێنە..!
- دێت.. بڵێم چی پێی؟
پێی بڵێم: دوومکەوەو دەگەڕێینەوە
کاولە وڵاتێ و،
پشێوی نەماوەو (پارتی یەکێتی)ش
پێکهاتن..
پێی بڵێم: ئیتر داخی کەسی ترت
بەسەرا نارێژمو
هەر دەسەسرو گوڵێکم بدەیتێ
لە گیرفانەکانی سەر دڵما دایدەنێم
بەڵام تۆ لێم زویرمەبە...
پێی بڵێم: وەرەوە لەبەر تیشکی
خۆری گەرمی نیوەڕۆیەکی حوزەیران
رامگرەو...
وەڵامی هەزار پرسیارەکەشت
ئەدەمەوە



پێی بڵێم: گوڵە هێرۆکە..
بیرت ئەکاو بەیانیان ئەیبینم ماتە..!
پێی بڵێم: لێرە سەرمات دەبێ و
دووربا.. نەك نەخۆش بکەوی
وەرە هەتاوی لای خۆمانت،
لەبەرکەم و منیش ئیتر خەفەت ناخۆم
پێی بڵێم چی...
زمانم ئەگۆڕم و...
سەرەتای پێکەوە ژیانی بوونمانی
پێ دەڵێم
پێی دەڵێم: -
هەڵۆ گیان.. لەو دەمەی خواوەند
ئەم گاو گەردوونەی لێکداو
بوونێکی بۆ دنیا پێکهێنا
من وتۆ دوو کەرتی یەکدی بووین
هەڵۆ گیان لەو دەمەی خواوەند
**ئینسانە گوناهەکانی خۆی**
**هەڵڕشتە سەر ئەم ئەستێرەیەو**



واتایەکمان بۆ دۆزییەوەو
ناومان لێنا (دونیای ژیان)
من و تۆ هەناسەیەکی سارد بووین
لە دڵی شکاوو دەروونی دۆزەخەوە
دەچۆڕاین..!
دەزانی چی.. با لە زمانی فەلسەفە دوور بکەوینەوە
پاییزی ١٩٨٨



# کەکچە گچکەکان گەورەبن... پیاوەکان پیر ئەبن...

هۆشەنگ شێخ محەمەد یوسف

## ئەوە بەشێکە لەحیکایەتەکەت کچەکە، هەمووی نییە ...



ئەو مرۆڤانە بەرەو کوێم ئەبەن

من کە هێشتانەکە فریانەکەوتبووم لەبەر ئاوێنەکانەوە بەڕووتی تەماشای خۆم بکەم

کە هێشتانەکە پێڕانەگەیشتبووم تێر لەزەت لەو قسانەوە بکەم کە ئەیانگووت کچێ.. جوان بوویت.. جوان..،

من کە هێشتانەکە.. ئەو خەونەم بۆ تەواو نەئەکرا کە کۆڕێك ماچم ئەکات..

من کە تازە .. خەریك بوو باڵم ئەگرت. فێرە فڕین ئەبوم

تازە چاوەکانم ئەبڕینە ئاسمان و خۆزگەم ئەخواست دەسگرانێکم بێت..،

من تازە هەستم ئەکرد ئیدی کوڕان وەك ژن تەماشای جەستەم ئەکەن..

من ئەمزانی منالّی جێ ئەهێڵم و.. باوەش بەئازادییەکەوە ئەکەم.. غرورێك ئامێزم بۆ ئەکاتەوە..،

تازە.. کلم ئەڕشت و.. خەریك بوو داوم ئەهێنا بە برۆکانما..

پرچم ئەکەوتە سەر شانە رووتەکانم و.. خۆم بۆ خەیاڵ ئەکردەوە.. وەك ئەو پیاوەی هەموو روومەتی بۆ ردێن

ئەکاتەوە..،

ئەمانە سەرەتایەك بوون، لەمنەوە هەڵئەڕژان،

سەرەتایەك دوای دەرچوونم لەژوورەکان و پێنانە باخەکانەوە..

دوای ئەوەی فێربووم خۆم بۆ خەونەکانم شلکەم..،

شل شل.. هەندەی پەلکی لاولاوەیەك..،



دوای ئەوەی فێربووم.. چاوەکانم بکەم بە چۆلەکەو هەموو قوژبنەکانی ئازادی بگەڕێن.،

دوای ئەوەی خودام دی لە تەنهاییدا ئەخنکێ و پێغەمبەرەکان.. دوای ژیانەوە ئەکەن..، مەلیك

تاووس پێئەکەنێ و .. منیش مەراقەکانم ئەکەمەوە،

دوای سەفەرێك..، کە پێی گوتم..، تۆ گەورەئەبیت..، ئێرە بەوێنەیەکی دی ئەبینیت..، ئێستا

بەڕەنگێکی دیکەوە تەماشا ئەکەیت..،

من.. مەراقەکانم ئەکردنەوەو.. ئەمگوت با گەورەبم..

لەگەڵ ڕەنگ و لەگەڵ دەنگ و خەونەکانم با گەورەبم..

با لەو بەیارانە گەورەبم.. کە خۆشن بۆ گەشانەوە..

با لەو ڕێیانە گەورەبم.. کە جوانن بۆ گەیشتن بەژیان..

با لەو شانۆیە گەورەبم.. کە سەرسامییە بۆ حەقیقەت..

با گەورەبم.. وەکو باران بەڕووتی

وەکو هەور بەئاوسی

وەکو هەتاو بەگەشی

وەکو شعر بە خوێنگیەرمی

وەکو دەریا پایەدار..

لەدواییشدا.. وەك کچێکی چاو خومارو.. مەزەدارو.. نازدار..

نازدار وەك گوڵنازو نازەنین ..،



با گەورەبم.. لەگەڵ ئەو خەونانەی تازە دێنە ناو نوینەکانم

با گەورەبم و زیندەخەوەکان گوناه ببینم..

گەورەبم و.. جەستەکان روونتر تەماشاکەم..

گەورەبم.. وەك باو.. باروفە خۆم بۆ ژیتن بەڕەڵلاکەم..

گەورەبم و پێتان بڵێم..

هەموو ماچێك گوناه نییەو هەموو ماچێك لەزەت نییە.

هەموو رووتبوونەوەیەك ئازادی نییەو.. هەموو رووتبوونەوەیەك خەتا نییە

هەموو شەڕێك پیرۆزنییەو.. هەموو شەڕێك ئاژاوە نییە..

هەموو ژیانێك حەقیقەت نییەو.. هەموو ژیانێك وەهم نییە..

با گەورەبم و ..، خەونەکانم وەکو ئاو جەستەی رووتم تەڕکەن..

من خەریك بوو گەورە ئەبووم..، ئەمەیان سەرەتای چیرۆکی ترسی من بوو..

گەورەبوونم.. وایکرد پیاوەکانی ماڵەکەم دەستم بگرن و بمبەن..،

بۆ کوێم ئەبەن..؟ نازانم..،

لێ دڵنیام.. ئەو رێیانەی پیایدا رەت ئەبین.. ئەوانە نین بچنەوە سەر ئەو رەزانەی خۆشن بۆ رۆشنایی..،

ئەو باخانەی پیایدا ئەبوورین ئەوانە نین.. خوێنت گەرمکەن بۆ فرین..،

ئەو رۆژگارانەی ئەوان باسی ئەکەن .. ئەوانە نین شەوی سپی تیا بژی..،

ئەوو ئاسمانەی ئەوان ناوی ئەهێنن، ئەو ئاواییە نییە، خەیاڵی تێدا داگیرسێ..،

لێرەدا .. خەونەکانی من حەرامن

هەموو رووتبوونەوەیەکم.. خوێنڕشتنم حەڵاڵ ئەکات..

هەر باوەشکردنێکم بە پیاوێکدا.. هەر ماچێکم لەڕوومەتی هەر کوڕێکدا خەتایەکە..، بەقەد.. دەریا پڕو تژی..



لێرەدا هەر گەورەبوونێکم.. گەورەبوونی خەون و روانینەکانم..، ترسێکە.. گەورەتر لەسکپڕبوونی کچێتی..،

لێرەدا.. کە تازە گەورەئەبووم..، ترسیش لەگەڵم گەورە ئەبوو.. لە[illegible] گەورەتر.. مەزن ئەبوو..،

بەشێوەیەك تا لەجوانیدا چاوم گوڵێکی دەرئەکرد.. دڵم پاخیلی [illegible]ـیەوە..!

تا پەنجەکانم لاسکی نیساتۆکێکیان ئەکردە گوستیلە.. دەستەکانم پڕ ئەبوون لە کەلەپچە..،

تا تێر بۆنی ڕێحانێکم ئەکرد..، هەستەکانم بەزنجیر گرێئەدران..،

لەگەڵ مندا.. خۆم و ترس گەورە ئەبووین..،

ئەگەر سەرنجی خۆشەویستییەك لەدیدەما سەریهەڵئەدا..، ئەوا زیندانێك لەدەروونما بۆ تەماشاکانم ئاوا ئەبوو..

ئیدی گەورەبوونم..، لەچێژی منەوە.. بووە ترسی پیاوەکان

لەخەونی منەوە.. بووە گەمەی پیاوەکانم

لەئومێدی منەوە.. بووە زیندانی پیاوەکان

ئەو پیاوانەی هەرگیز نەیانئەویست گەورەببم

ئەو پیاوانەی هەرگیز حسابی ئەوەیان نەکردبوو بە گەورەیی بمبینن..

ئەوان دایاننابوو.. بەر لەگەورەبوونم ئەوان بمرن..

بمرن و بە گەورەییم رانەگەن..

بمرن و نەبینن.. سینگم وردە وردە گەورە ئەبێ و گوڵی مەمکم وەك گوڵەهەنار لەسینەمدا چرۆ ئەکا..، بمرن و نەبینن.. ئارەزووی ماچ و هەوەس.. وەك عارەقە لەجەستەمدا سەرکا..

بمرن و نەبینن.. خۆشەویستی لەچاوانم وەکو باران ئەڕژێ..

بمرن و نەبینن.. پەلکی ڕێحانەکان بکەمە لێوی کوڕان و بیانمژم و گەڵامێکۆکێك بکەمە پەنجەی پیاوان و بیانخەمە ناو سینگمەوە..

بمرن و نەبینن.. خەونەکانم لەهەناسەم گەرمترن.. کاتێك کوڕان ماچم ئەکەن.. خۆشیانئەوێم و
لەناو خۆیان فەنام
ئەکەن..،
من گەورەبووم.. گەورەبووم و نەمئەزانی.. لێرەدا گەورەبوون ئاوا [illegible] ئاوا بلەز..
ئەبێتە تەنهایی!
ئاوا خێرا.. تخووبەکانی ژیان ئەبەزێنێ و لەسەر [illegible]ردەکانی م[illegible]
گەورەبووم .. بێ ویستی پیاوەکان..،
ئەو پیاوانەی کە وابزانم دایاننابوو..، من بمرم و گەورەنەبم
بەر لەوەی گەورە ببم ئەبێ بمرم.. یان لە تەنییاییدا بخنکێم..
چونکە دایکم ئەیگووت کچەکەم تۆ لە منداڵی زۆر تەنهابوویت..!
هەندە تەنیا.. کە پێمان وابوو.. تۆ قەت گەورە نابیت..
هەرگیز.. لەو تەنیاییەدا.. خەیاڵناکەیت.. چرۆ ناکەیت، گوڵناگریت..،
بەڵام.. من گەورەبووم.. لەو تەنهاییەدا خەریك بوو دەرباز ئەبووم..
ژیان ئەهاتە خەیاڵمەوە..، ئەڕژایە خوێنمەوە..
من خەریك بووم.. هەردوو دەستم.. هەندەی دونیا بۆ ئازادی و ژیان ئەکردەوە..،
شۆڕشم لەسەر حەرف و حەزەکانی خۆ ئەکرد
من خەریکی ژیان بووم..، بەقوڵیی ئەندێشەکانم روو ئەچوومە ژیان..،
بەچێژی خۆشترین دەمار.. دەستم لەژیان ئەدا..
بەدەر لەترسی گەورەکان..، بەدەر لەخەونی پیاوەکان.. دوور لەدونیای دینی پیاوەکان..، بۆ
چەند ساتێك..،
گەورەئەبووم..
گەورە ئەبووم ..و ئەمگووت ئەی باران وەرە با تەڕتکەم..





ئەی شەو.. وەرە با ڕەوشەنیت پێببەخشم..

ئەی باڵندە.. وەرە ئاوازانت دەمێ..

ئەی بەهار.. وەرە با سەوزتکەم..

وەرە ئەی عەشق با ماچ بخەمە قامووستەوە..

من گەورە ئەبووم و.. ئەمویست هارانە عەشق بکەم و

عاشقانە خەیاڵکەم و..

خەیاڵیانە ژیانکەم..

من گەورەبووم و ئەمویست هەموو شتێك لەگەڵ خۆمدا گەورە بکەم..

خەونەکانم.. گوڵەکانم.. حەقیقەت و ئازادی و پەیڤەکانم..

ئەبوایە من.. گەورەببام و جوانترین کچ بام..

ئەبوایە من.. گەورەببام و شۆخترین ئازادی بام..

ئەبوایە من گەورە ببام و .. وەك هەتاو.. وەکو باران.. حەقیقەتیشم گەورەببیا..،

دەنگیشم گەورەبباو وشەشم پرشنگدار..،

لێ گەورەبوم و.. و پیاوەکانیماڵەکەم.. دەستیانگرتم..

ئەو دەستانەی .. تازە خەریکبوون.. لەدوای پەنجەی کوڕێك ئەگەڕان

پرچیان ڕاکێشام.. کە تازە خەریکبووم.. فێری خانەی بکەم..

چاوەکانیان گرێدام.. کە خەریکبووم.. فێری خەنەی بکەم..

چاوەکانیان گرێدام.. کە خەریکبووم.. فێری خەنەی بکەم..

پیاوەکان..، ڕازینەبوون بە گەورەبیم..و قایلنەبوون بەئازادیم..


ئەو پیاوانەی ماڵی ئێمە زۆر سەیرن..،

من سەرەتا وامزانی ئەو پیاوانەن.. وەك بە منداڵی ڕەنگیان نەدیوە..

ئێستاش که ماڵمان پڕه لەگوڵ..، ئەوانەی سەری گوڵەکان ئەبڕن و خەونەکانی خۆیانی پێ ڕەنگ ئەکەن..و

گوتم ئەو پیاوانە، بەمنداڵی خەیاڵییان نەکردۆتەوە..، ئێستاش که ماڵمان تژیه لەعەشق..، ئەوان عەشقەکان کوێر

ئەکەنەوەو خەیاڵەکانی خۆیانی پێ ئەڕازێننەوە



گوتم ئەو پیاوانە، بەمنداڵی، مەراقەکانیان نەزۆرک بوون، ئێستاش که ماڵمان قەیسە به جوانی، ئەوان جوانیەکان

لەبار ئەبەن و مەراقەکانیان ئەکەنە باران..و

گوتم ئەو پیاوانە، زوو..، نەەشاونەتەوە، ئێستاش که ماڵمان پڕه لەمەتاو ئەوان گزنگەکان ئەبڕنەوەو سۆماکانیان ئەکەنە چراخان..،

گوتم ئەوپیاوانەسەرەتا، ئاویان نەدیوە، ئێستاش کەماڵمان پڕه لەباران.....،ئەوان، دڵۆپە کان ئەگرن وخۆیان ئەکەنە ڕووبار ...،

ئەو پیاوانە سەیرن ،فێر نابن بەگەورەیی من ڕازی بن؟

فێرنابن ...جوانی لەسەما کردنما ببینن...،

فێرنابن... عەشق لەڕۆخما بدوێنن

سەیرن پیاوەکانی ماڵی من ،دەستم ئەگرنو نازانن بۆگوێم ئەبەن

بۆخەرەندی چ مەرگێك...دەربەندی چخنکانێك ...؟

پیاوێك..ڕقی لەبۆ نی مێخەکو ڕێحانە یە لەسەر پرچم ...

پیاوێك بەکلی چاوەکانم تورەئەبێت..

پیاوێك بەگۆرانیەکانم سەری دێشێت ...

پیاوێك گاڵتەی به شیعرەکانم دێت ...،

پیاوێك دەستم دەگرێو ....پێم دەڵێت نایەڵم تۆ تەڕ بیت ...

پیاوێك دەڵێت من نایەڵم هەتاو لێتدات...

پیاوێك دەڵێت من لەجیاتی تۆ خەون دەبینم....

پیاوێك دەڵێت من ئەزانم تۆ چ بەڵایت..،گەورە بوونت چ فیتنەیەکە ...

من ئەزانم تۆ تەمای چیت ...،ئازادبوونت چ خەونێکە ...،



لێمەگەڕێن ...،ئەم کچە جوانە گەورە بێت...،ئەگەر نا ماڵەکانمان وێران دەکات

لێمەگەڕێن....،ئازادبێت....،ئەگەر نا باخەکانمان ئەکاتەوە تەڵەکەوت...،

لێمەگەڕێن...، حەقیقەتێك لەناوچەوانیەوە بزێت و لەدونیای غەیب دەرمانکات ....،

لێمەگەڕێن،بایەك لەناوچەوانیەوە هەڵیکات....

بزەیەك لەچاوانیەوە هەڵفڕێت .....،

کەکچە گچکەکان گەوورە بن...،پیاوەکان پیر ئەبن ....،

من گەورە ئەبووم و..پیاوەکانی ماڵی منیش خاڵینەبوونەوە...،

من گەورەئەبووم و..موعجیزەی دیکەیان پێنمایش نەئەکرا...،

من گەورەئەبووم و..ئەوانیش گچکە ئەبوونەوە ...،

من گەورەئەبووم و..ئەوان جوانیان بزر ئەکرد ..،

من گەورەئەبووم و..ئەوان تەنها ئەبوون ...،

من گەورەئەبووم و..ئەوان بێزار ئەبوون و دواجار تەحەموولی گەورەیی منیان نەئەما...،

بەرگەی ئازادی و جوانی منیان نەئەگرت...،

بێزار بوون لەو تەنهاییەی ئەپێچانەوە...

من تەنهایی مناڵی خۆم پەرش ئەکردو..جحێڵ ئەبووم

ئەوان تەنهاتر ئەبوون و..پیر ئەبوون ..،

بەرگەی ئەو شۆڕشە جوانەیان نەئەگرت..کەمنیان جوان ئەکردوو ئەوانی پیر ئەکرد...،



سەیر بوون ئەو پیاوانە...،

پیربوونی خۆیانو جوانی منیان خستە سەبەتەیەکەوە...،

تەنهایی خۆیان وئازادی منیان خستەمیزانێکە وە..،

منیان کردە...،سەرکانی سەرگەردانی روحی ئەوان ....،

گوتیان ئەوە زریانەوو بارانەکانی ئێمە ئەشێوێنێ...!

باتێکەڵی هەورەکانی ئێمە نەبێت ...ئەو کچە نەگریسە،

پیاوەسەیرەکان ،لێم تورەبوون ....،

تورەبوونێك کەچەند بلێی بێ ڕەحمی دەکردن

هەندەی لەدەستیان ئەهات دڵڕەق ئەبوون ...

دوایی هەندەدڵتەنگ بوون ، کەبەرگەی پەڕەی گوڵیان نەئەگرت،

تەحەموولی هەناسەی گوڵێکیان نەئەگرت

بەهەموو شتێك هەڵئەچوون...، بەهەموو شتێك دۆو دۆشاویان تێکەڵئەکرد...

پیاوەکان، دەستەڵاتی خۆیان تێکەڵ بەخەونەکانی من ئەکرد...

مەرگەکانی خۆیان خستە ناو ئازادی منەوە..

تخوبیان لە نێوان دوونیای من وخۆیاندا نەهێشت...،

ئەیانویست، دیسانەوە بێنەوە ناوم وداگیرم کەنەوە..،

بمکەنەوە بەو کچە تەنیایەی،مەراقەکانی ئەخاتەدڵییەوە...،

بمبەنەوە ماڵەکانی مردن و..مەسافەکانی بدەنەوە دەستم بۆدرێژکەنەوە..

ویستیان بەگەڕانەوەیەك بۆسەر خاکەکانی من، نەخشەی وجودی خۆیان ببیننەوە کە خەریك بوو بزریان ئەکرد...،

ویستیان ئاڵاکانی ڕۆحیان لەبەر دەرگاکانی مندا بچەقێننەوە کە کاڵ بوونەوە

ئەیانزانی گەر ڕۆشنایی ئازادی بەر ژوورەتاریکەکانی ئەوان بکەوێ...،

ئەوان چەند تەنها ئەمێننەوە...،

بۆیە پەنجەرەقەپات کردن بەس نەبوو ...

ئەبوایە دەستم بگرن، ڕێم لێبگرن، ڕۆشناییم بکوژێننەوە..



# میهرەبان

عومەر عەبدولکەریم



ناسك

لە تویێی ئەو ناسك تر

نەرمتر لە پرچی هەور

میهرەبان وەك

پەری ئاسمان

چ یاسایەکی سروشتە

چ بەرزە بەختێکی بالآیە

بریسکەی ئەستێرەکان

بە سێبەری جوانی ناگەن

سۆزی دلّم

عەشقی هەراسان کردبوو

ئیمرۆ بە میهرەبانێك

شادبووم



یاسای سروشتی جوانانە
هەموو شۆخێك
دڵ ڕەق نیيە
عەشق لەبان
لەپێ دەستیو سیحری ئەوین
لە نێو سۆمای چاوانیدا و
گەزۆی فریشتەی ئاسمان
لە خونچەی زاری دەبارێ
ئەمڕۆ شاهەنشای جیهانم
گەمە بە دەریاکان دەکەم
کێوەکان لە ئاستی قەدی
بستەباڵان
شەونمی سۆز
جەستەی ووشکمی تەنیوە
نمەی فرمێسکی خۆشیيە
لە ناخی هەڵقرچاومدا
مێرگی حەزی هەژاندووە
بپرسە لە بارانی بەهار
نزا بۆ شەماڵی ئێواران بکە
لە دڵی سپی بەفردا
ڕەشایی چاو بتوێتەوە
بپارێوە لە بەرانەتی پەپولە

بگری بۆ چیرۆکی
باڵای ڕووتی چنارەکان
لە حزووری شەونمی گیای بەهاراندا
دوعای نوێژی موحیببەت بکە
بەچ میهرەبانێك شاد بووم

٢٠٠٤/١/١٠



# کێ ڕزگارمدەکات..؟

**سەلام مەنمی**



بەیانی پێشوەخت لەخەو هەستام و ڕاست و چەپێکی خۆمکرد باوێشکێکی گرانڕۆمدا.. چاوەکانم هەڵگلۆفت.. لەملاولایخۆم وردبوومەوە، بەلام هەتا بڵێی گێژوو وێژوو لەشبەباروو ڕووخسار ترشاوو قاچ و دەست پەیزەن و گۆج و لەگەڵ سێبەرەکەی خۆیشمدا شیرو تیرم دەسوی.. تەکانمدایە خۆم بۆئەوەی هەستم و پێشوازی لەپرۆژەکانم بکەم، بەلام هەرچەندم کردو کۆشام نەمتوانی.. ئەتووت باری خوێی مەملەحە نراوەتە سەرسنگم و دەست و قاچیشم سەنگ و بەرد نراون.. یەك لەدوای یەك باوێشك دەدەم، خەریکە شەویلگەم دەترازێو تووشی سلەو، جادەبم.. ئەگەر بڵێی چەندجارێ ئەمبارە نهێنییە سواری کۆڵەی سنگم بووەو سەرەچەنگەیداوم، بەلام ئەمجارە لەوەدەرچووە و پەلوپۆی شکاندووم و ئەڵێی شەلاقەی باڵشکاوم و چاوم بەرەشەوە دەچێت و گۆڕوو گۆڕیچە چاوم لێدادەگرن و لاشەیەکی ساردوسڕم.. هەرچەند تەکاندەدەخۆم و خۆم لەدەست ئەوبارە نهێنییە رادەپسکێنم قوتاربوونم نییەو چێولەتاریکی دەکوتم و ئەتووت بە زەوییەوە داکوتراوم و ڕەگم فرێداوە.. هەتابوو ئەوبارە کابووسییە زیاتر لەسەردڵم چۆکی دادەداو دنیای لێدەکردم بەچەرمی چۆلەکەو بچووك و بچوکتر دەبوومەوەو بەکونی هەتیتەشەوە دەچووم.. لای خۆمەوە وتم:

( تێناگەم بۆچی وامبەسەرهاتووە..؟! خەڵکان بەیانیان بەزەردەخەنەو خۆشییەوە نەخشە بۆ ژیان و پاشەڕۆژ دەکێشن.. زیندەوەرەکانیش بەسۆزەوە هێلانەو جێگاکانیان بەجێدەهێڵن و دنیا بەکۆڵەوە دەگرن و بۆئەوەی بەرنامەی ژیانیان دارێژن و لەکەڵبەی برسێتی دەربازبن.. ئێوارانیش بەئاهەنگ و بەرچاوتێرییەوە دەگەڕێنەوەو هێلانەکانیان باوەشیانبۆدەگرنەوەو بەدڵنیاییەوە سەردەنێنەوەو خەوی ڕەنگاورەنگ دەبینن.. ئەی من کێ ڕزگارمدەکات و چۆن..؟.

هەتابلێی حاڵە شڕە.. ئەڵێی حەوتشەووحەوترۆژەیە کوچانبەرد دەکێشم و ناوشانم و ناوکەرێژێتی..

شتەکان لەبەرچاوم گۆڕاون، خەوی بێسەرووبەروو بێکەسن و قنگەڕك دەیانبینم.. شیرازەی نێوان ئێستاو ڕابوردووم لۆبڕەو ئەوبارە نهێنییە بەلۆفەکانی رابوردوودا دەمباودەمهێنێو ڕۆژانی منداڵیم بەتەوسەوە سەوزەلەگیانم بۆدەڵێن و کارەساتەکانم بۆ پێچەوانە دەکەنەوە.. هەرچی دەبینم بەپێچەوانەی سرووشت و خواستمەو قوشقیم دەکات و دەمخاتە باوەشی هەرەس و نەمانەوە.. بڕوانە ئەسپە (زەردکۆیت)چی بەسەرهاتووە؟ گوێتی تەپ.. کلۆکی کاڵەکی دەرپەڕیوە.. یاڵ و کلکی پەتکی ئاڵۆسکاون، ئەستێرەکەی ناوچەوانیو قاچە سپییەکانی کەچەڵەیانکردووەو کرێشیانهەڵداوەو مێشی لەخۆی بۆدەرناکرێ.. زین وسەرزینیو سەرووکەڵلەی تەپ و تۆزاوی ئەڵێی تازە گڵەبانکراون.. ئەی سەیری _ خانزاد _ ی دۆستی دێرینم بۆ ناکەیت..؟ سەروپرچی سپی هۆنیوەتەوەو ڕەشپۆشەو بەمەقاشبیگری گۆشتی پێوە نییەو داڵیلێدەگرێ، هەرچەند بانگی دەکەم کەڕوکاس.. ئەڵێی مس کراوەتە گوێیو وەڵامم ناداتەوەو پڕ جنێومدەکات..

ئەوەتا لەئاوێنەکەیشما خۆمناناسمەوەو لەمرۆڤەکەی جارانناکەم و ئەڵێی سەرێکی ترم پێوەلکاوە؟ وێنەکەم بەردبارانم دەکات قۆڵم دەگرێ.. بەچواردیواری ژوورەکەیشما:_ قالۆنچەو مشك و زەردەزیڕەو ماروو جڕوجانەوەر هەڵدەگەڕێن و قەشمەریم پێدەکەن.. مۆرانەش پۆیلانەی چاوی پەنجەرەکانمەوە پەنجەرەکان ئەڵێی تەختەی دەوان و ترووسکاییان تیانابینرێ.. نازانم چۆن رزگارمدەبێ؟

درەخت و پەڕەی گوڵەکانیش:_ کاڵبوونەتەوەو بۆنی سەخڕو کەمێڵیان لێدێ.. ڕەنگی گەمڕەیان لێنیشتووە.. بەڕووبوومیان دڕۆو دەلەسەو نافەکبڕین و دزینی گیرفانەو بەهیچ شێوەیەك مەنیانپڕنابێو هیچ قەپانێك بارستایی ورگیان ناخوێنێتەوە، دنیا لای ئەوان کاوبایەو تایەکی ئەوبارەن و پێیان دەوترێ ئاخوران و بخوران..

ئەمانە ناوبنێم چیو لە چ بیابانێکا جێگایان دەبێتەوە..؟ ناویان بنێم:_ مۆتەکە..؟ نەگبەتی..؟ چارەنووسی کوێرو ژەنگاوی..؟ سایەل..؟ ساڵی تاعوون و قات و قڕی..؟ ئەبێ لەناو شەپۆلەکانی (مەحاڵ)دا رزگارمبێ..؟

٢٠٠٤/١٠/٢٩



# سریاس

فریا یونسی

هەروا ڕەحەت گەیشتمە کەنار تارماییەکەت و تارمایی ئەم بەیانیەت لە تارمایی هیچ بەیانیەکی پێنج شەممانەت ناچێ .هەڵپەشۆکاو لە نێو گرینج گرینجی شیشەی پەنجێرەی کەلاسەکەتان ، بەرەو حاڵەتێکی گوناحی یەئس و ماندوویی کزیتووە و بە خاتری هەمیشەیی ئەو هەیبەتەوە لاواز دەینواندی ، وتبووم (براتم چ لە خۆوە دەترسی)و بەرز ئەبوویتەوە . نا تارمایی نەبووی و بەرز ئەبوویتەوە . لە هەڵمی نەگونجاوی لەشت هەڵدەستای و هەڵمەتت ئەکردە سەر لێوە قاچاخچیەکانی من . وتبووت (مەڵێ براتم) بەرز دەبیتەوە و پڕ دەڕژێیتە گرینج گرینجی شیشەکانو من باران تەحەممول دەکەم . خوایە ! هەر گرینجەو نەختێکی بەرکەوتووە و خەریکن بە جۆرێك دەتوێنەوە . وەك بڵێن ئیتر لێم حەرامی ! دەك بە برین چێ زمانم . ئەزانم ئیتر ناهێڵی نزیکت کەومو تازە ئەزانم ئەبێ ئەم کاغەزانە بە خووساوی وەبینم ... دەنگم گرژ بووە و هەرچی دەکەمو دەکرێنم زمانی بێ ساحەبم بەبرین ناچێ . ناتوانم بڕیارێکت لەگەڵ بدەم ، ئێ ، بەنیوەشەو لە ماڵ دەرتیەڕێنمو بتبەم بەرەو ئاقبەتی ئەم ژانە لەعنەتیە . هەرچیش بەم ڕۆژە نەگبەتەدا ڕێدەکەمو بە سانیە بێ کۆتاییەکانیدا تێدەپەڕم پتر



هەست بە تەعتیل بوونێکی نارەسەن دەکەم . بیر لە شەوی ئیمڕۆ دەکەمەوە . حەیهوو قەرەبرووتی هەموو زەین و هۆشی نەخۆشی دەورانمە و چاوەڕێی چەخماخەیەکی ئازایە ، تامەتایە لە بیر دار و بەردم وەبا . سەهلە بە بیر دار و بەرد وەچم ، ڕەحەتە ئەوەندە دوور وەکەوم کە خۆم لە نەسیانی خۆم پێکەنینم بێ . ئەگەر ئەستەم بێ گوناحێك فەرامۆش بکرێ و بێ هیچ تەقەلایەك و لە هیچ لایەك نەتوانی لە خۆتی بسڕیەوەو هەمیشە لکابێ بە مێشکی داماوتا و چرای ڕەشی بیرەوەریەکانت بێ ! کابرا بڕوا بەرەو ئەو کاتژمێرانەی کە هێشتا نەیانپرتاندووە و نەهێڵێ پرتەیان لێوە بێ .ئەو سانیانەی مومکین نین .. یا مومکین نەبن . لە خۆت دابڕێی ، تا بتەوێ لە خاترەیەکتا دابڕێی . ئەگەریش ئەو خاترە بێویژدانە ڕووبەڕووتم کاتەوە و ددانی لاوازم پێ هەڵبڕێ لەسەر جەرگی لەتوکوتم ، ئەڵێی نەکەم ؟. حەتمەن تۆش بێ سەرەو بەرە بوونی ئەو هەموو ئاواتەت پێ گوناح ئەبێ و دەستم گەرم نەکەیتەوە و شایەدیش بە بنەگەڵت وشکی کەیتەوە و بتەوێ هەڵمواسی بە گەرمای کەنار مەمکەکانتەوە ، یان بتەوێ لەو دیو حورمەتی ناوکی گوناحت بەجێم بهێڵی . شایەدیش کاغەزە خوساوەکەی نێو دەستم هەڵوەرێنیە نێو قوڕاوەکەی ژێر پێمان و حەتتا نەتەوێ بە هەورازە پیرەکەی قەبراندا هەڵگەڕێم کەچی من هەر ناتوانم نەچم و کە بە شەقامە بەردەچنەکەیدا هەڵدەگەڕێم بیری زەوال دەکەمەوە و هەنگاوەکانم هێور دەکەمەوە تا بە ئەسپایی ڕێیان پێ لادەم ، وەك بیانترسێنم لەوەی بەسەر گۆڕی کەسێکدا کە زەوالی گرتووە و بە ژیواری سەدەکاندا لە بیر چووەتەوە " وەك بڵەی ژێر ئەو بەردانەی کە چنراونەتە شەقامەکەوە کەسێك خەوتبێ " ڕێیان پێ لادەم و وەناو قەبرە کان کەوم ، بەس نیە لەوێ ئەزانم کوێ کێی لێ خەوتووە . بەس نیە گەلاوەریوەکانیش ناتوانن نهێنی ئەو خاکە خامۆشە داپۆشن و هەریەکەو لە ئەنگێزەیەك ئەدوێن . حەتتا گەلای لێیە نهێنی هەیبەتی تۆی لەبەرە بە ئیشارەتێك هەموو هێمنی تارماییەکەتم بۆ دەگێڕێتەوە ، بێ ئەوەی بهێڵێ فزە بکەم . هەمیشە پێم خۆش بوو ببمە بەراز و نەهێڵن ببم بەراز . نەهێڵن هیچ پرسیارێك لە پرسەکەمدا وەمێنێ . کەس نەزانێ چۆن باسم کاو ئەگەر باسیشم بکەن بزانن باسی چیم بکەن . جلەکانم . حاڵەتی پیاسەکردنی ئێوارانم . بزەی لیکنم . یا حەتتا قەهری گۆرەویەکانم . یان دانیشن باسی بێ ئەقلیم وەگێڕن کەچۆن پاش ئەنجامی هەر کارێك پەشیمان دەبوومەوە ، حەتتا کارە چاکەکانیش . نا . ئەگەر بێتو باسی شتێکی وەها بکەن کەسێك هەر پەیدا دەبێ بۆیان شیبکاتەوە کە بۆچی هەمیشە پەشیمان بوومو باسی تارمایەکی مەندومەتین دەگێڕێتەوە بە گوێی هەمیشە کپی پرسە نشینەکاندا . ئەترسم حەتتا .. بزەم وەناسن و بەهۆی تێکەڵبوونی هێمنی جلەکانیشم بزانن . نەکیش بڵەی ئەتاسێم لە خوی خوساوی ئەو خەڵکە ، نا . من هەموو شتێکم لە هەموو کەسێك ڕابینی ، کەچی بە هیچ شتێکی هیچ کەسێك ، ڕانەهاتم . بە قەرەبرووتی بێ گوناحی خاڵەکەی لێوار لێوەکانت ، سوێندم بە . خۆت باشتر ئەزانی چەنێك کرماوم لە تەقینەوەی لەسەر خۆی زەڕەیەکیدا . لێم بپرسە دەردم چیە وا لە بەیانیەوە لە تارماییە گوناحەکەت دوور کەوتوومەوە ، بەشکەم بە تۆی بڵێم . ئاخر تارمایی ئەم بەیانیەت گەلێك سەرلێشێوا و شپرزە ڕەسمی دەکری ئەتوت ئیتر هیچ خەبەرێکت لە من پێ ناگا یان هەرگیز نوسراوەکانم لە ژێر مێزی دانیشتنەکەتدا نابینیەوەو نابینی تارماییەکەی ئیمڕۆت گوێی لە تارمایی مامۆستاکە نەبوو حەتتا چاوە لێڵەکانی نەیدەتوانی بخزێتە سەر بیسم ئیللا ی تەختە



سیاکەو ئەیوت چاوی بڕیوەتە چرکەیەکی ڕۆژی جمعەو تارمایەکەت بیری لە هامشۆی پەنامەگی کاغەزەکانی من دەکردەوە حەتمەن . هەمیشە دەتوت ئەم کاغەزانە چۆن دەگەنە ژێر مێزەکەی تۆ وەتدەزانی بە یەکێك لە کچەکانی هاوڕێتا بۆتی دەنێرم ، کەچی ئەتوت ( هاوڕێکانم هیچیان خۆشیان لە تۆ نایە) و پێدەکەنیت . حەتتا کە دەشم گووت بە (با)دا بۆتی دەنێرم ، هەر پێدەکەنیتو ئیتر منیش بە پێکەنین لە بیرتم دەبردەوە . کەچی ئیمڕۆ نە دەنگم پێت دەگاو نەش دەتوانم بە باراندا کاغەزەکەمت بۆ نازل بکەم ، ئەترسم پێتی لێ خاوس بکەیتو بە نێو کوچەو بازاڕی شاردا ، هەتا هێزت ئەمێنێ هەڵێی و بقیژێنی لە تاو ناوکت . بڵەی ناوکت ئەخورێ و هەڵێی . نە خەتای تۆیە نە خەتای تارماییەکەتە نەخەتای لێلایی شیشە گرینج گرینجەکانە و نە حەتتا خەتای سەرو نەشەمەی ئەم بەیانیە گوناحەیە خەتای هەرچیەك بێ من تازە ناتوانم بیری لێ نەکەمەوە . ڕەنگە باوەڕ نەکەی ، وەلێ حەتتا ئیتر ناتوانم تارماییەکەت بێنمە بەر چاوم و دیسانەوە بیخوێنمەوە . کە بە بەفرە شۆی شەقامە بەردە چنەکەدا هەڵدەگەڕێم لە دەیجورەکەی لێوار لێوی ماندوتا واوەیلامەو لێوی ماندووت خێرا خێرا ئەمبوغزێنێ (ئاخر خۆ تۆ مردووت نیەیە بۆ قەبران بۆ ئەچی ؟) دەستەکانم قفڵی یەك کردووە و بەشانی هیلاکمەوە هەلاجانیانە خێرا بگەن . سوست ئەبمەوە ئەڵێم ( ئیتر نەهێڵم بمبینێتەوە) و ئەزانم تا بەیانی وەختم هەیە بە نیشانەکاندا بێمەوە و ئەڵێی (هەرچی بمەوێ بزانم لە کوێی ، فالێکت بۆ دەگرمەوە) ناتوانم بڵێم ( ئەتوانم لە کوێ بم؟) چونکە پەڕیومەتە نێو تامەتایە

دڕکەکانی ئێرەوە و هەرچی دەکەم ناتوانم لەم کاغەزە چرچو لۆچەی دەستم نەبان بم و ئەرێ خەتای ئێوارەی چوارشەممە بوو هێشتی باوکم لە قەراغ کاز و کووزی پێنج شەممەدا ، خۆی بکوژێ ...

سریاسی داماو !

ئەوەی نامهێڵێ تا ئاوا بوونی تارمایی نەجیبت بوێستم! ئەوەی سەرم پێ هەڵدەگرێ تا میزانی لە کارکەوتنی ترپەی دڵو پرتەی سەعات لە ئانێکدا" ئەم کاغەزەیە کە تێیدا قفڵم کردووە و هیچ کلیلێ نیەیە وەمکا لە گرێی ، حەتتا ناتوانێ شلم بکاتەوە ، کێ ئەیتوانی بزانێ شەڕی دوێ ئێوارە لەسەر چییەو کەی منو تۆ شیاوی شەڕێکی وەها بووین ، ئەی منو تۆ سادە نەبووین پاش ئەو هەموو شەڕو نەگریسیەی ئەوان ، بەسەر سەختی خۆمانا دەنازاین . ئەم .قینێکی سەر بە مۆر وەڕەزم دەکاو هەناسەکانم بۆنی قەرەبروتی ئیمشەویان لێدی ، بە خۆم دەڵێم تا ئێستا هەناسەکانم ، دەربەدەریم بەشوێن تارماییتا و خۆ ئازار دانم هەمووی بۆ گەیشتن بەم ڕازە بووە . ئەم ڕازەی وا لەم کاغەزەدا حەتمەنە ئەدرکێ ، یان ئەو ڕازەی وا لە هەنێك یاداشتی کۆندا ، هێشتاش هەناسە ئەکێشێ . تەوفیری چییە بۆ تۆی بڵێم یان نەهێڵم حەتتا ئاگات لە لەشی کرماوم بێ. ئەوەی ناهێڵێ ئیتر بتبینم قینی قومارێکی نادیارە کە بە بەختی منو تۆ کراوە . ئەوەشی نەیهێشتووە جارێکە بڕوخێم شەرەفێکی سەر بە مۆرە کە لە گرەوی ئابروماندایە لەگرەوی تا ئێستا خۆش ویستنی ئەو کابرایەی تاو و لەرزی جحێڵی وای لێ کردبوو کە پێی وابێ هەگیز پیر نابێ و پێی وابووبی زەوال ناتوانێ لە بیر دار و بەردی وەبا . زەوال بەو تارمایانەوە کە تێکەڵ ئەنگوستە چاو بوون و خۆشیان گەرەکیانە بزانن چیان بە چی کرد . چەنێکا بێ ((ران)) سەریان ناوەتەوە . براتم ! ئەوەی ئەم بوغزێنێ وەنیە بڵێم کایەم پێ کراوە ! وەنیە بڵێم ڕۆژەکانیش دەست پێدەکرێنەوە، هەفتەکانیش سەرەتاو بنەتایان دیارە ، ساڵو مانیگش بەری بە نەزمێکەوە هەیە ، نا . ناوکی بەجێ ماوی تۆیە ناهێڵێ حەتتا گەڵا وەریوەکانیش پێخوستم بن . ناهێڵێ لە مەی کە هەم دورتر هەبم . ئاخر هێشتا ئاگام لە تاسانی خۆمە ئەوسا کە دەفتەر یاداشتە پیرەکەی بەجێ هێشتبوو بۆم لێی نوسرابوو : بۆ من . بۆ من ؟ بۆ بۆ من ؟ ئەکا ئەو شەڕەی دوێ ئێوارە لە گەڵ دایکتا ڕۆحی دۆشداماوی تێك شکاندبێ و هەڕەشە لە پیاوەتی نەحسی کرابێ ؟ بۆ بۆ من ؟ نەکا من باعیسی سەر شۆڕی بوبێتم و بلێی لە کوێی ئەو یاداشتانەوە پێمەوە خەریك بووبێ و خۆم نەمزانیبێ ، بۆ من ؟ ئەرێ بۆ من وەلی لە هیچ دێڕێکی ئەو یاداشتانەدا ناوی منت نەدەبینی ، تەنها هەندێك بیرەوەری لاوێتی خۆی بوو کە ڕەنگە بە منو تۆوە ، بەسەختی پیرۆزمانەوە هیچ پەیوەندییێکی نەبێ . بەڵام چاوی داماوی من قسەی سەر نەدەچوو هەر هەڕەشەی لێ دەکردمو دەیوت لەو دیو کەمرەنگی حەرفەکانەوە ڕازێك بانگم دەکا . هەر لەخۆوە نەمدەویرا . نەمدەتوانی بوێرم و دەستم نەلەرزێ . نەمدەتوانی بوێرمو ئاگام لە شڵپەی خۆم نەبێ . دەستم پێ کرد لە ڕێوە بە تەنهایی گیرسامەوە : ((تەنهایی ! چ وشەیەکی سەیرو ترسێنەرە ! کاتێك کە جیا دەبیەوە و دواهات دژوارت ئەکا و هەرکەسیش تا جیا نەبێتەوە و تەنها نەبێ تا تەسلیمی ئەو دابڕانە نەبێ کە ئاوسی تەنهاییە فەلسەفەی ئەم وشە دەرك پێ ناکا . هەنوکە سەعات نازانم چەنێکی ڕۆژی نازانم کەیە و من تەنها لەم ژوورە بێ

سەرو شوێنەدا کە پەنجێرەکانی ڕووە و تریاکو قەحپە ئەکرێنەوە نوقمی بنەمای ئەوم لە تەنهایی خۆم دا و بۆ ڕزگار بوون لە کرێوەی قورسی ئەم بیرۆکانە خەریکی نوسینی یەکەم لاپەڕەی خۆم دەبم . من ئیتر هەرگیز نامەوێ وەها کۆبینەوە و نامەوێ بەم تەنهاییەم وەقۆزێ ...)) وەك ئەو سەردەمەی کە هاتیو منت قواستەوە بەرەو سکی خۆت و ئەه ! هەرچی دەکەمو دەکرێنم ناتوانم لە ناوکی بێ گوناهت پاوەبم. حەتتا چی کێلی بەستەڵۆکە لێم بووەتە ناوکت و کتو پڕ چاوم ناچێتەوە نێو دەفتەرەکەو دەستم گۆ ناکا بیگرێ ، کتوپڕ پێم وایە خەریکن پڕو پڕترم دەکەنو کتوپڕ ((با)) ئەگاتو لاپەڕەیەکی دەفتەرەکەم دێنێتە بەر چاو ((ئاواتەکانم! .. ئەڵێن هیچ شتێك لە ژیاندا کتوپڕ ڕوونادات . نە ڕاخەرێك کتوپڕ دەپوێو نە قەڵایەك کتوپڕ دادەمەزرێ و کتوپڕیش کاول ئەبێ ، نە بەفر کتوپڕ ئەبارێ ، نەش (با) کتوپڕ هەڵدەکا . نە کتوپڕیش یەك ئەبێ بە دوو . کەچی ئیمڕۆ هەموو شتێك کتوپڕ ڕووی‌داو کەس نەیزانی ویستی کێ بوو ... ئاخ کەسێ کتوپڕ لێی دەپرسیم چیم دەوێ . کتوپڕ دەمنەڕاندەوە بە گوێیدا لێم گەڕێن ، با هەرچییەك ڕووئەدات ڕوبدات . ئەگەر ئەنجامی هەمووان مەرگە با کتوپڕ ...)) تێی ناگەم ئەوەندەی کە چاوم ناچێتە حەرفەکانەوەو حەزی حەزینم بیری تۆم دەخاتەوەو ئەزانم ئەمە بیستەمین کەڕەتمە دەفتەرەکەی دەخوێنمەوەو تۆ دێیەوە بەر چاوم کتوپڕ . بیرم ئەکەوێتەوە کابرایەك خۆی کوژتووەو من پڕم لە گریێت . پێم خۆشە بگەمە کەنار کراسەکەت ، کەنار کۆشت ، بگەمەوەو خۆم وەشارم لەو کارەساتەی وا هەست ئەکەم بەم زووانە لەم یاداشتە پیرانەدا ڕوونەداتو ئەگەر قەرارە یەکتر نەگرینەوە بڵێ با جادەکان ( با ) بیانبا تا حەزی گەڕانەوەم نەمێنێ و بە بەفریش بڵێ کوچەکان داپۆشێ تا پێم وانەبێ دنیا یەعنی کووچەی ئێوەو وەگەڕێم . حەتتا بە ئەنگیزەی نوێنەکەت بڵێ دامرێتەوە لە تاسەی منی حەرام . بامنیش سەری نەگریسم بنێمە بێدەنگیەوە و ئیتر نەیەمە تارماییت ، ئیتر حەتا دەستم فەرامۆش بکەم ئەو کاتانەی کە لە نیگاهی گرینج گرینجت حەوا ئەدرا و تۆ ئاگات لێ نەدەبوو . ئەرێ بەشیشەکانیش بڵێ زۆر شت هەر ئەوان بینیان و با بزانن زۆر شت هەن هەر بیریشی لێ ناکەیەوە کەچی ڕوونەدەن و بێ ئەوەی هیچ تاسابێتی خێرا تێکەڵی ئەبیتو تێیدا تەواو ئەبی وەك شەوەکەی نێو شێی نوێنەکەی تۆ .کەس نەیزانی چلۆن کاغەزێکی وەها خوساومان پێ گەیشتو لەبیرتە ئەتووت بڵێی کاری کێ بێ و من نەمدەزانی . ئەو شەوە حەتتا تێکەڵی کاغەزەکە بوین و پاش ئەوە منی تاساو هەر ئەمووت هێشتا تەواو نەبووین ، بۆیە ئێستا کە بەسەر گەڵاکانەوە ئەهاتم بەرەو قەرەبروتەکەی لێوار لێوت و ( با)ش خێرا خێرا بە لاپەڕەکاندا دەیگەڕاندم ، چاوم کەوتوە بە کاغەزەکەی ئەو شەوە و هەر بەو تەرحە نوسرابوو ( مەرگ ) . دڵم داخورپا . ئەزانم ئەوەی کە نوسراوە بۆ من ئەم لاپەڕەیەو کەچی (با) لێم دەشارێتەوە ، دەست دەکەمەوە بە پشکنینی دەفتەرەکان بەڵام بۆم نادۆزرێتەوە ئەڵێی خەرفاوم ( ئەوەی هانم ئەدات بنوسم ئەو هەستە سەرکوتکراوەیە کە تەمایەری هەڵچوونی ڕۆحو گیانم بووەو لە ڕاستشدا ئەم هێڵانە کە بە لارو لەوێر کردنیان لەسەر کاغەز ئەبنە هەنێك دەستە وشە بۆ دەربڕینی بیرەوەریەکانم کە حەقیقەتی ژیانیان لە خۆدا شاردووەتەوە . هیچ نین ژیواری حەزینی من نەبێ لە پێچاوپلۆچی زەمەندا ..) زەینم کاری تێ ناکا هیچ تێ ناگەم ئەڵێی وشە بە وشەی هەر کام لەم دێڕانە بە بە پاڵە پەستۆ دەهێننە بەر چاوم . ناتوانم بەسەر قسەکانم کۆ

وەبم و کتوپڕ تا چاو هەڵدەبڕم بەفرەو ئیتر تا زیاتر سوست ببمەوە جمعەیە . حەتتا ئەترسم دەستم گۆ نەکا پێش قەرە بروتەکە ئەندازەی لاوازی خۆمت بۆ بنوسم و لەسەر لاپەڕەیەکی بێ گوناح نەختێك لە دواهەمین سەمای خۆمت بۆ بەجێ بهێڵم . ئیتر لە کوێوە سەیری ئەو هەموو کێلە کاولە دەکەی و نابینی . ئاخر ئەو بەفرە گیانفیدایە ئەڵێی چرای گۆڕستانەکەیە . برمە برم لە کێلەکان هەڵدەستێ و ئەیانەوێ بە هەموانەوە بمدرکێنن... (مەرگ! ئەو ئالا هەلگرە پیرەی ...) نا ، تا ئێرەمان خوێندبووەوە (ئەو شەو و ڕۆژە سامناکەی کە دەبێ هەر یەکەو ڕازەکەی خۆی بدرکێنێ بە ژنان ...) ئێرەیش دەزانین (ئەو ...) نچ . (ئەو ساتانەی کە برانەوەی ساڵەکانی هەناسەو نەفەسن ...) ئەمەش نیە ، نا . (هەراسم لە مردن‌و نەمان نیە ، هەموو هەراسی من لە درکاندنی ئەو ڕازەیە کە بە ویستنی سریاس سەروگێلاکی لە پێریمدا وەدەرکەوت...) ئەڵێی ناتوانم بوێرم و وەیخوێنم .ئەڵێی بەردەوام بەرەو مەرگم‌و پەسەوێکی ئەم دێڕانەدا کە تۆ تەواو دەبی ئەبێ خۆم بکەم بە ڕاز و نەمێنم . وەك لەوەتای هەناسە بکێشم لە بیری ئەم ساتانەدا بوبێتم و وەك تا ئێستا هەموو قسەکان بۆ بێ تاوان نیشان دانی خۆم بووبێت و ئێستا ئیتر بمەوێ ڕابسکێم لە خورانی بێ ڕەحمی ناوکی کاولت . ( چ دەبوو داوای سریاست نەکردبایە) و یارمەتیم بدە لەگەڵ ئەم دێڕە وەحشیانە ، دەهانام وەرەو لە سەرەتای جنونیانەوە ، هەڵمەگرەوە لەم جەوهەرە جەفاکارانەی کە پڕن لە دەنگی نوساوی ئەودیو ناوکت و ژەنگاری تاوانیان بە سەر و گێلاکەوە دیارە . ئیمڕۆ تەعتیل دەبم ؟ یان دەمێکە تەعتیل بووم و ئاگام لە بڵاو بوونەوەی ئەو خەبەرە خوێناوییە نییە دێتە نێو مێزی دانیشتنەکەت‌و چەقیومەتە جمعەیەکی سەیر و کەپسەوە . حەتتا ئەتوانم لە قەرەبرووتی بێ ڕەحم پاشەگەز ببمەوە و ئەها پێم خۆشە نەهێڵێ تێکەڵ بە سەنگی مەرگ بم . هەنووکە پێم خۆشە لە چی قەرەبرووتە وەخرۆش بێم و بهێڵم هەتاوت هەڵملووشێ ... هم . بڵێی تازە بتوانین لە مەودای نێوان دوو پیتی بێ گوناحەوە دنیا هەلگرین و لەم کاکەشانەبەشان دووی بخەینەوە . بڵێی تازە بتوانم بترپفێنم و گوناح نەبین . بڵێی تازە بتوانی داموکێیتەوە بەسەر ئەم تاریکیە ئەزەلیەدا و لە قەرەبروتی جمعە خەلاسم بکەی ، تا نەهێڵی بگەمە ئەو سانیەی لێت پەرتەوازە دەبم ... (لە بیری منا بەو لەوە زیاتر ئالوودەم مەکە ... من لەو کەسانەم کە بەر لەوەی بمرم هیچ ئاواتێکیان نامێنێ و حەتتا بە عەزابی ناوکە خورمایەکی حەرامەوە ئەسوتێن ...) و بە قژە خورمایەکانت بڵێ لە قیری جمعە دەرمکێشن تا لێت تێکەڵو پێکەڵ نەبم . ها سریاس ! ئەزانی ئیتر ئەتوانی بچیە سەر خاکی باوکت تا ئەرخەیانی بکەی لە من و لە بوومەلەرەکەی ئەو دیو ناوکت ! ئەزانی ئیتر برام !

# ژنێک دەزوەکەی چڕی

چنوری سەعیدی

پێم سەیر نییە گەر نەمناسی، ماوەیەکە لەورۆژانە تێپەڕیوە، بەڵام ئەوە لەیاد ناکەم کەتۆ منت خولْقاند، پێتخۆشبوو هەموو شتەجوانەکانی ئەم جیهانە لەمندا کۆکەیتەوەو ناوی منت نا.. نوونوو..، لەبیرت دێ..؟ لەبەرامبەرمەوە راوەستایت و گوتت: ئێستا من نوونووم یان تۆ..؟ من گوتم: تۆ.. تۆ گوتت نە، پێکەوە" بەڵام من تارام و تۆ مایتەوە، ئەو نوونووە تارا کە خولْقاندبووت، نە ئەو نوونووە کەخولْقابوو.

من سەرم سوڕماوە وەکو فیلمێکی بڕکە بڕکە بیرەوەرییەکانی منداڵی، ئەو کاتە وا قەد لەبیرم نەمابوو، لەژێر خاك و خۆڵدا زیندوودەکاتەوەو دەینێتە داوێنم، من تەنانەت نێوی چکۆلەی خۆشم لەبیرنەمابوو.

توند.. توند پێڵو ئەتروکێنێو چاوم لێهەڵناگرێ:

_ چەند گۆڕاوی خانم..!

ڕاکشاوەتە سەر لوولەی دووکەڵکێشەکەوەو ڕێگای فڕینی دووکەڵەکانی بەستووە، هەندێکیان لەنێو قژەکانیا خۆیان دەرباز ئەکەن و هێور.. هێور..

نیگام دەکەوێتە شوێنی ئەو قژانە هەر لەسەر لوولەکەوە تا زەوین..

_ تۆ.. چنوور خانم، نەبۆ من هێشتا نوونوویت، چاوەکانت قەد نەگۆڕاون، تەنانەت ئەو پەڵە بێهێزو بچووکەش واجێگایەکی چکۆلەی لەسپێنی چاوانت داگیرکردووەو کەس بەوردی نایبینێ، ئێستا ژنێکیت.

کەئەڵێ نونوو دڵم دائەخورپێو کچێکی چکۆلە دێتەوەبیرم: چاو هەنگوینی، بەکراسێکی کورت تا بان ئەژنۆیو بێقۆڵ بەڕۆژان ئەوەندە لەنێو حەوش و کۆڵانەکاندا یاریدەکرد تا باڵ و قاچەکانی ڕەنگیان دەگۆڕاو قژەکانیو پشتەملی بۆنی هەتاوو عارەقەیان ئەدا، ئەو کچە واهەموو شەوێك بەم خولیایەوە چاوی لێك ئەنا، ڕۆژێك بڕواتە بەردەرگای ماڵی خودا، تا بزانێ ماڵەکەیان چەندە پلەی هەیە. چەندە کچ و کچەکانیشی چەندە بووکەڵە..؟.

_ لەبیرت دێ نوونوو؟ چەندە بێرازبوویت لەقژی شۆڕ، بەڵام شۆڕترین قژی بەرزە هەوایلەکانت بۆ درووست کردم؟ لەم ساڵانە لەهەر کوێ دائەبەزیم، قژەکانم دەئاڵانە دەوری شتەکاناو بەئاستەم دەرباز ئەبووم.

قاقا پێدەکەنێ، وەك جاران، ئەڵێت پێکەنینی من گۆڕاوە، دڵە راوکێمە پێکەنینمان لەدووکەڵ کێشەکەوە ئەگاتە گوێی منداڵەکان و پیاوێك کەدەزانم ئێستا دووکەڵە یەخسیربووەکان نیشتوونەتە سەردەست و ڕوومەتیو ئەو ساویتە هەموو مەلافەکانا،



گوتم:_ دوای ئەم هەمووسالآنە، بۆ ئێستا لەم زستانە، لەبان ماڵی ئێمە، لەسەر ڕێگای دوکەڵەکاندا دابەزیوی..؟
دەنگی دووری پیاوێك لەدووکوڵەکەوە دێتەسەر لەنێو قژەکانیا دەربازئەبێ، وەکو هۆرەیەك کە با بیهێنێ:
_ توانیت بزانیت چی قەوماوە چنوور..؟
من هێواش لەئامێزی دەگرم و دایئەبەزێنم، وەکو ئەو کاتە واتازە درووستی کردبووم و وریابووم نەکا ئێسکەکانی لێکەوەبێ.
_ کەلەبەر ماڵی خودا هاتمەوە، بەهاریش خەریك بوو ئەهات.
دووکەڵەکان بەرەوز ئاسمان هێرش دێنن، پیاوێك تەقە تەق سۆپاکە درووست ئەکاتەوە، بێگومان ئێستا هەموو شوێنێك.. هەموو شتێکی ڕەش کردووە..!
_ بڕوات دەکرد لەرۆژێکا بەرزە هەوایلەکی یاغی بێتەوەو بیەوێ..
کچێك دێتەوەبیرم، تا حەوتوویەك هەموو دەزۆوەکانی ماڵی خۆیانی کۆکردەوەو ویستی بەرزترین بەرزە هەوایلەیی بنێرێ بۆ ئاسمان، تاکو بگاتە بەرماڵی خوداو ئەم سکالآیەی بۆ ببات کەهەمیشە بڕیارئەدات بڕوات بۆ ئەو کچەو قەد ناڕوات.
من ئەمە ئەڵێم و ئەو قاقا پێئەکەنێ، بێگومان ئێستا منداڵەکان وائەزانن خەریکم لەگەڵ قالآوەکان یان گورگەشەوییا ئەدوێم.

گوتم:_ من خەریك بووم ئەژیام، هەموو رۆژێك ماڵم گسك ئەداو چێشتم لێئەناو شەوانە.. ویستم ئەمەش بڵێم.. کەتۆهاتی هەمووژیانی من ڕەش بوو، هەموو پەردەکان.. مەلافەکان..

گوتم:_ بۆ ڕۆیشتی..؟ بۆ ئەو دەزووەت پچڕی..؟ دوایی ڕۆیشتنی تۆ ئیدی بەهیچ بەرزە حەوایلەیەك هیچ دەزوویەك بڕوام نەکرد، هەستم دەکرد دەگەڕێتەوە، دەزانی بەرزە حەوایلەکان قەد دایکی خۆیان لەیاد ناکەن، ئێستاش شەوانە بەسەرهاتی تۆ، بیرەوەریەکانی تۆ بۆ منداڵەکان دەگێڕمەوە" ڕۆیشتنی بێگەڕانەوەی بەرزەحەوایلەیکی بەختەوەر کەهەمیشە پێدەکەنیو بزەیەکی هەتا هەتایی تەنیشتی لێوەکانی تا لای گوێی کشابوو

_ بەڵام باوان ئەو دەزووە تا لای ماڵی خودا زۆر بێگیان بوو..!

_ نا.. ئەو دەزووە درێژترین دەزوویەك بوو کەتا ئەو کاتە دیبووم.

منداڵێك دێتە حەوش و هاوار ئەکا:

_ دایە وەرە خوارەوە بابە سۆپاکەی درووست کردۆتەوە، برسیمانە.

لەبان ماڵەوە سەرئەکێشم، منداڵێك بەکراسێکی کورت تا بان ئەژنۆیەو.. قژەکانیو پشتەملی بۆنی عارەق و هەتاوی لێدێ، من هەست ئەکەم" وائەزانێ نەمبیستووە، توندتر لەپێش هاوار ئەکات:

_ برسیمانە..!!

بچووکتر لەهەمیشە ئەیبینم، وەکو ئەو کاتە وامنداڵ بووم و وامئەزانی کەدێمە بان ماڵ، مرۆڤەکان بچووك ئەبنەوەو کاتێ کەدەڕۆمە خوارەوە گەورە، تەنانەت ئەویش دەستەکانی.. جلەکانی ڕەش کردووە.

_ لەبیرت دێ شەوانە بیانووی بووکەڵەکانی کچی خودات لێدەگرتم..؟ من بڕیارم دابوو هەموو ئەو بووکەڵانەت یەکە یەکە بۆ بژمێرم.

بێشك ئێستا دەستەڕەشەکانی ئەساوێتە هەموو جێگایەك و لەدوایدا ئەڵێ:

_ سۆپاکەم بۆت دروست کردەوە؟

تۆش بڕیارت دابوو بڕۆیت و یەکێ لەو بووکەڵانەم بۆ بێنی، بەڵام کەئاسمانت بینی یاخی بوویتەوە..!

ئێستا هاتوومەتوە پێتبڵێم خودا ئەو بوکەڵە تەنیا بەدەستی خۆت ئەسپێرێو نەك هیچ کەسی دی.

دیسان دڵم دائەخورپێ ڕەسمە ڕەنگ بەرەنگەکانی کچە چاوەنگوینیەکە یەکە یەکە لەژێر خاکەوە سەرهەڵدێنن..

منداڵەکانی خودا ئەوەندە زۆربوون کەهەموو ئاسمانیان داگیرکردبوو، سەیارەو بووکەڵەکانیشیان هەموو جیهان، کچەکە بڕوای نەئەکرد خودا لەنێو ئەم هەموو قەرەباڵغییە هێندە تەنیابێ.

_ من ڕێگاکە دەزانم، دەزووەکە بگرە.. پێکەوەی هەڵدەین

پیاوێك هاوار ئەکات:

_ ئەوە چیدەکەی لەوبانەو لەگەڵ کێیا ئەدوێی؟ وەرە هەمووشتێکم درووست کردۆتەوە، منداڵەکان برسییانە..

من داوێنەکەم دەخەمە نێو شووالەکەما ئەکا گیرکات لەهەورەکان. دەڕۆین و سەرم گێژئەخوات، پیاوێك تووڕە بەکراس و دەستێکی ڕەشەوە لەپەیژە دێتەسەر تابزانێ لەگەڵ کێیا ئەدوێم وپێدەکەنم؟!.
خۆزگە مەلافە شۆردووەکانم دەق کردایە، ئەو دەڕوات وکچێك چاوهەنگوینی توونـد دەزووەکەی چنگ لێداوە، خۆزگە ژێرچێشتەکانم دەکوژاندەوە، سییەکانم پڕدەکەم لەهەوا، هەوای تازە..
خۆزگە نانم بەمنداڵەکان بدایە، بێگومان پێش لەو کەبگەینە بەرماڵی خودا لەنێوکۆڵانەکاندا نێوژنەکان، مرۆڤەکان قوو دائەکەوێ:
نیوەڕۆیەکی ئاخری زستان، کچێك، ژنێك دەزووەکەی پچڕی.



### ئیزابیل ئەلەندی

# کەسایەتی ڕۆمانەکانم بە بەردەوامی لە دوورخراوەو هەژارو کەنارخراوەکانن

و/ بەختیار سەعید

ئەو دەڵێت سازدانی گفتوگۆ لە کاری نوسینی دوادەخات،لەگەڵ ئەوەشدائیزابیل ئەلەندی جگەلەوەی کە نووسەرە،خاوەنی گفتوگۆیەکی سەرنج ڕاکێشەرە لە ساتەکانی گفتووگۆکردندا لەگەڵیدا.

ئەلەندی درێژترین وەڵام دەبەخشێتە کورترین پرسیار، هەرکاتێك وەڵام دەداتەوە کێشێك دەبەخشێتە گشت ئەو وشانەی کە لە ڕستەکاندا بەکاریدەهێنێت.

بۆ هەموو وشەیەك لەلای ئەو یاساو ئاوازی خۆی هەیە، کاتێك گوێت لێدەبێت کە گفتووگۆ بە زمانی ئنگلیزی دەکات بڕواناکەیت کە کارەکانی بە زمانی ئیسپانی دەنووسێت.

کارەکانی ئیزابیل بۆ زۆربەی زمانە جیاوازەکانی جیهان وەرگێڕدراوەو نێوبانگییەکی جیهانی بەدەست هێناوە لەو دەمەوەی ڕۆمانی (بیت الارواح)ی لە ساڵی ١٩٨٢ لە ئیسپانیا بڵاوکردووە.





ئیزابیل لە ساڵی ١٩٤٣ لە پیرۆ لەدایك بووەو خاوەنی چەندین بڕوانامەی دکتۆرای فەخرییە لەوانە لە زانکۆکانی (بیتز، دۆمنکان، نیۆیۆرك، کۆڵۆمبیا)دوە پێیبەخشراووە.

ئیزابیل ئێستا لەگەڵ دووەمین هاوسەریدا (ویلی)لە شاری مارین کانتی ولایەتی کالیفۆرنیا نیشتەجێ بووە.

ئیزابیل خوشکەزای (سلفادۆر ئەلندە)ی سەرۆکی پێشووی کۆماری چیلییە کە بەهۆی ئینقیلابێکی سەربازییەوە لەکارخرا، لەودەمەدا ئیزابیل وەك ڕۆژنامەنووسێك کاری دەکرد، هەربۆیە دەربارەی ئەو ئەزموونەی وەك ڕۆژنامەنووسێك دەڵێت ڕۆژنامەنووسێکی سەرکەووتوو نەبووم، بەڵام ڕۆژنامەنووسێك بووم لە پلەی دووەمدا.

لە هەمانکاتدا، واتا ئەو دەمەی کە خاڵی لە دەسەڵات کەناردەخرێت، ئیزابیل ڕوودەکاتە وڵاتی فەنزویلا بەمەبەستی دوورکەووتنەوەیەکی کاتی، بەڵام بەپێچەوانەوە دەڵێت ناچاربوم کە سیانزە ساڵ بمێنمەوە.

لەگەڵ ئەو چەند ساڵەی غوربەتدا سەیر نییە کە کەسایەتییەکانی ئەلەندی کەسانی داهێنەر بن کە ئەلەندی خۆی ناوی (کەنارخراوەکان)ی لێناوون.

دەڵێت ئەگەر ئەو کەسایەتیانە داهێنەریش نەبن ئەوا ناچارکراوون ڕوو لە غوربەت بکەن و بەدوور لە نیشتمانیان بژین،هەروەك ئەوەی کە لە کەسێتی (ئەلیزا)ی کەسێتی سەرەکی دوایەمین ڕۆمانی (فتاة محظوظة) کە هەست بە دووری دەکات لە نیشتمانەکەی، ئەم ڕۆمانە پڕ فرۆشترین کتێبی بۆخۆی پاوان کرد لە ساڵی ١٩٩٩ لە وڵاتەکانی (ئەمریکا، کەنەدا)، ئەلەندی خاوەنی شەش ڕۆمانە، هەروەها کتێبێکی هەیە کە تایبەتە بە مردنی (بانولا)ی کچییەوە، کاتێك پرسیارم لێکرد :

— گەر نووسەر نەبوویتایە حەزت دەکرد چێشت لێنەرێکی باش بوویتایە ؟

ووتی: من حەزدەکەم هەرکارێ بێت ئەنجامی بدەم جگە لە قاپ شتن، حەزدەکەم یاری لەگەڵ نەوەکانمدا بکەم و عاشقی نووسین، لەگەڵ ئەوەدا بیرم لە خواردن دروستکردن نەکردۆتەوە، من حەزدەکەم لە تەنها ژوورەکەمدابم لەگەڵ وشەکانمدا کە دەتوانم دنیا نازیزەکانی خۆمیان پێبخولقێنم.

هەرکاتێك کتێبێکم چاپ کرابێت تەمەڵی نەنووسین لێمئالاوەتەوە لەگەڵ ئەوەی کارەکانم بۆ چەندین زمان وەرگێردراوون و دەزگای چاپو بلاوکردنەوە داوای بەرهەمی نوێت لێدەکات کە لەو دەمەدا نووسین زۆر ئەستەمە.
نووسین پێویستی بەهێزێکی ناوەکی هەیە کە بتوانێت داهێنان دروست بکاتو کاریگەرییەك بەجێبهێڵێت،لێرەدا ئیحساسێکی سەرسوڕهێنەر هەیە کە پێویستە زۆر گفتوگۆی لەسەر بکەین کە ئەویش ئەوەیە ئایا ئێمە بۆچی دەنووسین، کێ دەزانێت بۆچی دەنووسێت.
بەدڵنیایی هەرکاتێك مامۆستایانو بیریاران دەنووسن پێویست ناکات ئەوە شیبکەنەوە کە بۆچی دەنووسن.

- چ یەکێك لە کتێبەکانت جێگای سەرسامیتانە؟

* لە نێو کتێبەکانمدا کتێبێك نییە کە مامەڵەیەکی تایبەتی لەگەڵدا بکەم، لەبەر ئەوەی من سەیری کتێبەکانم ناکەم وەك کارێك بەڵکو ئەوە موعاناتی بەردەوامە، ئەو ئاوێنەیەیە کە ژیانی کەسێتیم پیشان دەدات، لەو حاڵەتەدا کتێبی بانولا گرنگترین کتێبمە چونکە لە خۆکوشتن رزگاری کردم، بانولا ئامەنگگێڕانە بە ژیانو ناکرێت لەبیربکرێت کە ئەوە ئامەنگگێڕانە بە ژیانو خۆشەویستیو لە واقیعدا ئەو کتێبە باس لەمردن ناکاتو هەرگیز لەوکتێبەدا قسەکردن نییە لەسەر مردن.

- کەسایەتییەك هەیە کە لەگەڵدا بژیت، یاخود مامەڵەی لەگەڵدا بکەیت؟

* کەسێتییەکی دیاریکراوم هەیە کە بەردەوام لە رۆمانەکانمدایە، دەڵێم زۆربەیو نازانم چۆن ئەو کەسێتییە پێمەوە نووساو سەرچاوەو ئەسڵی نازانم، لە رۆمانی (ئیفالۆنا) ئەو کەسێتییە کەسێتییەکی بازرگانێکی عەرەبە، لە رۆمانی (فتاة محظوظة) جەستەی کەسێتی سەرەکی رۆمانەکەی پێبڕاوە کە ئەویش کەسێتی (تانوجین) کە رۆڵی باوکمو برا گەورەکەم دەگێڕێت بۆمن، ئەو دەزانێت کە خۆشەویستی دەکاتو کەی خۆشەویستی ناکات.
لەو بڕوایەدام ئەوە کەسێتی مامە (بابلو)م دەگێڕێت کە لە ئامێزیدا بۆ ماوەیەك ژیاووم.

- بۆچی لە ساڵی ١٩٨٧ بۆ نیشتەجێبوون رووتکردە ئەمریکا؟

* لە راستیدا کەوتمە داوی خۆشەویستییەوە، هاتم بۆ ئەوەی لێرە بژیمو ئەم مەسەلەیە زۆر کۆنەو بۆ دوانزە ساڵ پێش ئێستا دەگەڕێتەوە.

- کەواتە خۆشەویستی لەو غەمانەیە کە شانبەشانی ژیان تێدەپەڕێت؟

* بەڵێ بەدڵنیایی من رۆمانێکم نووسی دەربارەی ئەو ماوەیە، بەڵام راستی دەڵێم توێژینەوەم لەسەر شوێنەکە کرد چونکە من هیچم دەربارەی کالیفۆرنیا نەدەزانی، لەدوای ئەوەی سەرسامی سان فرانسیسکۆ بووم لەگەڵ ئەوەی شارستانییەتی ١٥٠ ساڵی تێنەپەڕاندووە لەگەڵ ئەو دابڕانە کورتەدا شارێکی نامۆیەو هەموو جۆرە بیروباوەڕێکی دژ بەیەکی تێدایە، گەیشتمە ئەو بڕوایەی کە لە گشت لایەکی ئەم جیهانەوە خەڵکی بۆ ئەم شارە هاتوون بۆ گەڕان بەدوای ئاڵتووندا، ئەوەشم لە رۆمانی (فتاة محظوظة)دا ئیشارەت پێداووە.

- تۆ یەکێکی لەو نووسەرانەی کە لە زۆربەی وولاتانی جیهاندا شانازیت پێوەدەکەن؟

* من سوپاسگوزارم بۆ ئەو وتانە بەڵام ئەوانە دەبێت دایکم گوێی لێبێت.

- تۆ هەست بەچی دەکەیت؟

* کتێبەکانم ئاستی باڵایان بەدەست هێناوە لە جیهاندا لە رووی پڕفرۆشترین کتێب و بڵاوبوونەوەی لە قوتابخانەو کۆلیژو زانکۆکانی جیهان، لەبەر ئەوە من هەست بە شادمانی دەکەم.
بیرمە کاتێك کە رۆمانی (بيت الارواح)م دەنووسی گفتوگۆیەکی فراوانی لێکەوتەوە، بەڵام دەنگێك لەناخمدا بەئاگای هێنامەوە، لە راستیدا ئەو رۆمانە تاکو ئەمڕۆ جێگەی ستایشی خوێنەرانەو پڕفرۆشی کتێبەکە وای لێکردم کە بۆ دووەم جار چاپی بکەمەوە، بەڵام چەند ساڵێکی تر بخایەنێت تا بزانم لەبیر دەچێتەوە، ئەو کاتە دەزانم کە ئایا ئەو رۆمانە سەرکەوتوو بووە یان نا.
— سەرسام نیت بەو رێژەی پڕفرۆشییەی کتێبەکانت؟
* بەڵێ هەندێ جار سەرسام دەبم بەو رادەیەی کە لە بیرمدا نەبووە، تەنانەت ئەو کاتانەی کە دەمنووسی لەو بڕوایەدا نەبووم کە رۆمان بنووسم، بەڵام دایکم بەردەوام پێیدەوتم ئەلیزا دەزانی ئەوەی کە تۆ دەینووسیت لەوانەیە ببێتە رۆمان؟
کاتێك لە نووسینەوەی رۆمانەکە بوومەوە، یەکێك لە هاوڕێکانم بە یەکێك لە دەزگاکانی چاپ و بڵاوکردنەی ناساندم کە پێی ووتم ناتوانم رۆمانەکەم چاپ بکەم ئەگەر هۆکارێکی دابەشکردن نەبێت، ئەو دەمە زانیم کە ئەو هۆکارە چەندە گرنگەو بەبێ ئەو ناتوانم دەست بە نووسین بکەم، هەرلەو کاتەدا لە فەنزویلا دەمنووسی و رۆمانەکەم نارد بۆ یەکێك لە دەزگاکانی چاپ و بڵاوکردنەوە، لەدوای سێ مانگ رۆمانەکەم چاپکراوو لەناکاودا هەموو شتەکان گۆڕانیان بەسەردا هات.
— مەسەلەی دوورکەوتنەوەت لە نیشتمان لە زۆربەی کارەکانتدا بەدیدەکرێت؟
* دەمەوێت ئەوە بڵێم زۆربەی کەسێتییەکانی نێو رۆمانەکانم کەسێتی کەنارخراوون و خۆیان دوورنەکەووتوونەتەوە بەڵکو بەزۆر لە نیشتمان دوور خراوونەتەوە، هەربۆیە من ئەو جۆرە خەڵکانەم خۆشدەوێت.
— کەنارخراو؟!
* کەنارخراو کەسێتییە راستەقینەکانی ناو رۆمانەکانمن، هەروەها بێگانەکان، پەنابەران، دوورخراوەکان، دزەکان، ژنە هەژارەکان ئەوانە ئەو کەسانەن بە دەوڵەمەندی لە دایك نەبوون و رۆژێك لە رۆژان هیچ ئیمتیازاتێکیان نەبووە، ئەگەر لە دنیایەکی دەوڵەمەندیشا لەدایك بووبێت هەروەك لە رۆمانی (بيت الارواح)دا ئەوان لەو دەوڵەمەندییە هیچ شتێکیان دەست نەکەوتووە، بەڵکو بوونەتە کەنارخراو.
— مەبەست ئەوەیە کە ئەوانە لەوانە نین کە ئیمتیازاتێکیان پێبڕاوە، بەڵکو بوونەتە کەنارخراو لە کۆمەڵگادا؟
* بەڵێ.
— رات چییە دەربارەی فیلمی (بيت الارواح)؟
* خۆشم دەوێت بەڵام فیلمەکە پەیوەندی بە ئەمریکای لاتینییەوە نییە، بەڵکو فیلمێکی ئەسکەندەنافییە، لەگەڵ ئەوەشدا من خۆشم دەوێت چونکە سەرسامی کردم و چێژی پێبەخشیم،

کە بۆ یەکەمین جار فیلمەکەم بینی هەستم بە راستی رۆمانەکەم کرد، بێئاگا بووم لەو وردەکارییانە، لەو بڕوایەدام لە زۆربەی رۆمانەکانمدا نەمدەزانی چی بکەم.
تا ئەو رادەیە خەڵکی لەدوای چەند ساڵێك پرسیاریان دەربارەی رووداوەکانی ناو رۆمانەکەیان لێدەکردم کە چی رووی داووە...رۆمانەکانم هەمان گرنگی هەیە لەلام هەموو کەسێتییەکان کەسێتی سەرەکین، هەربۆیە من نازانم کامەیان رۆڵی یەکەمیان هەیەو کامیان دووەم، لە راستیدا من نازانم کام رۆمانم گرنگو رەسەنە

– کاتێك یەکەمین رۆمانتم خوێندەووە لە شێوەی نامەدا بوو؟

* بەڵێ بۆ باپیرم نوسیبوو کە لە چیلی مردبوو، لەو دەمەی کە من لە فەنزویلا دەژیامو نەمدەتوانی بگەڕێمەوە بۆ چیلی.
لەوێ زۆر سەرقاڵی کارکردن بووم، کاتێکیش کە لە قوتابخانە دەگەڕامەوە پێداویستییەکانی نووسینم ئامادەکرد، هەربۆیە هەرکەسێك دەیەوێت ببێتە نووسەر پێویستی بە هەوڵو تەقەلایەکی زۆرە.

– لە دوای چاپکردی رۆمانەکەت ژیانت گۆڕانی بەسەرداهات؟

* نەخێر لەدوای چاپکردنی یەکەمین کتێبم لە کارەکەم دوورنەکەووتمەوە، چونکە دەمزانی لە دوای چاپکردنی یەك کتێب بژێویت بۆ دابین ناکات، هەربۆیە پێویستت بەکاری دووەم دەبێت، هەربۆیە بەردەوام بووم لە نووسینی دووەمین رۆمانم، بە رۆژ کارم دەکردو بەشەویش دەمنووسی لەو دەمەی کە لە فەنزویلا دەژیام، یەکەم رۆمانم بە چاپێکی دەستی بچووك نووسییەوە، بەڵام رۆمانی دووەمم بە چاپێکی کارەبایی نووسی، لە رۆمانی سێیەممدا کوڕەکەم پێیوتم پێویستمان بە ئامێرێکی کومپیوتەرە، هەربۆیە بە ناچاری دەستم لەکاری دووەمم کێشایەوە.

– ئەی رۆمانی سێیەم؟

* ئیفالونا...لەو بڕوایەدا بووم کە ناتوانم لە رێگای نووسینەوە ژیانێکی تەواو بۆ خێزانەکەم دابین بکەم، هەرچەندە رۆمانەکانم وەرگێڕدراوەو ژمارەیەکی چاوەڕواننەکراوی لێفرۆشراووە تا ئەمڕۆ، بەڵام هەر دڵنیا نیم، ئەو ئیحساسەم نییە کە بتوانم رۆمانێکی تر بەرهەم بهێنم تا ئێستا، بەڵام پێ لەسەر ئەوە دادەگرم کە من زۆری تر ببەخشمو موعجیزەیەك لە دنیای نووسینو بڵاوکردنەوەدا ئەنجام بدەم، لەوبڕوایەدام گەر کاتێك ببەخشم بەخۆم ئەوە موعجیزەیەك روودەدات کەی ئەوە نازانم.

* ئەوە بەشێکە لەو دیدارەی ژنە رۆماننووسی ناوداری چیلی (ئیزابیل ئەلەندی) کە ارضا الموسوي لە ئنگلیزییەوە وەریگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی و لە سایتی ئیلاف بڵاوکراوەتەوە.

سامان قادر:

# لەلای من گەشترین ماوە بۆ شێوەکاری کوردی ساڵەکانی (١٩٧٥-١٩٨٥)ە

سازدانی: سەلاح محەمەد



پیاوێکی گەنم رەنگی قژ رەساسی هێمن وەکو هەنگ لەکارکردندا هەتاوی لە چاوەکانی وەردەگرت، هێدی هێدی وەکو دەروونێکی سپی ویژدان وهزری دەرژێنێتە ناو تابلۆکانیەوە، ئەم پیاوە لەوەتەی ئەیناسم هەست ئەکەم خۆی بەبەرپرسی هەموو ئازارەکانی مرۆڤ دەزانێت، هەست ئەکات نابێت وەستان هەبێت، بەردەوام بۆجوانی دەگەڕێت، کەسێکە باوەڕی بەدروستکردنی دنیایەکی جیایە لەو دنیا وەستاوەی کە ئەم لێی ناڕازییە، بەجۆرێکی تر لە کەسانی تر شتەکان دەبینێت، کاروخەبات و هونەری تێکەڵ کردووەو پشتی کردۆتە کۆڵدان،

هەمیشە لەجەنگی بەردەوامدایە لەدژی برسێتی و نەزانین و تێنەگەیشتن، بەناو تاریکستانەکانی ستەمدا دەگەڕێ و لەمەرگی ئەو گەلایانە رادەمێنێ کەقین هەڵیوەراندن و دەیەوێت چارەیەك بدۆزێتەوە کەئەوانیش دەستە ئاسنینەکانی درەندەیی نەیانخاتە سەر سەفەرێکی ئەبەدی و شانوقۆڵی درەختەکانی نیشتمان بەڕووتی لەشەوە ساردەکانا بەتەنها نەمێنێتەوە، ئەم پیاوە ماوەیەکە بەجەستە دوور بوو، بەڵام هەستم ئەکرد کە هەمیشە چاوەکانی بەکۆڵانەکانی شێخان وچوارباخ و ئازادیدا دەگەڕێ و فرمێسکەکان کۆدەکاتەوە وهەناسە تەزیوەکان هەڵدەمژێ و سەرلەنوێ دەیەوێ جیهانێکیان لێدروست بکات کەمێژوو دەستی ئافەرینی بەسەر ئەو هەستە ناسك و هۆشە ڕوناکەیدا بێنێ، ئەم پیاوە سەر رەساسی گەنم ڕووە هەمیشە لەدڵیا ئاڵایەك ئەشەکێتەوە، بۆیە لەناو خەبات کردنی تایبەتی خۆیدا هەوڵئەدات ژیان بدۆزێتەوە.

سەلاح: ئەگەر سامان قادر سکێچێ یان چەند سکێچێ لەسەر منداڵی خۆی لەکۆڵانە باریکەکانی گەڕەکی شێخاندا دروست بکات، بەڵام بە وشە ئایا چیمان پێدەڵێت؟

سامان:

کۆڵان.. سەرەتای گەڕان بەناو نهێنییەکانی ژیان لەو ڕووبەرەدا ئاوێتەکردنی پەیوەندییەکان... دۆزینەوەی خود... ئاشنا بوون بەهەموو ئەو شتانەی ئەگونجێن و ناگونجێن بەیەکتر... جیاکردنەوەی رەنگە ئاوریشمەکان تێکشکاندنی یاسا رەق وتەقەکان... پێبەخشینی مانایەکی بەسۆز تره بەژیان، ئەوەی لەکۆڵان ژیانی بەبەردا ئەکرێ راستکردنەوەیەکە بەماناتری لێکدانەوەکانە لەنێوان داری گوێسوانەی ماڵە قوڕەکان... هێلانەی چۆلەکە سرکەکانمان ئەدی زوقمی زستان هێلانەی تێدا ئەکرد، نەخشی کۆڵەکە، پەنجەرەی شوشەی ڕەنگاو ڕەنگ، دەرگای تەلیسماوی درز بردوو، پێپلیکانە ئەبەدیەکان... دڵۆپەی دوای بارانێکی تێر... ماندویەتی دوای یاریە سەرشێتەکان، ماندویەتییەکی دەروێشانە.. هەموو بینینەکان لەوێوە لەدایك بوون.. ململانێی پێکەوە ژیان و هەڵکردن ...

سەلاح:

لەچ قۆناغێکی تەمەندا هەستت بەیەکەم سۆز کرد بەرامبەر بەکاری وێنە کێشان؟

سامان:

هەموو شتەکان وێنەیەکیان هەبوو.. ئەو وێنانەی کەبەچاو ئەبینران و ئەوانەی لەهەستا وێنەم بۆدروست ئەکردن... تێکەڵکردنی ئەو دووجیهانە پڕ بینین و هەستە.. هاوکێشەیەکی ئێجگار سەیری لادروست کردم... لەتەمەنی یانزە ساڵیدا هەمیشە لەهەوڵی ئەوەدا بووم ئەوەی ئەیبینم تێکەڵی هەستی بکەم.. بەشێوەیەکی جیاواز تر.. جارێکی تر سەر لەنوێ بیانخوڵقێنم... ئەم ململانێیە سۆزێکی تایبەتی لادروست ئەکردم بەئاوێتەکردنی هاوکێشەکان بەژیان.

سەلاح: ئەو مامۆستایانەی هونەر کەتا قۆناغی دواناوەندی کاریان لێکردووی، یان هانیان داوی، یان خۆشیان ویستووی کێبوون؟

سامان:

ئەوەی من بیزانم وتێبیگەم ئەو سیستمە سەقەتە کەهەمیشە بوو بووە هۆی لەباربردنی هەزارەها هیوا.. ئەو هیوایانەی کەنەگەر لەدایك ببوونایە جیهانێکی تری رەنگاو رەنگی ئەخولّقاند.. من لێرەدا نامەوێ لەقەرەی سیاسەت بدەم، بەلاّم ئەوەندە ئەلّێم توانای تاکەکەس کەفێرکەرە، یان مامۆستای هونەرییە لەوە سنوربەزێن ترە کە خۆی لەقالّبی یاسا و ڕێسای سیستمێکی بەدار شەق ڕۆشتوودا بهێلّێتەوە... من نازانم ئەم ڕستەیە چۆن هەموو مامۆستایەکی وێنە دەرخیان کردبوو کەئەلّێ... ((وێنەی شاخ و داخ بکەن)) زۆربەی وانەکان هەمان رستەمان گوێ لێ ئەبوو... خۆشیان لەسوچێکی پولەکەدا بێئاگا خەریکی شتێکی تایبەتی خۆیان ئەبوون. بیرم دێ لەساڵەکانی حەفتاکاندا بوو، مامۆستای وێنەمان داوای لێکردین وێنەی (مەڕدۆشین) بکەین... هیچ کەسێکمان فێرنەکرابووین تەنها وێنەی مەڕیش دروست بکەین... کەچی ئەو داوای دنیایەکی زۆر گەورەتری لەئێمە ئەکرد... منیش وێنەیەکی ترم کرد، ئێستاش بیرم دێ چی بوو.. لەدوای بینینی وێنەکەم ئەوەشی وت کەدەرم ناچێنێ لەوانەی وێنەدا... ئەمە تاقی کردنەوەی خۆمە ئیتر نازانم ئەوانی تریش وابوون یان نا؟

سەلاح :

بەشێوەیەکی تایبەتی سامان قادر حەزی لەخوێندنەوەی چ بابەتێکی ئەدەبییە؟ ..بۆ..؟

سامان:

ناکرێ لەم سەدەیەدا فریای هەموو شتەکان بکەویت، کاتی خۆی ئەو چیرۆك و رۆمانانەی کەوەر ئەگێڕدرانە سەر زمانی عەرەبی و کوردی ئەمان خوێندنەوە هەڵپەی زیاترمان ئەکرد، قسەو باسمان لەسەر ئەکردن..

لێیمان ئەکۆڵیەوە، بەلاّم شتێکمان بیر ئەچوو، ئێمە نەمان ئەزانی ئەو بەرهەمانەی کەوەر نەئەگێردران دنیایەکی تربوون... نەمان ئەزانی ئێمە لەسەر رەوتێك ئەخوێنینەوە و حەزمان پێنیشان ئەدەن بە بێئەوەی دەستمان هەبێت لە دیاریکردنیدا.. من خۆم لەماوەیەکی درەنگدا هەستم پێکرد، هەرچۆنی بێ ئێستا ئەوەی پێمانە دەرئەنجامی ئەو چیرۆك و رۆمان و شیعرانەیە بەردەستمان کەوتن، ناشکرێ رۆڵی چیرۆك نووس و رۆمان نوس و شیعر نوسی لای خۆمان لەبەر چاو نەگرین لەو پرۆسەی سەر لێشێواندنەدا...

سەلاح: گەشە کردنی شێوەکاری کوردی لەم نیوسەدەیەی دواییدا لەکام ماوانەی لای خوارەوە بەبرشتتر دەزانیت؟

١٩٥٠-١٩٧٠

١٩٧٠-١٩٨٠

١٩٨٠-١٩٩١

١٩٩١-......

سامان:

لەلای من گەشترین ماوە بۆشێوەکاری کوردی ساڵەکانی ١٩٧٥-١٩٨٥ ئەوەندەی ئەو ماوەیە هونەری شێوەکاری بەرەو پێشەوە چوو بڕوا ناکەم ساڵەکانی دواتر ئەو بەرەو پێشەوە چوونەی بەخۆیەوە ببینێت... هۆکارەکان زۆرن، ئاستی ڕۆشنبیری هونەرمەندی کورد ڕۆڵێکی سەرەکیان

بینی بەئەندازەی ئەو ئاستە.. هونەری شێوەکاری پەرەی سەند بەهەموو قوتابخانە جیاوازەکانییەوە.

سەلاح:

ئەو پێداویستیانە چین کەشێوەکار پڕتر دەکات؟

سامان:

شێوەکار ئەو مرۆڤەیە ئەیەوێ هەمیشە لایەنگری ژیان بێت.. ئەیەوێ لای خۆیەوە مانایەکی تر ببەخشێت بەژیان... ئەو ژیانەی کەئەمیش بەشداری تێدادەکات.. بۆئەوەی شێوەکار هەمیشە لە ململانێی بەرەو پێشەوەچووندا بەردەوام بێت ئەبێت ئاستی ڕۆشنبیری خودی خۆی بەرەو پێشەوە بەرێت..پێشتر کەمرۆڤەکانی تر لەبەرئەوەی وەستان لەئاستێکی دیاریکراودا خۆدوبارە کردنەوەیەکی ئەبەدییە.. خۆ کوشتنێکی هیواشە.

سەلاح:

کاریگەری کارکردن لەڕەنگداو کارکردن بەڕەش و سپی چۆن دەبینی؟

سامان:

هونەری شێوەکاری یان هونەر بەگشتی سنورێکی دیاریکراوی نیە.. لەقاڵب نەدراوە... سنورشکاندن سیفەتێکی هەمیشەیی هونەرە، کارکردن بەڕەنگ یان بەڕەش و سپی دووئەنجامی کاری هونەرمەندە، ناتوانرێ لایەکیان بەکاریگەرتر دابنرێ، ئەگەر وەکو چاوی بینەرێك سەیر بکرێت مەسەلەکە هەندێك جیاوازترە، ئەگەر کارێك بەڕەنگ ئەنجام درابێت هەرگیز مانای ئەوەنیە کارێکی هونەری تەواوە، هەروەها بۆ کارێکیش کەبەڕەش و سپی کرابێت. نامەوێ لەسەنگەری بەرگریدابم بۆکاری رەش و سپی بەڵام ((گۆرنیکا))ی بیکاسۆ نمونەیەکە بۆ کاریگەری کارکردن بەڕەش چ لەبارەی بابەتەوە، چ لەبارەی خودی هونەری شێوەکاری بەگشتی.

سەلاح:

ئاستی ئیستاتیکی تابلۆیەك لای تۆ لەم خاڵانەی خوارەوە لەکامیاندا بەباڵاتری دەزانی؟

سامان:

وەکو لەسەرەتادا باسمکرد ئەنجامدانی تابلۆیەك پرۆسەیەکی بەیەکەوە بەستراوە ئەوەی هونەرمەند ئەنجامی ئەدات لێکدانی چەند هاوکێشەیەکی ئاڵۆزە کەناکرێ یان زۆر گرانە لەنەخشەیەکی چوار گۆشەی بچوکدا نەخشەیەکی کۆنکرێتی بۆبکێشرێت، پرۆژەیەکی پڕهەستە کەهەموو هێڵێکی ژیانی تیایە، ئەم پەیوەندییە دیالیکتییە ناکرێت لەقاڵبێکی بەستەڵۆکدا دابنرێت، کەواتە بەماناکردنی تابلۆیەك پەیوەندی بەجۆری قوتابخانەیەکی تایبەتەوە نیە، یان زاڵکردنی لایەنێکی تایبەت بۆئەنجامدانی کێشانی تابلۆیەك پەیوەندی نیە بەلایەنە جیاوازەکانی ئەنجامدانەوە.

سەلاح:

لێکدانەوەتان دەربارەی کاریگەری هێڵ چییە؟

سامان:
هێڵ ئەو ئامرازە پڕ لەژیانەی کە ئەتوانرێت بەهۆیەوە هەموو شێوەکانی بخوڵقێنرێ‌و بیانشێوێنی، بۆشاییە بێ ژیانەکانی پێ پڕبکرێتەوە، بەدورکەوتنەوەیان هەست بەسامناکی بکەین، بەدوورکوتنەوەیان پەنجە هەڵوەریوەکان کۆ بکەیتەوە.
سەلاح: لەقوتابخانە هونەریەکان کام قوتابخانەیەکیان زیاتر سەرنجی راکێشاویت؟
سامان:
ناتوانم ڕێگا بەخۆم بدەم هێڵی ڕاست و چەپ بخەمە سەر هیچ یەکێك لە قوتابخانە هونەرییەکان هەریەکەیان توانیویانە لەسەر دەمی خۆیاندا لەخزمەتی مرۆڤایەتیدابن لەدوای ساڵی ١٩٨٥ی سەدەی ڕابوردووەوە قوتابخانە هونەریەکان ئەوەندە زۆر بوون کەناتوانرێ وەکو جاران پێناسەیان بکرێت..
کلاسیك، واقعی، تجرید، سریالی، ئەوەی من زیاتر ئەمەوێت باسی لێوە بکەم قوتابخانە نیە، بەڵکو ئەو هونەرەیە کەهونەرمەند خۆی ئاوێتە ئەکات دنیایەکی نوێ بخوڵقێنێ بۆخۆیی‌و بۆمرۆڤایەتی.
سەلاح:
ئایاکاری هونەریتان بۆمنداڵ کردووە، یان بیرتان لەوە کردۆتەوە کە پرۆژەی کاری هونەری بۆمنداڵان ساز بکەن؟
سامان:
بەڵی .. لەسلێمانی لەکارگەی جل و بەرگی ئامادە، هۆڵەندە، ڤادنگستن. هونەر بۆمنداڵان جیهانێکی بێگەردە، ئەوەی تۆ ئەتەوێ لەچرکەیەکدا بۆمنداڵی بکەیت ئەو ماوەیەکی زۆر لەژیاندا لەبیری ناچێتەوەو لەگەڵی دەژی، ئەگەر هونەرمەند تەفەروغێکی تەواوی بۆبکات، ئەبێت خۆی لەگەڵ ژیانی منداڵاندا قاڵ بکات، ئەبێت لەگەڵ منداڵاندا بیربکاتەوە، ئەبێت سەرنجی منداڵان بخوێنێتەوە. ناکرێت ئەم لایەنانە بەکەم بزانیت و وەکو کارێکی ناسەرەکی سەیری بکات، بەداخەوە ئێمە لەم بوارەدا ئەتوانم بڵێم لەم جۆرە هونەرمەندانەمان نیە، کەئەمەش هۆکاری زۆرە.
سەلاح:
بەهۆی ئەوەی کەماوەیەکە لەئەوروپا دەژیت چۆن کاری هونەری لەلای منداڵانی کورد، یان منداڵانی ئەوروپی هەڵدەسەنگێنیت؟
سامان:
جیاوازییەکان زۆرن ئەو سیستەمەی لەوێ بەڕێوە ئەچێت منداڵ وەکو سەرۆکێك، پزیشکێك، هونەرمەندێکی ئایندە سەیر دەکرێت، هەمو پرنسیپەکان ژیانی تیا دروست ئەکرێت، لەبواری هونەریدا هەنگاو بە هەنگاو دەستی ئەگرن، مامۆستای تایبەت بەهونەری منداڵان وانەیان پێئەڵێتەوە، نەك وەك لای خۆمان جاران مامۆستای وەرزش وئاین و مێژوو وانەی هونەری دەگوتەوە، لەبەر ئەوە منداڵانی کوردو منداڵانی ئەوروپی جیاوازییان زۆرە لەو بارەیەوە،

منداڵانی کوردی بەدبەخت گیرۆدەی خێزان، قوتابخانە، بروانامەی بەرزی ترەو عەقڵی بەلایەکی تردا ڕائەکێشرێت.

سەلاح:

چۆن دەڕوانیتە ئەو ڕێگرانەی کەیارمەتی شێوەکار نادات، ئیتر بۆئیش کردن یان بۆنەشوناماکردن یان بۆناوبانگ دەرکردن و تایبەتمەندێتی؟

سامان:

پێداویستیە هونەرییەکان ڕێگرێکن بۆهاندان لەسەرەتاوە، نەبوونی مامۆستای شێوەکاری تایبەتمەند، کەم تەرخەمی، نەبوونی یانەکەمی پەیوەندی لەگەڵ گروپە هونەرییەکانی وڵاتانی تردا. بەڵام زانینی هونەر مەندانی لای خۆمان، یان بەشێوەیەکی تر خۆ بەکەم زانین، لەوانەیە هونەرمەند لەگەڵ ئەم خاڵانەدا نەبن، بەڵام ئەوەی من باسی لێوەدەکەم خاڵێکی کوشندەیە لەدەروونی کەسەکاندا هەتا سەرکردەکانمان، خاڵێکی تر گرنگی پێنەدانی هونەرمەندان لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە، تەنها بۆ((ڕێکلام)) نەبێ.

سەلاح:

ئایا جارێك لەجاران شیعر یان گۆرانی توانیویانە هاندەرت بن بۆبەئەنجام گەیاندنی کارێکی هونەریت؟

سامان:

لەسەرەتای دروستبوونی مرۆڤەوە هەمیشە وێنە پێش نوسین بووە، لەدوای نووسینەوەی مێژوو، نووسین کارێکی گرنگتری پێسپێردرا، جۆرەکانی نووسین گۆڕدرا بۆ شیعرو چیرۆك، یان تەعبیر کردنی شێوەکان گۆڕدرا، ئەمەش جێگای بەشێکی شێوەکاری گرتەوە، لەدوای ئەم گۆران کارییە زۆر ئاسایی بوو هەردوو تەعبیرەکە سود لەیەکتری وەربگرن وەك چۆن شیعرو چیرۆك، یان تابلۆیەك لەسەر شیعرێك.

سەلاح: لەمیانەی تەکنیکی بەرهەمەکانتەوە ژیان لەتابلۆکانتا جۆرێك لێڵبوونی پێوە دیارە، چی دەڵێیت؟

سامان:

ئەو ئاستەی کە ئێستا ئیشەکانمی پێگەیشتووە لەبارەی تەکنیکەوە ویستومە ئەو شەفافیەتەی تیا بهێڵمەوە، چونکە ژیان بەو مانایەی من لێی تێگەیشتوم تەنها ئەو جۆرە پێناسەیە هەڵئەگرێت، من ئەگەر مێژووی کورد و مرۆڤایەتی تێکەڵ بکەم لەچرکەیەکی دیاریکراودا دیارە هەڵەیەك لەگەڵ مێژوودا ئەکەم، ئەگەرمن ئەنفال و هەڵەبجە بێنم تێکەڵی گوڵزارێکی بەهەشتی بکەم چیم کردووە؟ ئەمە لایەنێك لایەنێکی تر ناخی مرۆڤایەتی بەرەو تاریکی ئەڕوات ئەو هەموو پێشکەوتنە لەتەکنۆلۆژیادا ناخی مرۆڤایەتی بەرەو ئەشکەوتێکی تاریك ئەبات، ئەمانە هەمووی وائەکات ئیشەکانم ئەو لێڵ بوونەی پێوە دیار بێت، ئەمەش بەهەقی بیرکردنەوەی خۆم ئەزانم.

سەلاح:

ئایا گرافیت دەبێتە ئەڵتەر ناتیڤی ڕەنگ

سامان:
هیچیان ئەڵتەرناتیڤی یەکترنین، هەردووکیان خوڵقێنەری ژیانێکن لەسەر پانتاییەکی دیاری کراو.
سەلاح:
ئایا زەمەنی بیر کردنەوە لەچۆنیەتی پێکهێنانی تابلۆیەك زۆرترە، یان زەمەنی بە ئەنجامدانی ئەو تابلۆیە؟
سامان:
ئایا پرۆسەی بیرکردنەوە لەچۆنیەتی پێکهێنانی تابلۆیەك کارێکی ئاسان نیە، لەوانەیە لەچرکەیەکدا بیرۆکەیەك بێ بەسەرەتای دروستکردنی پرۆژەی تابلۆیەك، بەڵام کاتی ئەنجامدانی تابلۆکە پرۆسەی بیرکردنەوە ناوەستێ و بەردەوامە، بۆگەیشتن بەدۆزینەوەی هەموو نهێنییەکانی خودی بیرکردنەوەکە.
سەلاح:
ئایاسامان قادر بێجگە لەهونەری شێوەکاری خولیاو کۆششی تری هەیە لەبوارەکانی تردا، یان ئایابێجگەلەشێوەکاری هیچ چالاکیەکی تری هەیە پەیوەندی بەدونیای هونەرەوە هەبێت؟
سامان:
لەبواری دنیای کۆمپیوتەردا توانیم لەدوای وەرگرتنی کۆرسێکی شەش مانگی سێ جۆر خوێندن تەواو بکەم
١)ئەدۆیە — فۆتۆشۆپ—
٢)ئەلستیتەر
٣)کوارك ئێکس پرێس
فۆتۆ شۆپ جیهانێکی ئێجگار گەورەیە چەندەها کاری پێدەکرێ
بەش بەحاڵی خۆم توانیم ئەم بوارە بەکار بهێنم بۆچەندین کاری هونەری کەلەجیهانی بیر کردنەوەی خۆمەوە نزیکن. ئەوەی لەسایتە کوردیەکانا بلاو کرانەوە بەتایبەت سایتی — دەنگەکان— وکوردستان پۆست وکوردستان نێت... کاتێك هەستم کرد سایتە کوردیەکان بێبەشن لەکارە هونەریەکان بەردەوامن لەسەر بلاو کردنەوەی بابەتە سیاسیەکان هەوڵمدا ئەو کەلێنە پربکەمەوە بەوکارانەی کەبە فۆتۆ شۆپ ئەنجاممدان. ئەگەرگونجاوبێ هەندێوێنە بلاوبکەنەوە لەگۆڤارەکەتاندا ئەتوانن کەخوێنەر بەوکارە هونەریانە بناسێنین، لەوانەیە بابەتەکان کاتێبێ مەبەستم ئەوپەیوەندیەو ماوەیەوەهەبێت کەئێشەکانم بۆکردوون —بەڵام شێوەی کارەکان هونەریەو توانای ئەوبەرنامەیە بۆئەنجام دان و گەیاندنی بەبینەر. هیوادارم توانیبێتم لەلای خۆمەوە هەندێك لەو کەلێنە پربکەمەوە کەسایت و گۆڤارو رۆژنامە کوردیەکان زۆر پێویستیان پێیەتی.
سەلاح:
ئێمەش سوپاسی کاك سامان دەکەین بۆرەخساندنی بوار بۆمان هەتالێیەوە بچینەناو هزرو کارو پرۆژەکانی زۆرسوپاسی دەکەین

سامان قادر
لەدایکبووی ١٩٥٨
دەرچوی پەیمانگای تەکنیکیە
ساڵی ١٩٧٩لەگەڵ هونەرمەندان ئازا حەسیب قەرەداغی پێشانگایەکی هاوبەشیان کردۆتەوە
ساڵی ١٩٨٣ لەگەڵ هونەرمەندان عومەر رەسوڵ و عومەر دەروێش لەسلێمانی پێشانگای هاوبەشیان کردۆتەوە
ساڵی ١٩٨٤لەگەڵ هونەرمەند عومەر رەسوڵ لەکەرکوك پێشانگای هاوبەشی کردۆتەوە
ساڵی ١٩٨٥-١٩٨٨-١٩٩٢-بەشداریپێشانگای کردووە.
ساڵی ١٩٨٤-١٩٨٩-١٩٩١ پێشانگای تایبەتی کردۆتەوە
ساڵی ٢٠٠١لەمۆڵەندا پێشانگای تایبەتی کردۆتەوە
دواپێشانگای ڕۆژی چوارشەممە ٢٠٠٤/٣/٣١ لەشاری کەرکوك کردۆتەوە.

دەربارەی سامان قادر
بایەخدانی هونەرمەند بەهێڵکاریو دروست کردنی جیهانی تایبەتی خۆی لەڕێگەی دوورەنگی ڕەش وسپی بۆتەسیمای هونەرمەند سامان قادرو توانیویەتی لەپانتایی تابلۆکانیدا بەو دوورەنگە شەقڵێکی تایبەتی بۆهونەرەکەی خۆی دیاری بکات. لەڕێگای بەکار هێنانی قەڵەمی ڕۆترنگ و مەرەکەبی چینی سیما سپیەکانی ناو باگراوندی تابلۆکان لەدڵە ڕاوکێو ڕاڕایی ساتە نەسرەوتکانی مرۆڤ دەردەبڕێت و غوربەتیش نەسرەوتیەکەی قوڵتر کردۆتەوە.
ئاری بابان٢٠٠٤/١٢/٣١
ان المتطلع الى فن سامان يقف متأملاً شخوصه الفائرة وسط هذا التيمن التأملات الشخصية وان العلامة الفارقة فى تكويناتة هوهذا الحشدمن الانفعالات التى تحوم حول الكتل المزدوجة، الا انه استطاع ان ينفرج فى ختام لوحاتة بالاجساد المنفصلة والتى حسمت جهده البديع أخر المعطاف.
ناصر خلف/ ناقد وفنان تشكيلي

# نامەیەکی مامۆستا تۆفیق وەهبی بەگ

## بەدەستخەتی خۆی لەساڵی ١٩٧٧بۆدکتۆر نوری تاڵەبانی

د. نوری تاڵەبانی

دەستنووسێکی خوای لێ خۆش بێ مامۆستا تۆفیق وەهبی بەگ لای دکتۆر نوری تاڵەبانییە، نامەکە بەدەستخەتی خۆی لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٧٧ بۆی نووسیوە، دەربارەی پێشنیارکردنی ناوی کاك محەمەدی مەلا کەریم بۆ ئەوەی بچێتە لەندەن بۆ هاوکاریکردنی بۆ نووسینەوەی بەرهەمەکانی.


لەم بارەوە پرسیارمان لەدکتۆر نوری تاڵەبانی کرد تاکو ڕووناکی بخاتە سەر ئەو نامەیەو مەبەست لەناردنی کاك محەمەدی مەلا کەریم بۆ لەندەن چی بووە، هەروا هەڵوێستی (کۆڕی زانیاری کورد) دەربارەی ئەو پێشنیازە چی بوو.

لەوەڵامدا دکتۆر نوری تاڵەبانی وتی، پەیوەندیم لەگەڵ خوای لێ خۆش بێ مامۆستا تۆفیق وەهبی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای ساڵی ١٩٧٤، لەو ساڵەدا بەئەرکێکی زانستی لەلەندەن بووم بە (تفرغ علمی) لەلایەن زانکۆی سلێمانییەوە. لەو سەردەمەوە هەفتانە سەردانیم دەکرد تا ئەیلولی ١٩٧٥، پاشانیش لەساڵێکدا دووجار دەچوومەوە لەندەن بۆ سەردانی خێزان و منداڵەکانم کەلەوی بوون بۆخوێندن هەڵبەتە لەو سەفەرانەشدا سەردانی مامۆستا تۆفیق وەهبیم دەکرد، زۆرجاران هەندێ ڕاسپاردەی هەبوو بۆ کەسوکاری یان بۆ لایەنی زانستی وەکو کۆڕی زانیاری کورد، دەمگەیاندنە ئەو لایەنانە.

ئەوەی هەمیشە مامۆستا باسی دەکرد ئەوەبوو کە دەستی وەکو جاران قەڵەم ناگرێت و دەیووت زۆر شتم لەمێشکدایەو کۆمەڵێك نووسینی تر هەن لەسەر کاغەزن ، بەڵام کۆنەکراونەتەوە یان بەشپرزەیی نووسراون، ئاواتە خوازبوو هەموویان بنووسرێنەوە بەئومێدی چاپکردنیان. زۆر جاران دەیووت ئەو نووسینانە سەربە کوردۆلۆژین بە هەموو بەشەکانیانەوەو گەنجینەیێکن با لەدەست کورد نەچن.

لەسەرتای ساڵی ١٩٧٦ لە لەندەن بووم و چوومە سەردانی مامۆستا وەهبی بەگ، جارێکی تر ئاواتەخوازی خۆی دەربڕی بۆ نووسینەوەی ئەو بەرهەمانەی، منیش پێشنیازی ئەوەم کرد کەسێکی شارەزا لەکوردستانەوە بێتە لای بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە گرنگە. بۆچوونەکەی لا باش بوو، ناوی چەند کەسێك لەوانەی شارەزاییان هەیە لەزمان و ئەدەبی کوردیدا کە دەتوانن بەم

کاره هەڵسن، خستمە بەر چاوی ، ناوی یەکێکیان کاکە حەمەی مەلا کەریم بوو. پاش ماوەیێک بەهۆی خێزانمەوە کە ئەویش جاروبار سەردانی خۆی و خانمی خێزانی دەکرد، نامەیەکی بۆ ناردم کە تێیدا داوای لێکردبووم ئاگاداری (کۆڕی زانیاری کورد) لەبەغدا بکەم کە کاکە محەمەدی مەلا کەریم لەو سەردەمەدا وەکو لێکۆڵەوەر لەو دەزگایە کاری دەکرد، ئەو دەتوانێ بەو کارە هەڵسێ و بینێرن بۆ لای بۆ ئەم مەبەستە.


7 Ferry Road
Barnes.
London. S.W.13

لەسەفەرێکم بۆ بەغدا چوومە بارەگای کۆڕو قسەم لەگەڵ کاکە حەمەو کاك دکتۆر کەمال مەزهەر کرد کە ئەمینداری گشتی ئەو دەزگایە بوو. هەردووکیان پێشنیازەکەیان پەسەندکردو دکتۆر کەمال وتی قسەش لەم بارەوە لەگەڵ مامۆستا مەسعود محەمەد دەکەم، کە جێگری سەرۆکی کۆڕی زانیاری کوردبوو لەو سەردەمەدا. پاش ماوەیەك دکتۆر کەمال پەیوەندی پێوە کردم و وتی قسەم لەگەڵ مامۆستا مەسعود محەمەد کردووە کە پێشنیازەکەی زۆر پێ باشەو دەڵێ جوانترە کۆڕ ئەو پێشنیازە بخاتە بەردەستی مامۆستا تۆفیق وەهبی، بۆیە دەیەوێ نامەیەکی بەم مانایە بۆ بنووسێ. پێش سەفەرکردنم بۆ لەندەن بەچەند رۆژێك، لە سلێمانییەوە ئاگاداری دکتۆر کەمال مەزهەرم کرد دەچمەوە لەندەن لەماوەی چەند رۆژێکدا، رۆژو کاتی سەفەرەکەم بۆ دیاری کرد. لەفرۆکەخانەی بەغدا دکتۆر کەمال نامەیەکی دانەخراوی مامۆستا مەسعود محەمەدی بۆ هێنام بۆ مامۆستا تۆفیق وەهبی. نامەکە، بە (وشەی مامۆستاو مامی گەورەم).. دەستی پێکرابوو، لەگەڵ رێزو دەست ماچکردنی.. هەر لەو نامەیەدا نووسرابوو ئومێدەوارە لەمەودوا بە بەردەوامی ئامۆژگاریان بکات و هەر راوسەرنجێکی هەیە دەربارەی کارەکانیان ئاگادارییان بکات، تاکو جێبەجێی بکەن. نامەکە زۆر بەناسکی نووسرابوو، پاش ئەوەی دامە دەستی مامۆستا تۆفیق وەهبی و خوێندییەوە، داوام لێ کرد پێم خۆشە فۆتۆی بکەم تاکو دانەیەکی لام بمێنێتەوە. نامەکەم فۆتۆکردو لەناو کتێبخانەکەمدا مابووەوە تا سووتاندنی ئەو کتێبخانەیە لەماڵەکەمدا لەهەولێر لەهاوینی ساڵی ١٩٩٦.

بۆ ماوەی زیاتر لەساڵێك (کۆڕی زانیاری) کەوتە هەوڵدان لەگەڵ وەزارەتی دارایی عێراقیدا تاکو رەزامەندی وەربگرێ لەسەر سەرفکردنی مەعاشەکەی کاکە حەمە، بۆ ماوەی ساڵێك کە دەچێتە لەندەن، بۆ ئەو مەبەستە. لەو ماوە دوورو درێژەدا چەند نووسراو لە نێواندا ئاڵوگۆڕکران،

لەئاخرەکەیدا وەزارەتی داریی رازی نەبوو، چونکە کاکە حەمە بەکرێی ڕۆژانە دامەزرابوو، کە مانگانە نزیکەی ٩٠ دیناری وەردەگرت! ئەو کارە گرنگە بەم شێوەیە ئەنجام نەدراو ئەو گەنجینەیەی لەمێشك و لەناو نووسینەکانی مامۆستای نەمر تۆفیق وەهبیا بوو، لەکیس نەتەوەکەمان چوو.

لەم رۆژانەدا تەماشای فایلەکەم دەکرد، ئەو نامەی مامۆستا تۆفیق وەهبیم بەرچاوکەوت، پێم باش بوو بکەوێتە بەرچاوی نەوەی ئەمڕۆ سبەی، تاکو ئاگاداربن لەهەڵوێستی ناحەزانی گەلەکەمان لەهەموو بوارەکاندا.


### دەقی نامەکە

کاك د. نوری خۆشەویست،

هیوا—م وا—یە کە لەتەندروستی و خۆشێکی وهادا بن کە بەدڵی من بێ. د. عەتیەخانی هاوسەریش—تان، سپاس بۆ خودا لەخۆشیدایە لێرە، وەلەکۆششدایە بۆ ئامادەیی بۆ ئازمابیشی رۆژی ٧٦/٧/١٩. خودا سەری خا.


د. عەتیە خان بۆی گێرامەوە کە گوایا مەحەمەد حلمی کوردی بەنێوەمان وتوە لەکەران ئامادەن بۆ ئەوە کە هەر کەسێ منی مەدێ بنێرن لەلەندەن تا یاریم بدا بۆ ئامادەکردنی ئەو نووسراوە زۆرو زەبەندەکانم کە بەئاواتەوە چاوەڕێی لەچاپدانن. من ئەم ئاگایەم زۆر پێ خۆش بوو، وە زۆر سپاسییان دەکەم ئەو کەسەی ئەز شیاوی دەبینم بۆ ئەم کارە زانستە گرنگە مامۆستا (محەمەد مەلا کەریم)ە. لام وایە ئەویش پێی خۆش دەبێ، چونکە ئەوانەی ئامادەم کردون، گشتیان سەربە کوردۆلۆژین بە هەموو ریشەو تەن و لق و پۆپێکەوە. ئەمەش لەپێش دوعا خوازیمدا پێیان نەگەن، ئەم گەنجینەیە لەدەست نەوەی کورد دەچێ.

ئیتر دوعای سەرکەوتنی هەموو لایێکتان دەکەم.



# بیرەوەری سۆزانیە خەمبارەکانی من

سەلاح حسن پاڵەوان




ئەمجارەش لە بیرەوەریەکی دیکەدا ئەبینە میوانی ئەو سۆزانیە ئێسك سووکانەی کە لە هەموو زەمەنێك خەمبارترن، لەگەڵ گابریال گارسیا مارکیز بەرەو بیرەوەریەکی نوێ ئەڕۆین ، بیرەوەری ئەو مرۆڤەی هەتا هەناسەی تێدایە وێڵە بەدووای حەزدا. هێشتا لە خوێندنەوەی بیرەوەریەکانی ژیانی خۆی نەحەواینەوە، تا جارێکی تر بمانباتەوە بۆ دنیایەکی دیکە ، بۆ بیرەوەریەکانی ئەو سۆزانیە خەمبارانەی کە شەوان بەدیاریانەوە تا قووقەی کەلەشێر ئێشك ئەگرێ ، ئەو سۆزانیانەی لە پەڕەی گوڵ ناسکترن ، ئەوانەی خەوو خۆراك لە مرۆڤ حەرام ئەکەن . هەرچەندە مارکیز خۆی دەڵێ من بۆ ئەوە ژیام تا بەسەرهاتەکەی بگێڕمەوە ، بەلام ئەمجارەیان ئەژی بۆ ئەوەی باسێکی ترمان بۆ بگێڕێتەوە ، باسێك هیچی لەو باسانەی بویندیا و شارە خەیاڵیەکەی کەمتر نیەو هیچی لەو دیکتاتۆرانە کەمتر نیە کە تا هەناسەیان هەیە دەستبەرداری کورسیەکانیان نین ، هیچی لە گەلا هەڵوەریوەکان و دڵۆپە خوێنەکانی سەر بەفر کەمتر نیە.

لەم بەسەرهاتەدا کە تا ڕادەیەك تەواوکەری ئەو خۆشەویستیانەیە کە

بەردەوام لە ڕۆمانەکانی پێشتریدا دووبارە ئەبنەوە، مارکیز هەوڵ ئەدات باسی جوانکاری و ئیستاتیکیامان بۆ بکات ، جیاوازی لە نێوان چالاکی و مردوویی ، تا ئەم ساتەش هەناسە سیحراویەکانی بەدووی جەستە لاوەکانا ئەگەڕێ، تا ئەم ساتەش بەو وەسفانە سەرسامان ئەکات کە پڕن لە ناماقوڵیەتی ماقوڵ ، بێبەری نین لەو هەستە دامرکاوانەی کە لە پڕ وەك بورکان ئەتەقنەوە ، یان وەکو کانی شیر بە ماچی لێوە تینووەکان دەمیان ئەکەنەوەو ئەڕژێنە نێو قورگی حەزەکانەوە.

مارکیز لە دوایین ڕۆمانیا کە لە مانگی مایسی ساڵی دووهەزاروچوار لە نووسینی بووەتەوە، پێمان ئەڵێ ژیان لە تەمەندا ڕانەوەستاوە و خۆشەویستیش سنوورەکانی لە ناخەوە نین لە دەرەوەی ناخن، هەروەها بە هەموو ئەوانەش کە تەمەنیان ڕوو لە ئاوابوونە ئەڵێ : تەمەن ئەوە نیە کە هەتە ، بەڵکو ئەوەیە کە هەستی پێ ئەکەیت ، پێمان ئەڵێ هەرگیز تەسلیمی شتە باوەکان مەبن ، ئەوەی سەد ساڵە ، ڕەنگە بە ڕۆح بیست ساڵ بێت ، بە پێچەوانەشەوە ڕاستە.

لەم ڕۆمانەدا مارکیز هێشتا بەدووی خەیاڵە سیحراویەکانی دنیای خۆشەویستیدا ئەگەڕێ، ئەمجارەیان خۆشەویستیەکەی لەوەی ( خۆشەویستی لە سەردەمی دەردە کولێرە) دا ناچێ و هەردوو لەشەکان پێکەوە پیر نابن . ئەمجارەیان خۆشەویستی چاوەڕوانی و ئاستەنگ نیە، کەشتەیەك نیە، دوو جەستەی تەواوەی بەر ڕۆژگاری تەمەنی لەخۆوە گرتبێ، ئەمجارەیان باس باسی عەشقی تەقلیدی و لاساییکردنەوەی ئاسایی نیە، بەرادەی ئەوەی باس لە دونیای لەپڕ و چاوەڕواننەکراوە ، گێڕانەوەی ئەو ساتانەیە کە تیایدا جەستەکان لە ناهاوسەنگیەکی سەیردا یەك ئەگرن. ئەو ڕێڕەوانەی نێوان ( خۆشەویستی ) و ( سێکس ) وەکو ئەو ماچانەی لێدێت کە بە گیان ناگەن.

ئەم ڕۆمانە تەنیا پێنج بەشە ، ناوەڕۆکی ڕۆمانەکە بەسەرهاتی ڕۆژنامەنووسێکی تەمەن نەوەد ساڵەیە ئەیەوێ ئاهەنگی ڕۆژی لەدایکبوونی خۆی بەجۆرێکی دیکە بگێڕی ئەویش بە ڕابواردن لەگەڵ کچێکا ، لەڕێگای پەیوەندیکردن بە ئافرەتێکەوە کە کاری پەیداکردنی ئافرەتە بۆ پیاوان و خاوەنی سۆزانیخانەیە ، کچێکی بەژن نەبووی بۆ پەیدا ئەکات ، لە نێوان ڕۆژنامەنووسە پیرەکە و کچە پەیوەندیەك و خۆشەویستیەکی یەکلایەنە بەرپا ئەبێت. ڕۆژنامەنووسەکە بۆ یەکەمین جارە لە ژیانیا عاشق ئەبێت. بەڵام لە شەوانی یەکتربینیندا کچە نووستووە ، هۆی نووستنەکەشی ئەو کارە قورسەیە کە لە فابریکێکدا ئەنجامی ئەدا کە دوگمە دورینە.

پێش دەستپێکردنی ڕۆمانەکە بە ووتەیەکی یاسۆناری کاواباتای نووسەری یابانی ئەکرێتەوە، پاشان لەبەشی یەکەمی ڕۆمانەکە بەم ڕستەیە دەست پێئەکات : ( بۆ نەوەدەمین ساڵڕۆژی لەدایکبوونم ، ویستم ئاهەنگێ بۆ خۆم بگێڕم لە شەوێکی پڕ خۆشەویستی لەگەڵ کچێکا ، Rosa Cabarcas ڕۆسا کابارکاسم بیرکەوتەوە، خاوەنی ماڵێکی شاراوەی نایاسایی بوو، ڕاهاتبوو هەرکاتێك شتێکی نوێ ی لابێت موشتەریەکانی ئاگادار بکاتەوە. هەرگیز تەسلیمی ئەو هەموو فرتوفێڵ و شتە خراپ و پیسانەی نەدەبووم کە ئەیخستەبەردەستم. بەڵام ئەو بڕوای بە سافوبێگەردی پرنسیبەکانم نەبوو. هەمیشە بە بزەیەکی توڕاویەوە ئەیووت ( ڕەوشتیش مەسەلەی کاتە) ، ( ئەبینین ) . ڕۆسا کەمێ لە من منداڵتر بوو، بەڵام ساڵانێك بوو هیچ ئاگام لێ نەمابوو هیچم لەبارەیەوە نەبیستبوو لەوانەشە ئێستا لە ژیاندا نەمابێت.

پاش ئەوەی زەنگی تەلەفۆنەکە یەکجار لێیدا تەلەفۆنەکەم هەلگرت یەکسەر دەنگیم ناسیەوە ، بێ ئەملاو زێدەڕۆیی بەروویمدا تەقانەوە : با ئەمڕۆ بێت.

ڕۆسا هەناسەیەکی هەلکێشا: ئاخ، پیاوە عاقلّ و خەمبارەکەم ، بیست سالّ خۆت وون ئەکەیت و تەنیا بۆ ئەوەش ئەگەڕێیتەوە داوای شتێك بکەیت مەحالّ بێت. یەکسەر خۆی راستکردەوەو نیو دەرزەن شتی مومکین و سەرنجراکێشی خستەبەردەستم، هەرچەندە پێشتر هەموویان بەکارهاتبون، بەلّێ وابوو. پێمداگرت، ئەوانەم ناوێ، ئەبێ پەردەی لانەبرابێت و بەپەلەو هەر ئەمشەویش. ڕۆسا بە ئاگاردارکردنەوەوە ووتی : چیت ئەوێ ئەتەوێ خۆت تاقیکەیتەوە؟

بەم سەرەتایە ئەچینە نێو دنیای ئەم وتوویژەی نێوان ڕۆژنامەنووسی تەمەن نەوەد سالّە لەگەلّ ڕۆسا ، کاتێك ئەو ئافرەتە داوای لێ ئەکات کەمێ تەحەمولی هەبێ بەلاّم ئەو پێدائەگرێت لەسەر خێرایی، نازانێت لە تەمەنێکی وەك ئەمدا هەر سەعاتێك سالّێکە، ئەو خۆی بەمجۆرە باسی خۆی ئەکات : ( لە خانوویەکدا ئەژیام هی سەردەمی کۆلۆنیالیەکان بوو، بەرووی خۆرەتاوی سان نیکۆلاس پارککدا ئەیڕوانی . لەوێدا هەموو تەمەنی ژیانم بێ ئافرەت و بێ سامان بردەسەر، باوانم لەوێدا ژیان و هەر لەوێشدا مردن ، منیش پیلانم وایە هەر لەوێ بە تەنیاو لە هەمان ئەو جێگاییەی لەسەری لەدایکبووم بژیم تا ئەمرم ، حەزیش ئەکەم و هیوامولیە لە ڕۆژێکا بمرم جارێ دوور بێت ، بە بێ ژانیش سەربنێمەوە. باوکم ئەم خانووەی لە دوایین سالّەکانی سەدەیی نۆزدەهەم لە مەزادێکی ئاشکرادا کڕی، ڕێڕەوەکەی دەرەوەی خانووەکەی بەکرێدا، دای بە دەزگایەکی نهێنی ئیتالّیەکان ئەوانەی لەوێدا دەستیان بە دامەزراندنی دوکانی ( مۆدێرن و جوان ) لیوکس کرد. باوکم یەکەمین نهۆمی بۆ خۆی گلدایەوە، لەبەرئەوەی لەوێدا ئەیویست بەخۆشی لەگەلّ فلۆرینا د دیۆس کارگامانتۆس Florina de Dios Cargamantos کچی یەکێك لەو پیاوانە بژی، واتە لەگەلّ باشترین ژەرگێڕی مۆزارت و، فرەتالّزان و لایەنگری گاریبالدی و جوانترین و دەستکارامەترین ئافرەت کە تا ئەو کاتە لەو شارەدا سەری هەلّدا: ئەویش دایکم بوو. )).

ڕۆژنامەنووس لە ڕۆژنامەی Diario de la Paz هەموو ڕۆژێکی یەك شەممە کۆلۆمێکی هەبوو کە ئەبوایە ووتاری بۆ بنووسایە ، بەو کەسە ناسرابوو کە زۆر دەربارەی خۆشەویستی ئەنووسێ، دەربارەی پەیوەندیەکانی خۆشی لەگەلّ ژناندا ئەلّێ : ( هەرگیز لەگەلّ ژنێك نەنووستووم بێ ئەوەی پارەی نەدەمێ. .. لە تەمەنی بیست سالّیمەوە سجلێکم دروست کرد ناوو تەمەن و شوێن و جێگاو کورتەیەکیش لەبارەی وەزع و شێوەی ئەو کەسانەم نووسیووە. تا تەمەنی پەنجا سالّیم ناوی پێنج سەدو چواردە ئافرەتم تۆمار کردبوو ئەوانەی بەلای کەمەوە یەکجار لەگەلّیان نووستبووم. خاوەنی ڕەوشتی تایبەت بەخۆم بووم و هەرگیز بەشداریم لە سەردانی سۆزانی دەستەجەمیدا نەدەکرد....

تاقە پەیوەندیەك کە هەیبوو لەگەلّ Damiana بوو ، بەمجۆرەش باسی ئەکات : ژنێك بوو کەمدوو بەلاّم ووتنەکانی لەجێ ی خۆی، بە پێ ی پەتی ڕێ ی ئەکرد بۆ ئەوەی لە کاتی نووسینداا زنجیرەی بیرکردنەوەم نەپچڕێنێ.

لەبارەی چاوەڕوانکردنی تەلەفۆنی ڕۆسا زۆر ئەلّێ ، ئەو ڕۆژە بێ ئارامانە لەچاوەڕوانیدا بوو ، ڕۆژێکی گەرم بوو، کاتژمێری چوار هەولّیدا بە مۆسیقای باخ خۆی ئارام بکاتەوە ، هەر لەو کاتەدا گوێ ی بە زرنگەی زەنگی تەلەفۆنی ڕۆسا زرنگایەوە: (پێی ووت: تۆ شانسێکی گەورەت هەیە.. ( پاروویەکم بۆ پەیداکردووی ، زۆر لەوە بەلەزەتترە کە تۆ ئەتویست، بەلاّم یەك گرفت هەیە: تازە

خەریکە ئەبێ بە چواردە.) . بێ ئەوەی تێبگەم بۆچی ڕۆسا ئەو قسەیەی پێ ووتم بە تەوزەوە ووتم:

بەلامەوە گرنگ نیە گەر حەفازەشی بۆ بشۆم.

ئەویش ووتی: — مەسەلەکە پەیوەندی بە تۆوە نیە ، بەڵام کێ مەسرەف سێ ساڵ بەندیخانەم بۆ ئەدا.

بێگومان کەس بۆی نادا، ئەویش بێگومان هەر نایدا، ئەو خۆی دەستمایەی خۆی لەوەوە چنگ ئەکەوت کە ئەو کچۆڵانەی ئەهاتنە دوکانەکەی بە کرێ ی ئەدان ...

بۆ چاوپێکەوتنی کچە خۆی حازر ئەکاو خۆی ئەگۆڕێ ، بۆ مەسرەفیش ، خۆی دڵنیایە ئەمشەو زۆر لەسەری ئەکەوێ. ( لە دەخیلەکەی ئەوەی لەژێر سەرینەکە دامنابوو دوو پیزۆم بۆ کرێ ی ژوورەکە دەرئەهێنا ، چوار پیزۆ بۆ ژنی خاوەن ماڵەکە، سێ بۆ کچە و پێنج پیزۆش وەکو ئیحتیات بۆ خواردنی شەوو ووردە مەسرەف. تەواو چواردە پیزۆی کرد ئەوەی لە مانگێکدا ڕۆژنامەکە بۆ کۆلۆمی ڕۆژانی یەك شەممە ئەمداتێ. ) پاشان پارەکە لە نێو گیرفانی بەرکەمەریا ئەشارێتەوە، لەدواییدا خۆی عەترڕێژ ئەکا، هەر بەو شەوە لە پێپلیکانەکان دێتە خوارێ و ئەچێتەدەرەوە .

تۆزێ پێش کاتژمێری دە تەکسیەکم گرت و بە شۆفێرەکەم ووت بمبا بۆ گۆڕستانی گشتی بۆ ئەوەی تێنەگا بۆ کوێ ئەچم. بە زەردەخەنەیەکەوە لە ئاوێنەکەوە تەماشای کردم و ووتی : مەمانترسێنە بەڕێزی دانا، داواکاربووم خوا منیش هەروەکو تۆ ئێستا چۆنی ئاوەها بمهێڵێتەوە . لای گۆڕستانەکە هەردووکمان لە ئۆتۆمبێلەکە هاتینە خوارێ لەبەر ئەوەی شۆفێرەکە وردەی پێ نەبوو ئەبوایە لای De Graftombe پارە ووردکەینەوە......

کاتێك پارەی شۆفێرەکەمدا زۆر بە جیدی پێ ی وتم : بەڕێز ، ئاگات لە خۆ بێت، دوکانەکەی ڕۆسا ئێستا وەکو جاران نیە. نەمتوانی ئاگاداری ئەوە بم کە ماڵئاوایی لێ بکەم ، لەبەرئەوەی لەوبارەیەوە وەکو هەمووان شایەدی ئەوەن لای شۆفێرانی nPasio de Col هیچ شتێك شاراوە نیە.

خۆمکرد بە ناوچەیەکی هەژارنشیندا ، هەر تەواو جیاواز بوو لەو جێگایانەی کە من لە ژیانی خۆمدا بینیبووم. هەرهەمان ئەو شەقامە پانانە بوون بەخۆیان و لمە گەرمەکانیانەوە. هەمان ئەو ماڵانە بە دەرگا ئاچوغەکانیان ، دیوارەکانیان لە تەختەی زبر، سەرەکانیشی لە گەڵای دارخورماو ناوەوەشی لم و زیخ بوون . بەڵام ئەو مرۆڤانەی لەو خانووانە ئەژیان ئارامیان لەدەستدابوو. لە زۆربەی ماڵەکاندا ڕۆژانی هەینی جەژنی کێویانە ( دڕندانە ) بەرپا ئەکرا ، کە لە نێو سکتەوە هەستت بە هاوارو زایەڵەی ئەو جەژنانە ئەکرد. )

پاش گەیشتنی بە جێگای مەبەست ، خۆ ی بە دوکانەکەی ڕۆسادا ئەکا، ڕۆساش بە روویدا ئەتەقێتەوە لە کاتژمێری دە وە ئەو کچە لە ژوورەکەیە ، کچێکی جوان ، پاك و بەئەدەب و تەربیەتە، بەڵام تۆزێ ئەترسێ لەبەرئەوەی دەستەخوشکێکی ، لەو جێگایەیە لەگەڵ کەسێکی گایرا بوو لەوێدا تیاچوو. لەبەر کارەکەی گەڵێ ماندووە ، ماندوێتیەکەی هی کارکردنەکەیەتی: بەستەسەزمانە ئەو منداڵە ، سەرەرای ئەوەش ئەبێ ڕۆژ تا ئێوارە لە کارگە دوگمە بدورێتەوە.هەر خۆی ڕۆسا وەڵام ئەداتەوە : بەڵام پێم وایە ئەوەندە کارێکی گران نیە: زۆربەی پیاوان وا ئەزانن وایە. بەڵام ئەم کارە لە بەرد شکاندن گرانترە. سەرەرای ئەوەش ئەوەی لا ئاشکرا کردم کە

خواردنەوەیەكی دەرخوارددراوە لە برۆم و فالیریان ، ئێستاش بۆ خۆی نووستووە. لەوە ترسام ئەم دڵسووتاندنەی رۆسا بۆ كچە لیستێكی نویٚ بێت بۆ ئەوە ی نرخەكەی گرانكا لام، بەلام نەخێر، رۆسا ووتی ، قسەكانم وەك زێڕ بەنرخن.ئەو ژنە یاسایەكی جێگیری هەبوو: هەموو شتێك بە جیا . بە پارەی سپی و پێشەكیش.
كاتێك كابرای رۆژنامەنووس بەرەو ئەو ژوورە ئەكەوێتە رێ ئەو ژوورەی كە پارەی كرێكەی داوەو رۆساش پەیمانەكەی تێدا بۆ رێكخستووە ، بە چەند لێكدانەوەیەكی سەیرنەگاتە ژوورەكە، دەرگای ژوورەكە ئەكرێتەوە.كچە لەسەر نوێنەكە نووستووە ، رۆسا ئەڵێ : ( هێشتا خەوێكی خۆش خەوتووە)
واقم وڕمابوو: پێت وایە ئەبێ چی بكەم؟
رۆسا بە ئارامیەكی ناجۆرەوە ووتی : ئەوە ئەبێ خۆت بیزانی، ئەی تۆ پیاوێكی عاقڵ نیت . رووی وەرگەڕان و بە تەنیا لەگەڵ ترسەكانما بەجێیهێشتم. بە خورپەی پەلەو خێرای دڵم بەرەو ژوورەكە هەنگاومنا، چاوم بە كچەكەوت لە قولایی خەودا لەسەر نوێنێكی مەزنی بەكرێ راكشابوو، رووت و بێ دەسەلات هەروەك ئەوەی دایكی هێنابێتیە ژیانەوە.لە تەنیشیەوە راكشام، روخساری رو لەدەرگاكەبوو، لە سەقفەكەوە برێك رووناكی ئەكەوتە سەر روخساری. بۆیە هیچ ووردەكاریەكی نەدەشاردەوە.چووم لە كەناری سەرینەكە دانیشتم بۆ ئەوەی تەماشایكەم، هەر پێنج هەستەكەمی بۆلای خۆی كێشكرد. كچێكی ئەسمەرو شلەتێن بوو..............مەمكۆڵە تازە دروستبووەكانی لە هی لاوێك ئەچوون ، بەلام ئاشكرا هێزێكی شاراوەی نیشان ئەدا كە لەسەر ئەو دەرپەڕینەدا وەستاوە. باشترین بەشەكان لە لەشیا پێیە گەورەكانێ بەو هەنگاوە بێدەنگ و پەنجە درێژو هەستیارەكانی ، ئەڵێ ی دوو دەستی ترن پێوەی . .......
كاتژمێر دوازدە بۆ كارێكی ئادەتی بەرەو حەمامەكە چووم“ لەوێدا لەسەر كورسیەك جلوبەرگە هەژاریەكەی دانابوو بەجۆرێك لەسەر یەك هەڵیخستبوون هەر لە خانمێكی دەوڵەمەندئەچوو زۆر بە جوانی و رێكوپێكی لەسەر یەكتر دانابوون: كراسێك لە لۆكەی هەرزانبەها دروستكراو و پەپولەدار، ژێركراسێكی زەردرەنگ و نەعلێكی لە پەت دروستكراو. لەسەر جلەكانی بازنێكی هەژارانە و زنجیرێكی ئەستوور كە وێنەی مریامی پیرۆزی پێوەهەڵواسرابوو دانرابوون. لەسەر رەفەكەی سەر دەستەشۆرەكە جانتایەكی دەستی لەسەر بوو كە لێوسوركەرێك و پاكەتێ سوراوو ، كلیلێك و هەندێ پارەی ووردەی تێدابوو. هەموو شتەكان ئەوەندە هەرزانبەهابوون نەمئەتوانی لەو زیاتر كەسێكی تر هەژارتر بێنمەبەرچاوی خۆم.
جلەكانم داكەند و ئەوەندە بە رێكوپێكی بە جلهەڵخەرەكەوە بەجۆرێك كراسە ئاوریشمیەكەو قاتەكەتانەكەم هەڵواسین تا چرچ و لۆچ نەبن. چووم میزكەم، بەدانیشتنەوە هەروەك ئەو جۆرەی كە فلۆریدا دیۆس لە منداڵیم فێریكردم .
جارێكی تر خۆم بینی ، كەسێكی ئاسایی و سادە، نوورێكی توونددتۆڵ هەروەك ئەسپە كێویەك. پێش ئەوەی ئاودەستەكە بەجێبێلم لە ئاوێنەی سەر دەستەشۆرەكەوە روانیمە خۆم. ئەو ئەسپەی لەو بەرەوە ئەڕوانێتە من نەمردبوو، بەلام رۆحی خەمبارەو چەناگەی وەك قەشەیەك شۆڕ بۆتەوە...............

بەرووتی چوومە سەر نوێنەکە دانیشتم هەوڵیشمدا نەهێڵم خەبەری بێتەوە. چاوەکانم لەگەڵ هەرەشەی چرا سوورەکان راهاتبوون.دەستم بە دارشتی جەستەی کرد.

لێرەوە رۆژنامەنووس بەدیار کچەوە دائەنیشێ و لە کاتی نووستندا ئەکەوێتە باسکردنی شێوەی لەشو هەڵسوکەوت و بزواندنی ئەندامەکانی . تا ئەم کاتەش نازانین ناوی کچە چیە ، کاتێك رۆژنامەنووس بە زمانێکی شاعیرانە باس لەو ساتانە ئەکات که جووڵەی لەشی و ئەملاو ئەولاکردنی ئەبێتە ئیلهامێك بۆ وروژاندنی شیعرو گۆرانی ، هەر لەم میانەشدا ناوی ئەهێنێ ، کە ئەویش (دیلگادینا Delgadina) یە .

("دیلگادینا دڵەکەم" بە حەزێکی زۆرەوە پاڕامەوە. " (دیلگادینا)، حەسرەتێکی پڕناسۆرانەی دەرپەڕان، لەدەست رانەکانم هەڵهات و پشتی تێکردم و خۆی گرمۆڵە کرد هەروەك حەلەزۆنێ بۆ ماڵەکەی خۆی بگەڕێتەوە.وا پێدەچوو خواردنەوەی فالەریانەکە هەروەك چۆن کاری لەو کردووە بەو ئەندازەیەش کاریی لەمن کردبێ، چون لەدوایدا هیچ شتێك نە کاری لەو کرد نە لە هیچ کەسێك. بەڵام بۆ من ئەمە گرنگ نەبوو. پرسیم باشە بۆچی ئەبێ ئێستا بێداریکەمەوە لە کاتێکدا کەمن ئەوەندە هەست بە خەمگینی و داڕزاوی و هیچ و پوچی ئەکەم و بە ئەندازەی ماسیش ساردم.
)

بەمشێوەیە تا کاتژمێری دوازدەی شەو کاتێك تەمەنی نەوەد ساڵەی تەواو ئەکات بەدیار دیلگادینای نووستوەوە لە روخسارو پاکیزەیی ئەو وورد ئەبێتەوە، پاش ئەوە ئەڵێ : من نوێژم بۆ ئەو کرد و نوێژیشم بۆ خۆم کرد..... بەم شێوەیە بەردەوام ئەبێت ، تا لە نێوەی شەوا رادیۆکە ئەکوژێنێتەوەو چراکەش خامۆش ئەکاو ئەویش بۆ خۆی ئەنوێ.

بۆ رۆژی دوایی بەیانی زوو خەبەری ئەبێتەوە. بیری نایە لەکوێیە . کچەش وا لە پاڵیا نووستووە و پشتی لەوە . بەڵام ئەڵێ : هەستێکی نارروونم هەیە بەوەی کە کچەکە شەو هەستاوە لەبەر ئەوەی شەو گوێم لێبوو ئاودەستەکە راکێشرابوو. ئەمەش بۆ من هەواڵێکی نوێ بوو.

کاتژمێری پێنچی بەیانی هەستام ، نائارام، لەبەرئەوەی ئەبوایە ووتاری رۆژی یەك شەمەم پێش کاتژمێری دوازدە لەسەر مێزی تەحریر ئامادە بێت. کاتێك بە ساردی و بە جلوبەرگەوە لە ژووری نووستنەکە گەڕامەوە ، کچەم بینی هێشتا لەسەر نوێنەکە بە شێوەی ستوونی و لەسەر پێشت نووستووە...... وەکو مامۆستایەکی موتڵەق بۆ ( کچێنێ) خۆی دەستەکانی پەرشوبڵاون. . بە کچەم ووت : داوا لە خوا ئەکەم ئەمەت بۆ بپارێزێ. هەرچی ئەو پارەیەی لام مابوو، هی خۆم و هی ئەویش ، خستمە سەر سەرینەکەی ، بە ماچێك لە ناوچەوانی بۆ هەمیشە ماڵئاواییم لێکرد.

بەم شێوەیە یەکەمین چاوپێکەوتنی و یەکەمین بڕیاردانی بۆ رابواردن لەگەڵ کچێکی پاکیزەی چواردە ساڵە ئەگۆڕێ بۆ عەشق، بێ ئەوەی هیچ شێوە بەرکەوتنێك لە نێوان لەشیان روو بدات.

**بەشی دووەم:**

**سۆزانیەکان لێم ناگەڕێن ببمە پیاوێکی خاوەن ژن.**

لەبەشی دووەمدا درێژبوونەوەیەك بەرەو رابردوو هەیە، پەیوەندی رۆحی نێوان رۆژنامەنووس و کتێبە لاتینی و ئیسپانیەکانی ، هەروەها ئاماژەکردنێ بە Damiana ی بەستەزمان کە لای ئەم مێژوویەکە، پڕە لە بێدەنگی هەروەها کەسێکە لە هەموو ژیانیا عاشقی رۆژنامەنووس بووە بێ ئەوەی رۆژنامەنووس درك بەم حاڵەتە بکات. ماڵەکەشی سەرەڕای بێدەنگیەکەی ، نە سەگی تیابوو نە باڵندە نە خزمەتکار، تەنیا Damiana نەبێت، ئەمیش تاقە کەسێك بوو جار جار ئەهات ماڵەکەی بۆ رێك ئەخست ، بەڵام بەسەرهاتی مارەبڕینەکەی لە Ximena Ortiz ئەوەش حیکایەتێکە ، هێزی ئەو ژنە وای لێکردبوو نەیئەتوانی لەژێری بێتە دەرێ ، نە خۆشەویستی بوو نە رق ، بەڵام لە ئەنجامی پەیوەندیەکی نائاساییدا بوون بە مارەبڕی یەکتری، هەر زوو رۆژنامەنووس هەست بەوە ئەکات لەم پەیوەندیەدا شتێك کەمە ، ئەو شەوەی کە بڕیاربوو بۆ بەیانیەکەی بیگوێزێتەوە ئەڵێ: ( نەمئەتوانی بنووم ئەو هەستەم لا دروست بوو کە شتێك لە پێشەو ئەقەومێ وچاککردنەوەی مەحاڵە.)

هەر لە هەلاتنی رۆژەوە دەستمکرد بە ژماردنی ئەو سەعاتانەی کە بەسەرئەچوون ئەویش بە یارمەتی سەعاتی کڵێساکە، تا حەوت کە لێدانە جەرگبڕەکەی کاتژمێرەکە دەنگیدایەوە. چوون ئەمە مانای وابوو ئەبوایە ئەو کاتە بچمە کڵێسا. سەعات هەشت زەنگی تەلەفۆن لێیدا ، بەردەوام بێ وەستان ، نائاسایی ، تا کاتژمێری دە بەردەوام بوو . نەك تەنیا تەلەفۆنەکەم هەڵنەدەگرت، بەڵکو بۆ تەنیا ساتێکیش هەناسەم نەئەدا. سەعات دە هاتنە لام بۆ ماڵەوە، یەکەمجار بە بۆکسی توند بە دەرگاکەیاندا کێشا ، لە دوایدا لە لایەن دەنگێکی ناسراوەو هاوارو جنێو درا. ئەترسام دەرگاکە هەڵتەکێنن وا بزانن من شتێکم بەسەردا هاتووە، بەڵام دەوروبەری کاتژمێری یازدە ماڵەکە بە بەبێدەنگیەکی دڕکاوی خۆی پێچایەوە لە بێدەنگی پاش کارەسات ئەچوو. هەرئەو کاتە گریام بۆ ئەوو بۆ خۆشم و لە ناخی دڵمەوە نزاو نوێژم کرد بۆ ئەوەی هەتا ژیانم ماوە نەیبینمەوە. یەکێك لە کەسە پیرۆزەکان دوعاکەیان نیوە بە نیوە قبوول کردم ، لەبەرئەوەی هەر ئەو شەوە Ximena Ortiz وڵاتی بەجێهێشت و پاش بیست ساڵ گەڕایەوە، شووکردنێکی پڕخۆشی بە حەوت منداڵەوە ئەبوایە هی من بوونایە.

هەروەها ئەشڵێ هەموو شتێ لەو شارەو لە ژیانمدا ئەگۆڕان تەنیا ئەو نووسینانە نەبێت کە لە گۆڤاری Diario de la Paz ئەمنووسین. هەر لەم بەشەدا هاورێکانی رۆژنامەکەی ئاهەنگی رۆژی لەدایکبوونی بۆ ئەگێڕن، چەندین دیاری جۆراوجۆری بۆ دێت، بەڵام ئەو هەر لە دنیای خۆیدایە دنیای رۆساو دیلگادینا . کاتێك رۆسا سەرزەنشتی ئەکات کە بۆچی ئەو هیچی لەگەڵ کچە نەکردووە، سەری سوڕئەمێنێ، بەڵام ئەو وەڵامی پێیە : ( حاڵەتی ئەو کچە ئەوەندە خراپ بوو ، نەتئەتوانی پشتی پێ ببەستی ، نە نوستبوو نە بێدار: تەنیا بۆ نەخۆشخانە باش بوو.) بێگومان رۆساش وەڵامی پێیە : ( رۆسا ئیقاعێکی نزمتری چڕی: بۆیە وایلێهات لەبەرئەوەی پەیمانەکە زۆر بە پەلە ئەبوایە رێکبخرایە، بەڵام شتێك هەیە ئەکرێ بکرێت ، ئەیبینی ، ئەبێ کچە گوناحەکە بگرێتە ئەستۆی خۆی و پارەکەش بگەڕێنێتەوە. ئەمەت پێ چۆنە ؟

بەڵام ئەو زوو وازی هێنا . دواجار جارێکی تر رۆسا پەیوەندی پێوە ئەکات و ئەڵێ کچە پەشیمانە دەربارەی ئەو شەوە لەبەر ئەوەی گەلێ ماندوو بوو ، ئەبوایە دووسەد دوگمە بە دەرزی و

پەنجەوانەوە بدورێتەوە ، ئەمەش بۆ ئەو ئازارێکی گەورەو ماندووبوونێکی گەورە بوو بەو پەنجە خوێناویانەوە، بەڵام ئێستا ئامادەیە. کاتێك رۆسا داوا لە رۆژنامەنووس ئەکات لەگەڵیا بدویٚ ئەڵێ:
- خوایە، ووتم ، نا.

بەشی سێیەم:
لەم بەشەش بەردەوام بەسەرهاتی رۆژنامەنووسی عاشقی نەوەد ساڵە خۆی دووبارە ئەکاتەوە، سەرەرای گرفتەکانی ماڵ و پشیلەو رۆژنامەگەریی گرفتی رۆسای قەویدەو دیلگادینای کچۆڵە بەسەرهاتێکیان لا دروست کردووە، ئەوەتا بەردەوامە لە ووردبوونەوەکانی لە دیلگادینا ، قەویدەکە پێ ی وتبوو ئاگاداریە هێشتا ترسی یەکەمجاری نەشکاوە، بەڵام ئەو پەرۆشیەی کە ئەو هەیبوو تەنیا بریتی بوو لە چاوبرپینە نێو چاوی لە کاتی نووستندا ، بروانە لێرەدا چۆن باس لەو حاڵەتە ئەکات کە لە کاتی نووستنی کچەدا وێنەی ئەکێشێ ، لە کاتێکدا بە ئەسپایی گۆرانیەکی بۆ ئەڵێ ، چ گۆرانیەك گۆرانی دیلگادینا ، ئەو کیژەی باوکی پادشا بوو لە لای ئەو لە هەموان خۆشەویستر بوو: ( لە کاتێکدا عارەقەییم ووشك ئەکردەوە، لەگەڵ ریتمی گۆرانیەکەدا ،رووی شوێنە ئارەقاویەکانی تێکردم: * دیلگادینا، دیلگادینا، تۆ ئەبیتە خۆشەویسترین خۆشەویستم.* خۆشیەکی بێسنوور بوو، چون ئەو کاتەی لایەکیم وشك ئەکردەوە لاکەی تری دەستی بە عارەقکردن ئەکرد ، بۆ ئەوەشبوو گۆرانیەکە هەرگیز کۆتایی نەیەت . * هەستە ، دیلگادینا، کراسە ئاوریشمیەکەت بپۆشە،* بە گوێیدا گۆرانیەکەم ئەچرِی.
دیسان بە هەمان شێوە وەکو جاران تا کاتژمێر پێنچی بەیانی ئەنوێ ، پاشان هەڵدەستێ خۆی ئەگۆرِێ و بەجێیدێڵێ ، ئەمجارە لەسەر ئاوێنەکە ئەم رستەیە ئەبینێ : ( پڵنگ دوور لە ماڵەکەی خۆی نالەوەرِێ ) ، رۆژنامەنووسەکە ئەڵێ : دڵنیام دوێنێ شەو ئەم نووسینە لەسەر ئاوێنەکە نەبووە و کەسیش نەیتوانیوە بێتە ژوورەوە، کەواتە ئەمە دائەنێم وەك دیاری جەژنی لەدایکبوون لە لایەن شەیتانەوە. ).
سەرەرای ئەمەش کاتێك بۆ ماڵەکەی خۆی ئەگەرِێتەوە ، تەماشای لاساری پشیلەکەی ئەکات و لە هەمان کاتدا خانووەکەی دڵۆپە ئەکات ، تەنیا هەستەکانی لەگەڵ دیلگادینا وای لێ ئەکات هەست بە هیچ ماندووبونێ نەکات، خێرا کەوتە خۆی بۆ ئەوەی خۆی لەو باران و رەشەبایە رزگار کات کە ئابڵوقەی دابوو خەریکبوو کتێبەکانی نوقمی ئاو ئەبوون بەڵام هێزی ئەو خۆشەویستیە هەموو شتێکی لەیاد بردبۆوەو هێزێکی تایبەتیشی پێ بەخشیبوو، لەم ساتەدا دێنێتە بەرچاوی خۆی کەسێك لێ ی ئەپرسێ ئەو کەسەش خۆشەویستەکەیەتی :
–کاتێك ئاشنام بووی بۆ ئەوەندە بەتەمەن بووی؟
– تەمەن ئەوە نیە کە هەتە ، تەمەن ئەوەیە کە هەستی پێ ئەکەیت.
جاری دووەم کە پەیوەندی بە رۆساوە ئەکات ، رۆسا تەسەوری ئەوە ناکات بۆ جاری دووەمیش لەگەڵ دیلگادینا بنوێ و هیچیش نەکات، کاتێ رۆسا پێ ی ئەڵێ : بەهەرحاڵ کچێکی ترم لەبەرچاوە بۆت ، کەمێ گەورەترەو جوانەو بەهەمان شێوە پەردەی لانەبراوە. باوکی ئەیەوێ ئەو کچە بە خانوویەك بگۆرِێتەوە، بەڵام ئەتوانین لەگەڵیا قسە بکەین بە کەمتر.)

رۆژنامەنووس هەر سورِ ئەبێت لەسەر دیلگادینا ، جارێکی تریش ئەچێتەلای ، بەلاّم ئەمجارەیان ئەو ژورەی کە جێگای یەکتربینینانە ، جۆرێك ئەیرازێنێتەوە ئەڵێ ی ماڵی خۆیەتی: پێش ئەوەشی بچێتە سەر جێگاکە کاغەزی سەر مێزەکانی کۆنەکردەوە، ئەو پانکە نوێیەی کریبووی لە جێ ی پانکە ژەنگاویەکە دایئەنێت پاشان وەکو ئاسایی ئەچێتە پاڵی و بەش بە بەشی لەشی تەماشائەکات و ووردی ئەکاتەوە، هەمان دەست و هەمان قاچ و هەمان پەنجەو هەمان لەش لە تەنیشتیەوە راکشاوەو بەرامبەر بە سەرینەکەشی تابلۆی Figurita هەڵواسراوە، پێش ئەوەی ئەو بەیانیە بەجێ ی بێڵێ ، لەسەر پەڕاوێك نەخشەی خەتەکانی نێولەپی ئەکێشێ بۆ ئەوەی بیبات بۆ لای Diva Sahibi بە مەبەستی ناسینەوەی رۆحی دیلگادینا، دەسخوێنەرەوەکە پێ ی ووت: کەسێکە تەنیا ئەوەی کە بیری لێئەکاتەوە ئەیڵێت، زۆر بە چاکی ئەتوانێ بە دەستەکانی کار بکات، پەیوەندی بە کەسێکەوەیە ، دەمێکە مردووە و ئەمیش چاوەڕوانێ یارمەتیەکە لەو کەسە ، لەم روەو بە هەڵەدا چووە: ئەو یارمەتیەی ئەو بەدوویدا ئەگەڕێ لەبەردەستدایە. ئەم کچە تا ئێستا شووی نەکردووە......

دەست خوێنەرەوەکە زۆری لەبارەوە ئەڵێ و زۆر شتی چاوەڕوانکراوو چاوەڕواننەکراوو. بەلاّم ئەوەی بەلای رۆژنامەنووسی نەوەد ساڵەوە گرنگە ، هەستەکانێتی ، ئەوەی بەلایەوە گرنگە شەو بە بێدەنگی لە نزیکیەوە ئێشك بگرێ ، ئەم بارودۆخە نوێیە کاریگەری بۆ سەرکاری رۆژنامەگەریتیشی هەبوو ، نووسینەکانیشی لە رۆژنامەکان ئەگۆڕێن بۆ نووسینی خۆشەویستی ، ئەو کۆڵۆمەی ئەینووسی ، لە ئادەتە ئاساییەکەی خۆی ئەچێتە دەرەوەو ئەبێتە نامەی خۆشەویستی ، هەرچیەك لە خەوی دیلگادیناوەیە ئەڕژێنە نێو رووباری نووسینەکانی، ئەم بۆ خوێنەرانی ئەهۆنێتەوە، خەڵکی و خوێنەران نائاسایی پێشوازیان لە نامە دڵداریەکانی ئەکرد ( ژمارەیەکی زۆر نامەی خوێنەوارە عاشقەکان خۆیان بە ژوورا ئەکرد. هەندێك لەو نووسینانە لە رادیۆکان بڵاوئەکرانەوەو هەندێکیش لەسەر ستێنسڵ رائەکێشرانو لەبەری ئەگیرایەوە ، وەکو جگەرەی قاچاخ لە بازارەکاندا ئەفرۆشران.

دەربارەی ژوورەکەش لەگەڵ رۆسادا ئەوەی ووتبوو هەرچیەك لە پانکەی نوێ و شتومەکی نوێ ی کە بۆ جوانکردنی ژوورەکە ئەیهێنێ ئەیەوێ وەکو خۆی بمێنێتەوە.

((هەمیشە کاتژمێر دە ئەگەیشتمە ئەوێ، هەموو کاتێ شتێکی نوێم پێبوو بۆ ئەو یاخوود بۆ هەردووکمان، پاشان چەند دەقیقەیەك سەرقاڵی رێکخستنی ئیکسسوارو جلوبەرگەکان ئەبوم بۆ بونیادنانی شانۆگەری شەوەکەمان.)

چاوەکانی بۆ ئەوبوون رۆحی چاوەڕوانیەکەی هەمیشە پرسیاری مەزنی لە هەستە بچوکەکەی خۆی ئەکرد ، بەلاّم کە ئەو رۆحە بچکۆڵە بە تەنیا بە جێبهێڵرێ ئەبێ چی رووبدات . لەپڕ دیلگادینا نەخۆش ئەکەوێت، بۆ ماوەیەکی زۆر نایبینێ ، پێویستی بەو ئەبێ بەلاّم ئەم ونبوونەی بەکارئەهێنێ تا لە ژوورەکەیاندا بەبێ بوونی ئەو جوانکاری ئەنجام بدات، سکێچێکی سیسیلیا پۆراس کە بۆ Todos estarbamos a la espera ی کردبوو ( هەموومان لە چاوەڕوانیدابووین) ، لەگەڵ کۆمەڵە چیرۆکی Alvaro Cepeda و هەروەها شەش بەشی جێن کریستۆفەری رۆمان رۆلاّند بۆ ئەوەی کاتی نەخەوتنی خۆی پێ بەسەر ببا و رادیۆیەکی نوێ ئەهێنێ بۆ ئەوەی کچە رابێنێ لەسەر گوێگرتن لە مۆسیقا و رایبێنێ بە چارەکەکانی مۆزارت خەو بچێتە

چاوی. کاتێك لەسەر مۆسیقای مۆزارتی دانابوو بەلام شەوێك بۆی دەرئەکەوێت لەسەر کەناڵێکی ترە، ئەوەش ئارەزووی کچە بوو ، ئەمیش تەسلیمی حەزەکانی ئەو بوو.
لەپڕێکا ئەو بۆچوونەی لا دروست بوو کە دیلگادینا خەریکە گەورە ئەبێت، کاتێکیش ، رۆسا پێ ی ووت : ( لە پێنجی دیسەمبەر تەمەنی ئەبێ بە پازدە ساڵ . کەوانەیەکی تەواو. لەم کاتەدا قسەکەی رۆسا ئەوەی بە بیردا ئەهێنێتەوە دیاریەکی بۆ بکڕێ بە بۆنەی رۆژی لەدایکبوونیەوە ، پاسکیلێك ، بۆچی پاسکیل ؟ لەبەرئەوەی هەروەك رۆسا ئەڵێ ، رۆژی دووجار ئەبێ ئەم شارە ببڕێ تا بچێت بۆ دوگمە دورین، پاسکیلی بۆ کڕی ، بەڵام پاشان ناخۆشترین هەواڵ ئەوەبوو کە دیلگادینا ناتوانی جەژنی لەدایکبوونی لەگەڵ بکات ، لەبەر ئەوەی ئەبێ بچێتە لای کەسوکارەکەی .

بەشی چوارەم:
لەم بەشەدا وا پێدەچێ تەمەنی رۆژنامەنووس بەرەو نزیکبوونەوە لە نەوەدوویەك ئەڕوات ، ماوەیەکە هەردووکیان ئەم بە نووستووی و ئەو بە بێداری عەشق ئەگۆڕنەوە، هەردووکیان بێدار بوون ، یەکێکیان بە ووتن ئەوی تر بە زمانی لەش ، ئەیبینی چۆن لەگەڵ قسەکانیا ریتمی خەوتنەکەشی ئەگۆڕێ ، ئەو جووتە گوارەیەی لە دایکیەوە بۆی بەجێمابوو ئەیداتێ تا لە گوێ ی کات، بێگومان هەر بە نووستنەوە لەسەر جێگاکەی بۆی دائەنێ . بۆ دووەمین چاوپێکەوتنی نووستنانە گوارەکەی لە گوێ کردبوو. بەڵام ئەوانەی دایکی لێ ی نەدەهات: ( دووەمجار جووتێ گوارەی ترم بۆ هێنا کە لەگەڵ رەنگی پێستی ئەگونجا. پێم گووت: ( گوارەی یەکەم کە پێمدای لەگەڵ شێوەو و پرچەکەت ناگونجێن ئەم جووتە باشترە.) بۆ دوو چاوپێکەوتنی پاش ئەوە هیچیانی لە گوێ نەکردبوو، بەڵام سێیەمین جار لە گوێ ی کردبوون. پاشان لە کاتی نووستندا کتێبی Saint-Exupéry و چیرۆکەکانی Perrault و چیرۆکەکانی نێو ئەنجیل و هەزارو یەك شەوەی بۆ ئەخوێندەوە. ( لە نێو ئەو هەموو چیرۆکانەدا قوڵاییە جۆراوجۆرەکانی خەویم ئاشکرا کرد...)

کاتێك سەرقاڵی ئەوە ئەبێت چی لە تاقە پشیلە پیرەکەی بکات ، ئەو پشیلەی توانای خواردنی نەماوە ، لەم کەین و بەینە دا لە رۆمانەکە چاومان بەو بڕیارە قورسە ئەکەوێت کە رۆژنامەنووسی عاشق لە نێوانیاندا دۆشداماوە: ( پاش تۆزێ لە کەمپەوە زەنگیان بۆ لێدام بۆ ئەوەی پێم بڵێن ، لە کوشتنی زیاتر هیچ چارەسەرێکی تری نیە. ، بۆ ئەم مەسەلەیەش داوای رازیبوونی منیان ئەکرد. ﴿ بۆچی ؟﴾
_ Damiana پێ ی ووت :لەبەر ئەوەی زۆر پیرە.)،
جا لێرەدا بەراوردی خۆی بە پشیلەکە ئەکات : ئەو کاتە ئەوەی بە بیردا هات ، کە رەنگە ئەویش بە زیندووی لە فڕنی پشیلەدا بسوتێنن.( هەستم ئەکرد دەستەپاچەم لە نێوان دوو ئاگردا بووم : رانەهاتبووم پشیلەی زیندووم هەبێت و ، بەڵام ئەو دڵەشم نەبوو فەرمانیان پێبدەم تەنیا لەبەر ئەوەی پیرە بیکوژن) .
رووداني کوشتنی کابرایەك لە نێو یەکێك لە خانووەکانی رابواردن ئەبێتە هۆی ئەوەی ئەم لە لایەن رۆساوە داوای یارمەتی لێ بکرێت بۆ پێچانەوەی تەرمەکەی. داخستنی دووکانەکەی رۆساش لە

لایەن پۆلیسی تەندروستیەوە ، ئەبێتە هۆی ئەوەی کە سۆراخی دیلگادیناش ونبێت . ئەوەتا لەم رستەدا زۆر کەساسانە باسی ئەو هەوڵانە ئەکات کە داوێتی بۆ پەیداکردنەوەی دیلگادینا:
( کاتێك شەو گەڕامەوە ماڵەوە تەلەفۆنم بۆ رۆسا کرد، بۆ ئەوەی هەواڵی دیلگادینا بزانم و چی بەسەرهاتووە، بەڵام تەلەفۆن چوار رۆژ بەدووی یەکدا هەڵنەدەگیرا.)
کاتێك ئەچێتەلای ماڵەکەی رۆسا ئەبینێ، دەرگاکەی بە مۆر داخراوە ( نەك لە لایەن پۆلیسەوە بەڵام لەلایەن پۆلیسی تەندروستەیەوە. لەو دەورووبەرە کەس نەیزانی لە چ شوێنێکە. لەبەر ئەوەی سۆراخی دیلگادینا لای کەس ئاشکرا نەبوو. جارجارو زۆر بە پەرۆشەوە دەستمکرد بە گەڕانێکی بێ مانا، تا ئەو حەدەی ماندوو شەکەت بووم.)
لەبەر ئەوەی لە رۆژی لەدایکبوونی دیلگادینا پاسکیلی بۆ کڕیبوو لە نێو پاسکیل سواران دەستی بە چاوگێڕان کرد، پاش ئەوەی هەوڵێکی زۆریدا بۆ دۆزینەوەی بێ سوود بوو ناچار پەنای بردەبەر خواردنەوە، هەر لەم کاتەدا نووسینەکانیشی هەر هەموو بریتی بوون لە پارچەیە خۆشەویستی، لە ژوورەکەیدا دیلگادینای ئەهێنایە پێش چاوی خۆی ، لە هەموو ژوورەکەدا ئەوی ئەبینی ، خەمی پەیداکردن و دۆزینەوەی وای لێکرد نە ڕیش بتاشی نە خۆی بگۆڕێ و نەخۆشی بشوات:
(خۆشەویستی درەنگ فێری کردم ، کە مرۆڤ خۆی بۆ یەکێکی تر جوان ئەکات، بۆ یەکێکی تر جلی جوان لەبەر ئەکات و بۆن لە خۆی ئەدا ، بەڵام ئەو یەکەی تر من هیچ کاتێ نەمبووە. ) ماڵان ئەگەڕێ، کۆڵان ، کارگەو ئەو جێگایانەی گومانی بوونی سۆراخی دیلگادینای لێ ئەکات، هەمیشە وای بیر ئەکردەوە مردن لە خۆشەویستیدا ، سەربەستیەکی شاعیرانەیە. بەڵام کاتێك ئەو ئێوارەیە پاش گەڕانێکی زۆرگەڕایە ماڵەوە ماڵێکی بێ پشیلەو بێ دیلگادینا ، نەك تەنیا ئەگەری ئەوە هەیە بمرێ بەڵکو کەسێکی بە تەمەنی وەك ئەو تەواو تەنیا ، خەریکی ئەوە بوو کە لە خۆشەویستسدا بمرێ. )
ئەو رۆژەی پاسکیلسوارێکی کچۆڵە ئۆتۆمبێل لێیدا و بۆ خەستەخانەیان برد ، ئەم خورپە کەوتە دڵیەوەو ترسا هەموو ئازای داگرت خێرا تا نەخۆشخانەکە نەوەستا، پاش ئەوەی خۆی گەیاندە هەموو زانیاریەکان لە بارەی ئەو کچۆڵەیە و کاتێك کە دڵنیابوو ئەو نەبووە، ئەو کاتە نەك نەوەستا بەڵکو هەوڵی زیاتریدا بۆ پشکنین ، نەك ئەمەش بگرە کاری رۆژنامەگەریەکەشی لە خزمەتی دۆزینەوەی ئەودا بەکارهێنا. بە ناوی رۆژنامەنووسیەوە خۆی بەو فابریکەدا کرد کە پێشتر لە رۆسای بیستبوو دیلگادینا لەوێ کار ئەکات ، بۆیە داوا لە خاوەن فابریکەکە ئەکات بە مەبەستی ئامادەکردنی راپۆرتێ، گەر بکرێ دامەزراوەی فابریکەکەی نیشان بدات وەکو پرۆژەیەکی وڵاتە یەکگرتووەکان لە کیشوەری ئێمەدا، کابرای خاوەن کارگە کە لوبنانیەك ئەبێت ، بەشەکانی نیشان ئەدات، کاتێك ئەچێتە ژوورەوە ، سێ سەد ئافرەت بە بلوزی سپیەوە ، لە شوێنێکی گەورەی رووناکدا دانیشتوون و خەریکی دوگمە دورینن، لە نێو ئەو هەمووەدا چاو بۆ ئەو ئەگێڕێ، تا لە پڕ یەکێك لە کچەکان پێ ی ئەڵێ: ( بەڕێز تۆ ئەو کەسە نیت لە رۆژنامە نامە دڵداریەکان ئەنووسیی ؟)، ناچار بۆ ئەوەی خۆی لەو مەوقیفە رزگارکات هەڵدێ.
پاش مانگێ رۆسا پێ ی ئەڵێ ئەبێ تەحەمولت هەبێ ، بەڵام ئەم سوڕ ئەبێ لەسەر بینینی ، لەدواییدا هەر خوودی رۆسا پەیوەندی پێوە ئەکات دیسانەوە کاتژمێری دەی هەمان شوێن ، هەمان

ژوور لەگەڵ رادیۆو مۆسیقای Brahms ، هەروەکو جاران لەسەر نوێنەکە راکشاوە بەڵام ئەمجارەیان لەبەرچاوی رۆژنامەنووس پرشنگدارترە.

پاش وەسفێکی شاعیرانەی کچە، ئەو وەسفەی هەموو ئەو شەوانەی لەخۆدا تۆمارکردبوو کە تێیدا وەکو چۆلەکەیەکی دەستەمۆنەکراو ئەیویست هەڵفڕێ، بەڵام ئەم هەموو خۆشەویستیە لەپڕ وەکو ڕەشەبا ئارامی ئەو دەریا هێمنەی دڵی رۆژنامەنووس دێنێتە جۆشوخرۆش ، تووڕەییەك لەشی دائەگرێ ، توڕەیەك زیاتر لەو ووشە سیحراویانەی کە بۆ کچەی ئەهۆنێتەوە خۆشەویستی تێدایە، بەشێکیشە لەو خۆشەویستیەی کە لە ناخی ئێرەییدا خۆی حەشارداوە . بینینی کچێکی هەژارو کرێکارێك کە کاری دوگمەدوورین بێت ، بەو هەموو خشڵ و زێڕو گوارە گرانبەهاو کراسە نایابانە و یەکەمین جاریش بەو شێوەیە ببینێ، ئەمە بۆ خۆی جێگای گومانە ، گومانەکەش پاڵەپەستۆی تووڕەییەکەی ئەگەیەنێتە ئەو ئاستەی هەرچی لە ژوورەکەدایە بە راست و چەپ بیانشکێنێ و پەرشوبڵاویان بکاتەوەو ناوی : ( سۆزانی ) یش بە کچۆڵەکەی بەستەزمان ببەخشێ، ناوێك لەدڵەوە وەك خەنجەر ئازاری ئەداو خوێ ی بە برینەکانیەوە ئەکرد. پاشان لەپڕ ئەوەی بە مێشکدا هات کە رۆسا ، پەردەی کچێنی دیلگادینای بەو پیاوە دەوڵەمانە فرۆشتووە کە موشتەری خۆین . بەڵام هەر خودی ئەو بوو هەموو جارێ هێوری ئەکردەوە ، ئەمجارەش بۆی روون ئەکاتەوە کە دیلگادینا ئەمشەو بە تایبەت بۆ ئەو بەوشێوەیە ئاڵاو واڵا کراوە، ئەو شتانەشی پێوەیەتی ، رۆسا بە تایبەت بۆ ی ئامادەکردوە ، زێڕو خشڵەکانیش مولکی رۆسا خۆین . بەم چیرۆکە رۆژنامەنووس کەمێك هێور ئەبێتەوە، رۆسا داوای لێ ئەکات کچە بێدارکاتەوەو داوای لێبووردنی لێکات. هەرچەندە رۆژنامەنووس ئەڵێ : ( هەولێکی زۆرمدا باوەڕ بە رۆسا بکەم ، بەڵام خۆشەویستی بەهێزتربوو لە زرنگی.)

دوا بەشی رۆمانەکە کە بەشی پێنجەمە تەرخانە بۆ هەندێ بیرەوەری لابەلایی لەبارەی خشڵ و مرواریەکانی دایکی و عەشیقە کۆنەکانی. هەر لەم بەشدا باسی ژماردنی زیانەکانی ئەو شتانەی ژوورەکە ئەکات کە بە هۆی تووڕەییەکەیەوە تێکوپێکیدا ، ناچار ئەبێت بۆ چاککردنەوەی پارەیەکی زۆر بدات ، ئەو پارەیەش کە پاشەکەوتی کردبوو بەشی نەدەکرد ، بۆ ئەمەش خۆشەویسترین تابلۆی دایکی ئەفرۆشێ بۆ ئەوەی زیانەکان بژمێرێ. ناچاریشە ئەو داوایانە جێبەجێ بکات، لەبەر ئەوەی ئاشکراکردنی هەر یەك لە نهێنیەکانی لەلایەن رۆساوە ئەبێتە هۆی ناوزڕاندنی.

پاش ئەو هەموو ئازارە جەرگبڕەی خۆشەویستی و گومان ، ئەوەتا ئێستا لە خۆشەویستیدا بە ئەندازەیەك لاواز بووە، پانتۆڵ بە پێوەی ناوەستێ . لە یەکێك لە چاوپێکەوتنە چاوەڕواننەکراوەکانی کە لە سواربوونی پاسی Loma Fresca روونەدات ، نازانێ لە نێو ئەو پاسە یەکێك لە هاوڕێکانی شەوانی سەر سەرینی تێدایە کە ئەویش Casilda Armeta یە ، ئەو ئافرەتەی لە سەردەمی لاوێتیدا بۆ چەند فلسێ لەگەڵیا رایبواردبوو، ئەم ژنە پاش ئەوەی بێ پول و پارە ئەبێت شوو بە چینیەکی باخەوان ئەکات ، لەوەوە ناوێك و ماڵێك و رەنگە تۆزێ خۆشەویستیشی چنگ کەوتبێ . پێکەوە ئەچنە ماڵەکەی لەوێدا لەسەر کەناری دەریا دائەنیشن ولە نێوانیاندا باسی عەشق دێتە ئاراوە، ئەو باسی ژیانی خۆی و شووکردنی بەو چینیە ئەکات ئەمیش باسی دیلگادینا ی بۆ ئەکات، هەرچەند ئەم بە جیدی مەسەلەکە ئەگێڕێتەوە ، بەڵام ئەو سوڕە

لەسەر ئەوەی ئەبێت لە دەرەوەی سۆز مامەڵەی لەگەڵدا بکات، واتە داوای لێ ئەکات بە بێ سڵەمینەوە لەگەڵیا رابوێرێت .

کاتێ بۆ جارێکی دیکە داوا لە رۆسا ئەکات دیلگادینا ببینێ پێ ی ئەڵێ : دوو مانگە وونبوی ئێستا بە دووی خەیاڵدا ئەگەڕێیتەوە. ئەوەی پێ راگەیاند کە زیاد لە مانگێکە دیلگادینای نەبینیووە ، ئەوەشی راگەیاند ئەو کچە لە شەوی تورەبوونەکەوە ترساوە.. هەروەها پێ ی ووت کە دیلگادینا کارێکی نوێ ی دۆزیوەتەوە، رۆژنامەنووسەکەش ئەڵێ :

بێگومان کاری سۆزانیە

بەرەنگاری ئەم وەڵامدانەوەی ئەبێتەوەو پێ ی ئەڵێ : ( ئەوەندە بێ مێشك مەبە، گەر وابێ ، ئەوا لای من ئەبێ ، لێرە باشتری لە کوێ دەست ئەکەوێ

کاتژمێری دەو بیست دەقیقە گەیشتە لای رۆسا ـ هەرچی پێ بوو دای بەو ، ئەویش وایزانی تا ئێستا لە ژێر کاریگەری ئەو پیاوەیە کە لە ژوورەکە دا مردبوو ، پی ی ئەڵێ : گەر ئەمری ، مەهێڵە لێرە رووبدات ، ئەبێ ئەم جۆرە بیرە نەکەمەوە.)، ئەو شەوە خۆم بۆ هەموو شتێك ئامادە کردبوو ، لە چاوەڕوانی دواترین ژانی یەکەمین سکۆندەکانی تەمەنی نەوەدوویەكساڵیدا بووم . رۆیشتم لەسەر پشت راکشام. (لە دوورەوە گوێم لە زەنگی کڵێسەکان بوو، بۆنی خۆشترین بۆنی رۆحی دیلگادینام کرد ، ئەو کاتەی لەسەر لا نووستبوو، لە ئاسۆوە گوێم لە هاوارێ، لە هەنسکی کەسێك بوو رەنگە پێش سەدەیەك لەم ژوورەدا مردبێت. کاتێك لەگەڵ دوا هەناسەم چراکەم کوژانەوە،پەنجەکانم لەگەڵ پەنجەکانیا چوون بەرەو ئاسمان بۆ ئەوەی دەست لەناودەست بیبەم ، لەگەڵ دواترین دوایین دوانزە فرمێسکم ئەو دوازدە لێدانەی کاتژمێری دوازدەم ژمارد، تا ئەو کاتەی کەڵەشێرەکان دەستیان بە قوقەقوق کرد. یەکسەر دوای ئەمە دەنگە خۆشەکانی سەعات و تەڵقەتەنووری شایەکان تەقینەوە .......) ئەمەش نیشانەی ساڵی نوێ بوو مانای وایە ساڵێکی تر ژیا.

(پاش ئەمە تاقە قسەم بۆ رۆسا کابارکاس ئەمە بوو : ماڵەکەت و هەموو کۆگاکەت لەگەڵ دوکانەکەش و باخچەکەش ئەکڕم .)

بێگومان کڕینیشی بۆ ئەوە بوو کە بە کچەی ببەخشێ، بەڵام رۆسا داوای لێ ئەکات ، کە لای تۆمارکەر ئەوە تۆمارکەن هەرکەسێکیان زۆرتر ژیا سەروەت و سامانی بۆ ئەویتر ئەبێت ، بەڵام ئەم ئەڵێ : ( نە، گەر من یەکەمجار مردم ئەمەوێ هەموو شتەکانم بۆ ئەو بێت .)

رۆسا ئەڵێ دیلگادینا ئەگرمە ژێر پەروەردەی خۆم و دوای خۆشم هەموو شتەکان بۆ ئەو بەجێدێڵم من لەم دنیایە کەسم نیە .

سەرچاوە:
Herinnering aan mijn droeve hoeren
rquezلa MیGabreil Garc
Roman, Meulenhoff
Vertaald door Mariolein Sabarte Belacortu
2004

---

□ ژیام بۆ ئەوەی بیگێڕمەوە.. دوایین کتێبی گابریال گارسیا مارکیزە ، پێش ئەم ڕۆمانەی ، بڕوانە پاشکۆی ئەدەب و هونەر نووسینێك دەربارەی ئەو کتێبە لە لایەن نووسەری ئەم ووتارەوە.

□□ - کەسایەتیەکی نێو ڕۆمانی ( سەد ساڵ دوورەپەرێزی ) یە ، ئەم ڕۆمانە یەکێکە لە هەرە ڕۆمانە بەناوبانگەکانی گابریال گارسیا مارکیز.

□□□ - ئەمەش ڕۆمانێکی تری نووسەرە

□□ - جۆرە خواردنەوەیەکی ئەلکهۆلیە.

□ - مەبەستی لە بورجی کەوانەیە

□□ - کەمپی ئاژەڵان ، ئەو شوێنەی کە گیانلەبەرانی بێخاوەنی تێدا کۆئەکەنەوە.

# کوردستان و نیشتمانی عەرەبی

فوئادی تاهیر سادق

ڕگەزپەرستانی عەرەب سنووری خۆیان دەبەزێنن و ستەم لە نەتەوەی کورد دەکەن .. هەوڵی ئەوە دەدەن نیشتمانی کوردستان قوت بدرێت و لە بیر بکرێت .. بە دوژمنایەتی بە بەشێکی نیشتمانیعەرەبی دادەنێن! .. هەموو عێراق بە کوردستانەوە بە بەشێکی نیشتمانی عەرەبی و سەرجەمی گەلی عێراق بە کوردەوە بە بەشێکی نەتەوەی عەرەبی دادەنێن .. ئەمە دەخوازێت کە دژیان بوەستین و ڕادەیان بۆ دابنێن و ئابڕوویان ببەین .. دەری بخەین کە نەزانن یان خۆیان نەزان دەکەن دەربارەی ڕاستی و دوا کەوتە (reality) مێژوویی و جوگرافی و نیشتەنیەیانی .. بزانرێت کە ستەم لە نەتەوەیەکی دراوسێی خۆیان دەکەن .. ئەمە پەیکەری نووسینی ئەم لێکۆڵینەوەیە ، زۆرجار لە هەندێ عەرەب گوێمان لێ دەبێت سەرجەمی عێراق نەک تەنها هەرێمە عەرەبییەکەی بە نەزانی یان بە مەبەست بە بەشێکی نیشتمانی عەرەب دادەنێن .. نازانن یان خۆیان نەزان دەکەن کە چۆن ئەم دەوڵەتەی عێراق دامەزراوە ! .. ئەم ئاوازە خراپە کە دوورە لە ڕاستی و داکەوت (Reality) بەعسییە ڕەگەزپەرستە فاشییەکانی بەغدا لێیان دەدا و ئەوانەی دیمەشقیش لەسەری دەڕۆن .. بەرنامەی سەددام بوو زۆر کاری بۆ کرد .. زۆر لە بەشەکانی بەجێ گەیاند و زیانێکی زۆری لە نەتەوەی کورد دا ، بەڵام لە ئەنجامدا مەرامە گڵاوەکانی نەهاتنە دی ! .. ئەوەی سەیر و کەنینە ئەو ڕەگەزپەرستانە کە باس لە عێراق دەکەن هەروەک عەرەب خاوەنی هەمووی بێت .. سەرەڕای ئەوەی دەزانن و خۆیان نەزان دەکەن کە نەتەوەی کورد نەتەوەیەکی جیا و سەربەخۆیە لە عەرەب و کوردستانیش بەشێکی نیشتمانی عەرەبی نییە ، دەڵێن کورد بۆی نییە بڕیاری چارەنووسی خۆی بدات ، لە بەدبەختی نەتەوەی کورد نیشتمانەکەی کەرت کراوە و بەشەکانی بە نیشتمانانی نەتەوەی دواکەوتوو و نادیموکراتەوە لکێنراون .. کەچی نەتەوانی دیکە ، لەوان نەتەوەی سلۆڤاک ، لە بەختی خۆی لەگەڵ نەتەوەیەکی پێشکەوتووی وەک نەتەوەی چیک لە چێوەی دەوڵەتی چیکۆسلۆڤاکیا هاوبەش بوون .. پاش نەمانی یەکێتی سۆڤیەت نەتەوەی سلۆڤاک ئەو یەکێتیە ئارەزووانەی کە لە نێوانیاندا هەبوو تێپەڕیکرد و بڕیاری سەربەخۆیی سلۆڤاکی دا بێ ڕشتنی دڵۆپێك خوێن ، بە ئاشتیو دیموکراتی دەوڵەتی خۆی دامەزراند .

عەرەبی ڕەگەزپەرست بۆ کورد بگرە مافی یەکگرتنی هەرێمی کوردستان و هەرێمی عەرەبی لە چێوەی کۆماری عێراقێکی یەکگرتوو (Federal) بە بیانووی پاراستنی یەکێتی عێراق بە زۆر دەزانن .. جەخت لەسەر هاوڵاتێتی (CltIzenshp) عێراقی و عێراقی بوون دەکەن وەك هەوڵێك بۆ تواندنەوەی هەموان لە بۆتەی عێراقدا بە مەرامی لابردن و نقوم کردنی

کوردستانێتی و کوردستانی بوون بۆ دانیشتووانی کورد .. بەلای ئەوانەوە کە عێراق ئەندامە لە کۆمەڵەی عەرەبی کەواتە بەشێکی نیشتمانی عەرەبییە ! .. دژی یەکێتی ئارەزووانە و بیرۆکەی (کۆماری عێراقی یەکگرتوو)ن بۆ ڕێگرتن لە کورد "سەربەخۆیی خۆ" ( Self-Independence) لە چێوەی عێراقێکی یەکگرتوو ببێت .. لە بیریان چووە یان لە بیر خۆیان دەبەنەوە کە ئەوەی بەسەر عێراقدا هاتووە لە وێرانی و کوشتن و ئاوارەیی بە هۆی ڕامیاری و کردەوە ڕەگەزپەرەستییەکانی ڕژێمی عێراق بووە دژی گەلی کورد کە عەرەباندن و گوێزانەوە و کۆکوژی پەیرەو دەکرد .

ئەوەی سەرنج ڕاکێش بێت عەرەبی ڕەگەز پەرست مافی بریکارێتی نەتەوەی کورد بە خۆیان دەدەن .. دەیانەوێت کورد هەر بە ژێردەستی بمێنێتەوە و باشووری کوردستانی پاشکۆ کراو بە دەوڵەتی عێراقی دامەزراو پاش یەکەم جەنگی جیهانی (١٩١٤ – ١٩١٨) بە بەشێکی نیشتمانی عەرەبی دادەنێن بۆیە بە ئەرکی عەرەبی دەزانن کە دەستی پێوە بگرن و لەدەستی نەدەن .

ئاشکرایە کە بەریتانیا و هاوپەیمانەکانی پاش یەکەم جەنگی جیهانی دەوڵەتی پێوتراوی (عێراق)یان دامەزراند . پێشتر ئەم وڵاتە ناوی دیکەی بووە .. لەسەردەمی "مەسح"دا نەخشەی ڕامیاری ئەم وڵاتە بەم شێوەیە بووە :– گۆتی و لۆلۆ و ماد کە کورد بوون لە باکووری بوون .. سۆمەر لە باشوور .. ئەکەد و بابل لە ناوەند .. ئاشوور لە ناوچەی نەینەوا یۆنانی کۆن "میزۆپۆتامیا" یان (وڵاتی دوو زێیەکە) بە ئەم وڵاتە دەووت .. لە ماوەی دەسەڵاتی (ساسانی و ڕۆمان) ، ناوچەکانی عێراق ناوی وەك "مەدائی"ن ، "نەینەوا" ، "میزۆپۆتامیا"یان پێ دەوتن . لە ڕۆژانی ئەمەوییەکان عێراقی ئەمڕۆ دوو هەرێم بوو بە ناوی "بەسرە" کە بەرپرسی ناوچەی باشوور بووە ، ئەوی دیکە بەناوی "کوفە" کە بەرپرسی ناوەند و باکوور بووە .. سەرداری هەریەکەیان "میر"ی پێوتراوە .

لە ماوەی دەسەڵاتی عەباسییەکان "ئەبو جەعفەر مەنسور" (٧٥٤–٧٧٥) ساڵی ٧٦٢ بەغدای کردە پایتەختی دەوڵەتی عەباسی و "بلاد الجبال"یان بە کوردستان دەوت و شاری "شارەزوور"ی بووە .. هەرێمی باکووری خۆرئاوا نەینەوا بوو .. نێوان دوو زێیەکە "جزیرە"ی پێ دەوترا .. خۆرئاوا "بیابان" لەماوەی دەسەڵاتی عوسمانی ، ئەم وڵاتە هەرێمی موسڵ و هەرێمی بەغدا و هەرێمی بەسرە بوو . جار هەیە گوێمان لە هەندێك عەرەبی ڕەگەزپەرست دەبێت شانازی بەوەوە دەکەن کە قووڵایی مێژووی عێراق حەوت هەزار ساڵێکە .. ڕاستە قووڵایی شارستانێتی ئەم وڵاتە لەو دەورەدایە ، بەڵام ئەو ماوەیە هی مێژووی عەرەب نییە لە عێراقدا ، چونکە بوونیان لە عێراق لەگەڵ داگیرکردنی ئیسلامی ئەم وڵاتە پێش ١٣٦٩ ساڵ لە ساڵی ٦٣٤ وە دەستی پێکرد ، کە شەپۆلەکانی کۆچ و نیشتەجێبوونیان لە عێراق لەسەر خۆ بوو کە ماوەیەکی زۆر درێژی خایاند . سۆمەرییەکان لە باشوور نە عەرەب و نە سامی بوون ، بەلکو گەلێکی ئاری بوون و کوردی ئیلام لەوانەیە نەوەی ئەو سۆمەریانە بن .. هەرچی ئاشوورییەکانن لە باکووری خۆرئاوا و ئەکەد و بابل لە ناوەند سامی نا عەرەب بوون لەلایەکی دیکە گۆتی و لۆلۆ و مادی باکوور لە کوردستان کورد بوون .

کۆچی هۆزە عەرەبییەکان لە نیمچە دورگەی عەرەبی بۆ عێراق لە داگیرکردنی ئیسلامییەکانەوە لە سەدەی حەوتەمەوە وردە وردە دەستی پێکرد و سەدان ساڵی خایاندووە .. لە شەپۆلەکانی کۆچی ئەو هۆزانە وەك نموونە ، کۆچی هۆزەکانی "شەمەر" بووە کە سەرۆکەکەی شێخ فارسی شەمەری بوو ، هۆزی دیکە لە "نەجد"ی دوورگەی عەرەبی بۆ عێراق لە ساڵی ١٦٤٠ ڕوویدا .

بوونی نەتەوەی کورد لە کوردستاندا (باکووری عێراق) زۆر لە بوونی گەلی عەرەبی لە هەرێمی عەرەبی عێراق (ناوەند و باشووری عێراق) پێشترە .. ئەمە لە لایەکەوە ، لە لایەکی دیکە کورد گەلێکی ئارییەو شارستانێتی و ڕۆشنبیری خۆی هەیە ، هەرچی عەرەبە گەلێکی سامییە .. هیچ شتێك ئەم دوو گەلە کۆناکاتەوە مەگەر بەشداربوونیان لە ئاینی ئیسلامی :

گەلی کورد کە لە باکووری گەلی عەرەبدایە هەزاران ساڵە لە کوردستانی نیشتمانی خۆی بووە .. نە بە کۆچ و نە بە داگیر کردن خاکی گەلانی دیکەی نەگرتووە ، بەڵکو بە زەوی پێشینانی خۆی بەهۆی پیتداری و زۆر ئاوی و سامانی دابین بووە . کوردستان دەکەوێتە نێو هێڵە پانەکانی ٣٣–٤٠ و هێڵە درێژەکانی ٣٧–٥٠ و ڕووبەرەکەی ٥٠٠٠٠ هەزار کیلۆمەتر دووجایە .. نیشتمانی کورد ، کوردستان ، بە داگیرکردنی زەوی گەلانی دیکە بە بیانووی درۆ و دروشمی ئاین سەپاندن نەکشاوە ، بەڵکو بە پێچەوانەی ئەمە کوردستان داگیرکراوە و زۆر لە زەوییە سنورییەکانی و ناوچە نووساوەکانی بە دراوسێکانییەوە تورکاندراو و عەرەباندراو و فارساندراون و لە ئەنجامدا ڕووبەرەکەی تەسك کراوە .

یەکەم دابەشکردنی میرانە و دەوڵەتیانە لە ئەنجامی شەڕە ڕەشەکەی چالدێران ساڵی ١٥١٤ پاش سەرکەوتنی لەشکری سوڵتانی عوسمانی سەلیم یاوز بەسەر لەشکری شا ئیسماعیلی سەفەوی کرا ... ساڵی ١٦٣٩ بە پێی پەیمانی زەهاو لە نێو دەوڵەتی عوسمانی و دەوڵەتی ئێرانی دابەشکرا .. بەشی زۆری کوردستان ، باکوور و باشوور شێوەیەکی (دەسەڵات و کاروباری ناوخۆ بەدەست سەردارنی کورد بوون ) بوون بەشی دەوڵەتی عوسمانی ، کەچی خۆر هەڵاتەکەی لە چێوەی دەوڵەتی ئێرانی مایەوە .

عێراق وەك ناو و دەوڵەت ڕێژەیی نوێیە .. ئەم وڵاتە پێش یەکەم جەنگی جیهانی (١٩١٤–١٩١٨) بە ناوی سێ هەرێم ناوی براوە : هەرێمی موسڵ ، هەرێمی بەغدا و هەرێمی بەسرە . چارەنوسی ئەو سێ هەرێمە لە کۆبوونەوە فراوانەکەی (Conference) قاهیرە لە ١٩٢١/٣/١٢ بڕیاری لەسەر درا کە "ونستن چێرچل"ی وەزیری وڵاتی ژێردەستەکانی بەریتانیای ئەوسا ، سێر پێرسی کۆکس ، سەرکردەی هێزی بەریتانی لە عێراق ، مس پێل ڕازگری نوێنەرە باڵایەکەی بەریتانیا ، وەزیری بەرگریو وەزیری دارایی عێراقی ئامادەی بوون . لە ١٩٢١/٦/٢٩ فەیسەڵی کوڕی حوسێنیان بۆ عێراق هێنا کە هاووڵاتییەکی نیمچە دوورگەی عەرەبی بوو و لە ١٩٢١/٨/٢٣ کردیانە شای عێراق .. لە ١٩٢٢/١٠/١٠ یەکەم پەیمان لە نێوان بەریتانیا و عێراق مۆرکرا .. لە ١٩٣٢/١٠/٣ عێراق بە ئەندام لە "کۆمەڵەی نەتەوان" (Nations Leagus) وەرگیرا .

لە ئەو کاتەی کە باشووری کوردستان (کوردستانی باشوور) بە پێشنیازی بەریتانیا و بڕیاری کۆمەڵەی نەتەوان لە ساڵی ١٩٢٥دا بە عێراقەوە لکێنرا ، سەرەڕای ئەو هەموو سپاردە و

پەیمان و ڕێکەوتننانەی کە کران بۆ چاودێری و پێدانی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد ، لەوانە : سپاردەی دەستەی سێی کۆمەڵەی نەتەوان لە ١٩٢٥/٧/١٦ ، بیرخەری (Memorandum) وەزیری وڵاتە ژێردەستەکانی بەریتانی بۆ کۆمەڵەی نەتەوان لە ١٩٢٦/٩/٣ ، ئاخاوتنی سەرەك وەزیرانی عێراق لە ١٩٢٦/١/٢١ ، بڕگەی سێیەمی دەستوری کاتی کۆماری عێراق کە دان بە هاوبەشی کورد و عەرەب لە عێراق دەنێت بەڵام بەداخەوە بە بڕگەیەکی دیکەی دەستوورەکە کە عێراق نەك تەنیا هەرێمە عەرەبییەکەی بە بەشێکی نیشتمانی عەرەبی دادەنێت و ئەو هاوبەشییە دەکوژێنێتەوە ، بڵاوکراوەی عەبدول سەلام عارف ی سەر کۆماری ئەوسای عێراق لە ١٩٦٤/٢/١٠ دەربارەی بڕیاری میری بۆ بەجێگەیاندنی هەندێك لە خواستەکانی کورد ، ڕێکەوتنی نێوان سەرکردایەتی کورد و پێڕۆی (Regims) بەغدا لە سەردەمی عەبدول ڕەحمان عارف ی سەر کۆمار و د. عەبدول ڕەحمان بەزازی سەرەك وەزیرانی عێراق بۆ پێدانی (لا ناوەندێتی) (decentralization) بە کوردستان لە ١٩٦٦/٦/٢٩ ، ڕێکەوتنی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ بۆ پێدانی "خۆ ڕێبەری" (HOME-RULE) بە کوردستان ، سەرەڕای ئەوانە میرییە یەك لەدوا یەکەکانی عێراق و کۆمەڵی نێو دەوڵەتان پێیان پابەند نەبوون و بە جێیان نەگەیاند ، بەڵکو بە پێچەوانەوە کاریان کرد و بە هەموو توانایانەوە دژی ئاوات و مافەکانی گەلی کورد وەستان و هەوڵی تواندنەوەیان لە بۆتەی نەتەوەی عەرەب دەدا !.. لە ئەو ساوە باشووری کوردستان بە عێراقەوە لکێنرا و میریەکانی عێراق کاریان بۆ گۆڕینی پێکهاتنی نەتەوایەتی کوردستان کردووە ، بەتایبەتی لە ناوچە نووساوەکانی بە هەرێمی عەرەبی و ناوچە نەوتییەکان بە هێنانی عەرەبێکی زۆر بۆ کوردستان !

میری عێراق لە سییەکانی سەدەی بیستەم دەستی کردە نیشتەجێکردنی عەرەب لە دەشتی حەویجەی پارێزگای کەرکوك ...پاش هێنانی ئاو بۆ ئەو دەشتە بە هەڵکەندنی نۆکەندێك لە زێی بچووکەوە بۆ ناوچەکە . وەزارەتی یاسین هاشمی لەساڵی ١٩٣٥ نەخشەی بۆ ئەو کارە دانا .. هەروەها یارمەتی هۆزی "کروی" و "لەهیب"ی عەرەبی کۆچەر دا بۆ نیشتەجێبوون لە دەشتی "قەرەتەپە"ی باشووری کفری .. هەندێ هۆزی عەرەبیش لە دەشتی نێوان کفری و تووزخورماتو بە هۆزی بەیات تێکەڵ بوون .. بە هەمان شێوە هۆزی تەی (گی)و جبوور لە باشووری دەشتی قەراج ی باشووری مەخموور نیشتەجێبووە .

لە ساڵی ١٩٥٩ـەوە میرییە عێراقییەکان بەربەرەکانی کوردیان کردووە بەتایبەتی لە پارێزگەی کەرکوك کە ئەو یەکە سەربازیانەی تیپی دووەم کە زۆری ئەفسەر و سەربازەکانی کورد بوون گواسترانەوە باشووری عێراق .. کردەی عەرەباندن و کوشتنی هاووڵاتی کورد و گرتن و بەندکردنی هەزارانیان و گواستنەوەی فەرمانبەرانی کورد بۆ باشوور درێژەی هەبوو .

پاش وەرگێڕانە سەربازییەکەی شوباتی ١٩٦٣ کورد بەر هەڵمەتەکانی گرتن و پەلاماردان لەلایەن پاسەوانانی نەتەوەیی عەرەب کەوتن .. بە بیانووی پووچ زۆر گەڕەکی شارەکان و گوندەکانی کورد بەتایبەتی لە پارێزگای کەرکوك وێران کران و دانیشتووانیان دەرکران و هۆزی عەرەبی کۆچەریان بە سەرۆکایەتی کەسانی وەك (حەواس سەدید) لە جێیان نیشتەجێ کردن .. میری عێراق سەدان لە کارمەندی کوردی دامەزرەی نەوت و پۆلیس و پەروەردە و دەزگای

دیکەی بۆ ناوەند و باشووری عێراق گواستەوە و ڕۆڵانی هۆزی عەرەبی نەخوێندەواریان لە جێیان دامەزراندن کە شیاوی ئەرکەکان نەبوون .

دەسەڵاتی عێراق سەدان سەنگەری سەربازی لەسەر بەرزاییەکانی دەورو پشتی کەرکوك دروستکردن و ناوچەکەی مین ڕێژ و قەدەغە کرد .. هۆزە عەرەبییەکانی چەکدار کرد .. ناوی خوێندنگە و شەقامەکانی کەرکوك کرانە عەرەبیو کورد ناچار کران دوکان و گوزەر و کۆگە بازرگانییەکانیان ناوی عەرەبییان لێ بنێن .. پێڕۆی عێراق هێرشی سەربازی بردە سەر زۆربەی گوندەکانی پارێزگەی کەرکوك بۆ تۆقاندن و ڕەتاندنی دانیشتووانی و هێنانی عەرەب بۆ شوێنیان.

لە ژێر سایەی پێڕۆی بەعسی پاش وەرگێڕانە سەربازییەکەی ساڵی ١٩٦٨ و تا ڕوخاندنی لە ٢٠٠٣/٤/٩ کورد تووشی درندەترین پەلامار و فراوانترین هەڵمەتی پاکاوتنی ڕەگەزی و کۆکوژی و ڕاگوێزان و عەرەباندن هات .. هەڵمەتەکانی تالانی (الانفال "robbery") و بۆمبارانی کیمیایی و وێرانی و کوشتنی بە کۆمەڵو لەناوبردنی نزیکەی نیو ملیۆن کورد بەشێکی بوو .. ئەمە وێنەیەکی زۆر کورتکراوەی تاوانەکانی بەعسە بەرامبەر بە کورد .

ئەنجامی ٨٠ ساڵ ڕامیاری و کرداری ڕەگەزپەرستانەی میرییە عێراقییەکان دژی گەلی کورد لەناوبردن و وێرانی و دواخستن بوون ! بە چ بیرسا (logic)و ژیرییەك ڕەگەزپەرستانی عەرەب کوردستان بە بەشێکی نیشتمانی عەرەبی دادەنێن مەگەر بە ژیری عەرەبی کۆچەری دواکەوتوو نەبێت کە باوەڕیان بە ئەم دروشمە کێوییانەی ڕۆژان بەسەر چووە :

- ئەوەی دەست کەوێت ڕەوایە (الحلال ما حل باليد)
- شمشێر دەبڕێنێتەوە و لاوازیش داوای دیتە (WIitness) دەکات (الحد بالسيف والضعيف يطلب شهود)
- ئەگەر ستەم نەکەیت ستەمت لێ دەکەن .(ان لم تظلم تظلم) .
- پشتی برات بگرە ستەمکار بێت یان ستەملێکراو بێت (انصر اخاك ظالما او مظلوما) .

نیشتمانی کەسانی دیکە و خاوەنییەکەی بەپێی هەموو یاسا و چەمکە شارستانییەکان بۆ خاوەنانی خۆی نەبێت بۆ بیانی ڕەوا و ڕێدراو نییە .. زەوتکردن و ڕووتکردنەوە و دزی سەردەمیان بەسەرچووە.. نەتەوەی کورد مافی ستەمکردن بەخۆی نادات و ڕێی ئەوەش نادات ستەمی لێ بکرێت .

با ئەو ڕەگەز پەرستە پەلامارەدەرانە بزانن کە گەلی کورد پێش هەموو شتێك کوردستانییە .. ئەگەر باری جوگرافی – ڕامیاری (Geopo;oticial) و دەوڵەتانی (Internatiomnal) ڕێی سەربەخۆیی کوردستان نەدات ، دووەم هەڵبژاردنی نەتەوەی کورد بەناچاری عێراقێکی یەکگرتووی ئارەزووانەیە کە سەربەخۆیی خۆ (Self-Independence) و بەشدارییەکی کارا لە دەسەڵاتی ناوەندی لەگەڵ مافی بڕیاردانی چارەنوس دەستەبەر بکات .. گەلی کورد لە کوردستانی خۆی ئازادە و مافی هەڵبژاردنی خواستەکانی خۆشی هەیە .

پێویستە بیری ئەوانەی ژیرییان نەخۆش و دواکەوتووە بهێنینەوە کە خۆیان هۆی ناخۆشی و ماڵوێرانی و دواخستنی عێراقن .. زۆرداری و زەوتکردن نایانگەیەنێتە کەناری ئاسودەیی و پێشکەوتن و بەختیاری .. پێویستە ڕوو لە بەجێی بکەن و ڕێی شارستانێتی و

دیموكراسی بگرنو دوای كاروانی گەلانی پێشكەوتوو بكەون و سوود بە گەلی خۆیان بگەیەنن و ناخۆشی لە نیشتمانی خۆیان دوور بخەنەوە .

با بزانن و خۆشیان نەزان نەكەن كە :

كوردستان بەشێكی نیشتمانی عەرەبی نییە

نەتەوەی كورد بەشێكی نەتەوەی عەرەب نییە

بەڵكو دوو نەتەوەی جیاوازی دراوسێن

دەكرێت ئارەزووانە یەك بگرن وەك چیك و سلۆڤاك

دەشكرێت سەربەخۆ بن

ئەی رەگەز پەرستانی عەرەب بە ئاگا وەرن

خۆتان لە بیری زەوتكردن و پەلاماردان رزگار بكەن

مێشكتان لە دروشمی وەك (ئەوەی دەسكەوێت رەوایە) خاوێن بكەنەوە

ئەگەر قەلە رەشی وەك سەدام و شبلی عەیسەمی و مەعن بەشوور و فاروقی ناشەرع و عەتوان و عانی و بەكری و دلێمی و چاری و ناموقتەدی ئەم بابەتانە رێبینتان بن هەردەم ماڵ وێران دەبن !

* دەستەی عێراق لە مێژوودا      بەغدا ١٩٨٣  ل-٢٢٣ - بە عەرەبی
* دەستەی عێراق لە مێژوودا      بەغدا ١٩٨٣  ل-٦٦٧ - بە عەرەبی
* أ- ستیڤن هیمسلی لۆنكریك   چوار سەدە لە مێژووی عێراقی نوێ .
وەرگێر : جەعفەر خەیات ١٩٤٩  ل-٧٦ - بە عەرەبی
ب- د. عەلی ئەلوەردی لایەنی كۆمەڵایەتی مێژووی عێراقی نوێ - بەرگی سێهەم- بە عەرەبی

# نەزعەی نەتەوەیی لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەمدا

وەرگێڕانی: لەتیف هەڵمەت

ئەگەر هەندێ سەرنج بدەین لەبارەی نەزعەی نەتەوایەتییەوە لە دوا ساڵەکانی سەدەی بیستەمدا لە یەکەم روانینەوە دەبینین پێشکەوتنێکی سەرکەوتوو لە مەبدەئی ئینتیمای نەتەوایەتیدا رووی داوە و سەرانسەری جیهانی گرتۆتەوە.. بە جۆرێك هەموو دەوڵەتانی گۆی زەوی ئەمڕۆ سەرجەم (نەتەوەن) بە رەسمی. هەروەها سەرجەمی بزووتنەوە رزگاریخوازەکان نەزعەی ئەوەیان هەیە کە ببنە بزووتنەوە گەلێکی رزگاریخوازی (ئینتیمادارى نەتەوەیی) ئەو شڵەژانانەش (کە مۆرکێکی نەتەوەییان هەیە) دەبنە هۆی قڵیشاندنی کۆنترین دەوڵەت / نەتەوە لە ئەورووپادا ــ وەکو ئەسپانیا و فەرەنسا و مەملەکەتە یەکگرتووەکان و تا رادەیەکیش لە خودی سویسرادا ــ و لە سیستمە سۆسیالیزمەکانی رۆژهەڵات و دەوڵەتە تازە لە داگیرکەر رزگاربووەکانی جیهانی سێهەم و لە کەنەدادا بەردەوامە و جەخت لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا لە پەرەسەندندایە بۆ دانانی زمانی ئینگلیزی بە تەنیا زمانی رەسمی لە کاروباری گشتیدا بۆ بەرپەرچدانەوەی رەوە کۆچکردن لە ئەمەریکای ئەسپانییەوە کە کۆچکەرانی بوونە یەکەم شەپۆلی کۆچکردو کە جاربییەتی توانەوەی زمانکاری سەرنجی رانەکێشان.

لە سەرووی هەموو شتێکەوە وا دیارە بانگەشەی پاڵپشتی نەتەوەیی خەیاڵی ــ کە ئەوەش مەسەلەکە ئایدیاکان ململانێی لە دەور دەکەن سەرکەوتووە بەسەر هەموو هەڕەشەکاندا و درەوشاوەترین بەڵگەش لەسەر ئەوە شتێکی دینییە جگە لە ــ هاوکاری نێوان ــ ئێمە و خەمخۆرێتی ـ و خەمێك ـ ی جەڤەنگیدا..

ئەم هاوکارییەی کە ئەرجەنتین و بەریتانیای گلاندە شەڕێکی شێتەوە لەسەر زەوییەکی رووتەن و لەوەڕگاگەلێکی برنگ لە خوارووی ئەتڵەسی.

لەگەڵ ئەوەشدا و لە کاتێکدا کە کەس ناتوانێ نکۆڵی لە کاریگەرێتی گەشەکردوو، هەندێ جار وروژێنەری رامیارییە نەتەوایەتییەکان یان ئیپنییەکان بکات، کە لایەنێکی سەرەکی هەیە کە ئەمڕۆ ئەم دیاردەیەی تیادا جیاوازە لە لایەنی وەزیفەوە لە ــ نەزعەی نەتەوایەتی ــ و ــ نەتەوەگەل ـ لە رووداوە بەسەرچووەکانی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیست.. ئەم دیاردەیە ئێستا هۆکارێکی سەرەکیی پێشکەوتنی مێژوویی نییە.. و لە جیهانی سەدەی نۆزدەی پێشکەوتوودا بنیادنانی ژمارەیەك ـ نەتەوە ـ کە دەوڵەت ـ نەتەوەو ئابووری نەتەوە یەك بخات ئەوە بە ئاسانی حەقیقەتێکی مەرکەزی گۆڕانکاری مێژوویی بوو هەر بەو جۆرەش تەماشای کرا. بەڵام لە جیهانی ـ پاشکۆ ـ دا نەخوازەڵا لە بەشە داگیرکراوەکەیدا لەبەر هەندێ هۆی ئاشکرا، لە بەشی یەکەمی سەدەی بیستدا.. بزووتنەوەی رزگاریخوازە نەتەوایەتییەکان بزوێنەری

سەرەکیی بوون بۆ رزگاریخوازی رامیاری لە زۆربەی بەشەکانی گۆی زەویدا، لە پێناوی رامالینی دەسەلاتی عەسکەری راستەوخۆی هێزە ئیمپریالییەکان. ئەمەش بارودۆخێکە لەوانەیە بەرجەستە کردنی دژوار بووبێ تاکو بەر لە نیو سەدەی رابوردو.

ئەگەرچی بزووتنەوەی ئازادیخوازە نەتەوەییەکان لە جیهانی سێهەمدا وەکو تیۆر نەزعەی نەتەوایەتی رۆژئاوای وەکو نمونەی رەچاو کرد ـ هەروەك بینیمان ـ بەلام ئەو دەولەتانەی کە ئەم بزوتنەوانە لەسەر ئاستی کردەوەدا هەولی دامەزراندنیان دا بە شێوەیەکی گشتی (دیسانەوە وەکو بینیمان) وێنەگەلێکی پێچەوانەی ئەو قەوارە تەبابیانەن لە ئیپنی و زماندا وەکو نموونەی دەولەت ـ نەتەوە لە رۆژئاوادا دەرکەوتن.. لەگەل ئەوەشدا تەنانەت لەم بوارەشدا لە راستیدا لێکچوونی زیاتر بوو نەك جیاوازیی لە نەزعەی نەتەوەیی رۆژئاوایی لە سەردەمی ئیمپریالیدا.. هەردوکیان لە هەمان کاتدا هۆکاری یەکگرتن و ئازادبوون.. بوون.. ئەگەرچی ئەمەی دواییان واتە دەولەتانی جیهانی سێهەم زیادەرەوی بەسەر رۆژئاوادا لەوەدا کرد کە زۆرجار خواستەکانی لە تواناکانی زیاتر بوون.

ئەو بزووتنەوە نەتەوایەتییانەش کە تایبەت مەندییان دا بە کۆتاییەکانی سەدەی بیست لە بنەرەتدا سەلبی بوون.. یاخود باشتر بلێین هۆکاری دابەش بوون و پێداگرتن بوون لەسەر ئیپنی و جیاکارییەکانی زمانگەری و پەیوەستکردنی یەکێکیان یا هەندێ جار هەردوکیان بە ئاینەوە. لە روانگەی بۆچوونێکی تایبەتەوە دەتوانرێ ئەم بزووتنەوانە بەجێنشینی یاخود هەندێ جار بە میراتگری ئەو بزووتنەوە بچووکە نەتەوایەتییانە دابنرێ کە دژی بنەمالەی هابسبورغ و هەردوو ئیمپراتۆرییەتی قەیسەری و عوسمانی بەرپابوون.. واتا دژی ئەوەی کە بە شێوازی سیستمی رامیاری پوواو دادەنرێن لە مێژوودا.. ئەوەشی کە بە ناوی نموونەی نوێگەری سیاسەتەوە هاتەکایەوە، دەولەت ـ نەتەوەیە (لەوانەیە بە شێوەیەکی هەلە تەسەور کرابێ) بە چەمکێکی تر زۆربەی بزووتنەوە نەتەوەییەکانی سەدەی بیستەم.. دژی رەفزکردنی نموونەی نوێی سیستمی سیاسی بوون چ لە ئاستی نەتەوەیی و چ لە سەرووی نەتەوەییدا و زۆرجار وەکو کاردانەوەیەکی لاوازی و ترس و هەولدان بۆ دامەزراندنی سەنگەر بۆ دوورخستنەوەی هێزەکانی جیهانی نوێ سەیر دەکران ئەوەش لەم بارەیەوە زیاتر لەو ئەلەمانیانە دەچوون کە لە بەراغ نیشتەجێ بوون و رقیان لە کوچکاری تشیکیەکان بوو کە گەمارۆی دابوون. وەك لە تشیکییە پێشکەوتوەکان.

ئەم سیفەتانە تەنها ئەو گرووپە زمانگەرییە بچووکانە ناگرێتەوە کە ناتوانێ رووبەرووی گۆرانکارییە دیموغرافیە زۆر ساکارەکان بێتەوە وەکو گردۆلگە و کەنارەکانی ویلز کە دانیشتوویەکی کەمی هەن بە زمانی ولزی بدوێن.. یا خود ئەستۆنیا کە ملیۆنێ دانیشتووی هەیەو بە زمانی ئەستۆنی دەدوێن.. کە لەبەر ژمارەکەیان دەبێ هەر لە نزمترین سنووری ئەو گرووپە خەلکانە دابنرێن کە توانای پارێزگاری کردنی رۆشنبیریەکی نوێی زمانگەرییان هەیە. هیچ سەیریش نیە کە بینینی کلپەدارترین مەسەلە لەم دوو ناوچەیەدا کۆچکردنی لە دەسەلات بەدەری ئەوانەیە کە بە تاکە زمانێك قسە دەکەن. ئەوەش ئینگلیزیە بۆ ئەوانەی کە کۆچ بۆ ویلز دەکەن و رووسیاو بۆ ئەوانەی روودەکەنە ئەستۆنیا. لەگەل ئەوەشدا کاردانەوەی لە هەمان جۆر لە لای دانیشتوانی ژمارە زۆر زۆرتر دەبینین کە وادیار نیە بوونی زمانگەری و رۆشنگەریان بە هیچ شێوەیەك لە مەترسیدابێ نە ئێستا و نە دواتر.. گەورەترین نموونەی بێ بایەخ لەم

بارەیەوە ئەو بزووتنەوەیەیە کە ژاوەژاوێکی سیاسی لە هەندێ ویلایاتی ولاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکادا بەرپاکرد لە کۆتایی هەشتاکاندا چونکە رایگەیاند کە زمانی ئینگلیزی تەنها زمانی رەسمیە لە ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا.. ئەمە ئەگەرچی کۆچو باری ئەوانەی کە بە ئەسپانی دەدوێن لە هەندێ بەشی ولاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکادا ئەوەندە بەربلاوە وای کردووە ئاراستە کردن بۆ جەماوەرەکەی بە زمانی زگماکیان کارێکی مەرغووب بێ.. بەلام بیرکردنەوە لەوەی یاخود چاوەڕوانکردنی ئەوەی کە زمانی ئینگلیزی لە ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا لە مەترسیدابێ ئەمە جۆرێکە لە کەلکەلەی شێتگیری سیاسی.

ئەوەی کە گەشە بەم جۆرە کاردانەوە بەرگریکارییە دەدات جا چ دژی هەڕەشەیەکی راستەقینەبێ یا خود وەهمکاری.. ئەوە تێکەڵەیەکە لە بزووتنەوە سەرنشینییە دەوڵەتییەکان و گۆڕانکارییە ئابورییە کۆمەلایەتییە جەوهەرییەکان کە زۆر خێران و نموونەی پێشووتریان نیە..

دەتوانین بلێین کەنەدا و فەرەنسا وەکو نموونەیەکی ئاشکرای ئەم تێکەڵەیە لە نەزعەی نەتەوەیی بورژوازی بچووك و رووکەشدا وا دەرکەوێ کە دوورە لە هەڕەشەوە و زمانی زگماکی چواریەکی دانیشتوانی کەنەدایە و پێی دەدوێن. ئەمەش گروپێك دروستدەکات نیواونیوی ژمارەی ئەو دانیشتوە کە نەداییانەیە کە بە زمانی ئینگلیزی دەدوێن.. و پشتگیری کراوە بە دوو لایەنی هەردوو زمانە رەسمییەکە بە یەکبوون و لە ئاستی نێودەولەتانیشدا رۆشنگەری فەرەنسی و زیاتر لە ۱۳۰۰۰۰ خوێندکار لەو زانکۆیانەدا کەزمانی فەرەنسی رەچاو دەکەن (۱۹۸۸) پالپشتی لێدەکرێ. لەگەڵ ئەوەشدا حالەتی نەزعەی نەتەوەیی کیبیکی حالەتی نەزعەی گەلێکە بەدەستی چوونە دواوەیەکی خێراوە دەنالێ لە رووی مێژگەلێکی مێژووییەوە کە هەڕەشەی رامالینی لێدەکەن.. و بزووتنەوەیەکیشە نەشو نماکردنی خۆی لە خۆیدا لاوازیەکی ناوەکییە زیاتر لەوەی کە سەرکەتن بێ. لە راستیدا نەزعەی کیبیکی نەتەوەیی بە راستی دەستبەرداری کەمینە بەربلاوە زمان فەرەنسییەکانی دانیشتووی برونزیك و ئەنتاریو بووە.. بۆ ئەوەی لە ناو هەرێمێکی ئۆتۆنۆمیدا یاخود تەنانەت لە جیاکارییەکدا لە کیبیکدا خۆی رابێنێ.. مانای دلەڕاوکێی کەنەداییەکان بەوە دەردەکەوێ کە باوەڕیان وایە (فرە رۆشنگەری)یەك کە ئێستا لە کەنەدادا بووە بە رەسمی.. ئەوە تەنها پیلانێکە مەبەستی پێشێلکردنی پێویستییە تایبەتییەکانی فرانکوفونییە بە قورسایی سیاسەتی فرە رۆشنگەری. پالپشتی ئەم باوەڕەش بەوە دەکەن کە ٥و٣ ملیۆن کۆچکردو لە دوای ١٩٤٥ بە شێوەیەکی دیار حەزدەکەن منالانیان بە زمانی ئینگلیزی بخوێنن کە لە ئەمەریکای باکووردا ئاسۆگەلێکی پیشەیی زۆر فراوانتر لە فەرەنسی والا دەکات. لەگەڵ ئەوەشدا مەترسی کۆچ کردن لە کەنەدای زمان فەرەنسیدا لە روالەتدا کەمترە لەوەی کە لە کەنەدای زمان ئینگلیزیدا هەیە.. و لە نێوانی سالانی ١٩٤٧ەوە تاکو ١٩٧١ تەنها نزیکەی ١٥٪ کۆچکردووی تازە لە کیبیدا نیشتەجێ بووە.

ئاشکراشە ئەوەی مایەی ترس و هەست بە نائارامی کردنی کەنەداییە فەرەنسییەکانە ئەو کارەساتە کۆمەلایەتییەیە کە دارووخانی سەیر و کتوپڕی کلێسای کاسۆلیکی روونی دەکاتەوە لە کۆمەلگایەکدا کە ماوەیەکی زۆر کۆمەلگایەکی پارێزگاری کاسۆلیکی کەهەنووتی زۆر بە زاوزێ بوو، نەك هەر لە ناو جووتیاراندا و بەس بەلکو لەناو دانیشتوانی شارەکانیشدا، وا دیارە لە

سالآنی شەستدا روو لە کلیسا کردن بە رادەی زیاتر ٨٠٪ کەم بۆتەوە بۆ ٢٥٪ و رادەی زاوزێش لە کیبیدا یەکێکە لە رادە هەرە نزمەکان لە کەنەدادا.

ئەو هۆکارانە هەرچییەك بن لە پشت ئەم جۆرە گۆڕانکارییە سامناکەدا پەنهانە کە لە داب و نەریتی کاریگەری کیبیکیدا روویداوە، هەردەبێ وەچەیەکی زەین شەپرزە دروست کات.. کە حەز لە دەسکەوتی موتمانەی نوێ بکات لە بری ئەوەی هەرەسی هێناوە.. هەندێ بیروڕا گەیشتە رادەیەك بڵێن گەشەسەندنی جیاخوازی بەرگری کار بووەتە بەدیلی کاسۆلیکییەتی تەقلیدی ون بوو.. ئەم مەزەنەیەشی کە لەوانەیە نەتوانرێ بڕوا بە دروستی یا بە نادروستی بکرێ – هەر چۆنێ بێ کەس بە دووری نازانێ.. هەروەها دانەریش کە پەیوەستە بە رۆحی نەتەوەیی بەرگریکاری ناتەقلیدی ویلزەوە بەلکو بە تەواوی ناکۆکە لەگەڵ داب و نەریتەکاندا بە ئارەزووکردنی مەیخانەکان و خواردنەوە.. کە لە نێوان وەچەیەکی زیاتر لاودا لە بەشێکی باکووری ویلزدا بە دەرکەوت و کڵیساکان تیایدا چۆڵ و هۆڵ بوون و ئیتر ئاخوندەکان و قوتابییە ئارەزوومەند کارەکانیان تیادا نوێنەری بیروڕای کۆمەڵ نین.. نەمانی پەیوەستەگی گشتی بە میان رەوییەوە بووە هۆی دوورخستنەوەی روونترینی ئەو هۆکارانەی کە تاکە کەسەکان ئینتیمای خۆیانیان تیا دەردەبڕی بۆ رۆشنبیرییەکی ئاینگەری و کۆمەڵگایەکی ئاینگەری.

شتێکی سرووشتیشە کە بزاڤی دانیشتوانی بەربڵاو و ئەو گۆڕانکارییە ئابوورییانەی کە هەندێکیان لە گەشەکردنی نەزعەی نەتەوایەتی ناوچەیی بە دوور نیە پەرە بە گوڕی ئەم شێواوکارییە بدات. ئێمە لە کۆمەڵگای شارستانیدا لە هەرکوێدا بژین: پیاوگەل و ژنگەلێك دەبینین لە رەگەوە هەڵکێشراون و پووڵوی یا خود وشك و زڕی بنەمای خێزانەکانی خۆمانمان بە تایبەتی دێننەوە یاد.

ئەگەر کۆکەرێك هەبێ کۆکاری چیە لە نێوانی ئەم کاردانەوە ئیپنی و نەتەوەییە و هەڵچوونی ئەم دواییەی ئسوولیەتدا لە هەندێ بەشی گۆی زەویدا کە وا وەسف کراوە سەرنجی خەڵکانێکە بەرگەی بوونی رەمەکی و روکەش و بارودۆخی ئاڵۆز ناگرن و لەبەرئەوە زیاتر روو لە یەکێك دەکەن کە زیاتر تیۆرگەلێکیان پێشکەش دەکات کامڵ و گشتگیر و زیادەڕۆتر لە تێگەیشتنی جیهان. واش سەیری ئسولیەت دەکرێ (هەمیشە لەژێر کاریگەرێتی کاردانەوەدایە و کۆنەپەرستە) و (پێویستە دەرك کردن بە بوونی هێزێك یا رەوتێك یا دوژمنێك هەیە کە راستەقینە بێ یا خود هۆکارێکی ناوەکی بێ و بنکۆڵ بکا و دابپاچێ و هەڕەشەی مەترسی لە بزاوتی مرۆڤ یا شتێکی بکات کە لەوەش خۆشەویستترە) ئەم (بنەمایانەش) کە ئوسولیەکان دووپاتی دەکەنەوە (هەمیشە دروستبوونەکەی وەکو مەزەنە دەکرێ دەگەڕێتەوە بۆ قۆناغێکی پێشووی رەسەن و پاك لە قۆناغە پیرۆز و تایبەتییەکانی ئەو کەسەی کە مەبەستە) و (بۆ دانانی سنوورێك و راکێشانی کەسانێکی لەو چەشنە و دوورخستنەوەی کەسانێك کە جۆرێکی دین و بۆ هاوێرکردن بە گشتی بەکار دەهێنرێ) و پڕ بە پێستی سەرنجە دێرینەکەی ـ جورج سمیل ـ ە کە دەڵێ: (کۆمەڵەکەمان بە تایبەتی کەمایەتییە ناکۆکەکان.. زۆرجار رەفزی نزیکبوونەوە لە لایەنەکەی تر یا خود لێبوردنی دەکات.. چونکە سروشتی داخراوی ئەو بەرهەڵستکارییەی کە پێڕەوی دەکا بە بێئەوە ناتوانێ لە خەباتیدا بەردەوام بێ و نغرۆ دەبێ، هەندێ کۆمەڵی دیش لایان وایە کە حیکمەت لەوەدایە دوژمن هەبێ بۆ ئەوەی یەکەی ئەندامەکانی کاری خۆی بکا بۆ

ئەوەی كۆمەڵەكە بەردەوام هەست بەم یەكێتییەی بكات بەو پێیەی بەرژەوەندییەكی بزێوكارییە بۆ خۆی).

رووی لێكچوون لە نێوان ئوسوولییەت و هەندێ لە دیاردە ئیپنیە/ نەتەوایەتییەكاندا لێرەدا روونە، بە تایبەتی كاتێك دیاردەی نەتەوایەتی هەوڵی سازكردنی پەیوەندی بدات لەگەڵ كۆمەڵێكدا سەر بە بڕوایەكی ئاینی تایبەتی بن.. وەكو ئەرمەنییە (مەسیحییەكان) لە رووبەڕووبوونەوەی ئازەرییە توركە (موسڵمانەكاندا) یا خود لە قۆناغی نوێدا زایۆنییە لێكۆدەكان لە ئیسرائیل كە زۆر پابەندی تەوراتن و زۆر ناجۆرن لەگەڵ ئایدیۆلۆژیای علیمانی ئیقتیجامیدا و بەڵكو تەنانەت لەگەڵ ئەو دژكارییانەی ئایندا كە دامەزرێنەری بزاوتەكە پیادەیان كردووە.. ئەگەر بێت و میوانێك لە پانتایی دەرەوە بێت بۆ لامان لەوانەیە گۆشەگیری و ململانێی ئیپنی و رقەبەرایەتی كردنی بیانییەكان و ئوسوولیەكان وەك یەك دیاردە ببینێ.. لەگەڵ ئەوەشدا جیاكارییەكی گرنگ هەیە. ئوسوولیەت بە سەرڤ نەزەر لەو ئاینەی كە لایەنگریەتی بەرنامەیەكی چڕو پڕ و دیار بە تاك و كۆمەڵگا بە جووت پێشكەش دەكات.. تەنانەت ئەگەر ئەم بەرنامەیە لە دەقگەل و مەرتاڵگەلێك هەڵبژێردرابێ وا دەرنەكەوێ كە لەگەڵ كۆتاییەكانی سەدەی بیستەمدا بگونجێ و دیاری كردنی بەدیلی كۆمەڵگەی بۆگەن و شەڕانی بە دۆزێكی ساتەوەخت نەزانێ.. بەو جۆرە سەرلەنوێ ژنان لەبەرچاو ون دەبن.. یا خود پرچی ئافرەتە شووكەرەكان دەبڕن و سزای دزان سەرلەنوێ بەدەس بڕین و پێ بڕینیان دەدەن و مەیكاری و هەر شتێك سرووت قەدەغەی بكات حەرام دەكرێ.. و قورئان یا خود ئینجیل یاخود هەر شتێك مەرجەعكارییەك دروستكات بۆ پوختەی حیكمەتی نەمر دەكەوێتە پێشكەشكردنی رێنمایی كارمەندی و رەوشتكاری تەواو لە هەموو بابەتەكاندا و بەو جۆرەی ئەو كەسانەی تەفسیری دەكەن كە ئەو كارەیان كردووە بە پیشە. بەڵام بانگێشتن بۆ ئینتیماكاری ئیپنی یا زمانگەری ئەوە هەرگیز هیچ رێنماییەك بۆ پاشەڕۆژ پێشكەش ناكات و ئەوە تەنها نارەزاییەكە كە دەربارەی بارودۆخی پیادەكراو یا وردتر بڵێین دەربارەی كەسانی دی كە بە شێوەیەكی ئیپنی هەڕەشە لە كۆمەڵە دیاریكراوەكە دەكەن و بە پێچەوانەی ئوسوولیەتیشەوە و هەرچەندێ لە بانگێشتنی ئێستایدا تەنگەبەر و گۆشەگیربێ.. هێزی خۆی لەو لافاوە هەڵدەهێنجێ كە خاوەنی حەقیقەتی گشتییە كە شایانی ئەوەیە بەسەر هەمواندا بچەسپێ. نەزعەی نەتەوایەتی بە تەعریفكردنی خودی خۆی هەموو شتێك لە بۆتەی خۆی دووردەخاتەوە كە ئینتیمای بۆ نەتەوە تایبەتیەكەی خۆی نەبێ.. واتا زۆرینەی رەگەزی مرۆڤایەتی. لەوەش زیاتر لە كاتێكدا كە ئوسوولییەت تا رادەیەك بەلای كەمەوە دەتوانێ پەنابەرێتە بەر پاشماوەی ماوی داب و نەریت و مەرتاڵە رەسەنەكان یا خود رەچاوكراوەكانی رابوردوو وەكو چۆن پێڕەوكراوی ئایینییەكان بەرجەستەی دەكەن.. خودی نەزعەی نەتەوایەتی (وەكو بینیمان) یان دژایەتی شێوازە حەقیقیەكانی رابوردو دەكات یان لەسەر داروپەردۆكەی دادەمەزرێ.

لەلایەكی ترەوە نەزعەی نەتەوایەتی لە ئوسولییەت باشترە و خودی ئاڵۆزییەكەی و هەروەها نەبوونی ناواخنێكی بەرنامەیی تەئییدێكی گشتی ناوەكی لە كۆمەڵگە تایبەتیەكەیدا دەداتێ. بەڵام ئوسوولییەت، بەگشتی وادیارە كە دیاردەیەكی كەمایەتییە لە كۆمەڵگا تەقلیدیە رەسەنەكان و كاردانەوەیان دژی بەرایی كاریگەرێتی نوێكردنەوە.

ئەم حەقیقەتەش یا بە زەبری ئەو سیستەمە دەشارێتەوە کە بەسەر گەلانی دادەسەپێنێ جا ئیتر بیەوێ و نەیەوێ (وەکو ئێران) یاخود بە توانای کەمایەتییە ئوسووڵییەکان کە دەتوانن گەلەکۆمەیەکی کاریگەر بکەن لە ڕژێمی دیموکراتیدا بۆ وەدەسهێنانی دەنگەلێکی کاریگەر لەو ئیستراتیژەدا.. بەڵام لەوانەیە کە گومانی تیا نەبێ (زۆرینەی مەعنەوی) (شێواوی تەقلیدی بۆ جوانکردنی وشەی شکست) سەرکەوتنێکی ڕاستەقینە ناگەیەنێ. لەگەڵ ئەوەشدا ئینتیمای ئیپنی توانای ئامادەباشیکردنی زۆرینەی زۆری کۆمەڵگە ئیپنییەکەی هەیە بەمەرجێك بانگێشتەکەی بە ئاڵۆزی بمێنێتەوە ئەوەندەی پێویست بێ یا بەدەر لە مەبەست. گومان لەوەدا نیە کە زۆرینەی جوولەکەی دەرەوەی ئیسرائیل لە جیهاندا لەگەڵ ـ ئیسرائیل دان ـ و زۆربەی ئەرمەنییەکانیش پاڵپشتی لەوە دەکەن (ناغورنو ـ قەرەباخ) لە ئازەربایجانەوە بخرێتە سەر ئەرمینیا.. و زۆربەی فلمنك هەوڵی ئەوە دەدەن بە فەرەنسی نەدوێن. بێگومان ئەم یەکێتیە لەگەڵ تەعریف کردنی ئامانجی نەتەوایەتیدا خاپووردەبێ نەك بە شێوەیەکی گشتی بەڵکو بە مۆرك و ئەدگارێك کە لە باریدایە جیاکاری بەرپا بکات لەبارەی ـ ئیسرائیل ـ ەوە نا بەڵکو لەبارەی سیاسەتەکانی بیگن و شامیر یا خود شارۆنەوە.

هەروەها دەربارەی ـ ویلز ـ بە گشتی نا بەڵکو دەربارەی قەڵەمڕەوی زمانی ویلزی.. و دەربارەی ئینتیمای فلمنکی نا فەرەنسی.. بەڵکو دەربارەی حزبێکی نەتەوەیی فلمنکی دیاریکراو. تا ئەم ڕادەیە ئەو بزاوت و حزبانە کە پەیوەستن بە بەرنامەیەکی ـ نەتەوایەتی ـ دیاریکراوەوە کە زیاتر جیابونەوەیە، زیاتر پێویستە کە دەربڕی بەرژەوەندی گروپگەری یا کەمایەتی بێ.. یا دەبێ لە گۆڕاندا بێ و لە بارەی سیاسییەوە چەسپاونەبێ. ئەم ناجێگیرییەش گۆڕانکاریە خێراکانی ئەندامێتی و بەشکاری هەڵبژاردنی حزبە ئوسکتلەندی و وێلزی و کیبیکییەکان و حزبە نەتەوەییەکانی تری بیست ساڵی ڕابوردوو ڕوون دەکاتەوە. ئەم جۆرە حزبانە، کە هەمیشە هەروایە دەخوازێ ناوی هاوجووت بێ بە چەمکی جیاکاری گشتی و هەست و نەستی دوژمنایەتی کردنی کەسانی دییەوە ـ ئەوان ـ هەروەها (کۆمەڵگەی لە خەیاڵدا چەسپاو) ئەم هەست و نەستەی کە دەشێ ـ نەتەوەکەی ـ بە شێوەیەکی گشتی هەستی پێ بکات.. بەڵام هەرگیز ناشێ ئەم حزبانە تەنها دەربڕی ئەم جۆرە ئیجماعە نەتەوەییە بن.

پاشەکشێ کردنی بایەخی مێژوویی نەزعەی نەتەوەیی تەنها ئەم بڵاوبوونەوە ڕوونەی ئاژاوە ئیپنی/ و زمانەکان نایشارێتەوە و بەس بەڵکو هەروها وەهمی زمانیش کەلەو حەقیقەتەوە هاتۆتە کایە کە سەرجەمی وڵاتانی ئەمڕۆ بە ڕەسمی بوونەتە (نەتەوە) ئەگەرچی چەندیشیان کۆکەرەوەیەك کۆیان ناکاتەوە لەگەڵ ئەوەدا کەوا باوە بە زاراوەی دەوڵەت / نەتەوە ناوبرێ.. لەبەرئەوە هەموو ئەو بزاوتانەی کە هەوڵی سەربەخۆیی دەدەن باوەڕیان وایە نەتەوەگەلێك دروست دەکەن.. تەنانەت ئەگەر ڕوونیش بێ کەوا ناکەون و لە ئەنجامدا هەموو ئەو بزاوتانەی کە لە پێناوی بەرژەوەندیگەلێکی هەرێمی یا ناوچەیی تەنانەت یا تایفەگەریدا کەوتوونەتە چالاکی دژی مەرکەزییەت و بیروکراتییەتی دەوڵەت.. ئەگەر لە توانایاندا بێ سیپاڵی بە ڕەواجی نەتەوەیی لەبەر دەکەن.. بەوجۆرە نەتەوەکان و نەزعەی نەتەوەیی وادەرکەون کە کاریگەرێتییان و ئامادەبوونیان زیاترە لە واقیعیان. هەر بۆ نموونە (ئارووبا) نەخشەو پلانی جیابوونەوە دەکێشێ بۆ دوورگەکانی تری هیندی ڕۆژئاوایی هۆڵەندی چونکە نایەوێ بچێتە پاڵ

ـ کۆراساو ـ جا ئایا ئەمە وای لێدەکات بیکات بە نەتەوەیەك.. یا خود کۆراساو یا سورینام بکات بە نەتەوەیەك کە لە نەتەوە یەکگرتوەکاندا ئەندام بێ.. خۆشبەختی خەڵکی لەوەدایە کە بتوانن هۆکارەکانی نارەزایی هەرێمییان بە جۆرەکانی داب و نەریتی سەرنجڕاکێشی (سلتی) بڕازێننەوە.. ئەمەش کارێکە سەرنجی زیاتر بەلایاندا رادەکێشێ.. ئەگەرچی ئەم مەرتاڵ و داب و دەستوورانە هەندێکیانی وا لێکرد زمانێك بێنێتەکایەوە کە ماوەی دووسەد ساڵە کەس پێی نەدواوە. و ئەگەرچی تەنها داب و دەستووری گشتی گەڕەکێکی رەسەنی لەوڵاتەکەدا هەبێ هی تایفەی میتۆدی و ویلزیە کە بەختەوەرترن لە ناوچەی مرسیساید کە لە رووی بەرژەوەندی ناوچەییەوە رووبەڕووی زەبرێکی کاریگەربۆتەوە وەکو هاوشانی ئەو زەبرەی بەرژەوەندی کۆرنویل دەبێ ئەگەر لەو زیاتر نەبێ.. ئەو ناتوانێ گەلەکۆمە بکات بۆ بەرگری کردن لەم بەرژەوەندییانە تەنها لە رێگای یادەوەری ـ بیتلز ـ خەنافس ـ ەوە نەبێ یا خود لە رێگای بیرەوەری وەچەگەلێکی کۆمیدیای دەفرەکان و داب و مەرتاڵی شانازیی هەردوو تیپەکەی تۆپی پێکەیاندا کە لە ململانێدان و دەبێ ئەوەش پەیوەست کەن بە خۆپاراستنەوە بە هەر شتێکەوە کە بە شێوەیەکی ئاشکرا رەنگی پرتەقاڵی و سەوز بێنێتەوە یادی دانیشتوانی کە بوونەتە هۆی دابەشبوونیان. مەرسیساید ناتوانێ فوو بە زۆڕنایەکی نەتەوایەتیدا بکات.. ئەمە لە کاتێکدا کە کورنویل دەتوانێ ئەمە بکات..

بەڵام ئایا بارودۆخێك کە لە ناوچەیەکا دەبێتە مایەی وروژاندنی نارەزایی.. لە جەوهەردا جیاوازە لەوەی کە هەمان کار لە جێگاگەلێکی دیدا دەکات؟

زیادبوونی شڵەژاوییە جیاخوازییە ئیپنییەکان بە شێوەیەکی جزئی لە واقیعدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو حەقیقەتەی کە مەبدەئی دامەزراندنی دەوڵەت لە جەنگی دووەمی جیهانییەوە بە پێچەوانەی ئەوەوە کە هەمیشە وا باوەڕدەکرێ لەو مەبدەئە ناچێ کە دوای جەنگی دووەمی جیهانی دەرکەوت و هیچ پەیوەندییەکی نیە بە راپۆرتی چارەنووسی نەتەوایەتی و /ولسۆنییەوە/ کە ئەم مەبدەئە سێ هێزی خستەروو کە بریتین لە رامالینی داگیرکاری کۆلۆنیالی و شۆڕش و هەڵبەت دەستێوەردانی هێزی دەرەوەش و لەبەر ئەوەی کە نیوەی ئەو دەوڵەتانەی کە حاڵی حازر لە کایەدان تەمەنیان لە چل ساڵ کەمترە.. ئەمە بە شێوەیەکی چالاکانە رێگای بڵاوبوونەوەی (مەبدەئی ئینتیماکاری نەتەوایەتی) تەقلیدی دەگرێ..

چەمکی رامالینی داگیرکەریش بە گشتی دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی دەگەیاند لە ناوچەگەلێکی بن دەستی ئیدارەکانی داگیرکەر لە بۆتەی ئەو ناوچانەدا. ئاشکراشە نەخشەکێشانی ئەم دەوڵەتانە بەبێ پرس و رای دانیشتوانی و تەنانەت هەندێ جار بەبێ ئاگاداریشیان پیادەکراوە. بەو پێیەش هیچ مەغزایەکی نەتەوەیی و تەنانەت هیچ بایەخێکی نەتەوەیی جەنینی (ئاوڵەمەیی) نیە بەلای دانیشتۆکانەوە.. ئەو کەمینە رۆشنبیرە ناوچەییە نەبێ کە لە دام و دەزگای کۆلۆنیالیکدا چاویان کراوەتەوە و داب و دەستووری رۆژئاوایی پەیڕەو دەکەن.. ئەمانەش بەگشتی تەنها قەوارەیەکی بچووك و بەرتەسکن.. لە هەندێ شوێنی دی کە شوێنگەلێکی بچووك و پرش و بڵاوبوون وەکو بارودۆخی ئەرخەبیلە داگیرکراوەکان.. هەندێکیان خرانە پاڵ یەکدی یاخود دابەش کران بە گوێرەی بەرژەوەندی و سیاسەتکاری ناوچەیی و ئالێرەشەوە بانگەشەی بەردەوام و ئەنجام شکستاوی سەرکردەکانی ئەم دەوڵەتە نوێیانە

بەرزدەبێتەوە بۆزاڵبوون بەسەر خواستە (خێڵەکییەکان) و (گرووپەکارییەکان) دا یا زاڵبوون بەسەر هەر هێزێکدا بەرپرسیایەتی هەست نەکردنی دانیشتوانی کۆمارێکی دیاریکراو بە ئینتیماکاری یان بەرلە هەموو شتێك بۆ ئەو کۆمارە لەبری ئینتیماکارییان بۆ هەر گروپێکی دی دەخرێتە ئەستۆیان.

بە کورتی بانگەشەی زۆربەی ئەم ـ نەتەوانە ـ و ـ بزووتنەوە نەتەوەییانە ـ دژی ئەو نەزعە قەومییە بوون کە هەوڵی پەیوەستکاری نێوان ئەوانە دەدا کە هەمان ئیپنی و زمان و رۆشنبیری رابوردووی مێژوویی و شتی دیان هەیە. ئەم بانگەشەیە لە واقیعی کاردا ئومەمییە و ئومەمییەتی سەرکردەو کادرەکانی بزاوتە ئازادیخوازە نەتەوەییکانی جیهانی سێیەم بە شێوەیەکی ئاشکرا لەو شوێنانەدا بەدی دەکرێ کە ئەم جۆرە بزاوتانە دەورێکی سەرکردایەتی تیا دەبینن لە رزگارکردنی وڵاتەکانیاندا.. کەمتریش بەدی دەکرێ لەو وڵاتەدا کە داگیرکەری لە سەر تیادا رامالراوە.. لە ماوەی دوای سەربەخۆییدا هەرەسهێنانی ئەوەی ئەنجامی دەدا یا ئەوەی وا دەبینرا کە ئەنجام دەدرێ.. وەکو بزووتنەوەی یەککگرتووی گەل.. زیاتر وروژێنەر دەبێ، هەندێ جاریش یەکێتی بزوتنەوەکە بەر لە سەربەخۆیی پوازی تێدەکەوی وەکو ئەوەی لە هیندستان روویدا.

بەڵام ئەوەی زیاتر روودەدا ئەوەیە کە ناتەبایی لە نێوان لایەنە دروستکەرەکانی بزووتنەوەی سەربەخۆییدا دوای ماوەیەکی کەم دادەمەزرێ (وەکو ئەوەی لە جەزائیردا لە نێوان عەرەب و بەربەردا رووی دا) ناتەبایی نێوان کەسانێکی بەشداربوو لە چالاکی بزووتنەوەکەدا و کەسانێکی ناپەیوەست پێوە.. یا لە نێوان عیلمانیەتی ناتیرەگەری و ئازادی سەرکردەکان و نێوان هەست و نەستی جەماوەر.. جا کارەکە هەرچۆنێ بێ، لە کاتێکدا کە شتێکی ئاساییە کە بارودۆخگەلێك هەموو سەرنجت راکێشێ کە دەوڵەتگەلێکی تیادا بەش بەش بووە فرە ئیپنی و فرە گرووپ بووە.. یاخود نزیك بۆتەوە لە دابەش بوون وەکو دابەشکردنی نێوچە کیشوەری هیندستان ساڵی ١٩٤٧ و جیابوونەوەی پاکستان و داواکارییەکانی تامیل بۆ جیابوونەوە لە سریلانکا. دەبێ هەرگیز لە یادمان نەچێ ئەمانە بارودۆخگەلێکی تایبەتین لە جیهانێکدا قاعیدەکەی بوونی دەوڵەتگەلێکی فرە ئیپنی و فرە گرووپە. و ئەوەی کە بەر لە نزیکەی سیی ساڵ نووسراوە لە جەوهەردا هەر راستە کە:

(ئەو وڵاتانەی کە فرە گرووپن و هەر گرووپەی خاوەن زمان و رۆشنبیری تایبەتی خۆیانن بەش بەش نەبوون.. وەك لە زۆربەی وڵاتانی ئەفریقا و ئاسیادا رەچاو دەکرێ. هەروەها ئەو وڵاتە یەکیان نەگرتووە کە بەشێکی لە گرووپێك گرتۆتە خۆی کە هەر بە زمانێك قسە دەکەن.. ئەم بارودۆخەش لە وڵاتانی عەرەب و باکووری ئەفریقیادا دەبینرێ.

لە دوایشدا دەستێوەردانی هێزەکانی دەرەوە زۆر بە ئاشکرایی ناقەومی بوو. چ بە هۆکارەکانی و چ لە ئەنجامدا جگە لە رێکەوتی ئاشکرا ئەمەش ئەوەندە ئاشکرایە پێویستی بە روونکردنەوە نیە، نموونەی ئەوە بەهەرحاڵ وەقعی شۆڕشی کۆمەڵایەتی بوو ئەگەرچی کاریگەرێتیشی کەمتربوو.

شۆڕشگێرە کۆمەڵایەتییەکان زۆر ئاگاداری هێزی نەزعەی قەومی بوون و بە هزر پەیوەست بوون بە سەربەخۆیی نەتەوەوە، تەنانەت لە کاتێکدا کە بە فیعلی ئەوە پێوست نەبوو ئەوەش

وەکو سولافییە لۆساتێکان کە زمانەکەیان هێدی هێدی بۆ دواوە دەچێ ئەگەرچی کۆماری ئەڵەمانیای دیموکراتی هەوڵی سەرسوڕهێنەر دەدات بۆ پاڵپشتی کردنی. تەنیا شێوازێکیش بۆ تەرتیبکاری دەستووری کە دەوڵەتە سۆسیالیستەکان لە ساڵی ١٩١٧ەوە بە جدی بایەخیان دایێ شێوازی فیدرالی قەومی و سەربەخۆیی زاتی بوو. لە کاتێکیشدا کە دەقە دەستوورییەکانی دی ـ ئەگەر هەبووبن ـ دەقگەلێکی تەواو قەومی بوون تا ماوەیەکی زۆر و سەربەخۆیی زاتی بوونێکی عەمەلی راستەقینەی هەبوو. هەرچۆنێ بێ کاتێک ئەم سیستەمانە خۆی لەگەڵ هیچ یەکێك لەو قەومانە ناوزەدناکات کە لیی پێکهاتووە، بەلای کەمەوە لەسەر ئاستی نەزەری. کاتێکیش کە بەرژەوەندی هەر یەکێك لەم نەتەوانە بە پلەی دووەم دێ بە گوێرەی ئامانجێکی باڵای هاوبەش.. ئەو سیستەمانە دەبنە ناقەومی.

بەم جۆرە کە سەرنجێکی خەمۆکانە دەدەینە رابوردو دەبینین سیستەمە شیوعییەکان لە وڵاتانی فرە نەتەوەییدا ئینجازی مەزنیان ئەنجامداوە کاتێ کە هەتەری کارەساتاوی ئەو نەزعە قەومییەکان کرژ کردۆتەوە کە لە ناوەوەیاندا بووە. شۆڕشی یۆگسلاڤ سەرکەوتنی وەدەست هێنا لە بەربەست کردنی یەکدی کوشتنی ناوخۆیی نەتەوەکانی ناو سنووری خۆیدا ئەمەیش بۆ درێژترین ماوە بە دڵنیاییەوە (تارادەیەك) لە هەموو وەختێکی دی رابوردوو لە مێژووی ئەم نەتەوانەدا.

ئەگەرچی ئەم ئینجازە بە داخەوە ئێستا هەرەس دێنێ ناتەبایی قەومی تاکو کۆتایی ١٩٩٨ نەبووە هۆی رووداني مردن. بە پێچەوانەی یەکێتی کۆمارە سۆسیالیستەکانی سۆڤیەتەوە کە روونییەکی ئاشکرا بوو بە یارمەتیدەری دۆزینەوەی تواناکان بوو... بۆ شیتاڵ بوونی نەتەوەیی کە بۆ ماوەیەکی درێژ قەدەغەکرابوو (جگە سەردەمی جەنگی دووەمی جیهانی) لە راستیشدا (جیاوازی) یا تەنانەت (چەوساندنەوە) کە رابەرانی نەتەوە جۆر بەجۆرەکانی سۆڤیەت لە دەرەوە ناڕەزایی لە بارەوە دەردەبڕن.. گەلی لەوە کەمتربوو کە لە سەرەنجامی رووخانی دەسەڵاتی سۆڤیەتییەوە چاوەڕوان دەکرا.

دوژمنکاری سامییەتی رەسمی سۆڤیەتی کە دەکرا بەبێ گومان هەر لە دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیلیەوە ساڵی ١٩٤٨بەدی بکرێ پێویستە بە پەیوەستیکارییەوە بپێورێ لەگەڵ هەڵچوونی دوژمنکاری سامییەتدا لەسەر ئاستی میللی لەو ساتەوەی کە گەلەکۆمەی سیاسی سەرلەنوێ ریدرا (تەنانەت بۆ کۆنەپەرستانیش) ئەمە جگە لە کوشتاری جوولەکەکان کە بە شێوەیەکی بەربڵاو رەگەزە ناوخۆکانی وڵاتانی بەلتیق و ئۆکرانیا ئەنجامیان دا لە کاتی هێرشی ئەڵەمانیادا و بەرلەوەی کردارە مەنهەجییەکەی ئەڵەمان دەست پێ بکات بۆ کوشتاری جوولەکەکان.

بەراستیش دەتوانرێ بگوترێ شەپۆلی ئاشووبە ئیپنییەکان.. تا ئیپنییە بچووکەکان بەرپەرچدانەوەی بیروباوەڕە ناقەومییەکانە یا ئەو بیروباوەڕانەی کە لەسەر نەزعەی قەومی دانەمەزراون.. بۆ دروستکردنی دەوڵەت لە بەشی گەورەی جیهانی سەدەی بیستەمدا و ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ کە ئەم جۆرە بەرپەرچدانەوە ئیپنییانە هیچ جۆرە چەمکێك پێشکەش دەکەن، وەکو مەبدەئێك لەبری دووبارە بنیادکردنەوەی سیاسیانەی جیهان لە سەدەی بیست و یەکەمیندا. ئەمەش سەرنجی سێیەم دووپاتی دەکاتەوە کە ـ ئومە ـ وەکو دیار و ئاشکرایە کاری لە دەستدانی بەشێکی گرنگ لە ئەرکە کۆنەکانی خۆی ئەنجام دەدات.. کە دروستکردنی

(ئابوورییەکی قەومی) پەرژین کراوە بە سنووری خاکەکەیدا و وەك بلێی گۆگەی کۆمەڵە بینای (ئابووری جیهانی) فراوانە. بەلای کەمەوە لە ناوچە پێشکەوتووەکانی گۆی زەویدا.. دەوری (ئابووری قەومی) بە شێوەیەکی سەلبی لە جەنگی دووەمی جیهانییەوە کەوتە ژێر ئەم کاریگەرییەوە بە تایبەتی لە شەستەکاندا، تاوەکو گومان کەوتە سەر ئەم دەورە دوای گۆڕانکارییە گەورەکان لە دابەشکردنی کاری نێو دەوڵەتی کە یەکە بنەڕەتیەکانی لە دام و دەزگا فرە نەتەوەییەکان یا سەرووی نەتەوەییەکان کە فرەقەوارەن پێك هات و لەگەڵ گەشەی بەرامبەری مەڵبەند و تۆڕە جیهانییەکانی ئابووری کە بە هۆکارگەلێکی عەمەلی لە دەرەوەی دەسەڵاتی حکوومەتی دەوڵەتەکان دامەزراون و ژمارەی ئەو ڕێکخراوە جیهانییانە کە لە چەند دەوڵەتێك پێك هاتبوو لە ـ ۱۲۳ــ وە لە ساڵی ۱۹۵۱ گەیشتە (۲۸۰) لە ساڵی ۱۹۷۲ گەیشتە (۳٦٥) لە ساڵی ۱۹۸٤دا هەروەها ژمارەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان لە (۸۳۲)ەوە گەیشتە (۲۱۷۳) لە ساڵی ۱۹۷۲ داو لە دوازدە ساڵی داهاتووی دوای ئەوەدا گەیشتە زیاتر لە دوو چەنانەی (٤٦١٥) و دەشێ تاکە (ئابوورییەکی نەتەوەیی) کاریگەر لە کۆتایی سەدەی بیستەمدا هەر ئابووری یابانی بێ. هیچیش جێگای ئابووری کارییە نەتەوایەتییە (پێشکەوتۆکان)ی نەگرتۆتەوە و بەو ئیعتیبارەی کە کۆمەڵە بینایەکی سەرەکی سیستەمی جیهانین جگە لە ڕێکخراوگەلێك یا یەکێتی گەلێکی گەورەتری دەوڵەتە نەتەوایەتییەکان.. وەکو گرووپی ئابووری ئەوروپا و دام و دەزگاگەلێکی جیهانی کە بە کۆمەڵ بەڕێوەدەبرێ وەکو سندووقی دراوی نێو دەوڵەتی.. تەنانەت نەگەرچی سەرهەڵدانی ئەم دام و دەزگایانە لەو دیاردانەبێ کە مانای پاشەکشێی جیهانی (ئابووری قەومی) بگەیەنێ. هەندێ بەشی گرنگی سیستەمی کاروبارە ئابوورییەکانی جیهانی لە دەرەوەی هەموو دەسەڵاتێکدایە.. وەکو بازاڕی دۆلاری ئەوروپایی.

بێگومان ئێستا ئەوە لە توانادا هەیە، بەهۆی ئەو ماوە درێژەی گواستنەوەی سەربەخۆی هۆکارەکانی بەرهەمهێنانەوە لە ناوچەیەکی بەربڵاوی گۆی زەویدا کە لە کاتی شەڕی دووەمی جیهانییەوە پێشکەوتووە. هەروەها بۆتە هۆی شەپۆلی گەورەی کۆچی دانیشتوان لەنێوان نەتەوەکان و کیشوەرەکاندا و ئەمەش بەربڵاوترینی شەپۆلە لە ساڵانی پێش ۱۹۱٤ەوە.. بەو بۆنەیەشەوە ئەم دوو کردەیە هەڵسوکەوتی نێوان کۆمەڵەکانی پەرەپێدا بە تایبەتی شێوەی هەڵسوکەوتی عونسەری و جیهانێکی لە خاك و بومێکی قەومی دروست کردووە غەریبانی لەسەر دەژین لەبری دانیشتووە ئەسڵیەکانی کە سەرجەمی ئەم خاك و بوومانە بۆ ئەوان ــ دەگەڕێتەوە ــ ئەمەش هەڵبژاردنکارییەکە کەمتر واقیعییە تەنانەت بە گوێرەی سەدەی بیست و یەکەوە ئەگەر لەگەڵ سەدەی بیستدا بەراورد بکرێ. و ئێمە حاڵی حازر لە گۆگەیەکی سەیری نێوان تەکنەلۆژیای کۆتاییەکانی سەدەی بیست و بازرگانی ئازادی سەدەی نۆزدەهەم و ژیانەوەی جۆرێك لە مەڵبەند یاخود کەلێنی بەینکاری بازرگانی جیهانی سەدەکانی ناوەڕاستداین کە دەوڵەتگەلی تەنها شار بووژاونەتەوە. وەکو هونگ کۆنگ و سەنگافوورە و ژمارەی (ناوچەی پیشەسازی) ئازاد لە زیادبووندایە لە بۆتەی وڵاتی نەتەوەیی سەربەخۆدا.. ئەم حاڵەتە لە کێڵگەکانی پۆڵای هانسیاتك و پەناگاکانی خاوەو باجی دەرەوەی سنوور لە دوورگە گەلێکدا کە بایەخیان نیە و تەنها وەزیفەیان ڕێکو پێك هەر ئەوەیە کە کاروبارە ئابوورییەکان دوورخەنەوە لە ڕکێفی دەوڵەتە قەومییەکان.

ئایدیۆلۆژییەتی نەتەوەکان و نەزعەی نەتەوەییش لەگەڵ هیچ یەکێك لەم گۆڕانکارییانەدا ڕێناکەوێ.

ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ کە وەزیفە ئابوورییەکانی دەوڵەتان کرژبۆتەوە یاخود بەرەو نەمان دەچێ. بەڵکو بە پێچەوانەوە لە وڵاتانی سەرمایەداری و ناسەرمایەداریدا هاوکووف پەرەی سەندووە.. ئەگەرچی هەردوو لایەنەکە لە هەشتاکاندا حەزیان دەکرد پاڵپشتی دەزگاکانی کەرتی تایبەت و ئەو دەزگایانە بکەن کە سەر بە دەوڵەت نین. بە دەریش لە گرنگیی بەردەوامی ئاراستەکاری و نەخشەسازی و ئیدارەکاری دەوڵەت.. تەنانەت لە وڵاتانێکدا کە بە شێوەیەکی نەزەری پیادەکراوی لیبیرالییەت نوێن.. ئەوەی کە تەنها هەر قەوارەی دەستکەوت و خەرجییە گشتییەکان لە ئابووریکاری دەوڵەتاندا و بەر لە هەموو شتێك دەوری گەشەسەندووی هەردووکیان وەکو هۆکارێ بۆ گێڕانەوەی دابەشکردنێکی جەوهەریی بۆ بودجەی کۆمەڵایەتی لە ڕێگای ئامێرکارییەکی خەرج و باج و کەمکردنەوەی خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکانەوە دەینوێنێ. دەشێ وڵاتانی نەتەوەیی بکات بە هۆکارێکی مەرکەزی لە ژیانی دانیشتوانی جیهاندا زیاتر لە پێشوو. ئابووریکارییەکانی نەتەوەیی هەرچەنێ کاریگەری سەلبی ئابووری فرە نەتەوەیی لەسەربێ هەر هاوژین و تێکەڵاوییان دەبێ.

لەگەڵ ئەوەشدا (ئابووری قەومی) کۆن ئێستا وەکو ئەوسای نیە جگە لەو ئابووری کارییەی کە گۆشەگیری بە سەرخۆیدا سەپاندووە لە لایەکەوە (ئەو ئابووریکارییانەش زۆرن کە کۆڵیان لەم گۆشەگیرییە داوە دوای ئەوەی کە بۆرما بیر لە گەڕانەوەی دەکاتەوە بۆ جیهان سەرلەنوێ) دەشێ یابانیش لە لایەکی ترەوە، تەنانەت ویلایاتی یەککرتووی ئەمەریکاش کە لە هەشتاکاندا هەستی کرد هێشتا بەربڵاوە و بە ڕادەیەك دەسرۆیە دەتوانێ چارەسەری گێچەڵە ئابوورییەکانی بکات بە بێ بایەخ دان بەوانی دی. لە کۆتایی ئەو (دەیە)دا دەرکی بەوە کرد کە (دەسبەرداری گەلی دەسەڵاتی خۆی بووە بەسەر ئابووریدا بۆ خاوەن کارە بیانییەکان.. کە تا ئێستا توانای تەواویان هەیە بۆ ئەوەی یارمەتی پارێزگاریکردنی بەردەوامێتی گەشەی ئابووریی بدەن یا بەرەو وەستانی ببەن) (ول ستریت جورنال، ٥ ی کانونی یەکەم/ دێسەمبەر ١٩٨٨، لاپەڕەی یەکەم) کارەکەش ئەوەندەی پەیوەندی بە دەوڵەتانی بچووکەوە هەیە سەرجەم و بە هەموو دەوڵەتانی قەوارە ناوەندییەوە هەیە تاڕادەیەك ئەوەیە کە بەبێ گرێ و گۆڵ ئابووریکارییەکانیان ئەوەندەی جارانی پێشوو سەربەخۆ نیە.

هەروەها سەرنجی سێیەمیش کە خۆی دەخاتە ڕوو ئەوەیە کە ململانێ بنەڕەتییە سیاسییەکان کە لە بارياندايە بڕیار لەسەر چارەنووسی جیهانی ئەمڕۆ بدەن خەریکە پەیوەندی نەمێنێ بە دەوڵەتی نەتەوەوە. و بە درێژایی نیو سەدە سیستەمێکی دەوڵەتیی جیهانی نەهاتۆتە کایەوە لە جۆری ئەورووپای سەدەی نۆزدەهەم.. بەڵکو جیهانێکی دوو تەوەری و ئاوێزانی دەوری دوو زلهێزبووە لە بنەڕەتدا.

جیهانی دوای ١٩٤٥ لە ڕووی سیاسیەوە یەککرتوو نەبووە بەڵکو دوو تەوەرەیی بوو ئاوێزانی دەوری دوو زلهێز بوو. کە دەتوانرێ بە نەتەوەگەلی عیملاق وەسف بکرێن. بەڵام بە دڵنیاییەوە ئەو دوانە بەشێك نەبوون لە سیستەمی دەوڵەتێکی جیهانی وەکو ئەوەی لە سەدەی نۆزدەدا یا پێش ١٩٣٩ هەبوو. لە باشترین حاڵیشدا لایەنێکی سێیەم لە دەوڵەتان چ لایەنگری دەوڵەتێکی

گەورەبێ یا لایەنگر. بۆی لواوە وەکو جڵەوگرێکی کارەکانی دەوڵەتە زلهێزەکان کار بکات.. ئەگەرچی بەڵگەی بەهێزیش نیە ئاماژە بکات کە بە شێوەیەکی کاریگەر لە چلساڵی رابوردوودا ئەو کارەی ئەنجام دابێ. لەوەش زیاتر و ئەوەندەی پەیوەندی بە وڵاتە یەکگرتوکانی ئەمریکاوە هەیە (دەشێ ئەمە دیسان وەك کاریگەرییەکی لەناوچوو بەسەر یەکێتی کۆمارە سۆسیالستەکانی سۆڤیەتی پێش سەردەمی گۆرباتشوف دا بچەسپێ) ململانێی بنەڕەتی بیروباوەڕکاری بوو کە بە زەبری ئەو زلهێزانە سەرکەوتنی ئایدیۆلۆژییە راستڕەوەکان یەکسان کران.

بەڵام سیاسەتەکانی جیهانی دوای ١٩٤٥ لە بنەڕەتدا سیاسەتی شۆڕش و دژە شۆڕش و تێهەڵکێشراوی دۆزە نەتەوایەتییەکان بوو تەنها بۆ تەئکیدکردنی لەسەر مەوزوعی بنەڕەتی یا لەقاندنی. هەمووانیش دان بە بوونی عەلامەتگەلێکدا دەنێن لە کۆتاییەکانی هەشتاکاندا کە ئاماژە بۆ هەرەسهێنانی ئەم نموونەیە دەکەن.. هۆی ئەوەش هیچ شتێك نیە ئەوەنەبێ کە دوو زلهێزەکە لە بواری ئابووریدا بە رادەیەکی وا گەورە سستییان تێکەوت کە پارێزگاری کردن لە دەوری جارانیان دژوار بوو. لەبەر ئەوەش کە نموونەی ئەو جیهانەی کە شۆڕشی ئۆکتۆبەر دابەشی کردبوو تەنها هەر پەیوەندییەکی ساکاری بە حەقیقەتەکانی ساڵانی کۆتایی سەدەی بیستەوە ماوەتەوە و دەشێ سەرلەنوێ و لە کاتێکی گونجاودا سیستەمێکی جیهانی فرە ژمارەیی زیاتر بێتەکایە.

لەگەڵ ئەوەشدا لەوانە نیە تەنانەت لە بازنەی ئەم جۆرە سیستەمەشدا دەوری نەتەوەکان مەرکەزی بێ چونکە گەمەبازانی سەرەکی لەم یارییانەدا یەکگەلێکی زۆر گەورەتر دەبن لەو دەوڵەتانەی کە موقەدەر وابو ئەو بزووتنەوە جیاخوازییە قەومییانە دایبمەزرێنن کە تایبەتمەندییان دا بە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەم.

لێمانگەڕێن بە مەبەستی موناقەشەکردنی بۆ نموونە گریمانەی ئەوە بکەین کە شێوەیەکی نوێ لە (ئەوروپای نەتەوە جیاکارەکانەوە) بە گوێرەی چەمکی ولسن هاتۆتەکایەوە. هەروەها ئاسیاش نەتەوەگەلە و ئەفریقاش نەتەوەگەلە (بەڵام ئەمەریکای لاتینی لە بوونی نەتەوەگەلێکی نیپنیدا زمانێکی تایبەتی تەنگەبەرترە تا رادەیەکی گەورە) ئەوکاتە ئەسپانیا بە جیابوونەوەی ئۆسکادی و بەریتانیا و بە جیابوونەوەی سکوتلاندا و ویلز و فەرەنسا بە جیابوونەوەی کۆریکا کرژدەبێتەوە (بچووك دەبێتەوە: و.ك) و بەلچیکاش دەبێتە دوو وڵات و ئەگەر بەرەو رۆژهەڵات دوورکەوتینەوە وڵاتانی بازنەی کاریگەرێتی حاڵی حازر رێگای تایبەتی دەگرن.. دەشێ سلۆڤاك لە تیشك جیاببێتەوە و بولقان لە نێوانی سلوفییەکان و کەروات و سرب و ئەلبانیای بەربڵاودا دابەش بکرێت و دەوڵەتگەلێکی لی دابمەزرێ و سەرلەنوێ بەدرێژایی بەلتیق و ئەستۆنیا و لاتفیا و لتوانیا وەکو دەوڵەتگەلێکی سەربەخۆ بێنەکایە. جا ئایا لەتوانادا هەیە گریمانەیەکی جیدی بخەینەڕوو کە کارێکی بە بولقانکردنی لەم جۆرە لە ئاستێکی جیهانیدا دەتوانێ سیستەمێکی سیاسی جێگیر یاخود هەمیشەیی بخاتەڕوو؟ لە راستیدا یەکەم شت کە زۆربەی ئەو دەوڵەتە ئەوروپاییە گریمانە کراوانە دەیکەن بە ئەکیدی تەقریبەن ئەوەیە کە دواکاری ئینتماکردن پێشکەش بە کۆمەڵەی ئابووری ئەوروپایی بکات کە سەرلەنوێ سنووری دەسەڵات بۆ مافەکانی دادەنێ، ئەگەرچی ئەم سنووردانانە بە شێوازێکی جیا لە بارودۆخی پێشوو ئەنجام دەدرێ. سەرباری پێداگرتنی ژەنراڵ دیگۆل لەسەر دامەزراندنی کۆمەڵەی ئابوری ئەوروپایی وەکو

هاوپەیمانێتیەکی نەتەوەگەلێکی دەسڕۆ.. لۆژێکی کامڵ بوونی ئابووری پاڵی بە کۆمەڵەکەوە نا بەرەو شێوازێکی زیاتر لە دام و دەزگاکانی سەرەوەی نەتەوایەتی بڕوا.

بە کورتی تەنانەت ئەگەر سیستەمێکی جیهانی فرەلایەن بە راستی لەژێر رکێفی ئیلیغارکێتی کاریگەری دەوڵەتە گرنگەکان دابمەزرێ وەکو بۆچوونی ناو ئەنجومەنی ئاسایش لە سەرەتای دامەزراندنییەوە.. ئەم سیستەمە نابێتە جیهانی بە جۆرێك زۆرینەی نەتەوە و دەوڵەتە نەتەوەییەکان دەورێکی بایەخداری تیادا ببینن.

نەزعەی قەومی وەکو دەتوانین چاوەڕوانی ئەوەبین لێوە شتێك لە شێوەی ئەزمەی ئایدیۆلۆژی ولسنی ـ لینینی کۆن و بەرنامەکانی دەخاتەڕوو.. ئەو ئەزمەیەی کە هۆکەی دەگەڕێتەوە بۆ نوشوستی رامیاری و ناکۆکی توندوتیژ لە هاوکووفێتی (نەتەوە) و (دەوڵەتی ـ نەتەوەدا) لەگەڵ تەرکیبی سیاسی و ئابوری گۆی زەویدا.

نەزعەی قەومی بەبێ دامەزراندنی دەوڵەتێکی ـ نەتەوە هیچ شتێك ناگەیەنێ ئیتر هێزی سەرگەرمی بۆ بوونی هەرچەندێ بێ لە ـ کۆمەڵە خەیالکارییەکەدا ـ و ـ جیهانێکی وای لەم جۆرە دەوڵەتانە لەگەڵ پێوەرە ئیپنییە زمانکارییەکانی ئێستادا کە بۆ ئینتمای قەومی دەگونجێ.. ئەمڕۆ ئاسۆیەکی لەبار نیە.. بەم جۆرە ئەگەر هەردوو دەوڵەتەکەی دبلن و لەندەن رێبکەون کە ئەم کارەش شتێکی چاوەڕوان کراوە.. لەسەر خواستی (رێژەیی) هەردو لایان بۆ دامەزراندنی یەك ئێرلەندای بەهێز.. کەمینەیەك دەبینن تەنانەت لەناو کۆماری ئێرەلەنەشدا کە ئەم یەکێتییە تەنها هەڵبژاردنێکی خراپە لە چارەسەرگەلکردنێکی خراپ.. بەرامبەر بەوەش ئەگەر بارودۆخ بڕەخسێ بۆ ئێرلەندای باکوور سەربەخۆیی خۆی چوون یەك لە بەریتانیا و ئێرلەندا رابگەیەنێ، ئەوە زۆربەی پرۆتستانتەکانی ئێرلەندای باکوور رەفزکردنی کۆتایی بابا بە کەمترین بەڵا دەزانن و بەکورتی دەتوانرێ بڵێین بڕێك لە توندڕەوەکان ئەم ئینجازە لە راپۆرتی چارەنووسیی قەومی کۆمەڵکاریدا نەختێك لەو باروەدۆخەی ئێستاش بەباشتر دەزانن کە زۆرجێگای ناڕەزامەندییە.

ژمارەی ئەو بزووتنەوانەی کە حاڵی حازر دەسبەرداری خواستەکانیان بوون بە چەسپاندنی کردەوەیی بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ بەتەواوی وەکو ئامانجێکی کۆتایی لە ئەوروپاداکە هەرچۆنێ بێ زێدی تەقلیدی مەبدەئی ئینتیمای نەتەوەییە، بە رادەیەك زیادی کردووە پێویست بەوە ناکات بخرێتەوە یاد.

لێرەدا زۆربەی ئەو بزوتنەوانە وەکو کاردانەوەیەکی مەرکەزی ـ واتا لە بەردووری ـ لە دەسەڵاتی ئابووری و رۆشنبیری دەوڵەتەوە دژی بیرۆکراتییەت دەردەکەون. لە کاتێکدا لە باروەدۆخگەلێکی دیدا دەربڕینێکی ناڕەزایی هەمەجۆری ناوچەیی یا تایەفەگەری جزئییە و دەتوانێ خۆی بە لافیتەگەلێکی رەنگاورەنگ داپۆشێ.

ئەوەش کە مەغزایەك دەبەخشێ ئەوەیە کە دەوڵەتانی شکستخواردووی شەڕی دووەمی جیهانی کە بە پلەیەکی گەورە دابەشکردنی دەسەڵاتدارێتی درایە دەست، وەك کاردانەوەیەکی مەرکەزییەتی فاشیزمی، وەکو گومان دەکرێ.. زۆربەی هەل و مەرجی ئەو بزووتنەوە جیاکارییانەی تیا نیە کە لە وڵاتانی دژی ئەوروپای رۆژئاوا ناسراوە.. ئەگەرچی } بافاریا و صقلیە{ تاکو ئێستا زەمینەیەکی روون و بەپیت پێك دێنن بۆ ئەم جۆرە بزووتنەوانەی وەکو

سکۆتلەندا و بەشە فەرەنسییە دوورەکانی لە ناوچەی ئەلجوراپەلبر نیە. لە راستیشدا ئەم بزووتنەوە جیاخوازییانەی کە دوای ١٩٤٣ بە ماوەیەکی کەم لە (صقلیە) روویدا.. ئەگەرچی هەتا ئێستا کەمینەیەك خەمخۆری لەناو چوونین و بەو پێیەی (کۆتایی نەتەوەی صقلیەیە) ئەم بزوتنەوەیەش بە تەشریعی ١٩٦٤ بۆ سەربەخۆیی هەرێمی تێرۆرکرا.

ئەمەش سەیر نیە چونکە شێوەکانی بەرگری تەقلیدی دژی نزیکبوونەوەی نوێگەری خێرا ئەمرۆ دوای دەیە ئەورووپاییەکان لە ١٩٥٠وە کە شۆڕشگێڕترین دەیە بوون لە مێژووی جیهانی ئابووریدا. ئەوەندە زۆری لی نەماوەتەوە. هەندێ چینە مامناوەندیی هەرێمییەکان.. لە کاتێك لە کاتەکاندا هیوای سوودوەرگرتنی لە نەزعەی قەومی زمانکاری بوو. بەلام ئەمرۆ تەنها چاوەڕوانی کەمێك دەسکەوتی ئیقلیمی لی دەکات و هیچی تر. لە ئەورووپای رۆژئاوا وەکو باوە هەرەسهێنانی هیواو خواستە گەورەکانی شانبەشانی ئەزمەکانی دەسەلاتی دەولەت ــ نەتەوەی گەورە بوو جا ئەگەر بە حەقیقەت بێ یا بە روالەت.. ئەوە بوو کە بواری نەزعەی نەتەوایەتی کە بۆشایی دەروونی رۆشنبیران و تێکۆشەران پڕ بکاتەوە و ببێتە خەونە ونبۆکان.. ئەمەش هەندێ جار نەختێ گەورەتر دێتەبەرچاو.. وەکو بارودۆخی رەواجی کاتیی ــ ئۆکسیتانیا ــ لە فەرەنسای حەفتاکاندا و بادانەوەی ژمارەیەك لە رۆشنبیرانی بە توانای چەپڕەو و بەرەو نەزعەی نەتەوەیی سکۆتلەندی لە هەمان دەیەدا و سەرقالبوونی زۆر بەوەوە کە بە ناسنامەی قەومی فالنسی ناودەبرا و لە سەرەتای هەشتاکاندا لە ناوەندی رۆشنبیرانی رۆژهەلاتی ئەسپانیادا باس دەکرا. نەزعەی نەتەوەیی هەندێ جار دەبێتە هۆی نارەزاییەکی میللی وا کە گەلی خەتەرتر و فراوانترە و ئەوەش وەك وەرچەرخانی نوێی نەزعەی قەومی سکۆتلەندی لە کۆتایی هەشتاکاندا.. ئەوەش بە ئاسانی کاردانەوەیەکی هاوکووف بوو بۆ حکوومەتێکی دامەزراو لە هەمەجۆری بەریتانییەکان و تەنیا کەمینەیەکی کەمی سکۆتلەندییەکان پالپشتییان دەکرد هەروەها حزبێکی بەرهەلستکاری لە بواری سیاسەتدا کۆل و پێکهاتوو لە هەمەجۆری بەریتانییەکان.

لەگەل ئەوەشدا ئەوەی زۆرتر سەرنج رادەکێشێ لەو ئاژاوانەدا کە نەزعەی قەومی سیاسی لە ولاتانی رۆژئاوادا دەیوروژێنن.. کەم لەنگەری و کەم خایەنییەتی ئەگەر بێت و بەراورد بکرێ بەهێز و لەنگەری هەست و سۆز بەرامبەر بە ناسنامەی قەومی کە لاف دەربڕینی لی دەدەن.

ئەمەش ئەوکاتە روون دەبێتەوە کە پێبەپێ دوای چارەنووسی جۆراوجۆری حزبە نەتەوەییە سکۆتلەندی و ویلزییەکان بکەوین.. یا چارەنووسی هەندێ قەوارە دژەکانی بیانی وەك بەرەی قەومی فەرەنسی کە گۆڕانکارییەکان ئاماژە بۆ پالپشتی کردنی ئوسکۆتلەندییەکان دەکات سەبارەت بە نەزعەی قەومی سیاسی سکوتلەندی کە چەمکی ناسنامەی سکوتلەندی و جیابوونەوە لە ئینگلیز و رق و تۆلە لە ئینگلیز لە جەنگی دواییەوە لە هەلچوون و دواچوونێکی نامەنهەجیدایە، بەلام بەلگەی زۆر نیە کە هەست و سۆزی ئوسکۆتلەندییەکان لەم بوارانەدا گۆڕابێ.

دەتوانین ئەزمەیەك لە هەستی قەومی نەتەوە کۆنەکاندا بەدیبکەین بە هۆگەلێکی لێك چوو.. ئەم هەستە جێگای خۆی لە هەلقولانیدا دۆزیوەتەوە لە ئەورووپای سەدەی نۆزدەمیندا.. لە گۆشەیەك لە گۆشەکانی ئەو چوارگۆشەیەدا کە بەم چوارخالە وەسف کراوە: گەل ــ دەولەت ــ

نەتەوە ـ حکوومەت.. ئەم چوار رەگەزە بە شێوەیەکی تیۆری ئامێتەبوون و وەکو هیتلەر گوتوویەتی: (وشەی **Volk** لە ئەڵەمانیدا مانای ـ گەل ـ و ـ نەتەوە وەکو یەك دەگەیەنێ) ئەڵەمانیا لە یەك گەل پێك هاتووە (یا یەك نەتەوە) یەك دەوڵەت و یەك سەرکردە. بە شێوەیەکی عەمەلیش هزر و بیری دەوڵەت و حکوومەت بەلای ئەوەدا دەشکایەوە تەعریفی خۆی بە پێوەرگەلێکی سیاسی نموونەیی بکات لە ماوەی سەردەمی شۆڕشە گەورەکانی سەدەی نۆزدەوە جگە لە بیرۆکەی ـ گەل ـ و ـ نەتەوە ـ کە پێوەری پێش سیاسەتی **(Prepolitical)** یان هەیە و یارمەتی ئەفراندنی کۆمەڵگەی موتەسەویر و موتەخەیلیان داوە و سیاسەت بەردەوام رووەو ئەوە ئەچوو کە ئەم جۆرە رەگەزە سەرەتاییانەی سیاسەت بۆ خزمەتکردنی مەبەستە تایبەتییەکانی خۆی بقۆزێتەوە و پەیوەندی عوزوی نێوانی هەر چوار رەگەزەکەی بەکارێك داناوە کە لێبۆتەوە. بەڵام ئەمە لە دەوڵەتی ـ نەتەوەی گەورەدا کە کاتێکی زۆر بەسەر دامەزراندنیدا تێپەڕیوە لە تواناداا نەبوو.

دەتوانرێ ئەمەش بە راپرسێکی گشتی روون بکرێتەوە کە ساڵی ١٩٧٢ لە کۆماری یەکێتی ئەڵەمانیادا ئەنجام دراوە و دەتوانین دان بەوەدا بنێین کە ئەمە حاڵەتێکی دوورە چونکە ئەڵمانیا لە گەورەترین یەکەی سیاسیی گشتگیرەوە بە شێوەیەکی تیۆری لە ئەڵەمانیای کاتی هیتلەردا گوێزرایەوە بۆ بارودۆخێك کە بەلای کەمەوە دوو دەوڵەتی تیادا بژی و هەریەکەشیان توانیان لاف ئەوە لێبدەن کە هەموو نەتەوەی ئەڵەمانن.. یاخود بەشێکن لیی. ئەم کارە هەرچۆنێ بێ لەم بارودۆخەدا بەتەنها بوارمان دەدات کە نابڕوایی و ئاڵۆزی لە هزر و بیری هەموو هاووڵاتیاندا هەڵێنجین کاتێ بیر لە (نەتەوە) دەکەنەوە.

یەکەم شت لەم راپرسییەدا قوت بۆوە نابڕواییەکی زۆر بوو بە جۆرێك دەرکەوت لە ٨٣٪ی خەڵکی ئەڵەمانیای رۆژئاوا دەزانن سەرمایەداری چیەو لە ٧٨٪ گومانیان لەوە نەبوو کە دەزانن سۆسیالیزم چیە.. بەڵام تەنها ٧١٪ سەرکێشی ئەوەیان کرد کە رایەك دەربڕن لەبارەی ـ دەوڵەت ـ لە ٣٤٪یش هیچ هزرێکیان دەربارەی چۆنیەتی ـ نەتەوە ـ یا وەسف کردنی نەبوو. نابڕواییش لە نێوان نیوە رۆشنبیراندا زیاتر بوو. بە جۆرێك لە ٩٠٪ی ئەڵەمانەکان لەوانەی کە خوێندنی ئامادەییان تەواو کردووە ئاگاداری هەرچوار زاراوەکە بوون. بەڵام ٥٠٪ی ئەڵەمانەکان لەوانەی کە ناشایستەبوون و ـ بێ بەهرەبوون ـ و سەرەتاییان تەواوکردووە هەستیان کرد دەزانن ـ دەوڵەت ـ چ مانایەك دەگەیەنێ و لە ٤٧٪یش هەستیان کرد کە شتێك دەربارەی ـ نەتەوە ـ دەزانن. ئەم جۆرە نابڕواییە بە تەواوی لە تێکشکانی هاوکووفێتی کۆنی نێوانی ـ گەل ـ و ـ نەتەوە ـ و ـ دەوڵەتەوە قوت بۆوە.

کاتێکیش لێیان پرسرا ئایا جیاوازی لە نێوانی نەتەوە و دەوڵەتدا هەیە یاخود هەردوو زاراوەکە شتێکە.. لە ٤٣٪ی خەڵکی ئەڵەمانیای رۆژئاوا و لە ٨١٪ی هەرە رۆشنبیرەکانیان بە روونی وەڵامیان دایەوە کە هەردوو زاراوەکە یەك شت ناگەیەنن لەبەرئەوەی دوو ئەڵەمانیای هاوژین هەن.. بەڵام لە ٣٥٪یان بڕوایان وابوو ناتوانرێ جیاوازی لە نێوان نەتەوە و دەوڵەتدا بکرێ.

زۆریش مەنتیقی بوو کە لە ٣١٪ لە کرێکاران و (٣٩٪ لەوانەی لە خوار چل ساڵییەوەن) وا تێبگەن کە کۆماری ئەڵەمانیای دیموکراتی نەتەوەیەکی جیایە چونکە دەوڵەتێکی جیایە. هەروەها دەبێ سەرنجی ئەوەش بدەین کە ئەو کۆمەڵەی کە بەهێزترین قەناعەتی هەبوو کە

دەوڵەت و نەتەوە یەك شتن لە ٤٢٪ یان کرێکارانی بەهرەمەند بوون و ئەو کۆمەڵەیەش کە قەناعەتی بەهێزی هەبوو کە ئەڵەمانیا یەك نەتەوەیە و بەسەر دوو دەوڵەتدا دابەشکراوە ئەوانەش ئەوانەبوون کە دەنگیان بە سۆسیالیزمی دیموکراتی دابو. لە ٥٢٪ یان ئەم رایەیان هەبوو بەرامبەر بە ٣٦٪ لەوانەی کە دەنگیان دابوو بە دیموکراتییە مەسیحییەکان.. مرۆڤ دەتوانێ بڵێ چەمکی تەقلیدی سەدەی نۆزدە دەربارەی نەتەوە و دوای سەدەیەك لە یەکێتی ئەڵەمانیا هێشتا بە شێوەیەکی بەهێزتر لە هەر شتێکی تر لەناو چینی کرێکاردا هەرماوە.

ئەمەش ئەگەر دەلالەت لە شتێك بکات دەلالەت لەوە دەکات کە هزری ــ نەتەوە ــ کە دەردەچێ هەروەکو هێلکە شەیتانۆکە دەرچێنرێ لە سەدەڤ (دەوڵەت ـ نەتەوە)دا لە شێوەی لەرینەوەدا خۆی دەگرێ.. ئەمەش تەبعەن ئەوە ناگەیەنێ کە ئەڵەمان وازیان لەو باوەڕە هێناوە کە ئەڵەمانن.. بەڵام ئەوەی کە ئەوان باوەڕیان پێی نیە و لەوەشدا لەسەر حەقن ناواخنی سیاسی و شتی ترە (بۆ ئینتیمای ئەڵەمانی) (جەرمانی) توانای گومانکردنیش هەیە کە ئەگەر راپرسی دی لەم جۆرە لەبارەی (دەوڵەت ـ نەتەوە)ی مێژوویی دییەوە بکرێ هەر کاردانەوەی چەواشەی لەم شێوەیەی لی دێتەکایە. هەر بۆ نموونە پەیوەندی چیە لە نێوانی (ئینتیمای فەرەنسی) و فرانکفۆرتی (کە زاراوەیەکە لەم دواییەدا هاتۆتە ئاراوە ــ و بۆ یەکەم جار ساڵی ١٩٥٩ بەکار هات)؟ کاتێ کە جەنەراڵ دیگۆل رووی دەمی کردە خەڵکی کویبێك بەو پێیەی کە فەرەنسای دەرەوەن.. جا ئەگەر ئەوەی مەبەست بووبێ یا نا بەتەواوی (لەگەڵ بیروڕای ئێمەدا جیاوازبوو) لە تەعریفێکی تەقلیدی نەك زمانکاریدا بۆ ئینتیمای فەرەنسی.. بەو جۆرەش بیرکردنەوەی نەتەوەیی کویبکی (تا ئەم رادەیە و ئەو رادەیە دەسبەرداری زاراوەی نیشتمان بوو) سەرباری ئەوەش لە موناقەشەیەکی بێکۆتاییدا دەربارەی تایبەتمەندی و کەم و کوڕیەکانی زاراوەگەلێکی وەکو نەتەوە و گەل و کۆمەڵگە و دەوڵەت.. خۆی شپرزەکرد بەڵام (ئینتیمای بەریتانی) تاوەکو شەستەکان بە پێی یاسا و بەڕێوەبردن مەسەلەیەکی ئاسان بوو ئەوەی دەگەیاند مرۆڤ رۆڵەی دایك و باوکێکی بەریتانی بێ یا لەسەر خاکێکی بەریتانی بژی یا هاوسەری بەریتانییەك بێ یاخود ناسنامەی بەریتانی ببێ. بەڵام ئەمڕۆ وای لێهاتووە زۆر دوورە لە ئاسانیەوە.

هەموو ئەمانەش ئەوە ناگەیەنێ کە نەزعەی نەتەوەیی لە بواری سیاسەتکاری جیهانیدا ئەمڕۆ زۆر بەربڵاو نیە یاخود بوونێکی کەمتری هەیە لەوەی لە زمانێکی رابوردوودا هەیبوو.. ئەوەی مشتومڕی لەسەر دەکەین جوانتر بیلێین ئەوەیە کە هەرچەند بە دڵنیاییەوە بڵاوبۆتەوە لە لایەنی مێژووییەوە بایەخێکی کەمتری هەیە. ئەوە ئێستا وەکو جاران بەرنامەیەکی سیاسی گشتگیر نیە.. وەکو ئەوەی بلێین لە سەدەی نۆزدەو سەرەتای سەدەی بیستدا بەوجۆرە بوو.. لە باشترین بارودۆخدا هۆکارێکی ئاڵۆزییە یا هۆکارێکی یارمەتیدەری گۆڕانکارییەکانی دییە و تەسەور کردنی ئەوەش گران نیە کە مێژووی جیهانی سەدەی بیستەم بخاتەڕوو کە بەدەوری ئەورووپادا مۆڵی خواردووە بەو پێیەی جیهانی (بیناکاری نەتەوەکان) وەکو والتر بیجوت ئەنجامیدا.. هەتا ئێستا ئێمە بەم جۆرە مێژووی ئەو وڵاتە سەرەکییانە دەخەینەڕوو کە لە ئەورووپادا دوای ساڵی ١٩٧٠ هاتوونەتەکایە.. وەکو ناونیشانی کتێبی ئوجین فیبر (لە جوتیارگەلێکەوە بۆ فەرەنسیگەلێك) ئایا مەزنەی ئەوە دەکرێ یەکێك مێژووی جیهانی کۆتایی

سەدەی بیست و سەرەتاکانی سەدەی بیست و یەك بەم جۆرە دارشتنە بنووسێتەوە؟ ئەمە هەرگیز لە تواناداننییە.

بە پێچەوانەشەوە وا پێویست دەکات کە وەکو مێژوویەکی جیهانێك بنووسرێتەوە کە ناخرێتە بۆتەی سنووری ـ نەتەوە ـ یا (دەوڵەت ـ نەتەوە)وە.. وەکو باوە لە راڤەکردنیدا جا چ لەسەر ئاستی سیاسی و چ لەسەر ئاستی ئابووری یا لەسەر ئاستی رۆشنبیری یا تەنانەت زمانکاری. مێژووش بەر لە هەموو شتێك (دەوڵەتگەل ـ نەتەوە) و (نەتەوەگەل) یا کۆمەڵگەلی ئیپنی/ زمانکاری دەبینێ کە پاشەکشێ دەکەن بەرامبەر دووبارە کردنەوەی چۆنیەتی جیهان لەسەر بنەمایەکی سەرووی نەتەوەیی یاخود لەگەڵیدا رادێن یا تیادا دەتوێنەوە.. یا بەهۆیەوە هەڵدەوەشێن و نەتەوەگەل و نەزعەی قەومی لەم مێژووەدا بە پلەی دوو دەردەکەون و زۆرجار دەوری بچووکیان دەدرێتێ.

ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ کە مێژووی رۆشنبیری نەتەوەیی لە سیستەمی فێرکاری هەندێ وڵاتی دیاریکراودا بە تایبەتی وڵاتانی بچووك بەشێکی بەربڵاوی وەکو جاران دەشێ زیاتر لە جارانیان بەرنەکەوێ. هەروەها مانای ئەوە نیە کە بە شێوەیەکی عەمەلی لەناو چوارچێوەیەکی سەرووی ـ نەتەوەیی زۆر فراوانتردا هەردووکیان گەشەناکەن، وەکو ئەوەی رۆشنبیری کاتالۆنی گەشەدەکات هەر لەسەر بنەمای گریمانەی بەجێدا کاتالۆنیەکان خۆیان پەیوەندی بکەن بە بەشەکانی تری جیهانەوە بەهۆی زمانی ئەسپانی و زمانی ئینگلیزی یەوە.. لەبەر ئەوەی تەنیا کەمینەیەك لەوانەی کە لە کاتالۆنیادا ناژین، دەتوانن، زمانی ناوچەیی بەکار بێنن بۆ پەیوەندی کردن پێیانەوە.

وەکو باسمان کرد زاراوەی ـ نەتەوە ـ و ـ نەزعەی نەتەوەیی ـ بەس نین بۆ وەسفکردنی یەکێکی ئینگلیزی یا ئیرلەندی یا جوولەکە یا بە ئامێتەییەکی ئەم هەمووە دەبێتە تەنیا شێوازێك خەڵك ناسنامەی خۆیانی پێ وەسف دەکەن لە ناو ناسنامەگەلێکی تردا بۆ ئەم مەبەستە بەکاری دێنن و بە پێی پێویستی بارودۆخ.

کارێکی تریش ئەوەیە دەبێ لاف ئەوە لێبدەین کە ئەو رۆژە ئێستا نزیکە. لەگەڵ ئەوەشدا هیوامان وایە بەلای کەمەوە لە زەینماندا هەبێ. سەرباری هەموو شتێکیش تەنها حەقیقەتی ئەوەی مێژوونووسان بەلای کەمەوە دەستیان کردووە لە ئەنجامدانی پێشکەوتنێك لە شیکردنەوە و لێکۆڵینەوەی نەتەوەکان و نەزعەی قەومیدا..

ئەو ئاماژەیە وەکو زۆرجار وایە بۆ ئەوەی کە دیاردەکە لە ترۆپك سەری کردووە. هەروەکو هیگل دەڵێ کونەبەبووی (منیرفا)کە حیکمەت رادەکێشێ کاتێ تاریك و روون هەڵدەفڕێ ئەمە دروشمێکی باشە کەبە دەوری نەتەوەگەل و نەزعەی قەومیدا دەخولێتەوە.

# فیکری سیاسی لەنێوان ئەفلاتون و فارابی دا

لوقمان رئوف

ئەفلاتون یەکەمین کەسە کە سیستەمێکی سیاسی فەلسەفی لە کۆمارەکەی و پاشتر لە یاساکاندا داناوە ، بە تێروانینی ئەو کێشەی فەلسەفەی راستەقینە ، کێشەیەکی سیاسیە لە کۆمەلگە و ژیانی مەدەنیدا ، کە پێویستی بە سەر لە نوێ بنیاتنانەوەی بنەرەتییە ، لە پێناو دامەزراندنی سیستەمێکی نمونەییدا . ئەم تێروانینە فیکریە پەیوەندی بە ژیان و شارەزایە سیاسی و کۆمەلایەتی و هونەری و ئەدەبی و سەربازیەکەیەوە هەیە ، ئەفلاتون لە بنەمالەیەکی دێرینی سیاسی و کۆمەلایەتیە و شعری وتووە و شانۆگەری نوسیوەو لە بیکاری ڕەوانبێژیی و مۆسیقادا شتی هەبووە ، لە جەنگەکانی (بلوبوبیتیزن) کەلە( ٤٠٤ پ.ز) رویداوە بەشداریکردوە و لە بەر ئازایەتی خەلاتیشی وەرگرتوە ، لە پاڵ ئەمەش دا گەشتی زۆریکردوە لە پێناو زانستی و مەعریفەت دا ، لە وانە چوە بۆمیسر لەگەڵ ئەمەشدا نەهامەتی دەروونی چێشتوە بەهۆی کوشتنی سقراتی مامۆستایەوە ، کە بەهۆی هۆکاری سیاسیەوە بوو نەك فەلسەفی ، هەموو ئەمانەی پێشتر باسمانکرد تێروانینێکی فەلسەفی لای ئەفلاتون دروسکرووە ، لە ڕێگەیەوە چارەسەری نموونەی بۆکێشە سیاسی لە ناوشارەکەدا (دەوڵەتەکە ) ،utopia) داناوە ، لەکاتێکدا فەیلەسوفەکە هەر لەم جۆرە دەوڵەتەدا دەژی نەك لە دژەکانیدا ، هەروەها سیاسی لە درێژای سەردەمەکاندا بێبەش نییە لە خراپەکاری و گەندەڵی ، هەربۆیە ئەفلاتون دەبینێت کۆمارە تێوریەکەی لەسەر بنەمای زانست و مەعریفەت دامەزراندوە لەلایەکەوە لەلایەکی تریشەوە کۆنترۆڵ کراو بە عەقل و فەلسەفە، هەر بۆ ئەوەی پێکهاتەی بیری سیاسی لای ئەفلاتون تێبگەین ، پێویستە لەسەرمان بنیاتی فیکری ئەخلاقیش تێبگەین ، چونکە تێهەڵکێشی یەکترن ، چونکە سیاسەت جگە لە درێژەپێدانی سروشتی ئەخلاقی چیترنی یە ، ئەم پەیرەوە لەلای ئەفلاتون و پاشان ئەرستۆ و ئەواتیترەوە بەکارهێنراوە ، لێرەوە ئەفلاتون بانگێشەی سۆفستاییەکانی بەدرۆ دەخستەوە ، کە دژی یاساکانی ئەفلاتون و دەوڵەت بوون ، بەبیانوی ئەوەی کەداهێنانی لاوازەکانلە پێناو پاراستنی خۆیاندا ، بەرامبەر بەدەسەلاتی بەهێزەکان دەسەلات لای ئەوان هەمیشە مافێکی شەرعیە بەدەست بەهێزترەوە ، بەلام ئەفلاتون بە دەست هێنانی دەسەلات دەداتە دەست بەهێزی عەقل ، نەك هێزی درندەی دارستان . ئەم بەرپەرچ دانەوەیە لە پلەی سیاسەتی بەرزکردەوە ، چونکە زانستێکە پەیوەستە بە ئەفلاتون و یاساکانیەوە ، بەلام ئەبو نەسری فارابی (٢٥٧ – ٣٣٩ کۆچی/ ٨٧٠ – ٩٥٠ ز ) کەبەمامۆستای دووەمی فیکری فەلسەفی دوای ئەرستۆ دادەنرێت، یەکەمین فەیلەسوفە لە ئیسلامدا کە دوای پەیرەوی ئەفلاتون دەکەوێت لە ڕاکانیدا دەربارەی کۆماری خێرۆمەند و سیاسەتی کۆماردا ، ئەگەرچی ئەم کاریگەربونەشی ئەوە ناگەیەنێت کەبیری سیاسی کەری و لاسایکارانەی تەواوی دانابێت ، بەلام جۆرە حاڵەتێکی هاوبەش لەنێوان ئەفلاتون و فارابیدا کەلە دوو لایەنی خودی و بابەتیدا بەدی دەکرێت ژیانی فارابی هاوکاتی شڵەژانە سیاسیەکان و جەنگەکان بووە و بەغدادی بەجێ هێشتوە لە نێوان دیمەشق و میسرو حەلەب دا هاتوچۆی کردوە ، جگە لەگەشتەکانی بەدوای زانست مەعریفەتدا و لێهاتویەکانی لە زۆربەی بوارە فیکری وهونەری و سۆفیگەریەکاندا ، هەموو ئەمانەش کاریگەری لسەر دەروونی فارابی هەبووە ، بۆئەوەی کۆمارە خێرومەندەکەی لەشێوەی ئەوەی ئەفلاتوندا دابنێت ، لێرەدا لێرەدا جەخت لەسەر وشەی ( دەرونی ) دەکەمەوە ، نەك عەقلی ، بەبەلگەی ئەوەی فارابی هیچ پلەیەکی سیاسی نەبووە و بەشداریشی تێدا نەکردوە ، تەنها عەقلیەتی فەلسەفی وروژاندوە .دەوڵەت و گەل .– ئەو دەوڵەتی حەقەی کە ئەفلاتون دایمەزراندوە ، لەسەر بنەڕەتی دادپەروەری بوە وە شێوەیەکی گەورە کراوی تاکە ، چونکە مەبەستی ئەخلاقە ، دەوڵەتە ، نەك تاك ، بە واتایەکی تر تاك بریتی دەبێت لەشێوەیەکی بچوکی دەولەت و دەوڵەتیش بناغەی مەزنی ئەو تاکەیە ، چونکە هێزی قسەکەری تاك بەگەورەترینی هێزەکان دادەنرێ ، لە بەر ئەوە دەبێ فەلسەفە هێزی ڕاستەقینەبێ ، لە ئاڕاستەکردنی دەوڵەت و دەبێت سەرۆکەکەی فەیلەسوف بێت ، چونکە دادوەری لە تاك و دەوڵەتدا پێك نایەت ، گەر عەقڵ بالا دەست نەبێت بەسەریاندا ، ئەفلاتون ئەو دەوڵەتانەی دژ بە دەوڵەتی دادوەرین ، دابەشی کردوون بەسەر چوار جۆردا .–

١- دەوڵەتی ئاینی / ئەویش حکومەتی چینە ناوەڕاستەکانە کە ڕێگە بە موڵکایەتی تایبەت دەدات و بەهۆیەوە توشی تێك چون دەبێ ، ئەمەش سەربازەکان لەم چینەدا دەکاتە باشترین چین ، ئەمەش هاندەری توندوتیژی جەنگە .

٢- دەوڵەتی دەرەبەگەکان / ئەمەش دەرئەنجامی دەوڵەتی ئاینیەو تاکەکان ڕادەهێنرێن لەسەر کۆکردنەوەی پارە بەهەر شێوەیەك بێت و بەم هۆیەوە لەناو دەچێت و پیاوەتی سەرداریێتی تیانامێنێت تەنها دەوڵەمەندەکان دەمێننەوە بۆبەڕێوەبردنی ، چونکە لە هەرە چاکەکان دەبن .

٣- دەوڵەتی گەل / ئەمیش حکومەتی دیموکراسی و ئاژاوە گێڕییە ، چونکە هەژارەکان لە شۆڕشدا دەبن بەرامبەر دەوڵەمەندەکان بەهۆی نەبونیەوە حوکم و یاساکان بڵاو دەبنەوە بەسەر هەمواندا ، هیچ ڕژێم و سەرکردەیەکی دەسەلاتدار نامێنێت ، بەڵکو گەل وێ خۆی بەڕێوە دەبات .

٤- دەوڵەتی دیکتاتۆریانە / ئەمیش حوکمی زوڵم و زۆرو بەرژەوەندییە کەسیەکان ، بە شێوەیەك ئاژاوەو بارگرژی باڵادەست دەبێ بەسەر حوکمی گەلدا ، ئەمەش تاکێك لە کۆمەڵگادا بەرهەم دەهێنێت و هەموان وا دەزانن کە دەوڵەتی بەختەوەری بێ باج و زوڵم دروست دەکات .

هەروەها ئەفلاتون توێژەکانی کۆمەڵگای دابەش کردوە بەسەر سێ چیندا هەروەك دابەشکردنی دەرونی مرۆیی ، یەکەمیان چینی حاکمەکان بەرامبەر بە دەرونی قسەکەر.دووەمیان چینی کۆمەڵەی سەربازی کەبەرامبەر بە دەرونی تووڕە.سێیەمیان چینی کرێکاران کەبەرامبەر دەرونی ئارەزومەندەکان . لێرەدا فارابی زۆر جیاوازە لەگەڵ ئەفلاتون دا ، وە پێی وایە گەل وەك جەستەیەکی تەواو ڕاستە و هیچ چینێکی تیانیە ، بۆ ئەوەی لەیەك جیاببنەوە ، هەروەها زنجیرەکی خاوەن پلەن و لە سەرۆکی یەکەمەوە تا دووەم ، تاکۆتایی کە خزمەت دەکات و سەرۆکایەتی ناکات . گەل لەبنیات و ڕۆڵەکانیدا بە ڕای فارابی لە بونەوەرە سروشتیەکان دەچێت لە ڕوی پێکهاتن و پەیوەست بوون و ڕێکخستنەوە ، بەشێوەیەك کە هەموو بونەوەرێك بە پێی تواناو جێگەی کاردەکات هەر لەبەرزەوە بۆ خوارەوتر ، ئەمەش دەبێت بە پیشینەیەك تا دەگاتە ئەو بەشەی کە خزمەت دەکات و سەرۆکایەتیشی نیە .حاکم و سەرۆك .- ئەفلاون پێی وایە دەبێت حاکم تەنها فەیلەسوف بێت و بە نمونەی باڵای داناوە ، هۆی سەرەکیش لەمەدا فەیلەسوفەکە ، واتە تەنها فەیلەسوفە حاکمەکان دەبن بە نمونە ، نەك زوڵم و زۆر ، هەروەها کەسانیچك نین دەسەڵات بگرنە دەست ، لە پێناوی پارەو پلەو پایەدا بەڵك و مەبەستیان تەنها بەرژەوەندی گشتی یە ، ئەفلاتون بۆ دورتر لەمە دەڕوات لە وەدا کە چینی فەیلەسوفەکان دوورخستوتەوە لە ژن هێنانی ئافەرێتێکی دیاریکراو ، نەوەك ئەم کارە دوریان بخەنەوە لە ئەرك و لێپرسراوێتی دەوڵەت ، داوا دەکات ژنان لەبەر دەستیاندابن، بۆ ئەوەی باوك کوڕی خۆی بناسێت و نەوەك سۆزو بەزەییان کاریگەری هەبێت لەسەر عەقلیەتی حاکم وە ڕژێمەکان ، بەڵام ئەم توندو تیژیەی کەئەفلاتون دەریدەبڕێت بەرامبەر ڕژێمی فەیلەسوفە سەرکردەکان لە بەرامبەردا ساردو سڕی دەنوێنێ ، دەربارەی زۆرینەی خەڵکی و ئەوەندە ئاوڕی لێنەداونەتەوە و هیچ سیستمێکی بۆ دانەناون ، تەنها بانگەشەکردنیان نەبێ بۆ شوێن کەوتنی ئاکارە میللیە باوەکان و پەیوەست بوون بە دابونەریتە بۆماوەکان .

فارابی باسی چۆنێتی کەسایەتی سەرۆکمان بۆ دەکات کە دەبێت چۆن بێت ؟

ونابێت هەموو مرۆڤێکی ئاسایی ببێت بەسەرۆك، چەمکی سەرۆکایەتی لای ئەم لە دوو شێوەدایە ، یەکەم/ سەرۆك لەرووی سروشت وتێڕوانینەوە ئامادەبێ بۆی ، دووەمیش/ ئامادەبێت بۆسەرۆکایەتی لە ڕوی تواناو ئیرادەو شێوەو بەسەرۆکی یەکەمی دادەنێت ، بەکورتی سەرۆکێك نیە بەتەنها پلەیەکی سیاسی باڵای هەبێت لە دەوڵەتە پایە بەرزەکەی فارابیدا ، بە کەڵك مامۆستایەکی ئەخلاقی و فەیلەسوفێکی نمونەیی و پێغەمبەرێکی ئاینی بێت ، نموونە بێچت بۆ هەموو تاکەکانی کۆمەڵگە وەکو یەك ، ئەم سەرۆکە یەکەمە لەیەك کاتدا سەرۆك و پێغەمبەرە.ڕژێم و پەروەردە .- ئەفلاتون پێ وایە مرۆڤی نمونەیی ئەوەیە کەبە هێزە عەقلیەکانی کۆنترۆڵی تورەو ئارەزوەکانی دەکات ، هەربۆیە ڕژێمی دەوڵەتی نمونەی دەبێت ، گەرچی حاکمەکان باڵا دەستبن بەسەر هەردوو چینی سوپاو کرێکاراندا ، هەروەها ڕژێمی دەوڵەت لێپرسراوە لە پەروەردەکردنی تاکەکان و بنیاتنانی نەوەیەکی دادپەروەردا ، هەرلەگەڵ لە دایکبونی منالانەوە ( نێرومێ ) دەوڵەت بەخێویان بکات ، دوای ئەوەی لەکەسوکاریان جیا دەکرینەوە ، دواتر بخرێنە چینەکانەوە لە ڕێگەی دانانیان لە جێگەی خۆیاندا خوێندنیان لە هەموو هونەرو زانست و وەرزشدا و ئەوەی تیایا دەرنەچێت ، ئەوا دەوڵەت پلەو کاری بەسەردا فەرز بکات و بەکاری خۆیەوە سەر قاڵ بێت لە کۆمەڵگەدا ، ئەم سیستم و ڕژێمە پەروەردەییە تاکەکان دەگەیەنێتە تەمەنی پەنجا ساڵی لێرەوە ئەرکی کۆتای دێت ، تا ئەو کاتە ژمارەکی کەم

دەگەنە پلەو چینی فەیلەسوفە حاکمەکان بەم شێوەیە تەمەن و شارەزایی پاکیان دەکاتەوە و دەرونیان پڕ لە زانست و مەعریفەت دەبێت ، بە شێوەیك کە شایەنی پلەی نمونەی وبالأبن لەسەرۆکایەتی دەولەت و پاراستنی رژێمە پەروەردەیی و فێرکاریەکەی فارابی بە حوکمی بیروباوەڕە ئیسلامیەکەیەوە ، رژێم و فێرکردن لای ئەم بەشێوەیەکی جیاوازە لە ڕژێمی ئەفلاتون ، بەلأم ئەم ئاماژە بەوشتە هاوبەشانە دەکات کە دەبێت هەموو خەلکی دەولەت ( کۆماری خێرۆمەند ) بیزانن ، ئەویش تیورە فەلسەفیەکانێتی کە تیایدا دەبێ ، هۆی یەکەم و ئەوەی پێی وەسف دەکرێت بزانرێ ، هەروەها شتە جیاوازەکانی مادەو کرۆکە و بناغە ئاسمانی سروشتیەکان و زانینی دەرون و تواناکانی و زانینی سەرۆکی یەکەم لەگەلْ کۆماری خێرۆمەندو دژە شارەکانی ......هتد.

١– بێگومان جیاوازی لە ڕاو بۆچوندا لە نێوان ئەفلاتون و فارابیدا هەیە و نزیك بون و دورکەوتنەوەش هەیە . دەولەت و گەل لای ئەفلاتون لەشێوەی بنیاتێکی هەرەمیدایە ، لەوانەیە لەبەر ئەوە بوبێت باوەڕی بە گۆڕانی جۆری کارەکە نی یە هەر بۆیە چینی کرێکاران هەر لەخوارەدەبن وئەگەر چی ئەرستۆ لە دواییدا گۆڕانێکی تێدا کرد ، بەلأم ئەم چینە هەروا مایەوە ، ئەگەر شۆڕشی کۆیلەکان لە رۆما بە نمونە وەرگرین ، کەبونە بەشێك لە کارە فیکریەکانی (کارل مارکس ) ئەبینین مارکس بەشێوەیەکی سەرەکی چینێکی بالأ دەست کردوە بەسەر چینێکی تردا ، بەمەش بنیاتە هەرەمیەکەی ئەفلاتونی سەرەو خوارکردوتەوەو هیچی تر ، واتە بەتەواوی کێشەی سیاسی لە میکانیزمی کۆمەلأیەتیدا چارەسەرنەکردوە ، هەربۆیە دەبینین فیکری مارکسی دوای کۆششی ( ٧٠ ) سالْ جێبەجێکردنی ( ڕوسیا ) هەلوەشایەوە ، دواتر لە ڕۆژهەلأتی ئەوروپا ڕوخانی خێرای شوعیەت لە ( ١٩٩١ ) دا .

٢– هەرچەندە فارابی بەوە ناسراوە کە جیاوازی چینەکانی ڕەتکردوتەوە ، بەلأم لێکچواندنی ( تەن ) لە ئەرستۆوە وەرگرتوە ، بەلأم فارابی وشەی (شار) بەکار بهێنێت بە کاریگەری ئەفلاتون .

٣– ئەگەرچی بەڕای ئەفلاتون دەبێت سەرۆکی دەولەت فەیلەسوف بێت ، بەلأم فارابی زیاد٣ی هەلچو ) بۆ هەموو شتە گونجاوەکان ، بەم شێوەیەش لە ڕێوڕەسمی ئاینی و شەرعیەت دەرچووە .

٤– ئەفلاتون دەولەتەکەی یەکەیەکی ئەو تۆ داناوە ، کە پەیوەندی تاك بە دەولەتەوە لەسەر بنەڕەتی دادوەری تاك لە دەولەتدا دامەزراوە ، هەرچەندە ئەرستۆ کاریگەریەکان و شوێنی لەسەر تاك بۆ زیاد کردبوو، بەلأم دەبینین ئەم پرەنسیپە دابەش کراوە بەسەر فەلسەفەی وجودی و مارکسیدا ، یەکەمیان هەردوو لایەنی باوەڕهێنەرو و بێ باوەڕدار لەلای دامەزرێنەرەکەیەوە ( سورین کیر کیجارد ) هەر لە دەوری تەوەرەی (من) لە تاکدا دەسوڕایەوە ، دووەم پێی وایە دادوەری لە دەولەتدا ئامانجی دادوەریە لە تاکدا .

٥– فارابی هەموو ئەو بیروڕایانەی ئەفلاتونی پشت گوێ خستوە کە لەگەلْ هەلسوکەوتی ئاینی خۆیدا ناگونجێ ، بە تایبەتی بالأ دەست بوونی حاکمەکان و سەرەڕۆی ژنان لە ڕوی سێکسیەوە ، هەروەها بەسەرمندالأن و ژن لە کاری پیاودا و قۆزتنەوەی پارەو خۆشەویستی ئەفلاتون ، باشتر وابوو فارابی ئەمانەی دەربخستایە و بەرپەرچی بدایەتەوە ، کە لە کاتێکدا زۆر بیروڕای ئەفلاتون و ئەرستۆی باس کردوە .

٦– لە کۆتایشدا دەلێن فیکری سیاسی لای هەردوو فەیلەسوف لە دووتوێی کتێبەکاندا ماوەتەوەو جێبەجێکردنی بەخۆیەوە نەبینیوە ، چونکە دەولەتە نمونەییەکەی ئەفلاتون لە ئاسمانەوە نزیك بووە ، زیاتر لە زەوی ، هەچەندەش لە دەولەتی پاساکاندا ، پاساو سەربازی زۆرەملێ ی زیادکردوە و لابردنی بەربلأوی ئازادی سێکسی ژنان و دان پیانانی منالأنی زیادکردوە و بانگەشەی بۆ جێبەجێکردنی سۆشیالیستیانەی کردووە لە دابەشکردنی سەروەتەکان بەسەر هەمواندا ، هەروەها شتی تری ئیجابی زیادکردوە ، بەلأم سیاسەتەکەی هەلا لە واقیعەوە دوربون ، جگە لەو سیاسەتی فارابی لاوازو ناتۆکمەو بێ واقعیەت بووە ، چونکە سۆفیەکی بووە و حەزی لە دوورەپەرێزی بووە ، بۆیە فیکرە سیاسیەکانی وەکو کەسایەتیەکی دورەپەرێزی ناو کۆمەلگە دەرکەوتوون .


سەرچاوەکان

١- افلاطون ...... عبدالرحمن بدوی
٢- فارابی ........ د. مصطفی غالب
٣- فارابی......... المدینە فاضلة
٤- السوفسطائی او السیاسي افلاطون...... لویس کامب بل .

# پێویستە چرای تیشک لەبنەهاتووی عەقڵانییەت خامۆش نەکرێ

د. محەمەد عابد جابری
و/ محمد سالار

ئێمەی خەڵکی رۆژهەلات بەکوردو عەرەب و فارس‌و، کەلەپوورو کلتورو داب و نەریتمان لەیەکدەچێت، هەروەك بیروبۆچوون و تێڕوانیمان کاریگەرییان لەسەر یەك هەیە بۆیە زۆرجار کە نووسراوێکی یەکێك لەبیرمەندە عەرەبەکان دەخوێنمەوە خۆمانم بیردەکەوێتەوەو حەزدەکەم بەپەلە وەریگێڕمە سەر زمانی کوردی دیارە وەرگێڕانیش کارێکی ئاسان نییەو، گرانە وەرگێڕ بتوانێ حەقی خۆی بداتێ، بەلام هەرچەند دژواربێت ناکرێ پشتگوێ بخرێ و بەلکو پێویستە بە بەردەوامی هەوڵبدرێ بۆ پێشخستن و گەشەکردنیش، چونکە وەرگێڕان گرنگترین بنەمایە لەبنەماکانی پێشکەوتنیرەوڕەوەی شارستانی و دەولەمەندکردنی کلتورو رۆشنبیری تا ئاستێك دەتوانین بلێین:
ئەگەر شارستانیەت و مەدەنیەت و پێشکەوتن شارێکی جوان و دلفڕێن و شورەداربێت ئەوە بەدلنیایی وەرگێڕان دەروازەی ئەو شارەیە.
کاتێك سەرگەرمی خوێندنەوەی کتێبێك بووم لەکتێبەکانی بیرمەندو فەیلەسوفی هاوچەرخ محەمەد عابد الجابری بەناونیشانی (التراث والحداثة) هەرپەرەیەکەم دەخوێندەوە حەزم دەکرد بمکردایە بەکوردی، هەتا هەموویم خوێندەوە، بەلام ئاشکرایە ئەم جۆرەکانە شاکارن و دەتوانم بلێم وەرگێڕانیان بەو مەرجانەی کە هونەری وەرگێڕانیان بەو مەرجانەی کە هونەری وەرگێڕان دیارییان کردووە ئەگەر مەحالیش نەبێت ئەوە بێگومان ئەوپەڕی گرانەو کاری رۆژو حەفتەو مانگ نییە. منیش هاتم ئەم چەند دێڕەم لێوەرگێڕا کە پێم وایە زۆر بەچڕو پڕی گوزارشت لەتێڕوانین دیدی خۆی ئەدات دەربارەی (نوێگەری و کەلەپورو عەقلانییە..) ئاماژە بەوەیش ئەدات کە نوێگەری لای ئێمە وەك نوێگەری ئەوروپانییە راپەڕین و رۆشنگەری و نوێگەری یەك لەدوای یەك هاتبن لەچەند قۆناغ و سەردەمێکدا بەلکو لەجیهانی عەرەبیدا (راپەڕین و رۆشنگەری و نوێگەری) هەرسێکیان تێك ئالاو پێکداچوو هاوکاتن، هەروەها رای وایە کە نوێگەری بەر لەگشت شتێك عەقلانییەت و دیموکراسیەتە. واتە مامەلەکردنێکی عەقلانی رەخنەگرییە لەگەڵ هەموو دیاردەکانی ژیاندا.
نابێت وەك هەندێ لەبالە رۆژئاواییەکانی نوێگەری دژی عەقلانیەت بوەستین چونکە ئاشکرایە کاریگەری عەقلانییەت لە رۆژئاواو سەپاندنی هەژموونی خۆی بەسەر هەموو بوارەکانی ژیاندا رەوشێکی زۆر جیاوازەو تەنها تایبەتە بەرۆژئاواوە.
کەوابوو پێویستە بزانین کە چەمکگەلی وەك نوێگەری و دیموکراسی و عەقلانی.. هتد هەر هەموو بەگوێرەی واقیع و رەوشی کۆمەلگاکان کاریگەری و رەنگدانەوەیان دەبێت، گەر بشێت لێرەدا وتەزایەکی شێخ جونەیدی بەغدادی بۆ روونکردنەوە دەخەمە بەرچاو کە دەفەرمووی: (لون الماء لون

انائە) واتـە ئاوبكرێتـە هـەر دەفرێكـەوە ئـەو رەنگـی ئـەو دەفـرە دەگـرێ، هەرچـەند بـەغـدادی لێـرەدا مەبەستی حاڵاتێكە كە تەنها یەك حاڵە بـەڵام رەنگدانـەوەو كاریگـەری لەعاریفێكـەوە بۆ عـاریفێكی تـر دەگۆڕێ، لەبەر ئەوەی هەموو عاریفێك وەك یـەك نـین لەبـەردەم ئـەو حاڵاتانـەداو هەنـدێكیان بەرگـەی ناگرن و تووشی شەتەح دەبن یان هەرەس دێنن.

هەروەها وەرگرتنی چەمكی (نوێگـەری و دیموكراسـی و ناعـەقڵانی..) جێبـەجێكردنیان پێویـستە دوای تێگەیشتنیان بێت بەو شێوەیەی كەپێویستە نەك تەنها لاسایی كردنەوەبێت. كاتێك لەعەمیدی ئەدەبی عەرەبی تەها حوسەین دەپرسن رات چۆنە دەرباری ناعەقڵانی؟

ئەوەیش بەكورتی وەڵامیان دەداتەوەو دەڵێ:

من یەشتا بەتەواوەتی لەعەقڵانییەت تێنەگەیشتووم تاكو بناڵێم لەناعەقڵانییەتەوە.

لەڕاستیدا كاتێك ئێمە لەجیهانی عەرەبیدا باس لەنوێگەری دەكەین نابێت وەك رۆشنبیران و بیرمەندانی ئەورووپا لەنوێگەری بگـەین، مەبەسـتم ئەوەیـە نابێـت وا لـە نوێگـەری تێبگـەین كـە قۆنـاغێكـە قۆنـاغی (رۆشنگەری) و (راپەڕینی) رەتكردووە.

چونكە لەڕاستیدا نوێگەری لای ئێمە وەك لەچوار چێوەی رەوشـی ئێستاماندا دیاریـدەكرێ راپـەڕین و رۆشنگەریشەو رەتكردنی هەردووكیشیانە لەهەمان كات دا، جا ئەو بڕبڕە پشتەی كە پێویستە تـەواوی دیـاردەو خەسـڵەتەكانی نوێگـەری تیـادا رێكبخـرێ و دابمـەزرێ ئـەوە بـەدڵنیایی عەقڵانیـەت و دیموكراسییەتە.

دیارە عەقڵانییەت و دیموكراسیەتیش كوتاڵ و كەلوپەل نییە لەوڵاتێكی ترەوە بهێنرێت بەڵكو ئـەم دوو چەمكە پراكتیك كردنە بەگوێرەی بنەما گەلێك.

لەڕاستیدا ئێمە لەو باوەڕەداین هـەتاكو بەشێوەیەكی كـرداری عەقڵانیـەت لەكەلەپورمانـدا پراكتیـك و بەرجەستە نەكەین و هەروەها هەتا بنەڕەت و نـەژاد گـەلی ستەمكاری و تـەواوی دیاردەكـانی ناشـرین نەكـەین و ئـابڕوی هـەر هـەموویان نەبـەین لـەناو ئـەم كەلـەپورەدا ئـەوە بـەدڵنیایی هـەرگیز نـاتوانین سـەركەوتن بەدەسـت بهێـنین لەدامەزرانـدنی نوێگەرییەكـدا كـە تایبـەت بێـت بەخۆمانـەوە، واتـە نوێگەرییـەكی وەهـا كـە لـەڕێگای ئـەو نوێگەرییـەوە دابەزینـە نـاو نوێگـەری هاوچـەرخی جیهانییـەوە بەشێوەیەكی كاریگەرانە نەك تەنها بەكارلێكراوی.

هەندێك هەن لەنوێگەریزمان دەڵێن ئێمە ئەو نوێگەرییە جیهانییەی كـە هەیـە كـوت و مـت وەریـدەگرین وەك ئامـادەبونێكی سـەربەخۆ كـە خـودی بەسە بۆخـودی خـۆی. هەرچـەند ئێمـە گومـان مـان هەیـە لەدروستبوون و هاتنـەڕووی ئـەم رەوشـە (الوضـعیة) رەوشـی رۆشـنبیرێك كـە نوێگەرییـەكی وەهابـژی خـودی ئـە و نوێگەرییـە بەسبێت بـۆ نوێگەرییەكـە، لەڕاسـتیدا ئێمـە وەك وت و وێـژێك (جـدلا) ئـەم پێشنیارە قبوڵ دەكەین بەمەرجێك كارەكە پەیوەندبێت بەچارەسەركردنی كێشەی چـەند كەسێكەوە.

لەڕاسـتیدا ئـەو كەسـەی ئـەم تێـزە دەخاتـەڕوو كارەكـە بـەپێوەری خـۆی پێوانـە دەكـات و هـەروەك كێشەكەیش بچووك دەكاتەوەو دەوری دەگەڕێ و دەیخاتە ناو بازنەو چوارچێوەی بارودۆخ و ئەزموونی تایبەتی خۆیەوە دەكرێ ئەمە هەڵوێستێكی نوێگەرییانە بێت لەدیدی هەندێك كەسدا بەگوێرەی ئـەوەی كە نوێگەری گرنگی بە بەهای تاك دەدات وەك تاك كەوابوو ئەمـە هەڵوێـستێكی تـاك گـەرایـە. ئێمـەیش ئەم تێزە بەهەڵە دەزانین: چونكە ئەگەر كارەكە بەم شێوەیە بێت ئەوە ئەو كەسانە هەرگیز هەستیان بەوە نەدەكرد كە پێویستە رەخنە لەكەسێكی تـر بگرن كـە بـە كەلـەپوورە (التراث) وە خـەریكن، كـەوابوو ئـەوان

کاریان چیە بەسەر کەسانێکی ترەوە ئەگەر نوێگەری هەڵوێستێکی تاك گەرییە بەو واتایەی ئەوان دەیخەنە ڕوو؟

نەخێر، لەڕاستیدا نوێگەری نییە تەنها لەو ڕووەوە نەبێت کە پەیوەندە بەهەڵقولاندنی گیانی ڕەخنەگری و داهێنانەوە لەناو کلتورێکدا، بەگوێرەی ئەوەی کە ڕەخنەگری و داهێنان هەردووکیان کرداری تاك گەرایین و ، چەند تاکێك پێی هەڵدەسن و ئەنجامی دەدەن بەسیفەتێك کە تاکن نەك بەسیفەتێك کە کۆمەڵێکن. بەلام لەگەڵ ئەوەیشدا نوێگەری هەڵوێستێکی نێگەتیڤ و دابڕان لەکۆمەڵ و گۆشەگیری و دەرکەناری نییە.

لەڕاستیدا نوێگەری لەگەڵ ئەوبایەخە گەورەیەدا کە ئەیدا بەتاك وەك بەهایە بۆخودی تاکەکە، ئەمە لەپێناوی خودی نوێگەریدا نیە. بەڵکو ئەمە بە بەردەوامی لەپێناوی شتی تردایە، لەپێناوی بەگشتی کردنی ئەو کەڵچەرەدایە (الثقافة) کە لەنوێگەرییەوە هەڵدەقولێ، لەڕاستیدا نوێگەری لەپێناوی نوێگەریدا هیچ واتایەکی نییە، بەڵکو نوێگەری پەیامێکە لەپێناوی مۆدێرنەکردندا، واتە مۆدێرنەکردنی زەین و مۆدێرنەکردنی پێوەرە عەقڵی ویژدانییەکان. جا هەرکاتێك ئەو کەڵچەرەی باو بڵاوبوو کەڵچەرێکی کەلەپووری بوو ئەوە پێویستە وتاری نوێگەری بەر لەهەموو شتێك یەکەم جار ڕوو وەرچەرخێنی بۆ لای کەلەپوور واتە پێویستە نوێگەری ڕووی وتاری بکاتە کەلەپور بەئامانجی چاوپیا خشاندنەوەو خوێندنەوەیەکی نوێی کەلەپوورو هەروەها خستنەڕووی تێڕوانینێکی هاوچەرخ و مۆدێرنیتانە بۆکەلەپور جاوەرچەرخاندنی ڕووی نوێگەری بە وتارو بەرنامەو تێڕوانینییەوە بۆ لای کەلەپور ئالەم بارودۆخەدا ئەوەدەگەیەنێ کە نوێگەری وتاری خۆی ئاڕاستەی گەورەترین بەشدەکات لەڕۆشنبیران و فێرخوازان، بەڵکو ئەوە دەگەیەنێ کە وتاری خۆی ئاڕاستەی هەموو گەل دەکا. ئابەم جۆرە دەتوانێ پەیامەکەی خۆی رابگەیەنێ و ئەرگی سەرشانیخۆی ئەنجامبدا. بەڵام کەنارگیری لەتاکگەرییەکی ئەرجسیدا بێگومان سەردەکێشێت بۆ نامۆییەکی خۆکوژو هەروەها بەپەراوێزبوونێکی زاتی.

کەسانێك هەن لەلای ئێمە کە بانگەشەکەری نوێگەرین و دروشمی دیموکراسیان بەرزکردۆتەوەو دەیانەوێ واتای دیموکراسی کورتکەنەوە و تایبەتی کەن بە ئازادی تاکەوەو هیچی تر، لەهەمان کاتدا ئەمانە عەقڵانییەتیش ڕەتدەکەنەوە بە بیانگەی ئەوەوە کە گوایە عەقڵانییەت (یاساو سیستەم) دەسەپێنێ و (ئازادیش کۆت و زنجیردەکات، ئەمانە لەم کارەدا لاسای هەندێ لەباڵە نوێگەرییەکانی ڕۆژئاوا دەکەنەوە بەبێ ئاگای و گێلی یان خۆگێلکردن لەو جیاوازییە گەورەیەی لەنێوان ڕەوشی ئێمەو ڕەوشی ڕۆژئاوادا (وضعیتنا و وضیعة الغرب) هەیە. بەڵێ لەڕاستیدا لەڕۆژئاوادا عەقڵانییەت هەموو بوارە جۆراو جۆرەکانی ژیانی گرتۆتەوەو، بوارە کۆمەڵییەکان و بوارە تاك گەرییەکان، بەڵێ عەقڵانییەت لەڕۆژئاوادا دەستی گرتووە بەسەر تەواوی پەیوەندییە مرۆی و ئەندێشەو بۆچوونەکاندا، هەروەك هزرو هەڵس و کەوتیشی خستۆتە ژێر دەسەڵات و هەژمونی خۆیەوە. لەڕاستیدا ڕێکخستن و کۆنترۆڵکردنی ئابوری و بەڕێوەبەرایەتی دەزگاو دامەزراوە دەوڵەتییەکان لەلایەن عەقڵانییەتەوە کاریگەرییەکەی تەواو ڕەنگی داوەتەوە لەسەر هەموو بوارەکانی ژیان، چ ژیانی بەکۆمەڵی و چ ژیانی تاك.

لەڕاستیدا شۆڕشی تەکنەلۆژی و زانیارێتی هات بۆ ئەوەی مۆرکی سیستەمی بسەپێنێ بەسەر هەموو شتێکدا لە ژیانی مرۆڤدا هەتا ئەو ئاستەی کە مەترسی خستە سەر بەهای مرۆی نەك هەر ئەوەندە بەڵکو مەترسی خستەسەر تایبەتی و خەسڵەتەکانیشی وەك بوونەوەرێکی ئازاد، تەنها بەمەیشەوە نەوەستا بەڵکو عەقڵانیەتی ڕۆژئاوا لەزۆربەی بوارەکاندا لەسنوری خۆی دەرچوو بەشێوەیەك کە زانست و تەکنەلۆژیای خستە ژێردەستی خۆی، ئەو زانست و تەکنەلۆژیایەی کە بەلای هەڵوێستی

عەقڵانییەوە پێویستە بۆ خزمەتکردنی ئازادی و سەربەستی مرۆڤ و مافەکانی گەل بەگەڕبخرێن بەپێچەوانەوە عەقڵانیەتی رۆژئاوا ئەزموونی خۆی بەسەر هەموویاندا سەپاندو خستنێ گەڕ بۆ وەبەرهێنانی هۆکارگەلێکی وێرانکاری کۆمەڵی کوژی و قەڵاچۆکردن هەروەك بەردەوام بوو لەسەر داهێنانی جۆرەها هۆکارو چەکی کۆ کوژی و وێرانکاری هەروەها گەشە پێدانی لەرووی چۆنێتی بەکارهێنانییەو، ئەوەبوو کاردانەوەو بەرتەکی (رد الفعل) مرۆڤ سروشتی و مۆدێرنەیشی لەیەك کاتدا یاخی بوون بوو لەو تاجەی ناعەقڵانی خستێ سەر هەرەمی عەقڵانییەتی نوێ. جا ئەم یاخی بوونە لەبەر هۆکار گەلێکی جیاواز کە زۆربەیان هۆکاری خودی (زاتی) بوون وەك شکست هێنان لەجەخت کردن لەسەر خود (الذات) لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە بووە هۆی ئەوەی هەندێك کەس خۆیان بدەنە دەست گۆشەگیری تەسەوف ئاینی و هەندێکی تریش بکەونە ناو چنگی بێ باوەڕی و لادینییەوە دواتر وەرگرتنی هەڵوێستی نەیاری و دژیاتی بەرامبەر سەرجەمی عەقڵانییەت.

جا هەندێ لەبانگەشەکەرانی نوێگەری لای ئێمە ئەم هەڵوێستە ناعەقڵانییەیان وەرگرتووە لەبەرئەو هۆکارانەی لەسەرەوە ئاماژەمان بۆ کرد ئەوانیش بەم کارە لاسایی هەڵوێست گەلێکیان کردۆتەوە کە لەواقیعی ئێمەدا شتێك نییە جەختی لەسەر بکات و بەڕەوای دانێ.

چونکە لەڕاستیدا واقیعی عەرەبی ئێستا دووچاری جۆرە ئەزمونێکی تربووە لەناعەقلانییەت کەتەواو جیاوازە لەو جۆرە ئەزموونەی لەئەورووپای هاوچەرخدا پیادەو بەرجەستەکراوەو لەتەتویجکردنی عەقڵانییەتەکەیدا (تتويج علاقلانيتها) خۆی دەنوێنێ، لەڕاستیدا ئەو ناعەقڵانییەی ئێمە لەڕووی مێژووەوە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمەکانی ناوەڕاست بەهەموو ئەو خەسڵەتانەوە کە لەو سەردەمانەدا پیاداو بەرجەستەبوون لەسنوور بەزاندنی هەڵسوکەوتی چینی ژێردەستەو زەبرو زۆری دەسەڵاتداران چ لەسەرئاستی ژیانی فکرییەوە چ لەسەرئاستی ژیانی کۆمەڵایەتی.

جا لەبەردەم ئەم جۆرە ناعەقڵانییە دواکەوتووەدا بۆ رووبەڕووبوونەوەی بەتەنها بەرجەستەکردن و دابەزینی عەقڵانییەتە لەو مەیدانەدا کەئەوپەڕی پێویستە وەك چەکێك کەئەنتەرناتیڤی نییە،

ئایا دەکرێ نوێگەری جێبەجێی بکرێ و بخرێتەگەڕ بەبێ چەکی عەقڵ و عەقڵانییەت؟ یان دەکرێ راپەڕین ئەنجامبدرێ بەبێ بوونی عەقڵێکی بەئاگاهاتووی چوست و ئامادە؟..

بەدڵنیای دژیایەتیکردنی عەقڵانییەت و تانەلێدانی، لەبارودۆخێکدا وەك بارودۆخی ئێمە، هەڵسوکەوتێکە کە لەدەرەوەی شەوەزەنگی ناعەقڵانییەتدا جێگای نییە، واتە ئەوکارە بەتەنها لەناو تاریکی ناعەقڵانییەتدا جێگای دەبێتەوە، دیارە هەرکەسێکیش پێی بخاتە ئەو شەوەزەنگەوە ئەوە فەرمانی کوێری دەدات بەسەر خۆیداو بینای خۆی لەدەستدەدات.

لەڕاستیدا عەقڵانییەت چرایەکە، نەبێت مرۆڤ تەنها لەناوەندی تاریکیدا هەڵی بکات و پێویستی بێت بەڵکو هەندێك جار ناچاردەبێت لەڕۆژی رووناکدا ئەو چرایە هەڵکات و پێوەی بگەڕێ.

کەوابوو پێویستە چرای تیشك لەبنەهاتووی عەقڵانییەت خامۆش نەکرێ و هەمیشە بگڕێ

<u>سەرچاوەکەی: کتێبی (التراث و الحداثة) د. محمد عابد الجباري</u>

# گەشتی ڕوناکبیریی گەشتی ڕوناکبیریی گەشتی ڕوناکبیریی گەشتی ڕوناکبیریی

گەشتی ڕوناکبیریی گەشتی ڕوناکبیریی گەشتی ڕوناکبیریی گەشتی ڕوناکبیریی
گەشتی ڕوناکبیریی گەشتی ڕوناکبیریی گەشتی ڕوناکبیریی گەشتی ڕوناکبیریی

سەرپەرشتی/ کاوە حاجی عزیز

- پێشگەشت.
- هەشتەمین فیستیڤاڵی گەلاوێژ.
- وێنەیەک بەپێنووس.
- نەدەبنامە.
- کتێبنما.
- ڕۆماننووسی ژاپۆنی هاروکی موراکامی.
- ئاگاداریەک لەلقی کەرکوکی بنکەی ئەدەبی و ڕوناکبیری گەلاوێژ.
- کەنار.

پێشگەشت

# دوو کتێب و دوو پرسیار

سەرەتایی هەشتاکان بوو ، ئەو دەمەی نەوەی ئێمە تازە بەتازە دەستمان دابووە خوێندنەوە ، زۆربەی خوێنەری کوردی ئەو کاتە ، ئەگەر گفتوگۆی ڕوناکیریمان بکردایە یەکسەر باسی دوو کتێب دەکرا کە عەقلی یەکترو مەودای ڕۆشنبیری یەکترمان پێ دەپێوا، کتێبەکانیش ئەم دووانە بون کە ساڵی ١٩٧٩ لە زانکۆی سلێمانی ئەو دەمە چاپ کرابوون " (فەلسەفەیی جوانیو هونەر) لە نوسینی ( کەمال میراو دەلی ) و لەگەڵ کتێبەکەی ( حەمید عەزیز سەعید ) کە ناوی (سەرەتایەك لە فەلسەفەی کلاسیکی یۆنان ) بوو .

ئەو دوو کتێبە بە ئێستاشەوە بەهای خۆی هەیە و دڵنیاشم قورسایی خۆی هەر لە دەست نادات‌و بۆ ئەو کاتە لەسەر ئەو مەسەلە فکریو فەلسەفیانە پانتاییەکی یەکجار گەورەی لەلای خوێنەری کورد داگیر کردبوو، لێرەدا سەنگی خوێنەر بگرە نوسەریش بۆ ئەو دەمە دەخەمە ڕوو، وە تاچەند ئەو دووکتێبە کاریگەر بوون‌و دەستاو دەستیان دەکرد، کەچی ئێستا لەوانەیە ساڵانە ئەگەر نەڵێم مانگانە، هەفتانە ! دەزگاو بنکەو خانەو بەڕێوەبەرایەتیەکانی چاپو بڵاوکردنەوەی کوردی لەوانەیە تاکو ئێستا چەندین کتێبی نایابو پڕ بەهایان بەو جۆرە چاپکردبێت . ئەگەر چی بە بارتەقای ئەو کتێبە باشانە چەندین کتێبی لاوازو پەڕە ڕەشکراوی بێ بەهاش چاپکراون ! بەڵام دەپرسین خوێنەری ئێمە لە کوێدان، وەرن تەنها سەیری تیراژەکان بکەن لەگەڵ کەمی ژمارەشدا هێشتا گەلێك کتێب دەمێنێ و خوێنەر لێی ناپرسێت، بگرە زۆر ناوەندی روناکبیری ئێمە هەیە کەم ئاوڕ لە توێژینەوەو خوێندنەوەی کتێبە باشەکان دەدەن، ئایا ئەمە نابێتە جێگای پرسیارو تێڕامانی یەکتر ؟ ئایا ئەمە ئەوە ناسەلمێنێ کە خولیای خوێندنەوە لا تەریك بووەو عاشقانیان ڕوو لە کەمی دەکەن ؟

# هەشتەمین فێستیڤاڵی گەلاوێژ



ڕۆژی شەممە ٢٠٠٤/١٢/٤، بنکەی ئەدەبیو ڕووناکبیری گەلاوێژ هەشتەمین فێستیڤاڵی گەلاوێژی بە دروشمی (ئازادی پەلکە زێڕینەی داهێنانە) سازکرد . دیارە ئەم فیستیڤاڵە وەك نەریتێکی بنکەی گەلاوێژ ساڵانە بۆ هەرسێ بواری (شیعر و چیرۆك و لێکۆڵینەوە) سازی دەکاتو هاوکات خەڵاتی یەکەم و دووەم و سێهەم بۆ هەرسێ بوارەکە لەلایەن لیژنەی هەڵسەنگاندنەوە دەستنیشان دەکرێت ئەم ساڵ بڕی خەڵاتی یەکەم بۆ هەرسێ بوارەکە یەك ملیۆن و پێنج سەد هەزار دینار بوو بە چاپی نوێ، خەڵاتی دووەمیش یەك ملیۆن دینار بوو لەگەڵ خەڵاتی سێهەم کە پێنج سەد هەزار دینار بوو، ئیمساڵ ئەم نوسەر و شاعیرانە خەڵاتیان وەرگرت :

خەڵاتی یەکەم بۆ شیعر : دانا عەسکەر، ڕۆژ هەڵەبجەیی

خەڵاتی دووەم بۆ شیعر : عەلی پێنجوێنی، گوڵاڵە دووردیانی

خەڵاتی سێهەم بۆ شیعر : عومەر سەیدە، سەباح ڕەنجدەر، عومەر عەبدول






خەلاتی یەکەم بۆ چیرۆك : ئەمجەد غولامی، دلشاد هیوا

خەلاتی دووەم بۆ چیرۆك : عومەر حسێن، هەورامان وریا قانع

خەلاتی سێهەم بۆ چیرۆك : ناسر وەحیدی، نەجات نوری

خەلاتی یەکەم بۆ لێکۆڵینەوە : مەسعود بینەندە، حسێن محەمەد زادە

خەلاتی دووەم بۆ لێکۆڵینەوە : عادل محەمەد پوور، نەجم عبدالله محەمەد

خەلاتی سێهەم بۆ لێکۆڵینەوە : پێشرەوی سەید ئیبراهیم

هەروەها لەم فیستیڤاڵە کۆمەڵێك لاو بەشداریان کرد و خەلاتی تایبەت کران . ئەوانیش ( محەمەد ناکام، کەریم خەزەری، ئازیتا قادر زادە، دێرین حامد، نیگا بەکر، بەیان محەمەد شەریف، چنوری سەعیدی، خەدیجە جاوید ) .

ئەوەی جێگەی پێزانینی دەستەی بەڕێوەبەری بنکەی گەلاوێژ بێت:

سوپاسی سەرجەم کەناڵەکانی ڕاگەیاندن دەکەین کە ئەم ساڵیش وەك ساڵانی تر زۆر بە گەرمی و پەرۆشییەوە هەواڵەکانی فیستیڤاڵیان پەخش دەکرد و چاوپێکەوتن و گفتوگۆی بەردەوامیان لەگەڵ میوان و بەشداربوانی هەشتەمین فیستیڤاڵدا دەکرد، بۆیە لێرەوە زۆر سوپاسیان دەکەینو هیوادارین ئەو نەریتە جوانەیان بپارێزن و هەمیشە هاوکارمان بن و دووبارە ڕێز و حورمەتی ئێمە بفەرموون .

## عیرفان ئەحمەد

# جوانتر لە ناوێک



کۆتایی هەشتاکان بوو کە عیرفان ئەحمەدی شاعیرم دووراو دوور دەناسی،
ئەو کاتە ئەو زوو زوو کۆڕی شیعری لە تەک هیوا قادر و ئەحمەد ڕەزا و چەند شاعیرێکی تر دەبەست حەزم دەکرد لە نزیکەوە بیناسم بەڵام دەرفەت نەبوو، ڕۆژگار وای کرد کە بنکەی گەلاوێژ کۆمانبکاتەوە، وای لێهات نەك بە ڕۆژ بەڵکو زۆربەی شەوانیش بە یەکەوە دادەنیشتین .
هەر زوو تێگەیشتم کە عیرفان بە تەنها شیعر نانوسێ و مەراقەکانی چاپ ناکات و مێژووی چەترەکان نانوسێتەوە ! بەڵکو بە ڕەفتار و کردار شاعیرانە مامەڵە دەکات . هەر بۆیە لە کوڕی ئەم سەردەمە ناچێ، بە ئێستاشەوە ئیرەیی پێ دەبەم . هێمنی و لەسەر خۆیی و قسەی خۆش و جارجارەش دوای مەستیش کە جدی دەبێت سیفەتی ئەون کە بەرزتر لە ناوێکی پێ بەخشیوە، نایشارمەوەو هەموو هاوڕێیانی ئەو گەواهی ئەوە دەدەن کە لە ئاست پارەدا چەند گران و قورس‌و نەفس بەرزە هەر ئەوەش بووە هۆی ئەوەی کە لە کۆنگرەی چوارەمی بنکەی گەلاوێژدا، سکرتێری دارایی پێ سپێردرا، لە ماوەی دوو ساڵ زیاترە و ڕۆژێ لە ڕۆژان خوا نەخواستە خراپەیەکم لێنەدی، دڵنیام لەو پۆستەش گەورەتر وەربگرێت هەروا دەبێ و پارە زەلیلی ناکات !!
عیرفان ئەو کاتانەی هەست بە لاوازی دەکات لە شیعرێك دەگەڕێت کە لە ناخیدایە و تەنهاش بۆ خۆی دەنوسێ و کەم کەمیش دەنوسێ ئەمما ! جوان دەنوسێ . جگە لە شعر هیچ نوسینێکی تر دالّدەی نادات و تموحی ئەدەبیشی نییە ئەگینا جگە لە شیعر زۆر کایەی تر هەیە لەوانەیە دەستی بداتێ سەرکەوتوو بێت بەڵام، تەنها لە شیعردا چارەسەری بێزارییەکانی دەکات و ئەوانی تری ئەفرۆز کردووە !!
دژ بە شوهرەت و ئیغرا کردنە حەزی لەوەیە خۆی وەك خۆی بێت و کەسیش نەڕوخێنێ، لەوانەیە زۆر نەخوێنێتەوە ! بەڵام ڕوخسارە دژوار و بێگەردەکانی هەر چوار وەرزەکە دەخوێنێتەوە و لە نهێنییەکانیان ڕادەمێنێ !! کەم دەقی شیعری هەیە لەلای ئەو جوان بێت و مۆرکی داهێنانی لەخۆ گرتبێ، گەر شیعرێکی بە دڵ بێت باسی دەکات و خوێنەری پێ ئاشنا دەکات، ئەگەر بە پێچەوانەوە بێت هیچ قسەیەك ناکات ! ڕەوشتێکی هێند بەرزی هەیە ئەو ناخۆشییەی بەسەر ئەودا هاتووە حەز ناکات کەسی تر سزاکەی بچێژێت و بە جۆرێك دالّدەی دەدات و قسەی بۆ دەکات وادەزانێ جارێکی تر لە خۆی دووبارە دەبێتەوە !!!

*کاوە حاجی عەزیز*

# نامەیەکی کراوە بۆ

# هاورێی ئازیزم عەبدولڵا تاهیر بەرزنجی

سەلاح حەسەن

هاورێیَ ئازیزم...

ئەو لاپەڕە دێرینانەم هەڵئەدایەوە کە باسیان لە شیعر ئەکرد ،لە لاپەڕەیەکی کۆندا چەند رستەیەکی رۆژانی رەشی ژیانی خۆمانم بینی ـ بۆیە بڕیارمدا بە هێمنی ئاوڕ لەو رۆژگارانە بدەمەوە، ئەو کاتەی تۆ بەدیار شیعرەکانتەوە زەمەنێك بوو دۆشدامابووی نەتئەزانی چ تراژیدیایەك لە نێو ئەو هەموو تراژیدیانە بکەیتە هەوێنی ئەو ووشانەی لە نێو دێرەکانتەوە هەڵدەقوڵێن،نەتئەزانی چۆن باس لەو جۆگەلانە بکەین ئەوانەی قەت نەئەگەیشتنە سەرچاوە، چۆن ئەو منداڵانە لە تفەنگە درێوەکان بشاریتەوە. من ئەمەویَ بۆ ساتێك دوورتخەمەوەو بتمەوە بۆ لای رۆژگارە پڕ لە جەنجاڵەکان، دەخوازم تیایدا باس لە گریان و هەنسکەکانی بکەم، باس لەو دڵۆپانە بکەم وەك مرواری بە روخساری رۆژهەڵاتەوە قەتیسمابوون، ئەمەویَ بۆ ساتێك باسی ئەو خۆشەویستیانە بکەم ئەو عیشقانەی خەریکن هێدی هێدی بەرەو کۆتایی ئەڕۆن، ئەم زەمەنەی ئێمەی مرۆڤ تێیدا دۆشداماوین ، نازانین، لە کوێوەتەماشای بکەین، سات لەدوای ساتەکانی بەجێدێڵین و رۆحمانی تیا ئەسوتێنین کەچی هێشتاش ناگەین و نەشگەیشتووین بەو پرسیارانەی دەمێکە لە پێچاوپێچەکانی ژیانا بەدوویدا وێڵین، ئێمەی مرۆڤ لەسەر ئەم گەردوونە جەنجاڵەی سەردەمی بەجیهانیبوون و تەکنەلۆژیای سەدەکانا وا خەریکین مەزنترین هەستەکانمان لەدەست ئەدەین، نەك ئەوەش ئەوەتا پەراگەندەیی ژیان کردوونی بە ئامێرێکی رووت ، تەنانەت پێکەنینەکانیشمان لە لێومان ناگەن، چاوەکانیشمان لە دڵەوە ناڕواننە تروسکاییەکان، روانینەکانمان وەك سەرابی گەرمەسێر لەگەڵ خۆیا پەلکێشمان ئەکات و خۆشمان نازانین لە چ مەنزڵگەیەکدا ئەگیرسێینەوە.

ئەمڕۆ لەسەر زەویەك کە ئاسۆریەکانی سەد بەرامبەر بە پێکەنین و خەندەکانە، هێشتا سەرقاڵی ئەو رووبەرانەین نازانین پێوانەکانیان چەندە، ئەو دەزووانەش ئەهۆنینەوە کێ رستوونی نازانین، بەدیار ئەو تازیانەوە سەرگەرمین کە دایکی مردووەکان سەرگەرمی سەرچۆپیو سورپۆشی و ئاڵاووالان، ئەو ووردە لمانە چاوەکانی کوێرکردین کە نازانین چ شەپۆلێك و چ رەشەبایەك لەگەڵ خۆیا هێناونی.

تۆش هەموو تەمەنت بە بێدەنگی بردە سەر ، لەیادتە ئەو کاتانەی بەدیار قەسیدەکانی نالی و

حافز و نالەونزای مەولەوی و گریانەکانی خەیامەوە، بەدووی رۆحدا ئەگەڕاین ، لەناخی سوهراپ دا بەدووی نائومێدیەکانی خۆمانا ئەگەڕاین ، بیرتە چۆن ئەو مرۆڤانەمان ئەبینی بەناچاری لەسەر سەکۆکانا رۆحی خۆیان لەسەر لەپی دەست دانابوو، ئەو چیرۆکنووسانەی حەڵقەی خۆشەویستەکانیان ئەکردە نان و ئەو شاعیرە گێژانەی تەکلیفەکانیان گێژیان کردبووین . بیرتە ئەو نووسەرەی تا دوا ساتەکانی مەرگیشی لە خەونی ئەرخەوانیدا ئەژیاو کانێکیش کە باوکەکانی خۆی سەریان بری ، تەنیا تەسکینی بە نەوازشەکانی ئێمەدا ئەهاتەوە، بیرتە لە پاڵ گۆرانیەکانی داریوشدا لە چاوەڕوانی نائومێدی ساڵەکانی دووهەزارا ئەو رستانەمان ئەهۆنیەوە کە پێشبینی وێرانی هەست و رووخانی مرۆڤ و بەئاسنبوونی خۆشەویستی ئەکرد،ئەوەتا ئێستاش بە هەنسکی گریانێکی قووڵەوە بەرەو ئەو ساڵانە ئەڕۆین ، نازانین لە نێو مەلۆتکەکەیدا چ کۆرپەلەیەکی بۆ ئامادەکردووین، چ ژانێك ئەکاتە نامەیماڵئاواییەکانی .

بەڵێ هاوڕێم رۆژبەرۆژ لە ناو کورەی ئاسنگەرانی جەنگ و بازرگانانی کفن وستریۆکانی فرمێسکدا ئەبینین هەستەکان ئەکرێنە خەنجەرو شمشێرو مللی عاشقەکانی پێ ئەبڕنەوە .شیعروو رستەکانمان وەکو تامی دەممان تاڵەو هاوڕێکانمان لەسەر شەقامی چاوەڕوانیدا سڵاوەکانمان وەکو سۆزانیەك بەردەباران ئەکەن و لەبەر نەفرەتی ئەو هەموو درۆیانە ئەبینە بەحرێك ژان. هاوڕێم من ئەمەوێ باسی ئەو ووشانەت بۆ بکەم لەسەر لاپەڕەکانا تەنیا تامی درۆی لێدێ و بێتامیەکی گرینۆکە، ئەمرۆ نە عاشقەکان (جزیری)ن و بە گڕی عەشق ئەبنە کڵپەو نە کۆچەرەکانیش (نالی)ن و دوورەوڵاتی نوغرۆیانکات، زمانەکانی بەرائەت رۆحی منداڵەکانی گێژ کردوەو چاوەکانی تابلۆش تەنیا رەنگی ساختەن وچوارچێوەی پەنجەرە رزاوەکانن ، منداڵە چەقاوەسووەکانی رۆحیش خاك و خۆڵ لە باوەشی خۆیاندا ئەچننەوە.

هاوڕێم ئێمە ئەمرۆ لە هەنسکێکی گەورەو مەزنداین و بە بارتەقای هەنسکەکەی گۆران لە گریانی هیوا

ناگەین.سەرگەردانی ئێمە سەرگەردانیەکی سەیرە ، لێرەوە لە جیهانی نامۆیی پڕ ئەشکی رۆژگارماندا بەدووی ئەو دەستانە ئەگەڕێین کە لە مانای سۆزو خۆشەویستی ئەگەن، لێرەی نامۆیی، باوەشەکان بێتامن، نسرمەکانی تروسکایی بە لای گیانمان گوزەر ناکەن، رۆژەکان لە سادەییاندا وەکو سێبەری جرت وان، شەوەکانیش لە بێدەنگی سەگوەڕەکانیا لە گیانی مردوو ئەچن، ئەزانم ئەوێش بەهەشتە دۆزەخەکەی تۆش، بیهۆدەییەکی سەگسارەو کەڵبەی لە تەمەنتا گیرکردووە، دووبارەبوونەوەیەکە لە زمانی تەلەفزیۆن و رادیۆلە مردووەکانی ئەوێ ئەچێت، دیوارەکانی هاوڕێت هەموو رۆژێ لەگەڵتا پیاسە ئەکەن ، دۆزەخی هەمیشەیی ئەو دۆزەخەیە هەردوولای کوشتووین، نە ئەتوانین ببین بەو هەناسانەی لە سنگمانەو نە ئەشتوانین ببینە رەنگە دزراوەکانی خاك ، ئەو جیهانەی کە تۆی تیادای پارچەیەکە لە شەرمی دۆزەخ، ئەو هەراسانیە بۆ کەسانێك لەناخیاندا خۆشەویستی گاوڵکێ ئەکات وەکو لێوی ووشکەڵاتووی مردوو وایە.

ئەزانم بۆ تۆیەك گەردوونی سووتاوت، تا دێت زیاتر ئەبێتە خاکوخۆڵەکەی ئەلیوت و ئەشبێ لە شەوانی شاملۆدا بەدووی ئەو تووڵەڕێگایانە بگەڕێیت کە بەرەو گوندی خۆشەویستیت ئەباتەوە، ئەبێ لەپاڵ گوڵاڵە سورەکانی دۆزەخی بۆدلێرا بۆ ماچێکی پڕ لە ئارامی بگەڕێیت و شڕوشیتاڵەکانی جان دەمۆ ش بۆ گەرەکە نووستووەکانی کەرکووك ببەیتەوە، ئەزانم تۆش بەو شەپۆلە شەرمەوە قوربانیت، قوربانی ئەو مەشخەڵەی لە دەستت سەنراوەتەوە، تۆش وەکو کۆترەکانی وڵاتەکەم ، لە ئاسمانیشدا نایەڵن پێکەنیت، لە ناخی رووبارەکانی راستی تۆدا ئەبینم ئەو ماسیانە سەرئاوئەکەون، کە نازانن لەبەردەمیاندا تۆڕەکانی خەنجەری شاراوەی بۆ

هەڵدراوە، ئەتبینم وەکو ئەو چۆلەکە نامۆیەی کە هەموو ڕۆژێ منداڵە چەقاوەسوورەکانی قەڵەم ئەو پووشوو پەڵاشانەت لە دەنووک ئەگرنەوە کە دنیای ڕستەکانتی پێ بوونیاد ئەنێ ی. ئەتبینم لەپاڵ ئەو دیوارانە شەرم ئەکەی ڕێکەیت ئەو دیوارانەی دەمێکە سێبەرەکانیان ئاشنای هەنگاوەکانت بوون، گوێم لە ترپەی هەنگاوەکانتە، ئەو هەنگاوانەی ترپەکانی لەو ترپانەی سەردەمی جەنگی نێوان کڵاو ڕەشو کڵاو سوورەکانی نیکۆسکازانتزاکی ناچێت.

هاوڕێم

لێرەدا ئەمەوێ باس لەو ڕستە گەورانە بکەم تەمەنێکی پڕ کارەسات پێکەوەی کۆکردینەوە، ئێستاش ئەو ڕستانەم لەبەرچاون باسی ئەو منداڵانە ئەکەن ، ئەوانەی نە لە دامونەکەی گوڵسورخی و نە لە دامونەکەی تۆ ئەکەن، ئەوانەی لەسەردەمی پڕ دوورو درێژی مێژووی گریانی وڵاتەکەمان ، هاتنەلامان و باسی ئەو دەستانەیان بۆ کردین ، لە جیاتی کتێب و تەختەی ئاڵتوونی و ڕیحلەی نەرموگەرم ، باوك و دایکیان لێ سەندبوون، ئەو منداڵانەی بەچاوی پڕ فرمێسك و چەپکە خەمی دەسکەنەکراو، سەریانکزکردو ڕۆیشتن، تۆش باوەشی گریانت بۆ کردنەوە، ئەو کاتە زانیم پێکەنین و گریانەکانت زۆر جیاوازن لە هیچ کەسێکی سەر ئەم کیشوەرە ناچن،ئەو کاتە زانیم بێ ئەوەی ئاگاشم لێ بێت ، ترسناکیەکی کوشندە ئابڵوقەی داوی، ئەو ئابڵوقەدانە تا ئێستاش دەستی ناوەتە بیناقاقات، لە ناخ و ڕۆحتدا بێدەنگیەکی ناشتووە، تا ئەم ساتەش من لە نهێنیەکەی ناگەم، نازانم چ کیشوەرێکی پڕ بێدەنگیە لە ناخی ئەو هەموو هاوارو گریان و فرمێسك و جەنگ و ماڵوێرانییەدا.

سەڵاح حەسەن پاڵەوان

ئیمزا

٢٠٠٤-٠١-١٥

هۆڵەندا

## برایم ئەحمەد
## لەکارە زانستیو ئەدەبیەکانی پرۆفیسۆر
## (د. مارف خەزنەدار)

نوسینی : عومەر مەعروف بەرزنجی




ئەم لێکۆڵینەوەیە ١٣٣ لاپەڕەیەو لە دە بەشی گرنگ پێك هاتووە، نوسەر وەك لە پێشەکی کتێبەکەیدا هاتووە ( دەیەوێ ڕاستیەکان بخاتە ڕوو، درزو کەلێنێکی بەرچاو پڕ بکاتەوە، پەیامی ئەدەبێکی پاکژو ڕاستەقینە بگەیەنێ، لاپەڕەیەکی پرشکۆی ڕۆژگارێکی مێژوویی تۆمار بکات ) بۆ ڕاستیەکانی ئەم کتێبە چەندین بەڵگەی زیندوو خراونەتە ڕوو کەلەسەر ئەدەبیاتی مامۆستا (برایم ئەحمەد)ی نەمر تۆمار کراوەو پرۆفیسۆر (د. مارف خەزنەدار) بە بەرنامەیەکی زانستیو لەسەر بنەمای ڕاستیو دروستی لێکۆڵینەوەی لەسەر کردووەو لە نامە دکتۆراکەی باسی کردووە، جگە لەوەی کە مامۆستا عومەر بە چەندین پەراوێزو سەرنجو تێبینی کتێبەکەی دەوڵەمەند کردووە، زۆر کەلێنو بۆشایی لە ژیانی ئەدەبیاتی مامۆستا برایم ئەحمد پڕ کردووەتەوەو ڕەخنەی مەنتقیش لەو کەسانە دەگرێت کە پێش وەخت لەسەر مامۆستا برایم ئەحمد نوسیویانەو بگرە ماستەر نامەشیان پێ وەرگرتووە ؟! بۆیە ئەم کتێبە ئەبێتە دیکۆمێنتێکی باوەڕپێکراو و ئەوەی بیەوێ لەسەر شاکارو بەرهەمە ئەدەبیەکانی مامۆستا برایم ئەحمەد بنوسێ دەبێت پشت بەم کتێبە ببەستێ .

## بە تیرۆژێك لە نیگای تۆ دەبم بە گڕ




بەرهەمێكی شعری مامۆستا (پشكۆ نەجمەدین)ە و ٢٣٥ لاپەڕەیە، كۆكردنەوەی زۆربەی ئەو شعرانەن كە لە نێوان ساڵانی ١٩٨٦ و ٢٠٠٤ دا نوسیویەتی ، وە یەكێكە لە بڵاوكراوەكانی بنكەی ئەدەبی و ڕووناكبیری گەلاوێژ .

## مێژووی سەرهەڵدانی ڕۆمان



كتێبێكی ١٣٢ لاپەڕەیە ، لە نوسینی كاكە (سیامەند هادی)یە هەر لەسەر ئەركی خۆی چاپكراوە و زیاتر ڕووناكی دەخاتە سەر تایبەتمەندیەكانی ڕۆمانس، سەرەتایەك بۆ سەرهەڵدانی ڕۆمان، ... خوێنەری ڕۆمان، ڕۆمان وەك داستانی بۆرژوا، ... لەنێوان ڕۆمانس و ڕۆماندا ... ڕۆمان وەك ژانرێكی ئەدەبی ...هتد .

## دەستی خودا



كۆمەڵێك چیرۆكی مامۆستا ( رەئوف بێگەرد )ە ١٣٤ لاپەرەی گرتووەتە خۆ ، ئەم بەرهەمە حەوتەمین كۆچیرۆكی مامۆستایە و لە نۆ كورتە چیرۆك و (١٦) كورتیلە چیرۆك پێك هاتووە ، یەكێكە لە بڵاوكراوەكانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم . دیارە (رەئوف بێگەرد) یەكێكە لەو چیرۆك نوسانەی كە تەكنیكی گێڕانەوەی واز لێهێناوە و ڕێگەی تەكنیكی نوێی گرتووەتە بەر و لە وەسف و چۆنیەتی هەڵسوراندنی كەسانی چیرۆك و تەوس و پلار تێگرتن ووریا و بە سەلیقە، مەسەلەی زمانیش با لەولاوە بووەستێ كە بەراستی كوردی زانێكی شارەزا و خاوەنی فەرهەنگێكی زمانەوانی باشە، بەڵام تاكو ئێستا وەكو پێویست رەخنەی كوردی لای لێ نەكردووەتەوە .

## تەرمی نەناسێك




ناميلكەيەكی ٧٨ لاپەڕەيە، پێنج كورتە چيرۆكی گرتووەتە خۆ بەم ناونيشانە ( مەملەكەتی سيسرك، كەنارييە غەمگينەكە، دەرياچەی "س"، تەرمی نەناسێك، جاڵجاڵۆكە ) لە نوسينی كاك (ئازاد بەرزنجی)يە ديارە برای نوسەر زياتر بە وەرگێڕ ناسراوەو لەو بوارەدا چەندين كتێبی بە پێزی وەرگێڕاوە چ بۆ كوردی يان بۆ عەرەبی، بەڵام لە خوێندنەوەی ئەو چيرۆكانەدا بۆمان دەردەكەوێت كە قەڵەمێكی ناوازەی چيرۆكی كوردييەو لەگەل خوێندنەوەيدا هەست دەكەيت نامۆيی خۆتی تيادا دەدۆزيتەوە، هەرچەندە وەكو خۆی لە پێشەكيدا دەڵێت:( ئەم پێنج چيرۆكەی لێرەدا ئەيانخوێنينەوە زادەی ناوەڕاستی نەوەدەكانن . ساڵانێك كە لە سای شەڕی ناوخۆدا جۆرێك لە نائومێديەكی قوڵ باڵی بەسەر بيرو ڕۆحماندا كێشابوو ...هتد ) وەلێ نەمری ئەو دەقانە لەوەدايە كە بۆ هەموو ساتو كاتێك دەشێتو لە خانەی چيرۆكی كورديدا هەر بە نەمری دەمێنێتەوە .

### ڕۆماننووسی ژاپۆنی هاروکی موراکامی

## لە دوای جەنگی سارد

## شێوازەکانی توندو تیژی گۆڕانیان بەسەردا هاتووە .

و/ ژیار بەختیار



بەشێك لەو دیدارە ڕۆژنامەوانییەی کە ساڵی ٢٠٠٢ ڕۆژنامەی (جابان تایمز)ی ئەلکترۆنی لەگەڵ ڕۆژنامەنووسی ژاپۆنی (هاروکی موراکامی) ئەنجامی داوە و تیایدا باس لە ڕۆمان و بەرهەمەکانی تریشی دەکات لەوانە ڕۆمانی (کافکا علی الشاطئ) کە بڕیارە لە ساڵی ٢٠٠٥دا بە زمانی ئینگلیزی لە لایەن دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی (نوف)ەوە بە چاپ بگەیەنرێت.
(هاروکی موراکامی) یەکێکە لە ناودارترین نوسەرە زیندووەکانی ژاپۆن و نێوبانگێکی جیهانی هەیە، ڕۆمانی چوارەمی (الغابە النرویجیە) لە ساڵی ١٩٨٧دا زیاتر لە یەك ملیۆن دانەی لێ فرۆشرا، هەروەها ڕێژەی فرۆشتنی کتێبی ڕۆمانی (کافکا علی الشاطئ) لە ساڵی ٢٠٠٢دا بە زمانی ژاپۆنی زیاتر لە ٢٠٠ هەزار دانەی لێ فرۆشرا و بۆ ماوەی دوو مانگ بە پڕ فرشترین کتێب لە ژاپۆندا مایەوە .
کۆمەڵە چیرۆکی (ما بعد الزلزال) باس لەو سۆز و پەیوەندییە دەکات کە جیهان لە دوای ڕووداوەکانی (١١ ی سێپتەمبەر)ەوە بەسەریدا هاتووە ، بەڵام شەش لەو چیرۆکانە باس لەو بومەلەرزەیە دەکات کە لە مانگی ینایری ١٩٩٥ کوبا و ناوچەکانی دەوروبەری گرتەوە و هێرشی ئەندامانی (ئەوم شنزیکیو) بۆ سەر وێزگەکانی شەمەندەفەر لە تۆکیۆ بە غازی سارین لە مانگی مارسی هەمان ساڵدا .
یەکەمین کتێب بە زمانی ئینگلیزی دەربارەی ژیان و بەرهەمەکانی (هاروکی موراکامی) لە ساڵی ٢٠٠٢دا بوو لە ژێر ناوی (هاروکی موراکامی و مۆسیقای وشەکان) لە نوسینی (جی ڕۆبن) بوو کە هۆکارێکی تری نێو بانگی بوو .
–چ هۆکارێك بوو کە ئەو بڕوایەت لەلا دروست ببێت کە کۆمەڵە چیرۆکی (ما بعد الزلزال) تا ئێستا دەنگدانەوەیەکی گەورەی هەیە لەلای خوێنەران لە دوای

ڕووداوەکانی ١١ی سێپتەمبەر؟
* لەگەڵ ئەوەی من لەکاتی نوسینی ئەو چیرۆکەدا بیرم لە بومەلەرزە و هێرشی غازی سارین دەکردەوە، هەر بۆیە لەو بڕوایەدام هێرشەکانی ١١ی سێپتەمبەر پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆی پێوە هەیە .
لەگەڵ ئەوەی ڕووداوێکی ڕاستەقینەیە، بەڵام خولقێنەرەکەی مرۆڤ بوو، هەر بۆیە شێوازێکی غەمباری باڵی کێشا بەسەر کارەکەدا، بەڵام شۆکی ڕاستەقینە ئەوە بوو کە گفتوگۆم لەگەڵ قوربانییەکانی هێرشی غازی (سارین)دا دەکرد، ئەو گفتوگۆیە بووە هۆی ئەوەی کە ژیان و فکرمی گۆڕی، تەنانەت شێوازی نوسینمی گۆڕی، لەو بڕوایەدا نەبووم کە شتێکی لەو جۆرە ڕوودەدات .
—بەڵام کاریگەرترین هۆکار چی بوو ؟
*وشەی سادە تەعبیر بوو لە ژیانیان، ئەوەیە کە ئێستا لەکاتی چیرۆك نوسیندا بیری لێ دەکەمەوە، شیکردنەوەی زۆر و وشەی ئاسان، لە تەمەنێکی سەرەتاییمدا تەعبیرە ئاڵۆزەکان و چیرۆکە نا واقعییەکانم تاقیدەکردەوە، لەو بڕوایەدام (محطة القطارات الارضية) خاڵێك بوو گۆڕانی بەسەردا هات، شتێکی تر کە ئێستا بیری لێ دەکەمەوە لە نوسینەکانمدا لێبوردنە .
ئێمە تووشی بەربەرەکانی بووین لەگەڵ ڕێکخراوە توندڕەوەکان، لە ئێستادا ڕێکخراوە توندڕەوەکان بەهێز ترن، گەر پەیوەست بێت بە توندڕەوی، یان ڕۆشنبیری یان سەربازیەوە بێت، هەر بۆیە بەهێزتر دەبێت و ترسناکتریش دەبێت .
لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانیت بەخشندە نەبیت، ناتوانیت بەهۆی چەکەوە ڕێگری لەو ڕێکخراوە توندڕەوانە بکەیت، لە ڕاستیدا ئەو ڕێکخراوانە بە زیندوێتی دەمێننەوە، لەگەڵ ئەوەی کە لەوانەیە بتوانیت هەموو چەکدارەکانیان بنەبڕ بکەیت، بەڵام ڕێکخراوەکە هەر بە زیندویەتی دەمێنێتەوە چونکە چالاکییەکانیان بۆ شوێنێکی تر دەگوێزنەوە.
—بۆچی لە ئەمڕۆدا ئەو ڕێکخراوە داخراوانە بەهێزن ؟
* جیهان نوقمی ئاژاوە گێڕی بووە، کە هۆکارە بۆ ئەوەی کە بیر لە زۆر شت بکەیتەوە، لایەنی مادی و ووزە و تەکنەلۆژیا و زانیاری، ئامێری کۆمپیوتەر چ‌یە کە پێویست دەبێت بیکڕیت، پەیوەندیەکان پێویست نی‌یە .
ئێستا بویتە خاوەنی چەندان کەناڵی تەلەفزیۆنی، هەروەها لە توانایایە ئەوەی کە دەتەوێت بیزانیت بە ئاسانی ئاشنای دەبیت و هیچ داوایەکت لەسەر نییە کە بیر بکەیتەوە لە شتی تر، ڕێ نیشاندەر و دیکتاتۆر پێت دەڵێن کەچی بکەیت و چۆن بیر بکەیتەوە، بەو شێوەیە خەڵکی بە حەزی خۆیان دەچنە نێو ئەو ڕێکخراوە بچووك و داخراوانەوە، تێکەڵاوبوونیش بەو ڕێکخراوانە ئەستەمە هاتنە دەرەوە تیایاندا، واتە دەرگاکان لەسەرت دادەخرێن .
ئایا جیهان بۆوەتە جیهانێکی توندوتیژ؟
* بەو شێوازە نا، بەڵام سروشتی چەمکەکانی توندوتیژی لە دوای جەنگی ساردەوە گۆڕاوە، جاران ئاسان بوو تاکو ئاشنا بیت بە توندوتیژی چونکە لە شێوەدا جێگر بوو، بەڵام هەر ئەو گۆڕانە ڕووخاندنی دیواری بەرلینی لێ کەوتەوە و ئەنجام شێوەی زۆری لە خۆگرت و بە ئاسانی دەتوانێت بگۆڕدرێت، هەندێك جار ناتوانیت سروشتی ئەو توندوتیژییە جیا بکەیتەوە .
—ئایا کاتێك توندوتیژی هەبوو پێویستی بە جەنگە بۆ دەست بەسەرا گرتنی ؟
*من ناتوانم لایەنگری هیچ کردەوەیەکی سەربازی بکەم، ئەوە بیرو بڕوای منە، کاری نووسین لە پێشەوەی کارەکانی ترمەوەیە لە ئێستادا، ئەوەی کە ئێستا لەسەر شانمە ئەوەیە کە ڕۆمانێك بنووسم لەسەر ئەو قۆناغە و لە توانامدایە لە زۆر کەسی تر بەو ئەرکە هەستم، ئەوە کارو ئەرکی

سەر شانمە لە ئێستادا .
دەکرێت بەراوردێك بکەین لە نێوان ڕۆمانی (کافکا علی الشاطئ)کە لە ژاپۆن نوسیووتە لەگەڵ ڕۆمانە درێژەکەت (حکایە العصفور المقید) ؟
* (کافکا علی الشاطء) ڕۆمانێکە پەیوەندی بە ڕۆمانی (أرج الاعاجیب القاسیە)ەوە هەیە .
لە ڕاستیدا پێش ١٥ ساڵ ئەمویست تەواوکەرەکەی بنوسم، بەڵام دواجار وەستام، بەڵام ئێستا هەست دەکەم پەیوەندی هەیە لە نێوان (کافکا علی الشاطء)و ئەو ڕۆمانەدا .
لە نێو ئەو دوو چیرۆکەدا هاوسەنگی‌یەك هەیە کە لە کۆتاییدا پێکەوە کۆیان دەکاتەوە، هەروەها بنەمای چیرۆکیان یەکێکە، چیرۆکی هەردوو ڕۆمانەکە باس لە دوو زانای جیاواز دەکات، ئاگایی‌و نا ئاگایی، کە زۆربەیان لە نێو ئەو جیهانەدا دەژین، ئەوە پێناسەی منە بۆ ژیانی مرۆڤایەتی، ناونیشانی ڕۆمانەکە پەیوەستە بە ئاسانی جیاکەرەوەی نێوان وشکانی و دەریا ، ژیان و مردن .

ژیاننامەی هاروکی موراکامی
هاروکی موراکامی ڕۆمان نوسی ناوداری ژاپۆنی ساڵی ١٩٤٩ لە دایك بووە و درامای یۆنانی لە زانکۆی (واسیدا) خوێندووە و لە نێوان وڵاتانی ئەوروپا و ئەمریکادا گەڕاوە و تا ساڵی ١٩٩٥ لە ژاپۆن نیشتەجێ بووە و خاوەنی چەندین ڕۆمان و کۆمەڵە چیرۆکی چاپکراوە و بەرهەمەکانی بۆ ١٦ زمان وەرگێڕدراوە .

**ڕۆمانە بەرچاوەکانی:**

اسمع الربیع تغنی — ١٩٧٩
مطاردة الخروف الوحشي — ١٩٩٢، بۆ ئەم ڕۆمانە خەڵاتی (نوما) بۆ داهێنانی پێ بەخشرا.
بلاد العجائب — ١٩٨٣
کافکا علی الشاطئ — ٢٠٠٢

**کۆمەڵە چیرۆکە بەر چاوەکانی**

فی لقاء امرأتي الأکیدة — ١٩٩١
التلفزیونیون — ١٩٩٣
اسلوب اخر للموت

سەرچاوە: ڕۆژنامەی (البیان)ی ئیماراتی.

## ئاگادارییەک لە لقی کەرکوکی بنکەی ئەدەبی و ڕووناکبیریی گەلاوێژەوە

لە ژێر ناونیشانی ( ئازادی عەقڵ .. ئازادی داهێنانە )
بنکەی ئەدەبی و ڕووناکبیریی گەلاوێژ .. لقی کەرکوک ڕۆژی ٢٠٠٥/٤/٢٤ کاتژمێر (١٠)ی سەر لە بەیانی لە هۆڵی شەهید (سیروان تاڵەبانی) دووەمین فیستیڤاڵی ئەدەبی و ڕووناکبیریی بۆ شعر و چیرۆک و لێکۆڵینەوە ساز دەکات ، بەم بۆنەیەوە ئاگاداری هەموو نوسەرانی شاری کەرکوک و دەوروبەری دەکەینەوە لە هەر شوێنێکی کوردستان بن .. ئەوانەی مەبەستیانە کە بەشداری لە فیستیڤاڵی ئەدەبی کەرکوک بکەن .. بابەتەکان تا کۆتایی دەوامی ڕەسمی ڕۆژی ٢٠٠٥/٣/١٥ وەردەگیرێن و دەبێ بەشداربوانی فیستیڤاڵ ڕەچاوی ئەم خاڵانە بکەن .

١) بابەتەکان بە دوو نوسخەی تایپکراو لەگەڵ فلۆپییەکەیدا ڕەوانە بکەن .
٢) بابەتەکان لە هیچ بۆنەو شوێنێکدا نەخوێنرابێتەوە و بڵاو نەکرابێتەوە .
٣) نوسەر ئازادە لە کورتی و درێژی بابەتەکەی .
٤) هەر بابەتێك گەیشتە دەستمان گەڕانەوەی نییە .
٥) بابەتەکان لە بنکەی گەلاوێژی کەرکوک وەردەگیرێن .

### خەڵاتەکانی فیستیڤاڵ بەم شێوەیە دەبن

خەڵاتی یەکەمی شیعر و چیرۆك و لێکۆڵینەوە     هەر یەك بەجیا     (٣٠٠)هەزار دیناری چاپی عێراقی .
خەڵاتی دووەمی شیعر و چیرۆك و لێکۆڵینەوە     هەر یەك بەجیا     (٢٠٠)هەزار دیناری چاپی عێراقی .
خەڵاتی سێیەمی شیعر و چیرۆك و لێکۆڵینەوە     هەر یەك بەجیا     (١٠٠)هەزار دیناری چاپی عێراقی .

**لیژنەی ئامادەکاری دووەمین فیستیڤاڵی ئەدەبیکەرکوک**
**٢٠٠٥/١/١١   کەرکوك**

# بازاڕی کتێب وکتێبی بازاڕیی


محەمەد کەریم

بێگومان کتێب نووسین کارێکی هەروا ئاسان نییەو بەر لەهەرشتێ پێویستی بە شارەزایی تەواوهەیە لەبواری نووسیندا وێڕای ڕۆشنبیرییەکی قووڵ و ئەزموونێکی زۆر. وردتر ئەوکەسەی کەئەو مافە بەخۆی دەدات کتێب بنووسێت بەرلەهەر شتێ دەبێ نووسەربێ و نووسەرێکی باشیش بێت نەك کۆلکە نووسەر! ئەمەش بەومانایە نییە کەکۆلکە نووسەر ناتوانێ (کتێب !!) بنووسێت!! دەتوانێ بەڵام خۆشی بکوژێت ئەنووسینەکەی دەبێت بەکتێب ونە خۆشی دەبێت بەنووسەر. کەواتە نووسەر بوون خاڵێکی زۆر جەوهەریی وگرنگە بۆ کتێب نووسین. هەر ئەمە وای لە فرانسوا میتەران کردووە لەتەوازعەوە بڵێت "چواردە کتێبم نووسیووە بەڵام هێشتا خۆم بەنووسەر نازانم "

لەفەوزای چاپ وبڵاوکردنەوەی ئەم ساڵانەی دوایی لای خۆماندا کتێب نووسین و کتێب بڵاوکردنەوە هێندە ئاسان بووە کەزۆر کۆلکە خوێندەوارکتێبی قەبارە گەورەی وایان خستۆتە بازاڕەوە نەك هەرمەرجی کتێبیان تێدا نییە  بگرە کاغەزەکەشیان خەسارکردووە، ئەم کتێبە قەبارە گەورانە زۆرن بەڵام بەگشتی لەدوو بواردا خۆیان دەبیننەوە کەبریتییە لە کۆکردنەوەی بەڵگەنامەو نووسینی بیرەوەریی. یەکەمیان بریتیە لە کتێبی ئەو کەسانەی کەلێرەو لەوێ هەندێ بەڵگەنامەیان دەستکەوتووەو ئیدی وەك ئەوەی هەنگوینیان لەکلۆرە داردا دۆزیبێتەوە بەشێوەیەکی نەشارەزایانە داویانەتە دەم یەك و (کتێب ! !)ی قەبارە گەورەیان لێدروست کردووە بەبێ ئەوەی هیچ مەرجێکی کتێبیان تێدابێت. دیارە نووسینی کتێبی بەڵگەنامەیی وسوود وەرگرتن لەبەڵگەنامە شارەزایی و پسپۆریی تایبەتی دەوێ و ناکرێ هەرکەسێ چەند بەڵگەنامەیەکی کەوتە دەست ئیدی خۆی بکات بەنووسەرو کتێبی قەبارە گەورە دەربکات چونکە لەوحاڵەتەدا هەم زیان لە بەڵگەنامەکان دەدات و هەم زیان لەوقۆناغە مێژووییەولەپرۆسەی نووسینی کتێبیش دەدات. باشترین بەڵگەش ئەوکتێبە قەبارە گەورانەیە کە نە سەرەتاو ناوەراست و کۆتاییان دیارەو نەهیچ مەرجێکی کتێبیان تێدایە. دووەمیان بریتیە لەوبیرەوەرییانەی بەتایبەتی لەم ساڵانەی دواییدا نووسراون

و فرێدراونەتە بازاڕەوە چونکە لەدوای راپەرینەوە خەریکە نووسینی بیرەوەریی دەبێتە مۆدیل و ئیدی هەرکەسێ چوار رۆژ پێشمەرگایەتی کردبێ بیرەوەرییەکانی خۆی دەکاتە کتێبێکی قەبارە گەورەو سیخناخی دەکات لەدرۆو شێواندنی مێژوو و دەیکات بە بەکتێب و بەخوێنەری داماوی دەفرۆشێت، ئەمەش لەکاتێکدایە سەراپای (کتێبەکە ! !) بگەڕێی (جوملەی موفیدی) تێدا نییەو گەواهی ئەوە دەدات کەخاوەنەکەی نووسەر نییە، کەچی لە وێنەکانی بەناو کتێبەکەدا دەبینین، نووسراوە وێنەی نووسەر یان وێنەی باوکی یان دایکی نووسەر! ! لەمەش سەیرتر (نووسەر! !) جاریوایە باسی رووداوێکمان بۆ دەکات کە خۆی لەوێ نەبووەو بەهەزاران کیلۆمەتر لێیەوە دووربووە، دیارە سەرەتاییترین مەرجی نووسینی بیرەوەری ئەوەیە کەدەبێ نووسەر باسی ئەو رووداوانە بکات کەلەناویاندا بووەو رۆڵی هەبووە تیایاندا.
ئاشکرایە نووسینی بیرەوەریی بۆ ئێمەی کورد کەخاوەنی ئەرشیف نین بایەخێکی ئێجگار زۆری هەیەو بەشێکی زۆرلە تاریکی مێژوومان بۆ رووناك دەکاتەوە بەڵام یەکەم مەرجی نووسینی بیرەوەری وەکو کۆلریدج ئاماژەی بۆدەکات (راستگۆییە)، کۆلریدج دەڵێت: (ژیاننامەی هەرکەسێك چەندە بێبایەخیش بێت، چێژبەخش وسەرنجراکێش دەبێت ئەگەر بە ڕاستگۆییەوە بگێڕرێتەوە ) جگە لەوەش ئەوەی بیرەوەریی دەگێڕێتەوە پێویستە ئەرشیفی هەبێت و نابێ دوای سی ساڵ پشت بە زاکیرەی شێواوی ببەستێ و دۆو دۆشاو تێکەڵ بکات! ! دواجار ئەوەی بیرەوەریی دەگێڕێتەوە مەرج نییە خۆی بکات بەنووسەر دەتوانێ مادە خاوەکەی بیرەوەرییەکانی بخاتە بەردەستی نووسەرێك و ئەونووسەرە بۆی بنووسێتەوە یان بۆی رێکبخات، ئەمەش لەدنیادا شتێکی باوەو خەوشی تێدانییە.
بەشێکی تر لەوبەناو (کتێب ونامیلکانەی) ئەمرۆ لەبازاڕی کتێبدا بەدیدەکرێن ئەو بەناوستوون و چاوپێکەوتنانەن کەپێشان لەبەر بێمادەیی جێگایەکیان لەرۆژنامەیەکدا داگیرکردووە وخاوەنەکانیان لەفەوزای چاپ وبڵاوکردنەوەی لای خۆماندا هەڵیان قۆستۆتەوەو کردوویانن بە(کتێب و نامیلکە ! !)و بەسەرخوێنەری داماودا ساغیان کردوونەتەوە بەبێ ئەوەی سادەترین مەرجی نووسینیان تێدا بێت، سەیر لەوەدایە ئەو بەناو رۆژنامەنووسانە جیاوازیی لەنێوان بابەتی رۆژنامەو بابەتی کتێبدا ناکەن و نازانن زۆربەی بابەتەکانی رۆژنامە رۆژانەن و بەهیچ جۆرێ ناکرێ دووبارە دەرخواردی خوێنەر بدرێنەوە. لەپاڵ ئەمەشدا هەندێ رۆژنامەنووس گۆشەکانی خۆیان کردووە بەکتێب بەڵام جگەلەوەی بەفەرامۆشیی سپێرراون بچوکترین رۆڵیان نەبووە!
دواجارهەندێ نامیلکەی بازاڕیی ئەمرۆ لەبازاڕی کتێبدا بەدیدەکرێن و بەتایبەتی لەبەرسەرای سلێمانیدا دەفرۆشرێن کەلەسەریان نووسراوە(گۆرانییەکانی داریوش، موعین، هایدە، مەهەستی، شەکیلا...هتد) ئەم بەناونامیلکانەش نەمەرجی نامیلکەیان تێدایەو نە وەرگێڕەکانیان کەس دەزانێ کێن و نەکەسیش دەزانێ چۆن چاپدەکرێن؟ بۆیە ئەوە بووتە پێویستیەکی حەتمی کەحکومەتی هەرێم و وەزارەتی رۆشنبیرییش سنوورێك بۆ بازاڕی کتێب دابنێن و بازاڕی کتێب لەوفەوزایەی ئێستا رزگاربکەن کەزیانێکی گەورە لە رۆشنبیریمان دەدات. ئەمەش بەمانای دانانی سانسۆر نییە لەسەر ئازادی ڕادەربڕین باکەس بەو مانایە لێکی نەداتەوەو نان و پیازی پێوە نەخوات.






تابلۆی هونەرمەند (سوسن فلاح)

35-36

# GELAWEZHI NWE

Design: Bazher graphic



تابلۆی هونەرمەند
(وەهبی رەسوڵ)